# گزینگ ٣٨

گۆڤارێکی وەرزانەی فەرهەنگی ـ ئەدەبی یە، بەهاری ٢٠٠٣

□ ئەمریکا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

□ چەند تێبینی سەبارەت بە دامەزراندنی ،کۆمیسیۆنێک دەربارەی موڵکداریی خەڵکەکانی ناوچەی کەرکووک،

□ کورد و تورک، گەڕان بە دوای ئەلترناتیف

□ سی ساڵ دیکتاتۆری و بەجێهێشتنی وڵاتێکی وێران و کۆمەڵێک دیاردەی دزێو

□ دەورانێکی نوێ! عێراق: کۆدی دەستپێکردن!

□ ئەو وشانەی وەکوو خونچە خۆڕسکانە دەپەیڤن

□ ،بەڵگەنامەیەک، سەبارەت بەڕاپەڕینی وەرزێڕانی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی بۆکان

□ سێ کورتە بابەت: ١) کۆچی دوایی پرۆفیسۆر مەکەنزی، ٢) بەڵگەنامەکانی ،میس بێڵ، ٣) کورتە وتووێژێک لە سەر کورد

□ بەهەشتی عیشقە، ئەو هەورامانە

□ بیرەوەرییەکانی وەفایی و چەند ڕەخنە و تێبینی

□ بەس وەک قوربانییەک مامەڵەم لەگەڵ بکەن

□ شێعر، کورتە چیرۆک، ڕەخنەی ئەدەبی، ناساندنی کتێب، هەواڵی فەرهەنگی و چاپەمەنی...

لەندەن ٢١/٤/٢٠٠٣

Tel&Fax: 0044 208 642 56 15

**ڕێزداران کاک مەسعوود و مام جەلال تاڵەبانی**

سڵاو و ڕێزمان قەبوڵ بفەرموون، پێشەکی پیرۆزبایی لە ئێوە و گەلی کورد دەکەین بە بۆنەی لە ناوچوونی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی بەعس و ڕزگارکردنی کەرکووکی کوردستان و هەموو ناوچەکانی تری کوردستان کە چەندەها ساڵە بەر شالاوی نەگریسی بەعەرەبکردن کەوتبوون.

لەم کاتە ناسکەدا کە چارەنووسی گەلی کوردستانی تێدا دەستنیشان دەکرێت، مەترسی و دڵەڕاوکێی دڵسۆزانی کورد لە هەندەرانتان پێ ڕادەگەیەنین بە هۆی پێکەوە کارنەکردن و نەبوونی یەکدەنگی و یەکهەڵوێستی لەلایەن پارتی و یەکێتییەوە دەربارەی کەرکووک و ناوچە ڕزگارکراوەکانی تری کوردستان. ئەم شێوە کارکردنە جارێکی دی نایەکگرتوویی هێزە سیاسییەکانی کوردستان پیشان دەدات و دەبێتە هۆی کارەساتێکی نەتەوەیی و لە دەستدانی دەستکەوتەکانی گەلەکەمان و لاوازکردنی پێگەی کورد لە کەرکووک و ئەو ناوچە زگارکراوانە. ئەمەش بەرپرسیارییەکی مێژوویی دەخاتە ئەستۆی ئێوەی بەڕێز و حیزب و هێزەکانتان. هەربۆیە ئێمەش دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ دەنگی هەموو ئەو خەڵکە دڵسۆزانەی تر لە هەموو شوێنێکی کوردستان و لە دەرەوەیدا کە داوادەکەن بە یەک نوێنەرایەتی و یەک دەنگ و یەک هەڵوێست لە کەرکووک و هەموو ناوچە بەعەرەبکراوە و ڕزگارکراوەکاندا خۆ بنوێنن و ڕێگە لە ململانێی حیزبی و پاوانخوازیی بگرن و ڕێگە مەدەن بە ئەندامان و لایەنگرانتان خەریکی بەرزکردنەوەی وێنە و ڕەنگی حیزب و گرووپ بن.

کاتی ئەوە هاتووە کە هەر بڕیارێک لە سەر دوارۆژی ناوچە ڕزگارکراوەکان، بەتایبەتی کەرکووک، لەگەڵ دەستنیشانکردنی شێوازی بەڕێوەبردنیان بە بڕیاری هەموو هێزە سیاسییەکان و کۆمەڵگای مەدەنی کوردستان بدرێت. هەربۆیە پێشنیازی ئەوە دەکەین کە دەستەیەک بۆ کەرکووک دابمەزرێت لە کەسانی شارەزا و دڵسۆز لە خەڵکی شار و ناوچەی کەرکووک بۆ ئەوەی پلاتفۆرمێک دابڕێژێ بۆ ئایندەی نزیک و دووری ئەو ناوچەیە لە دەستنیشانکردنی میکانیزمی تایبەت بۆ شێوەی گفتوگۆکردن چ لە گەڵ ئەمریکییەکاندا بێت کە سەرپەرشتی ئەو ناوچانە دەکەن، چ لەگەڵ دەسەڵاتداران و حکوومەتی پاشەڕۆژی عێراقدا. هەڵبەتە ئەم دەستەیە بەبێ هاوکاریکردنی ئێوە و هەموو هێزە سیاسییەکانی تری کوردستان ناتوانێ ئەم ئەرکە پیرۆزەی سەرشانی جێبەجێ بکات. هەربۆیە پێویستە نوێنەرانی ئێوە و هێزە سیاسییەکانی کوردستان بەشداری تێدا بکەن. ئەرکی ئەم دەستەیەَ ئەوە دەبێت کە لیژنەی تایبەت پێکبێنێ هەر لە بواری فریاگوزاری و یارمەتیدانی ئاوارە و دەرکراوەکانی کەرکووک و مسۆگەرکردنی گوزەران بۆ ئەوانەی دەگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان، هەروەها لیژنەی تایبەت بۆ کاروباری کۆمەلایەتی و قانوونی و هاوکاریکردن لەگەڵ ڕێکخراوە و دەزگاکانی دەرەوەدا. هەروەکوو ئاگادارن کە لە ناوەڕاستی مانگی شوباتەوە ڕێکخراوی (ئەنستیتووی ئەمریکی بۆ ئاشتیUS Institute for Peace) سێ کۆڕی تایبەتی ڕێکخستووە بۆ لێکۆڵینەوە و چارەسەرکردنی باری خەڵکانی کەرکووک و، د. نووری تاڵەبانی و کاک بەختیار ئەمین بەشداریان تێدا کردووە و ئێستاش هەر هاوکاری لەگەڵ ئەو دەزگا ناحکوومەتییەدا دەکەن، چاکترە ئەو هاوکاریکردنەیان بەردەوام بێت و لەمەودوا بە ناوی ئەو (دەستەی کەرکووک)ەوە کاریان لەگەڵدا بکەن پاش دامەزراندنی.

ئێمە ئامادەین لەو دەستەیەدا کار بکەین ئەگەر بزانین کەسانی تریش لە شارەزایانی ناو کوردستان بە هاوکاریکردنی ئێوەی بەڕێز دادەمەزرێت. هەڵبەتە کارێکی وا تەنها بە ڕەخساندنی پێداویستییەکانی کارکردن و بودجەی تایبەتی و هاوکاریکردنی هەردوو ئیدارەکە و هاریکاری تەواوی سیاسی و ئیعلامیی و گوێگرتن لە پێشنیاز و بڕیارەکانی ئەنجام دەدرێ.

چاوەڕێی وەرامتان دەکەین بەو ژمارە تەلەفۆن و فاکسەی کە لە سەرەوەی نامەکەدا نووسراوە. ئۆمێدی سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

د. نووری تاڵەبانی　　د. جەبار قادر　　د. ئازاد شێخانی

# گزینگ ـ ژماره ۳۸

بەهاری ۲۰۰۳ (۱۳۸۲)

## نێوەرۆک

قسەی ئەو ژمارەیە: ئەمریکا و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ..........س. چ هێرش ٤
چەند تێبینی سەبارەت بە دامەزراندنی «کۆمیسیۆنێک دەربارەی موڵکداریی ٦
خەڵکەکانی ناوچەی کەرکووک»: .....................د. نووری تاڵەبانی –
کورد و تورک، گەڕان بە دوای ئەلترناتیڤ: ..................خەسرۆ پیرباڵ ۱۰
سی ساڵ دیکتاتۆری و بەجێهێشتنی ولاتێکی وێران و کۆمەڵێک دیاردەی ۱۲
دزێو: ............................جووتیار حاجی تۆفیق –
دەورانێکی نوێ! عێراق: کۆدی دەستپێکردن!: ...............هاشم کۆچانی ۱٦
ئەو وشانەی وەکوو خونچە خۆڕسکانە دەپەیڤن: .........حەمەسەعید حەسەن ۲٥
«بەڵگەنامەیەک» سەبارەت بەڕاپەڕینی وەرزێڕانی ناوچەی فەیزوڵلابەگی ۳٥
بۆکان: ...................... نووسین و وەرگێڕان: ئەنوەر سوڵتانی –
سێ کورتە بابەت: ۱) کۆچی دوایی پرۆفیسۆر مەکەنزی، ۳۸
۲) بەڵگەنامەکانی «میس بێڵ» ۳) کورتە وتووێژێک لە سەر –
کورد: ........................ ئەنوەر سوڵتانی –
شێعر: حەمە شوان شەریف، ڕەسووڵ سەفەریانی، ئەحمەدی مەلا، هیوا ٤۰
شەمسی بورهان –
بەهەشتی عیشقە، ئەو هەورامانە: .................. سەدیق بابایی ٤٤
تەنزی کۆمەڵایەتی: ئەوە لە مێشک، ئەمەش لە هێز: ............... مەرزە ٥۰
چەند ساتیرە چیرۆک: . ............................ ئاسۆ بیارەیی ٥۳
کورتە چیرۆک: مار: .............................. ڕەحمان سۆفی ٥٦
بیرەوەرییەکانی وەفایی و چەند ڕەخنە و تێبینی: .......... س. چ. هێرش ٥۸
بەس وەک قوربانییەک مامەڵەم لەگەڵ بکەن: نەبیلە عەبدولفەتاح، و: ئاواز ٦۸
شینی هاوڕێ: ... حەمەدەمین یەزدانفەر، ئاساندنی کتێب: ..... «بۆ کوێ» ٦۹
چاپەمەنی: .................................... ۷۰

**بەڕێوەبەر و بەرپرس:**

سولەیمانی چیرە (هێرش)

**ناوونیشان:**

**GZING / S. Chireh**
Valstavägen 62 2tr
195 50 Märsta- Sweden

**Tel/Fax** +46 - 08 59 11 36 50
**Mobile**: 070742 4326

**ژمارەی پۆستگیرۆ:**

**Postgiro**: 443 5022-1

**• گزینگ، گۆڤارێکی وەرزانەی فەرهەنگی ـ ئەدەبی یە. هەموو بیروبۆچوونێک لە ڕێبازی بەرەوژووربردنی ئاستی نەتەوەیی ـ فەرهەنگی کورد بڵاودەکاتەوە.**

**• گزینگ، بە ئاگاداریی نووسەر، بۆی هەیە بە گوێرەی پێویست بە نووسراوەکاندا بێتەوە، بێ ئەوەی ناوەڕۆکیان بگۆڕێ.**

**• هەر نووسەرێک بەرپرسی نووسینی خۆیەتی، بەلام لە ئاست نووسراوەی بێ ئیمزادا گزینگ بەرپرسیارە.**

**• گزینگ، بۆ یەکدەست کردنی ڕێنووسێکی گشتی هەوڵدەدا.**

**• ئەو نووسراوانەی بە گزینگ دەگەن، بۆ خاوەنیان نانێردرێنەوە.**

چاپی سوید، مای ۲۰۰۳

ISSN 1104 - 3473

قسەی ئەو ژمارەیە:

## ئەمریکا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

س. ج. هێرش

دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەعسی عێراق و، مانەوە و جێگیربوونی ئەمریکا و هێزە هاوپەیمانەکان لەو وڵاتە، گەلێک لە وڵاتانی ناوچە و بەتایبەت کۆماری ئیسلامی ئێران ترسی ئەوەیان لێ نیشتووە کە پڕیشکی ئەو پۆلووە ئاورەی کە لە نێو مەشقەڵی ستراتیژی جیهانخوازانەی ئەمریکادا لەپێناو بنەبڕکردن و لەناوبردنی تیرۆریزمی نێونەتەوەییەوە گەشاوەتەوە، ئەوانیش بگرێتەوە. هەروەک دەزانین، عێراق، ئێران و کۆریای باکووری، یەکێک لەو وڵاتانە بوون کە لەلایەن ئەمریکاوە بە کانگای شەڕەنگێزیی و مەکۆی گێرەشوێنی داندرابوون، کە دەبوو بیراز بکرێن؛ ئەوا یەکێک لەوان کە پیسترین ڕێژیمی سەرەڕۆ و جینایەتکاری سەرددم بوو، لە ناوچوو. ئێستا پرسیار ئەوەیە کە ئایا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بۆ پەرەپێدانی ئەو پرۆسەیەی دەستی پێکردووە، بۆی دەلوێ پرۆژەکانی خۆی درێژە پێبدا؟ وەڵامی ئەو پرسیارە بە گوێرەی گەلێک نیشانە و فاکتۆری جۆراوجۆری هەستپێکراو «نا»یە و، بەڵام ئەوەیکە شێوە و هەڵبژاردنی ڕێگای گەیشتن بەو مەبەستە چۆنە و چییە، تا ڕادەیەکی زۆر پێوەندی بە خودی ئەو وڵاتانەوە هەیە کە تا چ ڕادەیەک بتوانن خویان لەگەڵ ویست و خوازەکانی ئەو پرۆسەیە بگونجێنن. هەڵبەت ئەوەش بڵێین کە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە نێویان دە لیستی ڕەشدا بووە، لە ترسان هاتوونەتە ڕەدایە و ملیان بۆ داخوازییەکانی ئەمریکا ڕاکێشاوە.

شایانی سەرنجە کە بارودۆخی کۆریای باکووری، بە هەبوونی ئاوەڵدوانەکەی واتە کۆریای باشووری ئاوارتەیە و، ناکرێ شێوەی بەرەنگاربوونەوەی، لەگەڵ وڵاتێکی وەکوو ئێران کە ئیدعای ڕێبەرایەتی جیهانی ئیسلام دەکا، وەکیەک چاوی لێبکرێ. ئەمریکا تا ئەو جێیەی بۆی بکرێ دەیەوێ کێشەی پێوەندیدار بە مەسەلەی چەکی ئەتۆمیی کۆریای باکوری لە ڕێگەی سیاسی و دیپلۆماسییەوە چارەسەر بکا. بۆیە لە هەلومەرجی ئێستادا، مەسەلەی فشارخستنە سەر کۆماری ئیسلامی ئێران و لاوازکردنی وزە و تواناییەکان و تەنانەت لەناوبردنی ئەو ڕێژیمە، لە دەستووری ڕۆژی ئەمریکا و هاوپەیمانان دایە. دیارە لەوبارەوە هێشتا زۆر زووە شێوەی بەرنگاربوونەوەی ئەمریکا، بە ڕاشکاوی دەستنیشان و دیاری بکرێ. بەڵام ئەوەی گرینگە و دەبێ زۆر بە وردی سەرنج بدرێ ئەوەیە کە مانەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی «نەزمی نوێ»ی جیهانی و ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ناوچەکەدا چاوەڕوان دەکرێن، ناگونجێ.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە چەند مەبەستی درێژخایەنی لە پێناو ستراتیژی مەزهەبی (هەڵقولاو لە ویلایەتی فەقیه) درێژە پێداوە و بە پێی تواناش کاری بۆ کردووە:

١) پەرەپێدانی ئینقلابی ئیسلامی لە دەرەوە و بەتایبەت ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و عێراق (١٩٨٠-١٩٨٨) بۆ ئەو مەبەستە بەڕێوەچوو (درۆشم و شوعاری شەووڕۆژی ئەوکاتەش ئەوەبوو: ئازادکردنی قودس (بەیتولموقەددەس) بە ڕێگەی کەربەلادا).

٢) سیاسەتی نە شەرقی، نە غەربی و، دژایەتی لەگەڵ ڕۆژئاوا و لە ناوبردنی وڵاتی ئیسرائیل (هەڵبەت دوای لە ناوچوونی بلۆکی ڕۆژهەڵات، قورسایی ئەو درۆشمە زیاتر ئاراستەی ئەمریکا کراوە، ئەوە لە حاڵێکدایە کە دەوڵەتی ئێران وێڕای پاراستنی پێوەندی سیاسی و ئابووری لەگەڵ چین و کۆریای باکووری، زۆربەی موعامەلە ئابوورییەکانی لەگەڵ وڵاتانی فەرانسە و ئاڵماندا هەبووە؛ ئەوە بێجگە لەوەش کە لەگەڵ دەوڵەتی ڕووسیا پێوەندی و تێکەڵاوییە سیاسی و ئابوورییەکانی ڕۆژ بەڕۆژ لە زیادبووندایە).

٣) پێکهێنانی دەستە و گرووپی ئیسلامی و یارمەتیدانی ماڵی و تەقەمەنی.

٤) دەستپێڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی بۆ ڕێبەرایەتیکردنی جیهانی ئیسلام.

ئێستا با بزانین هۆی ئەو هەڕەشە و تێهەڵکێڵانە دوولایەنانەی ئەمریکا و ئێران کە ئەو ڕۆژانە گەیشتوونەتە ئاستێکی زۆر ناسک لە سەر چین و بۆچین؟!

ئەوەی ڕاستی بێ، دوای لەناوچوونی ڕێژیمی بەعسی عێراق و جێگیر بوونی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان لەو وڵاتەدا، چوار مەسەلەی سەرەکی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانی تووشی مەترسی و نیگەرانی کردووە:

١) دامەزرانی حکوومەتێکی سکۆلار ـ فیدێراڵیی سەر بە ئەمریکا و، لاوازبوونی بەرەی دژی ئیسرائیل.

٢) مەسەلەی کورد و پێکهاتنی حکوومەتێکی هەرێمی ـ فیدێراڵی لە کوردستان.

٣) گەڕانەوەی ناوەندی بەشێکی گرینگ لە ڕێبەرایەتی جیهانی شیعە لە شاری «قوم»ەوە بۆ شاری «نەجەف» و «کەربەلا».

٤) ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵق و، بەشدارییان وەک هێزێکی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە داهاتوودا.

ئێران بە ڕاپەڕاندنی کۆمەڵێک مانۆری ساویلکانە و تاکتیکی پیلانگێڕانە لە سەر حیسانی ناکۆکییەکانی نێوان ئورووپا و ئەمریکا (هاوپەیمانان)، ڕۆژ بە ڕۆژ چارەنووسی لە ناوچوونی خۆی، زیاتر ڕەقەم لێدەدا، کە گرینگترینیان بریتین لە:

١) پەنادان بە ئەندامان و لایەنگرانی ڕێکخراوی «ئەلقاعیدە»: بە پێی هەواڵی ئاژانسەکان، هەتا ئەو دواییانەش کاربەدەستانی ئەمریکا بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی دوولایەنە، لەگەڵ ڕێژیمی ئێران خەریکی گفتوگۆ بوون و، لەو پێوەندییەدا چەند دانیشتنێکی سەرەتاییش بە ناوبژیکردنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) و هەروەها دەوڵەتی سویس (وەک دەڕاست و نوێنەری دەوڵەتی ئێران) لە شاری ئاتێن و ژنێڤ بەڕێوەچووە کە ئاکامێکی وای لێ نەکەوتووەتەوە، بەتایبەت دوای ئەوەی کە بۆ ڕێکخراوی «سیا»ی ئەمریکا ڕوون بووەتەوە کە ڕێژیمی ئێران لە بەڕێوەبردنی خۆتەقاندنەوەکانی تیرۆریستی شاری ریاضی عەرەبستانی سعوودی (١٣/٥/٢٠٠٣)دا کە تێیدا ٤٩ کەس کوژران، دەستی هەبووە. دەگوترێ کە ئەو تیرۆریستانە سەر بە ڕێکخراوی «ئەلقاعیدە» بوون و لە خاکی ئێرانەوە ڕەوانەی شاری ریاض کراون.

ئاشکرایە، مەبەستی ئێرانییەکان لە پەنادان و تەیارکردنی پاشماوەی ڕێکخراوی «ئەلقاعیدە» ئەوە بووە، کە ئەمریکاییەکان ناچار بکەن لەگەڵ ئەندامانی ڕێکخراوی سازمانی موجاهیدینی خەڵق بیانگۆڕنەوە. بەو پێیە، حاشا لێکردن و سڕینەوەی ئەو تاوانە و ئەوەیکە بە گوێرەی ڕاگەیاندنی وەزارەتی دەرەوەی ئێران: «تیرۆریستەکان پێش ئەنجامدانی کارەساتەکە زیندانی کراون!»، لە لایەن ئەمریکاییەکانەوە ناسەلمێندرێ.

٢) دەستێوەردان لە کاروباری ناوەوەی عێراق: لەو بارەیەوە هەم «دۆنالد رامسفێلد» وەزیری دیفاع و هەم «پۆل بریمێر» (بەرپرسی ئیدارەی کاروباری عێراق) ڕایانگەیاندووە کە «بەڵگەی تەواو بەدەستەوەیە کە ئێرانییەکان دەست لە کاروباری ناوەوەی عێراق وەردەدەن». بە گوێرەی سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیمی ئێران، هەر لە دوای خۆبەدەستەوەدانی بەغدا و سەرکەوتنی هێزی هاوپەیمانەکان بە سەر ڕێژیمی بەعسی عێراقدا، دەبوایە دوو مەبەستی سەرەکی وەک تاکتیکی پێویست کاریان بۆ بکرێ.

**یەکەمیان:** ڕاکێشانی سەرنجی بیروڕای خەڵکی ناوەوە بۆ دەرەوەی سنوورەکان و، وەرێخستنی پروپاگەندەی یەکێتی مەزهەبی ـ میللی لە پێناو پاراستنی «ئێرانی ئیسلامی» لە بەرانبەر هێزی دەستدرێکەری بێگانە، بۆ ئەوەی قەیرانی قووڵی سیاسی ـ ئابووریی ڕێژیم داپۆشرێ و، پرۆسەی ڕیفۆرمخوازی لارێ بکرێ.

**دووهەمیان:** هاندان و یارمەتیدانی خەڵکی شیعە مەزهەبی عێراق، بۆ ئەوەی لە ماوەیەکی کورتخایەندا بە ڕاپەڕین و نیشاندانی نارەزایەتی، ئەمریکا و هاوپەیمانان ناچار بکرێن یان خاکی عێراق جێبهێڵن، یان لە بنیاتنانەوەی عێراقی نوێدا سەرکەوتنێکی ئەوتۆ بەدەست نەهێنن و، تەجروبەکە لەگەڵ شکست ڕووبەڕوو ببێ.

لێرەدا پێویستە ئیشارەیەک بە خەڵکی شیعەمەزهەب و چۆنیەتی هەڵسوکەوتیان بە پێی بیروبۆچوونی سیاسی و مەزهەبییەوە بکرێ، بۆ ئەوەی بە گوێرەی ئیدعای ڕێبەرانی سیاسی ئێران، خەیاڵ نەکرێ چونکە زۆرینەی خەڵکی عێراق شیعەمەزهەبن، دەبێ حکوومەتی داهاتووی عێراقیش شتێک بێ لە جۆری کۆماری ئیسلامی ئێران. هەروەک ئاشکرایە، خاڵی هاوبەشی تەبایی لەلایەک و، هێڵی ناکۆکی جودایی لە لایەکی دیکەوە، وای لە کۆمەڵگەی شیعەی عێراق (بە کورد و عەرەبەوە) کردووە کە هیچکات نەتوانێ لە نێوان هەستی مەزهەبی و هەوێتی نەتەوەیی(ناسیۆنالیستی)دا، یەکیان هەڵبژێرێ و ئەویدیکە فەرامۆش بکا. بۆ نموونە ئەگەر خاڵی هاوبەشی نزیکی و تێکەڵاوی لە نێوان عەرەبێکی شیعە مەزهەبی نەجەفی و عەرەبێکی سوننی مەزهەبی بەغدایی، هەوێتی ناسیۆنالیستی(عەرەبی) بێ، دروست هەستە مەزهەبییەکە، ڕۆڵی ئەو خاڵە جیاوازییە دەگیرێ و لێکیان جودا دەکاتەوە و پێچەوانەکەشی دیارە هەر ئاوایە. بۆیە ناکرێ هەوێتی هیچکام لەم دوو ماکەیە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوی دیکە، زۆر پڕ ڕەنگ بکرێتەوە. بێ لەوەش، تەواوی ئەو ڕێکخراو و دامەزراوە مەزهەبییانەی کە لە عێراقی ئێستادا چالاکی دەنوێنن، بێجگە لە «حیزبی دەعوەی ئیسلامی» بە ڕێبەرایەتی «موقتەدای سەدر» و «مەجلیسی ئەعلای ئینقلابی ئیسلامی» بە ڕێبەرایەتی «محەممەد باقری حەکیم» کە هەردووکیان سەر بە ئێرانن؛ لایەنگران و بنەماڵەی «ئایەتوڵڵا ئەبولقاسمی خۆیی» (کۆچی دوایی: ١٩٩٢)، وە هەروەها پێڕەوانی «ئایەتووڵڵا عەلی سیستانی» مەرجەعی تەقلیدی عێراق و دەرەوەی سنوورەکان، خوازیاری دامەزرانی حکوومەتی دینی نین و، بگرە زۆربەی عولەمای نەجەف (ناوەندی جیهانی شیعە)، لایەنگری جودایی دین لە دەولەتن. شیاوی بیرهێنانەوەیە کە هەر لەو پێوەندییەدا «عەبدولمەجیدی خۆیی» کوڕی ئایەتوڵڵا خۆیی کە لە بەرانبەر جەماعەتی «سەدر»دا، ڕێبازێکی شارستانییانە و سیاسەتێکی لیبرالانەی هەبوو، چەند ڕۆژ دوای سقوتی بەغدا، بە دەست میلیشیاکانی (سەدر ـ ثانی) تیرۆرکرا.

٣) تەواوکردنی پرۆژەی چەکی ئەتۆمی: بە گوێرەی هەواڵە نارەسمییەکانی پشتی پردە، گوایە کۆماری ئیسلامی ئێران، دەیەوێ لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوودا، پرۆژە ئەتۆمییەکانی خۆی، بە هاوکاری ڕووسەکان، لە کۆرەگەی وزەی ئەتۆمی «بووشەهر» و«نەتەنز» بەئەنجام بگەیەنێ. هەر بۆیەشە لەم بارەیەوە، ڕێژیمی ئێران چەند جار لەلایەن ئەمریکاییەکانەوە هەڕەشەی لێکراوە، کە ئەگەر مل بۆ پرێنسیپە نێونەتەوەییەکان ڕانەکێشێ و واز لە پرۆژەکە نەهێنێ، بە توندی بەربەرەکانی لەگەڵ دەکرێ. واوێدەچێ یەکێک لە تەرحەکانی داهاتووی «پێنتاگۆن» ئەوە بێ کە کۆرەگە ئەتۆمییەکانی ئێران بە هۆی هەڵمەتی هەوایی لەلایەن ئەمریکاییەکانەوە لەناو بچن.

٤) مەسەلەی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستین: دیارە، سەرجەمی ئەو خاڵانەی لە سەرەوە دەستنیشان کران، پێوەندییەکی ئاشکرایان بە پرۆسەی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستینەوە هەیە. هەروەک دەزانین دەولەتی ئیسرائیل ڕۆژی یەکشەممە(٢٥/٥/٢٠٠٣)، گەڵاڵەی ئاشتی دەگەڵ فەلەستینییەکانی پەسند کرد. ناوەڕۆکی ئەوگەڵاڵەیە کە بە نێوی «نەخشەی ڕێگا» لە لایەن ئەمریکاییەکانەوە پێشنیارکراوە، بریتی دەبێ لە: دەولەتی ئیسرائیل دەبێ زەوییە زەوتکراوەکان بداتەوە بە خاوەنە فەلەستینییەکان و، لە بەرانبەریشدا فەلەستینییەکان دەبێ «عەمەلیاتی ئینتیفازە» ڕابگرن، هەروەها لەداهاتوویەکی نزیکدا پێکهاتنی دەولەتی سەربەخۆی فەلەستین لەلایەن ئیسرائیلییەکانەوە بە ڕەسمیەت بناسرێ. دیارە وەک دەگوترێ، یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکانی ئیسرائیل بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەو گەڵاڵەیە، دە گرێوی لە ناچوونی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران دایە.

بە کورتی ئەگەر ئەو گەڵاڵەیە، بە سەرکەوتوویی هەنگاوەکانی خۆی بەرەوپێشەوە ببرێ، تاڕادەیەکی بەرچاو دەتوانێ، لەلایەک ناکۆکییەکانی نێوان جیهانی عەرەب و جیهانی ڕۆژئاوا کەمکاتەوە و، لەلایەکی تریش ئەو دەرفەتە لەبارە بخولقێنێ کە ئەمریکا پرۆسەی گۆڕانکارییەکانی خۆی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا درێژە پێبدا و، ئاشکرایە لەو پێوەندییەشدا، یەکەم هەنگاوی بە کردەوە دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەعسی عێراق، لەناوبردنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانە کە بە هەموو پێوانەیەک دەورانی درێژەکێشانی تەمەنی لە کۆتاییبوون دایە.

مانگی مای ٢٠٠٣

## چەند تێبینی سەبارەت بە دامەزراندنی

# «کۆمیسیۆنێک دەربارەی موڵکداریی خەڵکەکانی ناوچەی کەرکووک»

د. نووری تاڵەبانی

وەرگێڕانەوە لە ئینگلیسی: س. چ هێرش

ئەو نووسراوەیەی خوارەوە، لەلایەن د. نووری تاڵەبانی (پرۆفیسۆری قانوون و بەڕێوەبەری ترەستی کەرکووک بۆ لێکۆڵینەوە لە لەندەن) لە کۆڕێکدا کە«ئەنستیتووی ئەمریکی بۆ ئاشتیی US Institute for Peace» لە ڕۆژی ۲۲ی ئاپریلی ۲۰۰۳دا پێکیهێنابوو، لە ژێر عینوانی «کۆمیسیۆنێک دەربارەی موڵکداریی خەڵکەکانی ناوچەی کەرکووک» بە ئینگلیسی خوێندراوەتەوە، کەوا لێرەدا دەقە کوردییەکەی پێشکێشی خوێنەروان دەکرێ.

سپاسی بانگەوازەکەتان دەکەم بۆ لێدوان سەبارەت بە دامەزراندنی«کۆمیسیۆنێک دەربارەی موڵکداریی خەلکەکانی ناوچەی کەرکووک». ئەمن پێموایە دەبێ لە نێوان شاری کەرکووک و ناوچە دێهاتەکاندا جیاوازی دابندرێ، بەتایبەت ئەو ناوچانەی کەوتبوونە ژێرکۆنترۆڵی «**پرۆژەی ئاودێریی سەددام**»ەوە.

بەگوێرەی ئیسلاحاتی ئەرزی (ریفۆرمی زەوی)ی ساڵی ١٩٥٨، خاوەنزەوییەکان لانی زۆر ئیجازەی ۲۰۰۰دۆنمیان هەبوو. هەر ناوچەیەک لەو پێوانەیە زیاتر بوایە لە خاوەنەکانی وەردەگیراوە و دەدرا بەو وەرزێرانەی کە خاوەنی هیچ زەوییەک نەبوون. لە ساڵی ١٩٦٩ بەولاوە، کارگێڕانێک وەک **عەلی دەهەم ئەلعوبەیدی** و ئەوانی دیکە، لەلایەن ڕژێمی [بەعسەوە]، زەختیان هێنایەسەر خاوەنزەوییە[کوردە]کان کە موڵکەکانیان بەوان بفرۆشن. بەشێکی زۆر لەو زەوییە بەیارانەی پێشوو بەگوێرەی پرۆژەی ئاودێریی حکوومەتەوە کە لە ساڵی ١٩٧١ دامەزرا کەوتنە ژێر پرۆژەی ئاودێرییەوە و دواتر بە سەر ئەو عەشایرە عەرەبە هێنراوانەی ناوەند و باشووری عێراق دابەشکران. ئەو [عەرەبە]موهاجیرانە هەموویان چەکدارکرابوون لەحاڵێکدا کوردەکان لە سنووری ئەو گوندانەدا بۆیان نەبوو تەنانەت چەقۆیەکیش لەگەڵ خۆیان هەڵگرن. بە پێی ئەو ڕەوتە، وەرزێرە کوردەکان لە ناوچەدا نەیاندەتوانی خاوەنی زەوی بن و زۆربەیان ناچارکران بۆ بژێوی ژیان ببنە وەرزێری کرێکار لە سەر ئەو زەوییانەی کە پێشتر خۆیان خاوەنی بوون. ئەو وەرزێرەکوردانە ئێستا هیوایان ئەوەیە بگەڕێنەوە سەر زەوییەکانیان بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو گوندانەی کە حکوومەت بە شێوەی ناقانوونی، دابووی بە عەرەبە موهاجیرەکان لە گەورەترین بەشی ناوچەکانی دوبز و داقوک و توزـ خورماتوو. لە ساڵی ١٩٦٣، زۆربەی زەوییەکانی ناوچەی دوبز و گوندەکانی دوروبەری شاری کورکووک لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە زەوت کرابوون. لە نزیکەی ٤٤ گونددا ـــ کە لە کتێبەکەی خۆمدا: «بە عەرەبکردنی *ناوچەی کورکووک*» ئاماژەیان پێکراوە ـــ خاوەنزەوی و وەرزێرەکان مەنع کران لە داچاندنی زەوییەکانیان و هەموویان دران بە موهاجیرە عەرەبەکان. گوندی بنەماڵەی ئێمە لە نزیک کەرکووک، بە نێوی «سۆنا ـــ گۆلی»، لە ئێمە زەوت کرا و ئێمە مافمان نەبوو نزیکی ئەوێندەرێ ببینەوە.

لە شاری کەرکووک، ڕژێم کۆمەڵە گەڕەکێکی زۆری بۆ عەرەبە موهاجیرەکان سازکرد و نێوی عەرەبیشی لە سەردانان. بەمجۆرە ڕژێم قەباڵەی زەوی بۆ موهاجیرەعەرەبەکان دروست کرد و پووڵ و پارەشی لە بانکی (ڕێئال ئیستەیت) لە ئیختیار نان بۆ سازکردنی خانوویەرەکانیان. نزیکەی تەواوی ئەو ناوچەیە خاوەنەکانیان یا کورد بوون یان دەوڵەت. موڵکەکانی دیکەش، هی ئەوکورد و تورکمانە بوون، کە بە بیانووی جۆراوجۆر دەستیان بەسەرداگیرابوو؛ بۆنموونە: ژمارەیەک لەو بنەماڵانەی کە لە دەرەوەی عێراق دەژیان، هێندێک کە

به بیانووی سیاسییەوە زیندانی کرابوون، ژمارەیەکیش کە بە تاوانی سیاسی لەداردرابوون یان بە تاوانبار لە قەڵەم درابوون. زۆربەی ئەو خاوەنموڵکانە ناچارکرابوون شار بەجێبهێڵن. لەوکاتەوە کە ڕژێم بەشێکی هەرە زۆری ئەو دیکۆمێنتانەی لە چنگ ئەو دەرکراوانە دەرهێناوە، تازەکردنەوەی قەباڵەکانیان ڕەنگەکارێکی زۆر ئەستەم بێ، لەوانەشە هەر ئیمکانیشی نەبێ.

لە ساڵی ١٩٧٠وە، ڕژێم لە درێژەی ئەو سیاسەتەدا، زەوییە زەوتکراوەکانی بە سەر کەسانی نیزامی، ژمارەیەک لە ئیستیخبارات و حەرەس قەومی، حیزبی بەعس و جەیشی شەعبی، کابەدەستانی دەسەڵاتدارێتی و تەواوی بەشەکانی حکوومەتدا دابەشکردووە. تەواوی ئەو خەڵکانە عەشایەری عەرەب بوون کە لەلایەن ڕژێمەوە یارمەتی ماڵی کرابوون و، لە ئاکامی ئەوەدا، عینوانی «١٠٠٠٠دینار»هاتەئاراوە، چونکە، لە دەستپێکدا، ئەوان ئەو پارەیان وێڕای قەباڵەی زەوی و مووچە وەردەگرت. لەو کاتەدا بایەخی هەر دینارێک سێ دولار بووە.

لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کەرکووک، ڕژێم بۆ جێگیرکردنی عەشایەری عەرەب، لە ترسی هەبوونی پێشمەرگە تووشی مەترسی هات، هەر بۆیە تەواوی شارۆچکە و گوندەکانی وێران کرد. تەواوی کێڵگەکان، باغاتی میوە، کانی و تەنانەت گۆڕستانەکانیش لەگەڵ خاک یەکسان کران و زۆربەی دانیشتووان لە دەوروبەری هەرێمی کەرکووک خرانە ناو ئۆردوگا زۆرەملییەکانەوە. لە ساڵی ١٩٨٨، ئەو ناوچەیە کەوتە بەر هەڵمەتی ئۆپێراسیۆنەکانی «ئەنفال». بە بارتەقای مەوداکانی نێوان سنووری ئێران و تورکیا بۆ دەربازبوون، خەڵک لە لایەن ڕژێمەوە دەکەوتنە ژێرفشار و کۆنترۆڵەوە کە هەر لەو شوێنە بەرەو ئۆردوگا زۆرەملییەکان ڕەوانە دەکران. ئەمن ئەرخەیانم کە هیچکام لەوخەڵکانە نەتوانن قەباڵەی موڵکەکانیان ساغ بکەنەوە کە هەموو شتێکیان لە دەست داوە، بەڵام دەکرێ ئەو دەستە و گرووپانە بناسرێنەوە کە خاوەنی چ بەشێکن لە گوندەکان.

بەشێک لە خەڵک ئێستاش قەباڵەی موڵکەکانی ناوشار، یان قەباڵەی زەوییەکانی گوندیان لە دەست دایە. بە هەرحاڵ، بۆ ئەو کەسانەی کە لە کاتی ڕاگوێزاندا قەباڵەکانیان لە لایەن ڕژێمەوە لەناوبراون، تەنیا بەڵگەکانیان شایەتی ئەو کەسانە دەبێ کە لە هەمان شار یان گونددا دەژین.

ڕژێم مامەڵەی موڵک و زەویی ناو شار و هەرێمی کەرکووکی لە کوردەکان قەدەغەکردبوو. هیچ کوردێک ئیجازەی نەبوو موڵکی خۆی بە کەسێکی دیکە جگە لە عەرەب بفرۆشێ. ئەوان لە کاتی تەعمیرکردنەوەدا قەباڵەی موڵکایەتییەکەیان لێ زەوت دەکرا و هەروەها بەشێک دەکەوتنە ژێرفشارەوە بەهۆی فرۆشتنی ماڵەکەیان و گواستنەوەیان بۆ شوێنێکی دیکە.

لەو ساڵانەی دواییدا، لەبەر ئەوەیکە ڕژێم شێوەی ئازاردانی لە دژی تورکمانەکان بەکارنەدەبرد، بەشێک لە کوردەکان خانووەکانی خۆیان بە وان دەفرۆشت کە باشترین پێوەندییان پێکەوە هەبوو، بەو هیوایەی کە لە دوای ڕووخانی ڕژێم بتوانن قەباڵەی موڵکایەتییەکەیان بە نێوی خۆیان بکەنەوە. بۆ ئەو خەڵکانە، ئێمە خەریکی لێکۆڵینەوەی نێوی خاوەنەکانی پێش ساڵی ١٩٧٠دەبین. بە گشتی، جگە لە قەباڵەکانی پێش ساڵی ١٩٧٠ کە هەمووی دەستکاری کرابوون، دەتوانرێ خاوەنانی پێشووی بەشێکی زۆر لە موڵکایەتییەکانی شاری کەرکووک ئامادەی سەلماندن بکرێن. زۆربەی موڵکایەتییە تازەکان، ناوچە بەعەرەب نێودێرکراوەکانی شار بۆ موهاجیرە تازە ـــ عەرەبەکان ـــ بە مەبەستی ئاشکرای گۆڕینی وەزعیەتی ئێتنیکی شار و هەرێم سازکرابوون.

زۆرترین ژمارەی دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی شاری کەرکووک بەعسین بۆنموونە، بەر لە ساڵەکانی ١٩٧٠، ڕژێم سیاسەتی «بە بەعسکردنی» هەروەک «بەعەرەبکردن» ڕەچاوکردووە. زۆربەی ئەوان لە شوێنەکانی دیکەی عێراقەوە هێنرابوون. ئەوانی دیکە تورکمان، یان تەنانەت کورد بوون و، ئەوە زۆربەی ئەو مووچەخۆرە سیویل و دادوەرانەشی دەگرتەوە. کەوابوو، ئێمە ناتوانین بۆ داوەریکردن متمانەیان پێبکەین . ئێمە بۆ هەڵسەنگاندنی دادوەرییەکی عادلانە دەبێ قەوارەیەکی نوێ بخەینەڕوو.

زۆربەی مووچەخۆرە سیویلە کوردەکان بە زۆرەملی بەرەو شوێنەکانی دیکەی عێراق ڕاگوێزرابوون و، تەنانەت دوای خانەنشینیش، بۆیان نەبوو بگەڕێنەوە شاری کەرکووک. ئەوە دروست لە خۆم ڕووی دابوو ئەوکاتەی کە بە توبزی لە سەر کاری خۆم وەک پرۆفیسۆری قانوون لە زانستگەی بەغدا لە ساڵی ١٩٨٢خانەنشین کرام. من دەمەویست بگەڕێمەوە شارەکەی خۆم بەڵام لێیان قەدەغەکردم ئەو کارەی بکەم و بەناچاری ڕووم لە شاری هەولێر کرد. تەواوی ئەو مووچەخۆرە سیویلە کوردانە دەبوایە ئیجازەی ئەوەیان هەبێ بگەڕێنەوە شاری کەرکووک و شکایەتی موڵکییان کردبا، کە ئەوان، یان دایکوباوکیان، لە شار و هەرێمدا بە مافی خۆیان شادبوویانەوە.

عەرەبەکان دەزانن، کە چ وەختێک هاتوونەتە کەرکووک و لە کوێ نیشتەجێ کراون و کام موڵک هی کێیە. هەروەک گوتم، هێندێک لەو کەسانە قەباڵەی زەوییان وەرگرتبوو کە خاوەنەکانیان یا کورد بوون یان دەوڵەت کە بۆ سازکردنی خانووەکان یارمەتی داراییشیان پێکرابوو. ئەمڕۆ، ئەوان خۆیان وەک خاوەنی ئەو موڵکانە دەناسێنن، بەڵام ئەگەر ئێوە سەرنجی قەباڵەکانی پێش ١٩٧٠ بدەن، بۆتان دەردەکەوێ کە زۆربەی ئەوان ئەوکاتە لەوێ نەبوون. ئەوان دواتر لەلایەن ڕژێمەوە وەک بەشێک لەو پلانە بۆ گۆڕینی باری ئێتنیکی شار

و هەرێم نیشتەجێ کران کە، لە ساڵی ١٩٧٠وە، لە ژێرناوی عەرەبیی «ئەلتەئمیم» بە مانای "نەتەوەگەرایی"بەڕێوەچووە.

هەر شتێکی ڕژێم لە هەرێمی کەرکووک ئەنجامی داوە ڕاگەیێندراوی مافی مرۆڤ (UN) پێشێل دەکا کە تێیدا داگیرکردنی موڵکایەتی هەرکەسێک بە پێچەوانەی ویستی خۆی قەدەغەیە. پاکتاوکردنی ئیتنیکی (ڕەگەزی) لە هەرێمی کەرکووک ڕەنگدەرەوەی سیاسەتی ستالین و هیتلێرە و ئەمەش وەک ئەوە وایە کە لە بۆسنیا، کۆسۆڤۆ و تیموووری ڕۆژهەڵات ئەنجام دران. تەواوی کردەوەکانی ڕژێمی عێراق ناپەسند و لەگەڵ قانوونی نێونەتەوەییدا ناکۆکن.

تەواوی ئەو عەرەبانەی لە هەرێمی کەرکووک نیشتەجێ کرابوون بەباشی دەزانن کە مەبەست لە هاتنیان بۆ ئەوێ گۆڕینی بارودۆخی ئیتنیکی بووە. ئەوان بەشێک لە ڕژێم بوون کە لە ئیستیخبارات، ئەرتەش، حیزبی بەعس و ڕێکخراوەکانی بەعسیدا خزمەتیان دەکرد. ئەوان ئێستاکێ خەریکی گەڕانەوەن بۆ شوێنە ئەسڵییەکانی خۆیان لە ناوەند و باشووری عێراق. ئەگەر ئێوە لە هەرکام لەوان پرسیار بکەن کە خۆی یا باوکی پێش ساڵی ١٩٧٠ لە کوێ دەژیا، لە وەڵامدا پێت دەڵێ کە لە کوێڕا هاتووە. ناوی هیچکام لەوان بە پێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ی شاری کەرکووک تۆمار نەکراوە، کە ئەوە تەنیا بەهێزترین بەڵگەیە. هەموو کوردە دەرکراوەکان بۆ وەرگرتنەوەی ئەسڵی زەوی و خانووەکانیان دەبێ ڕێگەبدرێن بگەڕێنەوە شوێن و شاری خۆیان. ئەوان دەیان ساڵە ڕەنجدەکێشن، شوغڵ و دارایی خۆیان لە دەستداوە. منداڵەکانیان داهاتوویەکی ڕوونیان نییە. ڕژێمی تازەی عێراق دەبێ بەزوویی زیانی ماددی و مەعنەوی ئەوان قەرەبوویکاتەوە.

سیاسەتی عەرەبیکردن و پاکتاوکردنی ڕەگەزیی ڕژێم بە شێوەی پلەیی لە سەرەوە بۆ خوارێ لە لایەن دایرەکانی حکوومەت و ئیستیخبارات بەڕێوەدەچوون. زۆربەی کاربەدەستانی کەرکووک بە شێوەی پلەیی لە ناو حیزبی بەعسدا دەستنیشان دەکران. تا ئێستاش ئێمە هیچ دیکۆمێنتێکی باوەڕپێکراومان نییە ڕوونکەرەوەی ئەو سیاسەتە بێ، مەگەر لە داهاتوودا شتێک ڕوون بێتەوە، کە ببێتە هۆی هاسانکاریی داوەری و داواکارییەکان.

پێشنیاری من ئەوەیە کە کۆمیسیۆنێکی بەرز لە ٥ تا ٧ ئەندام بێتە دامەزراندن. ئەو ئەندامانە دەبێ لە لێزانانی قانوونی و پسپۆڕانی تری دایرەی سەبتی هەرێمی کەرکووک پێکبێن. ئەگەر ئێوە بخوازن من چەند کەسان پێشنیاردەکەم کە هەموویان خەڵکی ناوچەی کەرکووکن بەڵام هێندێکیان لە کەرکووک دەرکراون و لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی ژیان بەسەردەبەن.

* * *

# ئەرکی هەنووکەیی هێزە سیاسی و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کوردستان

د. نووری تاڵەبانی

لە ناوچوونی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی بەعس و ئازادکردنی ناوچەکانی کوردستانی بن دەستەڵاتی، کە چەندین ساڵە، شاڵاوی سیاسەتی بەعەرەبکردن گرتبوونیەوە، بە نەمانی مەترسی هێرشکردنەوەی سوپای ڕژێمە نەگریسە لەوێنەنەبووەکەی بەعس، کە بە تاقیکردنەوە سەلماندبووی، بۆ لەناوبردنی خەڵکەکەی، کۆی لە هیچ شێوە قڕکردنێک نەدەکردەوە، بارێکی نوێ هاتەئاراوە. ئەو بارە نوێیەش ئەرکێکی نوێی لە ئەستۆی سەرجەم هێزە سیاسی و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کوردستان ناوە. دەبێ هەموو پێکەوە بە وردی لێی بکۆڵنەوە و بەرنامەیەکی هەنووکەیی واشی بۆ دابڕێژن دەستکەوتەکانی گەلەکەمانی پێبپارێزرێ و، لەم بارە ناسکەدا هەوڵی نەهێشتنی ئاسەواری سیاسەتی پاکسازی و بە عەرەبکردن لە ناوچە تازە ڕزگارکراوەکاندا بدەن. هەروەها ئەرکێکی نوێشی لە گەردنی سەرانی کورد و تێکڕای هێزەکانی کوردستان و بگرە هەموو کوردێکی دڵسۆزیش ناوە.

عێراقی ئەمڕۆ، وەک دەوڵەت و دامودەزگا، هەر بەناو ماوە. بۆیە دەکرێ بڵێین ئێستاکە لە قۆناغی بنیاتنانەوەی ئەو دەوڵەتە داین، بەڵام لە سەر بنەمایەکی تازە. هەڵبەتە ئەرکی ئێمەی کورد دەبێ بە شداریکردن بێ لە دروستکردنەوەیدا، چونکە داوای پێکەوە ژیان دەکەین لە چوارچێوەی ئەم دەوڵەتەدا، نەک دامەزراندنی قەوارەیەکی سەربەخۆ. کەواتە دەتوانین بڵێین: لەم قۆناغە ناسکەدا، چارەنووسی گەلی کوردستان، لە سەر بنەمایەکی نوێ دیاری دەکرێ. هەربۆیەشە نەیارانی کورد، چ لە ناوەوەی عێراق و چ لە ناوچەکەدا، هەر یەکە و بە شێوەیەک خەریکی بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی دژ بە ئاواتەکانی گەلی کوردن و، کەوتوونەتە جموجووڵ و کۆبوونەوە و پلاندانان تا کەمترین و بچووکترین مافی ڕەوای کورد نەچەسپێ و، لە ئاستی عێراقدا دانی پیادا نەنرێ. هەموو ئەم لایەنانە بە هاوکاریکردنی کەناڵە تەلەفیزیۆنە عەرەبییەکان، بپ چەواشەکردنی ڕای گشتی جیهان وناوچەکە، پەنا بۆ هەموو جۆرە درۆ و پڕوپاگەندەیەکی ناڕەوا دەبەن. ماوەیەکە خەریکی بڵاوکردنەوەی ئەو دەنگوباسە ساختەیەن کە گوایە کوردەکان، بە زەبری چەک عەرەب لە ناوچەکانی کەرکووک و مووسڵ و دەردەکەن و خاکیان زەوتدەکەن، بێنەوەی هیچ ئاماژەیەک بەوە بکەن کە ئەو عەرەبانە چەندین ساڵە سەدان

گوندی کوردستانیان داگیرکردووه و، بە ناهەق دەستیان بەسەر خێروبێری ئەو ناوچەیەدا گرتووە. هەر هەمان ئەو دەزگا عەرەبی و تورکی و ئێرانی و لایەنە عێراقییە ڕەگەزپەرستانەی، تا دوێنێ پشتگیری ڕژێمیان دەکرد و، عێراقیان بەو دەردە و، دانیشتووانەکەشی، کە بەر کانە نەوتەوەن، بە ئاستی هەژارترین خەڵکی دنیا گەیاند، هەر بەو مەبەستەی کورد بگێڕنەوە بۆ سالآنی پێش ١٩٩١ و بە ناوی «حوکم»ێکی بە ڕواڵەت «زاتی» ژێر چاودێری بەغدا «ببەخشن»، هەروەک بڵێی تازە بەزەییان بە کوردا بێتەوە و بەبیریان کەوتبێتەوە، دروشمی سەرەکییان بۆتە بەربەرەکانیکردنی دروشمی ئازادی و دێموکراسی و فیدرالی و فرە حیزبی نوێ. لایەنە عێراقییە بەناو «ئیسلامی» و «عروبەوی»یەکان، باس لە «عەفا الله عما سلف» دەکەن، تا زۆربەی سەرانی ئەم تاقمانە کە تا دوێنێ بەعسی و لە دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێمدا دەستەڵاتدار بوون، بێنەوە مەیدان و دەستکەوتەکانیان لە دەست نەدەن و ئەو سامان ومالەی بە دزی و جەردەیی کۆیانکردۆتەوە لە دەست نەچێ، بە ناوی تازەوە، گرووپ و حیزبی تازە پێکبێنن.

تا گەلی کوردمان بتوانێ، لە ئاستی عێراقدا، مافە ڕەواکانی بچەسپێنێ و ئاسەواری سیاسەتی پاکسازی نەژادی بەعەرەبکردن نەهێڵێ و ڕێگا بۆ گەڕانەوەی خەڵکە دەرکراوەکان بۆ جێگا وزێدی باووباپیرانیان خۆشبکات، دەبێ هەڵوێستی هێزە سیاسییەکان سەبارەت بەو داواکارییانە یەک بێت و شێوەی کارکردنیشیان بە پێی بەرنامەیەکی داڕێژراوی وابێ کە لەلایەن کەسانی پسپۆڕ و شارەزاوە ئامادە کرابێت. هەڵبەتە ئەم کارەش بەبێ هاریکاری هێزە سیاسییەکان، بەتایبەتی هەردوو هێزی حوکمڕانی کوردستان، بە ئەنجام ناگات. پێویستە پێکەوە بە یەک دەنگی و یەک هەڵوێستی کاربکەن، چونکە گەر وانەکەن، دەستکەوتەکانی گەلەکەمان، بەتایبەتی لە ناوچە تازە ڕزگارکراوەکاندا، لە دەستدەدەن. کە ئەوەش بەرپرسیارێتییەکی مێژوویی دەخاتە ئەستۆی هەمووان، بەتایبەتی هەردوو حیزبی حوکمڕان.

هەر لەمبارەیەوە، سەبارەت بە ناوچەی کەرکووکی ئازادکراو، لە ٢١/٤/٢٠٠٣دا نامەیەکی کراوەمان بەرە ڕووی ڕێزداران کاک مەسعوود و مام جەلال کردۆتەوە، تیایدا داوامان لێکردوون کە لەو کاتە گرینگەی کوردستاندا یەک دەنگ ویەک هەڵوێست بن، ئەویش بە دامەزراندنی «دەستە»یەک لە کەسانی شارەزا و ڕابردووڕاک، تا بە هاوکاری هەردوو حیزبی سەرەکی و هێزە سیاسییەکانی تری کوردستان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان، پرۆژەیەکی هەمەلایەنی، بۆ ئایندەی دوور و نزیکی ئەو ناوچەیە ئامادەکەن، لەگەڵ دەستنیشانکردنی میکانیزمی تایبەت بۆ شێوەی گفتوگۆکردنی ئەمریکایی و دەستەڵاتدارانی پاشەڕۆژی عێراق. هەڵبەتە ئەم «دەستە»یە دەتوانێ چەندین لیژنەی تایبەت لە بواری یارمەتیدانی ئاوارەکان و مسۆگەرکردنی گوزەرانیان پێکبێنێ. هەروەها دەکرێ لیژنەی قانوونی و کۆمەلایەتی و فریاگوزاری جیهانی، تا بۆ دروستکردنەوەی خانووبەرە و دەزگای ئاوەدانی و قوتابخانە و خەستەخانە و.. هتد، بۆ ناوچە وێرانکراوەکان، هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوە جیهانییەکانی فریاگوزاری بکات. پێویستە لیژنەیەکی تایبەتیش دابمەزرێنرێ کە بۆ دۆزینەوە و سەر و سۆراخی ئەنفالکراوەکان لەگەڵ قەرەبووکردنی کەسوکارانیان و بەکێشکردنی بەرپرسیاران، بە عەرەب و کوردەوە، بۆ بەردەم دادگای تایبەت، هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوانی مرۆبدۆستی جیهانیدا بکات، تا ئەو بەرپرسیارانە بە سزای ڕەوای خۆیان بگەیەنێ. سەبارەت بە دەستنیشانکردنی پاشەڕۆژی عێراق و ڕۆڵی کورد لە حوکمڕانیکردنی عێراقدا، پێویستە لە ئامادەکردنی پرۆژەی تاایبەت بە داڕۆژی عێراق، کەسانی شارەزا بەشداری بکەن و، لەگەڵ نوێنەرانی هێزە سیاسییەکاندا، لە وتوێژکردنی ئەمریکاییەکان و حکوومەتی داهاتووی عێراقدا، کە لە سەر بنەمای دێموکراسی ڕاستەقینە و فیدرالی کە جوگرافیای کوردستان بگرێتەوە بەشداربن. ئەم کارەش باشتر بە ئامانج دەگات گەر حکوومەتێکی یەکگرتوو، بە بەشداری لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، لە کوردستاندا دابمەزرێت. دەبێ پەرلەمان ڕۆڵی خۆی لە دامەزراندنی ئەم حکوومەتەدا ببینێ.

ئێمە هەموو بە هیوای ئەوە بووین، کە پاش زیندووکردنەوەی ئەم دەزگایە، کاری سەرەکی باوەڕدان بێ بە حکوومەتێکی یەگرتوو، تا ئەم حکوومەتە وتوویژ لەگەڵ ئەمریکا و لایەنەکانی ناو بەرهەڵستکارە عێراقییەکان بکات، نەک هەر ئەو حیزبانە. ئەوکاتە کوردستان لە دەستنیشانکردنی پاشەڕۆژی عێراقدا، بە ناوی دەزگایەکی شەرعییەوە بەشداری دەکرد. پێویستە هەموو لایەکمان دەنگ بەرز کەینەوە و داوای دامەزراندنی حکوومەتێکی یەکگرتوو، کە بە یەک بەرنامەوە داوا ڕەواکانی گەلی کوردستان بخرێتە بەرچاو و قسەیان لە سەربکرێ، بکەین. پێویستە نوێنەرانی ناوچە تازە ڕزگارکراوەکانی کوردستان، لە مەندەلی و خانەقین و ناوچەی کەرکووکەوە تا زمار و سنجار، بەشداری ئەم حکوومەتە تازەیە بکەن..

با بۆ بەدیهێنانی ئاواتە پیرۆزەکانی دەیان هەزار شەهیدی ڕێگای کوردایەتی و ئازادکردنی کوردستان، هەموو پێکەوە کاربکەین.

لەندەن ٢٧/٤/٢٠٠٣

# کورد و تورک، گەڕان بە دوای ئەلترناتیف

**خەسرۆ پیربال**

لەوکاتەی هەموو ناوچەکە چاوەڕوانی شەڕ و گۆڕانکارییەکان بوو، لە کوردستان کۆنگرەی بەرهەڵستکارانی عێراقی بە گوتارێکی هاوبەشی هەموو هێزە سیاسییەکانی عێراق و کوردستان کۆتایی پێهات. هەواڵ و چرپەچرپی دەوڵەتی تورکیا بە هێنانەناوەوەی سوپای تورکیا بۆ ناو خاکی کوردستان، سەرجەم میللەتی کوردی لە ناوەوە و لە دەرەوەی کوردستان هێنایە سەر شوستە و کۆڵانەکان و، بە یەک دەنگ و بە یەک دڵ هاواریان دژی هەر دەستێوەردانێکی تورکیا بەرزکردەوە، لە هەولێر پایتەختی کوردستانەوە هەتا دەربەندە ساردەکانی سکاندیناڤیا ڕێپێوان سازکرا و لە ژێر دروشمی: «نا» بۆ دەستێوەردانی وڵاتی بێگانە و بەتایبەت تورکەکان بۆ ناو کاروباری کوردستان، دژی هاتنی سوپا و هێزی سەربازی، هەزاران ڕۆڵە کوردی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان بە دڵێکی گەرمەوە، ئامادەگی خۆیان نیشاندا بۆ داکۆکیکردن و خۆبەختکردن لە پێناو یەک ئامانج، ئەویش داکۆکیکردن لە ئەزموونی دیمۆکراتیی کوردستانی باشوور و پاراستنی دەستکەوتەکانی ١٢ ساڵ ئازادی و سەربەخۆیی لە بەشێکی ڕزگارکراوی کوردستاندا.

دیارە ئەم هەڵوێستی ڕۆڵەکانی میللەتەکەمان، لەگەڵ ئەوەش واجبێکی زۆر ئاسایی یە، بەڵام بە هەقیقەت شایستەی ستایش و ڕێز و شانازی یە، کە هەموو پارت و ڕێکخراوە سیاسی و فەرهەنگییەکان پێکەوە بەشداریان لەو چالاکییانە کردووە.

هەڵبەت دەسەڵاتدارانی تورکیا باش ئاگاداری ئەم یەکهەڵوێستەی میللەتی کوردن لە کوردستانی باشووردا، باشیش مێژووی پێوەندییەکانی نێوان کورد و تورکیایان خوێندۆتەوە و دەزانن، کە ئەزموونە تاڵەکانی مێژوو هەرگیز بەو نەوە نوێیەی قۆناغی ئازادی دووبارە نابنەوە، ئەو نەوە نوێیەی تامی دیمۆکراسی و سەربەخۆییان چێشتووە، هەرگیز ناتوانن دووبارە بگەڕێتەوە ژێر چەپۆکی تاریکیا و دیکتاتۆریەت. ئەگەر تەنها پەیامێکی گرینگی ئەم یەکهەڵوێستییەی میللەتی کورد هەبێت ئەوەیە کە: دەوڵەتی تورکیا دەبێت بزانێت کە هیچ کوردێک مانەوە و دەستێوەردان و حوکمڕانی تورکیایان قەبوڵ نییە و، پێموایە کە ئەو پەیامەش زۆر بە باشی گەیشتە ئەنقەرە!

لەگەڵ ئەوەشدا، بە سەیرکردنی سناریۆکانی شەڕ و ئاشتی لە ناوچەکەدا، وە بەتایبەتی پاش ئەوە لە ئاستی نێودەوڵەتی و ئیسلامی و عەرەبیدا، هیوای دۆزینەوەی چارەسەرێک نەبێ، پرسی شەڕ و هێرشی ئەمریکا و هاوپەیمانانی، لەگەڵ ئەوانیشەوە تورکیا کە هاوپەیمانێکی بەهێزی ئەمریکایە لە ناوچەکەدا، لەبەر هۆی عەسکەری و ستراتیجی، بەشداربوونی هێزی تورکیا لەو هێرشەدا، لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵانە و کۆششی دەسەڵاتی سیاسیی کورد و، حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پارتە سیاسییەکانی کورد لە باشوور، دیارە هاتنی هێزەکانی تورک بۆ ناو خاکی کوردستان، هاوشان لەگەڵ هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا مەسەلەیەکی ئاشکرا و ڕوونە، هەرگیز ناکرێت هێرشی ئەمریکا بکرێت بۆ سەر عێراق، بێ لەوە تورکیا هێزی خۆی نەهێنێتە ناو خاکی کوردستان.[1]

لە بارودۆخێکی ئاواهی، چی بکرێت باشە؟ چ ئەلتەرناتیڤێکمان هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم کێشەیە لەگەڵ تورکیا؟ ئەو وڵاتەی کە نەک هاوسێیەتی و یەک ئایین دەمانبەستێتەوە، بەڵکوو گەلێک مەسەلەی فەرهەنگی هاوبەشیشمان پێکەوە هەیە. دیارە دەسەڵاتی کورد لە کوردستانی باشوور، باش دەزانێت کە ڕۆڵی تورکیا ڕۆڵێکی گرینگ بووە لە پاراستنی کوردستانی عێراق پاش سەرهەڵدان و، ئەو پەنجەرەیە بووە کە بە درێژایی یازدە ساڵ خواردن و خۆراک و پێداویستی بۆ بژێوی خەڵک و ئاوەدانکردنەوە، بۆ ناوەوەی کوردستانی باشوور هاتوون. لەگەڵ ئەوەشدا کە تورکیا سوودی ئابووری و ڕامیاری لەو پێوەندییە بینیوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا،

ئێمەش لە کوردستان سوودمان لە تورکیا بینیوە. وە ئەمەش حاڵەتێکی زۆر ئاسایی پێوەندییەکانە لە نێوان هەر وڵاتێک لە گەڵ یەکێکی تردا.

گەڕان بە دوای ئەلتەرناتیڤێک لە پێوەندییەکانمان لەگەڵ تورکیادا بە خوێندنەوەیەکی خێرا بۆ ڕابردوو و عەقڵیەتی تورکی، مەسەلەیەکی هێندە ئاسان نییە...، بەڵام ئەگەر سەیری بارودۆخی ناوچەکە بکەین، لە هەمان کاتدا ئەگەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکاش بخوێنینەوە، دەگەینە ئەو هەقیقەتەش کە ئەلتەرناتیڤی ئێمەش هێندە گران نییە. لەبەر ئەوە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان وڵاتێکی گەورەی وەک ئەمریکا لە سەر زاری وەزیری دەرەوەی خۆی دەربارەی کورد بڵێ: «ئەگەر تورکیا بۆ ئەمریکا دەروازەیەکی ستراتیجی دۆستێک و هاوپەیمانێکمان بێت، ئەوە ئێمە کوردیش بە دۆست و هاوپەیمانی خۆمان دەزانین».[2]

بە هەقیقەت ئەو سیاستەنوێیەی ئەمریکا، دەروازە و ئاسۆیەکی گرینگ و پۆزەتیڤە بۆ ئێمەی کورد، ئەم سیاسەتەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەروازەیەکی نوێیە بۆ ئێمەی کورد لە کوردستانی باشووردا. وە ئەمە خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەکی باوەڕپێکراوە کە ئەزموونی حوکمڕانیی کورد هەتا ئاستێکی باش توانیویەتی بەڕاستی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا خۆی بناسێنێت. جگە لەوە کە توانیویەتی وڵات ئاوەدان بکاتەوە،وەکوو هەر وڵاتێکی سەربەخۆ، بە هەستێکی بەرپرسانە، پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر دروست بکات، لە سەر بنچینەیەکی پتەو و ڕێزلەیەکگرتنی هاوبەش پێوەندییەکان گەشە پێبدات و، ببێتە فاکتەرێکی گرینگی ئەمن و ئاسایش لە ناوچەکەدا.

ئەلتەرناتیڤ لەوەدا دەبینم کە ئێمە لە کوردستانی باشووردا، بە توند و تیژی هیچ چارەسەرێک نادۆزینەوە لەگەڵ تورکیادا، نە بە ئاڵاسووتاندنی وڵاتێک و نە بە شەڕکردن لە گەڵیاندا هیچ ئەنجامێک دەست ناهێنین، میللەتی تورک دۆست و جیرانی ئێمەیە، لە فەرهەنگی ئێمەدا گەلێک شتی جوان و هەروەها ناشیرینمان هاوبەشە! تەنها بە دانووستاندن و باشکردنی پێوەندییەکان و لە یەکتر گەیشتن دەگەینە چارەسەرەکان، بە خوێندنەوەی عەقڵیەت و لۆژیکی یەکتر، نەوەکوو بە هێرشکردنە سەر یەکتر و پێکدادان و قەتڵ و کوشتار.

ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووشمان هەڵدەینەوە، ئەوە دەبینین کە چەندین جار شەڕ و کوشتار لە نێوان کورد و تورکەکان ڕوویداوە، بەڵام لە کۆتاییشدا ئەو دوو میللەتە هەر پێکەوە ماونەتەوە، هەر جیرانی یەکترن و فەرهەنگیان زیاتر و چڕتر تێکەڵاوی یەکتر بووە، لە داهاتووشدا هەر وادەبێت.

تورکیا، ئەگەر هەر مەترسییەکی هەبێت دەربارەی هەر مەسەلەیەک، ئەوە دەکرێت بە گفتوگۆ و دانووساندنی هاوبەش دڵنیا بکرێتەوە، بەڵام لێرەدا دوو خاڵی گرینگ هەن کە ڕۆڵی سەرەکییان هەیە و، ئەمەش لە بەرژەوەندی ئێمەدایە لە کوردستانی باشووردا:

١) ڕۆر گرینگە کە لەو گفتوگۆیانەدا، ئەمریکا و وڵاتە یەکگرتووەکان بەشداری هەر ڕێکەوتنێک بن لەگەڵ تورکیادا، پێش هاتنیان (ئەو هاتنەیان کە جێگەی ڕەزامەندیی هیچ کوردێک نییە لە کوردستان و لە دەرەوەدا) دەبێت بە شێوەیەکی یاسایی و نووسراو ئێمەی کورد بزانین و (بە دیکۆمێنت بکرێن)، کە ئەگەر تورکیا هاتە ناو خاکی کوردستان هاوشان لە گەڵ هێزەکانی ئەمریکادا، ئایا چەندە دەمێنێتەوە و کەی دەگەڕێتەوە؟ دیارە بە گوێرەی سناریۆکان دەبێت هێزەکانی تورکیا پاش گۆڕانکارییەکان لە عێراق بگەڕێنەوە ناو خاکی خۆیان و تەنها ئەمریکا بۆ ماوەی ساڵێک لە عێراق دەمێنێتەوە. بەهەرحاڵ هاتنی سوپای تورکیا و پاشانیش گەڕانەوەیان، دەبێت پێش دەستپێکردنی شەڕی دژی عێراق، مەسەلەیەکی ئاشکرا و زانراو بێت.

٢) ڕۆڵی هێز و بەرهەڵستکارەکانی عێراق، ڕۆڵێکی گرینگ و کاریگەرن، دەبێت هەر لە ئێستاوە باشتر لە مەترسی هاتنی سوپای تورکیا ئاگادار بکرێنەوە بۆ ناو خاکی کوردستان. ئەوڕۆکە ئەو ڕۆژەیە برا عەرەبەکانی عێراق، برایەتی و هاودەردیی خۆیان بۆ میللەتی کورد بسەلمێنن، دەبێت کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق و هەموو هێزەکانی تری عێراقی پێکەوە خاوەن یەک هەڵوێست بن بۆ داکۆکیکردن لە کوردستانی باشوور لە هەر دەستێوەردانێکدا بۆ ناو کاروباری وڵات.

لەگەڵ ئەوەشدا جێگای نیگەرانی و دڵتەنگی یە، کە چارەنووسێکی نادیار چاوەڕوانی ئەزموونەکەمان دەکات و کەس نازانێت نەخشە و ڕۆڵی ئێمە لە کوردستاندا چۆن دەبێت. بەڵام دڵنیام ئەزموونی دوانزدە ساڵەی حوکمڕانیی کورد لە بەشێکی ڕزگارکراوی کوردستان، کوردی فێری سیاسەت و دیپلۆماسی کردووە،، فێری ئەوە بووین کە چۆن پێوەندنییەکانمان لە گەڵ وڵاتانی دەوروبەر بپارێزین و بگرە بەرەو پێشەوەشیان بەرین.

٢٠٠٣/٣/٦

**پەراوێزەکان:**

١- بەڕێز «هوشیار زێباری» بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی پدک لە بەرنامەی (لە کوردستانەوە)، شەوی چوارشەممە ٢٠٠٣/٣/٥ کەناڵی ئاسمانی کوردستان گوتی: «لەگەڵ هەموو هەوڵەکانمان، دیارە هاتنە ناوەوەی سوپای تورکیا هەر ڕوودەدات».

٢- وەزیری دەرەوەی ئەمریکا «کۆلن پاوڵ» بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن٢٠٠٣/٣/٣.

# سی ساڵ دیکتاتۆری و بەجێهێشتنی وڵاتێکی وێران و کۆمەڵێک دیاردەی دزێو

جووتیار حاجی تۆفیق

• بەرەبەیانی رۆژی هەینی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ حیزبی بەعس لە رێگای کودەتایەکی سەربازیی خوێناوییەوە، حکوومەتی عەبدولکەریم قاسمی لەناوبرد و دەسەڵاتی گرتە دەست. ئەو حیزبە لە ماوەی ١٠ مانگی حوکمڕانیدا، بۆ سەرجەم خەڵکی عێراقی سەلماند کە حیزبێکی چەند شۆڤێنی و خوێنڕێژە!

• رۆژی دوو شەممە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ عەبدولسەلام عارف بە پاڵپشتیی کۆمەڵێک ئەفسەر کودەتایەکی لە دژی حکوومەتی بەعس بەرپاکرد و لەسەرکار لایبردن.

• رۆژی ١٧ی تەممووزی ١٩٦٨حیزبی بەعس بە کودەتایەکی سەربازیی، بۆ جاری دووەم، لە عێراقدا دەسەڵاتی گرتەوە دەست. پاشان ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر، لەلایەن بەعسییەکانەوە بە سەرۆک کۆماری عێراق راگەیەنرا. هێشتا دوو هەفتە بەسەر کودەتاکەدا تێنەپەڕی بوو کە سەددام حوسێن بە پشتیوانیی دەستەیەک لە پیاوکوژەکانی، کەوتە کوشتن و لەناوبردنی چەندین کەسایەتیی ناسراوی نێو ریزەکانی حیزبی بەعس و زەمینەی بۆ خۆ سەپاندن بەسەر حیزبەکە و وڵاتی عێراقدا سازکرد.

• لە تەممووزی ١٩٧٩دا سەددام حوسێن بە سیناریۆیەک، ئەحمەد حەسەن ئەلبەکری لە سەرۆک کۆماری خست و حیزبی بەعس و عێراقی بە تەواوی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

هەروەک روون و ئاشکرایە حیزبی بەعس لە عێراقدا بە نێو زنجیرەیەک کودەتای خوێناویدا توانی دەسەڵات بگرێتە دەست، نەک لە رێگایەکی دیموکراتییانەو بە خواست و ویستی گەلانی عێراق!

## جەنگی عێراق ـ ئێران:

پاش ئەوەی کە سەددام حوسێن بە تەواوی دەستی گرت بەسەرحیزبی بەعس و سوپا و وڵاتی عێراقدا، لە مانگی ئەیلوولی ١٩٨٠دا جەنگێکی سەختی دژ بە وڵاتی ئێران بەرپاکرد، کە هەشت ساڵ درێژەی کێشا..

ئەو جەنگە درێژخایەنە بووە هۆی داڕووخانی ژێرخانیی ئابووری عێراق و سەرهەڵدانی جۆرەها ناسەنگی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی.. رژێمی بەعس بۆ ئەوەی خۆی لەو قەیرانانە رزگار بکات، مرخی لە گەنجینەیەکی نزیک خۆشکرد، کە ئەویش داگیرکردنی میرنشینی کوەیت بوو. ئەوە لە حاڵێکدا بوو، کە حکوومەتی کوەیت بە درێژایی ساڵانی جەنگ، باشترین کۆمەکی حکوومەتی عێراقی کرد و بە ئاشکرا خۆی بە لایەنگری عێراق لە دژی ئێران دەزانی و، بەوەش کەوتە بەرگەلێک هەڕەشە و، کێشەی زۆری بۆ خۆی سازاند. هەروەها حکوومەتی کوەیت جیا لەوەی کە بەردەوام پارەی بە حکوومەتی عێراق دەبەخشی، چەند جارێکیش پارەی بە قەرز دابوویە کە لە ئەنجامدا ئەو قەرزە گەیشتبووە نزیکەی چواردە ملیۆن دۆلار.

## داگیرکردنی کوەیت:

ماوەیەک بوو رژێمی بەعس کەوتبووە پەلپ و بیانوو بە حکوومەتی کوەیت، بەردەوامیش سوپای بەرەو ناوچە سنوورییەکانی کوەیت بەرێدەکرد و، تەیار و ئامادەی جەنگێکی نوێی دەکرد. ئەم لەشکرکێشییەی رژێم لەنێو کوڕ و کۆمەڵە نێو دەوڵەتییەکاندا بووە مایەی سەرنج و لێکدانەوە..

حکوومەتی کوەیت لە رێگای رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵەی وڵاتە عەرەبەکانەوە کەوتە نارەزایی دەربڕین و ئاگاداریکردن کە مەبەستی رژێمی بەعس لەو لەشکرکێشییە داگیرکردنی وڵاتی کوەیتە. چەندین جار رێکخراوە نێودەوڵەتی و عەرەبییەکان بە رژێمی بەعسیان راگەیاند کە چیتر سوپا لەسەر سنوورەکانی کوەیت کۆ نەکاتەوە و هەڕەشە لە حکوومەتی کوەیت نەکات.

تا سەرەنجام نیوە شەوی ٢ی ئابی ١٩٩٠ سوپای عێراق بێ گوێدانە یاساو سنوورە نێودەوڵەتییەکان، هێرشێکی کتوپڕ و گاریگەری کردە سەر میرنشینی کوەیت و لە ماوەی شەوو رۆژێکدا ئەو وڵاتەی داگیرکردو ناوی پارێزگای (نۆزدەهەم)ی عێراقی لێنا!

سوپای عێراق وەک سوپای هەر دەوڵەتێکی فاشی، لە ماوەی هەشت ساڵ جەنگی دژ بە ئێراندا زیاترلە هەر شتێک فێری تاڵانکاری و کوشتوبڕ دەست درێژیکردنە سەر ژن و کچ بوون. جا، کاتێک ئەو سوپا هار و درندەیە خۆی بە وڵاتی ئاوەدان و پڕ لە خێروبێری کوەیتدا کرد، هەر لە سەربازەکانەوە تا دەگەیشتە ئەفسەرە پایە بەرزەکانی رژێم، هەموو وەک وەحشی کەوتنە دزی و راووڕووت و دەستدرێژی کردنە سەر سەدان کچ و ژن.

هەر لە یەکەم رۆژی داگیرکردنی کوەیتەوە کوڕانی سەددام و ئەفسەر و کاربەدەستە گەورەکانی رژێمی بەعس، دەستیان بە دزینی جۆرەها ئۆتۆمبیلی گرانبەهاو تاڵانکردنی دامودەزگا حکوومەتییەکان و بانکەکان و ماڵ و دوکان و کارخانەکان کرد و، هەرچی کەلوپەلی بەنرخیان تێدا بوو هەموویان بە تاڵان برد.

هێشتا هەفتەیەک بەسەر داگیرکردنی کوەیتدا تێنەپەڕی بوو کە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، سزای ئابووری خستە سەر حکوومەتی عێراق. بەوەش خەڵکی عێراق کەوتنە بارێکی سەخت و دژوارەوە و، نرخی خۆراک و کەرەسە پێویستەکانی ژیان زۆر زیادیان کرد.

داگیرکردنی کوەیت لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە و، ترسی ئەوە کە

ڕژێمی بەعس شاڵاوی داگیرکەرانەی خۆی درێژەپێدەدات و بەرەو دەوڵەتەکانی دیکەی کەنداو بڕوات لەلایەک و، هەڕەشەی حکومەتی بەعس بۆسەر بنکەو پێگە ستراتیژییەکانی ئەمریکا و بریتانیا و دەوڵەتە زلهێزەکانی دیکەی جیهان لە کەنداودا لەلایەکی دیکە، بووە هۆی ئەوە کە ئەمریکاو دەوڵەتە زلهێزەکانی دیکە هێزی زیاتری خۆیان بەرەو کەنداو بەڕێبکەن و گەلێک بنکەی سەربازیی دیکە لە کەنداو و ناوچەکەدا دابمەزرێنن.

هەر لە یەکەم ڕۆژی داگیرکردنی کوەیتەوە، چەندین جار ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و گەلێک ڕێکخراو و دەوڵەت و کەسایەتی جیهانی و عەرەبی، داوایان لە ڕژێمی بەعس و خودی سەددام حوسێن کرد کە هێزەکانی لە کوەیت بکشێنەوە و، عێراق و ناوچەکەش دووچاری جەنگێکی دیکەی وەک جەنگی عێراق ـ ئێران نەکات و بەڵا و نەهامەتییەکی دیکەش بەسەر خەڵکی عێراق و دراوسێکانیدا نەهێنێت. بەڵام ئەو ڕژێمە شەڕەنگێزە هیچ بایەخی بەو ئاگادارکردنەوانە نەدا و درێژەی بە لاساری و سیاسەتی خۆی دا و، بەردەوام سوپای زیاتری خۆی لە ناوچە جیاجیاکانی عێراق کۆدەکردەوە و بەرەو قووڵایی کوەیت و سنوورەکانی سعودییەی دەبردن و، خۆی بۆ جەنگێکی وێرانکەری دیکە ئامادە دەکرد.

### جەنگی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان لەدژی حکوومەتی عێراق:

لە کاتێکدا کە ڕژێمی بەعس لە خۆ ئامادە کردندا بوو بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هێزی دەوڵەتە هاوپەیمانەکاندا، ئا لەو کاتەدا ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی داوای لە حکوومەتی عێراق کرد، لە ماوەی مانگێکدا (١٥/ ١٢/ ١٩٩٠ تا ١٥ / ١ / ١٩٩١)سوپای خۆی لە کوەیت بکێشێتەوە و، دان بە سەروەریی حکوومەتی کوەیتدا بنێت؛ خۆ ئەگەر بێت و لەو ماوەیەدا کە بۆی دیاری کراوە هێزەکانی لە کوەیت نەکشێنێتەوە، ئەوا لەگەڵ هێزی وڵاتە هاوپەیمانەکاندا ڕووبەڕوودەبێتەوە.

ئەو ماوەیەش کە لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە بۆی دیاری کرابوو تێپەڕی، بەڵام ڕژێمی بەعس هەر لەسەر ئەوە پێیدادەگرت کە کوەیت بەشێکە لە خاکی عێراق و هیچ وەختێک دەست لەو بەشەی خاکی نیشتمان هەڵناگیرێت!

تا لە نیوە شەوی ١٧ / ١ / ١٩٩١دا هێزە ئاسمانییە مۆدێرن و پێشکەوتووەکانی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان، بەڕابەریی ئەمەریکا و بەناوی (گەردەلوولی بیابان )ەوە هێرشێکی یەکجار کاریگەر و بەرفراوانیان کردە سەر بنکە سەربازییەکانی سوپای عێراق لە ناو کوەیت و سنوورەکانی سعودییە و دامودەزگا و شوێنە ستراتیژییەکانی ناو عێراق.

هێزی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان یەکبین، ماوەی چل ڕۆژ، سەربازگە و بنکە و بارەگاکانی حیزبی بەعس و دامودەزگا حکوومی و کارخانە و پرد و گەلێک شوێنی دیکەیان بە بۆمب و مووشەکی مۆدێرن داگرت و هەموویان خاپوور کرد. سەرانی ڕژێم و خودی سەددام حوسێن کە بەر لە دەستپێکردنی هێرشەکان، هەموو ڕۆژێک لە ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنی عێراقەوە جنێویان بە جۆرج بووشی سەرۆکی ئەمەریکا و سوپای ئەمەریکا و دەوڵەتە هاوپەیمانەکان دەدا و، گاڵتەیان بە هەموو شتێک دەهات، لەکاتی هێرشی مووشەکی و بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی وڵاتە هاوپەیمانەکاندا، هەر ڕۆژەی لە ژێر زەمینێکەوە و، هەر جارەی لە بنکەیەکی نهێنییەوە نووزەیەکیان لێوەدەهات، تەواو شپرزە بووبوون.

سوپای عێراق کە لە سەرکوتکردنی گەلی کورد و خەڵکی عێراقدا لە سوپای هیتلەر هارتر و دڕندەتر بوو، لەو ڕۆژانەدا، لە بەرامبەر هێرشەکانی هاوپەیمانەکاندا لە هەڵهاتن و خۆبەدەستەوەدان و پاشەکشەی زەلیلانە بەولاوە چیدیکەی پێنەدەکرا.

ڕژێمی بەعس کە زانی لەبەرامبەر هێزی هاوپەیمانەکاندا هیچی پێناکرێت، بە پەلە کەوتە کشاندنەوەی پاشماوەی هێزەکانی لە کوەیت و داوای لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کرد کە ئامادەیە لە خاکی کوەیت بچێتە دەرێ و، دەوڵەتە هاوپەیمانەکانیش هێرشەکانیان بۆ سەر عێراق ڕابگرن. ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی تاوتوێی هەلومەرجەکەی کرد و، سەرەنجام سەعات ١٢ی شەوی چوارشەممە ٢٧ی شوباتی ١٩٩١بڕیاریدا هێرشەکان بۆ سەر عێراق ڕابگیرێت، بەو جۆرە ئەو جەنگە بێئامانە کە شەش هەفتەی خایاند، وەستێنرا.

### وڵاتێکی وێران:

بەهۆی جەنگی هەشت ساڵەی عێراق ـ ئێرانەوە و، دواتریش بەهۆی جەنگی کەنداوەوە ژێرخانی ئابووریی عێراق بە تەواوی داڕووخا. زۆربەی کارخانەکان لەکارکەوتن و توانای بەرهەمهێنانیان نەما. سەدان پرۆژەی پیشەسازی و کشتوکاڵی و خزمەتگوزاری تێکچوون و وەستێنران. بەشی زۆری زەوییە کشتوکاڵییەکانی عێراق لەکەڵک کەوتن. ئەمانەش بوونە هۆی بێکار مانەوەی هەزاران کرێکار و جووتیار و فەرمانبەر و کاسبکار و ئەندازیار، کە لە شوێنی کار و پیشەیان هەڵکەندران و خۆیان و خێزانیان کەوتنە بارێکی زۆر سەخت و دژوارەوە. تادەهات ئاستی ژیانی خەڵکی عێراق دادەبەزی. بەردەوام نرخی شتومەک، بەتایبەت خۆراک و پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان، لە بەرز بوونەوەدا بوون. جۆرەکانی وزە تادەهات کەم دەبووەوە. بەشی هەرە زۆری خەڵکی عێراق ژیانیان لە بێکارەیی و بێ ئاوی و بێ سووتەمەنییدا بەسەر دەبرد. بەو هۆیانەوە دیاردەی برسێتی و بێکاری تەواو تەشەنەی کرد و هەزاران خێزان لە شار و شارۆچکە و گوند و ئۆردوگاکانی سەرتاسەری عێراقدا ترسی ئەوەیان هەبوو کە لە برسان بمرن..!

دیاردەی هەڵهاتن لە سەربازی و خۆ دزینەوە لە (جیش الشعبی) و دەزگا سەربازییەکانی دیکەی ڕژێم، یەکجار پەرەی سەندبوو. هەزاران لاو و گەنج کە لە سەربازی هەڵهاتبوون لەتاو زەبروزەنگی ڕژێم نەیان دەوێرا بچنەوە سەر کاری خۆیان و بژێوییەکی مەمرەومەژی بۆ خێزانەکانیان پەیدا بکەن. هەرکامێکیشیان دەست هێزە جۆراوجۆرەکانی ڕژێم بکەوتنایە، یان دەست بەجێ گوللە باران دەکران، یان دەخرانە زیندانە پیس و دژوارەکانەوە.

### ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١:

خەڵکی عێراق کە زانیان هێزی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان برستیان لە سوپای عێراق بڕیوە و تەواو شەکەت و بێ هێزیان کردووە، دەستیان بە

ڕاپەڕینی چەکدارانە کرد و، بڵێسەی ڕاپەڕین لە شاری بەسرەوە سەری هەڵدا و لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا زۆربەی شارو ناوچەکانی خواروو ناوەڕاستی عێراقی گرتەوەو پاش ساڵەها زوڵم و ستەمکاریی ڕژێمی بەعس، ئازاد بوون و کەوتنە دەست جەماوەرەوە. هاوکات لە شارو شارۆچکەکانی کوردستانیش ڕاپەڕینی چەکدارانە سەری هەڵداو لە ماوەی دوو هەفتەدا بەشی هەرە زۆری ناوچە کوردنشینەکان ئازاد کران. خەڵکی کوردستان پاش ساڵەها چەوساندنەوە و ستەمی دەستی حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق کە دەیویست جینۆسایدیان بکات و یەکجاریی لەناویان بەرێت و، بەچەکی کۆکوژ و قەدەغەکراو خۆیان و نیشتمانەکەیان خاپووربکات، سەرفراز بوون و لەدەست ئەو ڕژێمە ڕزگاریان بوو. بەڵام ڕۆژگاری ئازادی و سەرفرازیی خەڵکی عێراق تەمەن درێژ نەبوو. ڕژێمی بەعس بە فرت و فێڵ و بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو جۆرە چەکێک و بە دڕندانەترین شێواز کەوتە سەرکوتکردنی جەماوەری ڕاپەڕیوی هەموو ناوچەکانی عێراق. پاش چەند هەفتە، سەرەڕای خۆڕاگری و بەربەرەکانی لە ئاست هێزە هار و دڕندەکانی بەعسدا، سەرەنجام ڕژێم توانی بەشی زۆری ناوچە ئازادکراوەکان داگیربکاتەوە و بکەوێتە کوشتن و ڕاونانی جەماوەری ڕاپەڕیو.

ئەگەرچی ڕژێمی بەعس توانی زۆربەی شارەکانی کوردستانیش داگیربکاتەوەو ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگەو خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان بکوژێت. بەڵام ڕەوی بەکۆمەڵی خەڵکی کوردستان و چۆڵکردنی شارو شارۆچکەکان، کارەساتێکی چاوەڕوان نەکراوی بۆ ڕژێم هێنایە پێش. خەڵکی کوردستان بەو ڕەوە بەکۆمەڵەیان سەرنجی هەموو جیهانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا و، سەرەنجام ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیی ناچارکرد کە بێتە وەڵام! ئیدی ڕژێمی بەعس نەیتوانیی لەوە زیاتر پێشڕەوی بکات و هەموو ناوچە ئازاد کراوەکان بگرێتەوە.

ئەو کۆڕەوە بووە هۆی ئەوە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارێکی تایبەت دەربکات و پشتوێنەیەک بۆ پاراستنی خەڵکی کوردستان لە شاڵاوی دڕندانەی هێزەکانی ڕژێمی بەعس دیاری بکات. پاش تریش هێزی پێشمەرگە و جەماوەری کوردستان توانییان هەنگاو بە هەنگاو شارەکانی دهۆک و هەولێر و سلێمانی و دەوروبەریان سەرلەنوێ ئازاد بکەنەوە و هێزەکانی ڕژێم بە ڕسوایی و تێکشکاوی وەدەربنێن.

## ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و تیمەکانی پشکنین:

بۆ ئەوەی حکوومەتی بەعس جارێکی دیکە عێراق و ناوچەکە دوچاری جەنگێکی تر نەکاتەوە و، چیدیکە نەتوانێت هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتانی وەک: ئەمەریکا و بەریتانیا بکات؛ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی چەند بڕیارێکی سەبارەت بە داماڵینی حکوومەتی عێراق لە چەکە کۆمەڵکوژ و قەدەغەکراوەکان دەرکرد و، بە حکوومەتی بەعسیان ڕاگەیاند کە تا هەرچی چەکی کۆمەڵکوژ و قەدەغەکراو لە عێراقدا هەیە لەناونەبرێت، نە ئابڵوقەی ئابوری لەسەر عێراق لادەبرێت و نە حکوومەتی عێراقیش دەتوانێت بگەڕێتەوە نێو کۆڕو کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان.

پاش ململانێ و کێشمەکێشمێکی زۆر سەرەنجام لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە، بە تیمەکانی پشکنینی سەربە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێگەدرا کە بەدوای چەکی کۆمەڵکوژدا بگەڕێن، کە ڕژێم هەمیشە هەبوونی ئەم جۆرە چەکەی ئینکار دەکرد.

لەواقیعدا ڕژێمی بەعس نەیدەویست چەکە کۆمەڵکوژ و قەدەغەکراوەکانی ئاشکرا بکات و لەناویان بەرێت. بۆیە هەرجارەی بە بیانوویەک و هەر دەمەی بە جۆرێک، کێشەی بۆ تیمەکانی پشکنین دروست دەکرد و، قۆرتی دەخستە بەردەمیان و ڕێگای نەدەدان لەسەر پشکنینەکانی خۆیان بەردەوام بن.

ئەنجومەنی ئاسایش گەلێک جار حکوومەتی عێراقی ئاگادارکردەوە کە تەگەرە نەخاتە بەردەم تیمەکانی پشکینین و هەروەک پێشتر بەڵێنی داوە، ئاوا هاوکاریی ئەو تیمانە بکات؛ ئەگینا ئەو لاساری و کێشە دروستکردنانە دەبنە هۆی ئەوە کە سزای توند تر بەسەر عێراقدا بسەپێندرێت.

فرت و فێڵی ڕژێمی بەعس بۆ خۆدزینەوە لەوەی کە چەکە کۆمەڵکوژەکانی ئاشکرا بکات و لە ناویان ببات، چەند ساڵ درێژەی خایاند و، بەردەوام ئینکاریی لە بوونی چەکی لەو چەشنەی دەکرد. بەڵام ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێگای ئەو ئەفسەر و کاربەدەستە گەورانەی ڕژێم کە هەڵهاتبوون و عێراقیان بەجێهێشتبوو، زانیاریی وردو دروستیان وەرگرتبوو کە ڕژێمی بەعس چەکی کۆمەڵکوژی و بایۆلۆژی و کیمیایی شاراوەی هەیە و، بەردەوام خەریکی پەرەپێدانی ئەو چەشنە چەکانەیە. کاتێکیش کە تیمەکانی پشکنین لە چەندین شوێنی نهێنیی عێراق، کارخانە و پرۆژەی دروستکردنی چەکی بایۆلۆژی و کیمیاییان دۆزییەوە، ئیدی ڕژێم بە ئاشکرا کەوتە ڕێگرتن لەو تیمانە و بواری نەدان کارەکانیان ئەنجام بدەن.

پاش ڕووداوی ١١ی سێپتامبەری ٢٠٠١ی ئەمریکا، گەلێک بەڵگە کەوتنە دەست ئەمەریکاو بەریتانیا و هەندێک دەوڵەتی دیکە، کە نیشانیان دەدا حکوومەتی عێراق یەکێکە لەو ڕژێمانەی کە لەو ڕووداوەدا دەستی هەبووە و بەردەوام داهاتی وڵاتی عێراقی لەپێناوی برەودان بە کاری تیرۆریستانە لەدژی خەڵکی عێراق و ناوچەکە و جیهان بەکاربردووە.

پاش ئەم هەموو ململانێ و کێشمەکێشمەی نێوان ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و ڕژێمی بەعس، سەرەنجام ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاریدا کە تیمەکانی پشکنین لە عێراق بکشێنێتەوە. هاوکات ئەمەریکاو بەریتانیاو چەند دەوڵەتی دیکەی جیهان بەڵێنیاندا کە بە بەکارهێنانی هێز ئەو ڕژێمە دیکتاتۆر و لاسارە لەناو ببەن و خەڵکی عێراق و ناوچەکە و جیهانیش لە دیکتاتۆرترین ڕژێمی سەر زەوی ڕزگاربکەن.

## ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس و ئازادکردنی عێراق:

سەعات ٤ی بەرەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ١٨ی ئازاری ٢٠٠٣، «جۆرج دەبلیو بووش» سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پەیامێکی ئاڕاستەی گەلی ئەمەریکا و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و خەڵکی عێراق کرد و، دوا دەرفەتی بە سەددام حوسێن و کوڕەکانی دا کە لە ماوەی چل و

هەشت سەعاتدا عێراق جێبهێڵن. خۆ ئەگەر بێتو لەو ماوەیەدا کە بۆیان دیاری کراوە عێراق جێنەهێڵن، ئەوا لەگەڵ هێزەکانی ئەمەریکا و بەریتانیاو دەوڵەتە هاوپەیمانەکاندا ڕوبەڕوودەبنەوە!..

سەددام حوسێن و کوڕەکانی و سەرانی دیکەی ڕژێم نەک ئامادە نەبوون عێراق جێبهێڵن، بەڵکوو ئەو بڕیارەی سەرۆکی ئەمەریکایان زۆر بێ ماناو بێ نرخ لێکدایەوە و وایان پیشاندا کە ئامادەن زۆر بە توندی بەرپەرچی هەر چەشنە هێرشێک بدەنەوە کە لە لایەن ئەمەریکاو بەریتانیا و هاوپەیمانەکانەوە بکرێتە سەریان.

پاش تێپەڕ بوونی سەعات و نیوێک بەسەر ئەو مۆڵەتەی کە سەرۆکی ئەمریکا بۆ سەددام و کوڕەکانی دەسنیشان کردبوو، سەعات شەش و پانزە دەقیقەی بەرەبەیانی ڕۆژی پێنج شەممە ٢٠ی ئازاری ٢٠٠٣ ئەمەریکاو بەریتانیا جەنگی ئازاد کردنی عێراقیان ڕاگەیاند ..

ڕاسەوخۆ دوای ئەو ڕاگەیاندنە، هێزەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا، مووشەک و بۆمبی مۆدێرن و کاریگەریان بەسەر بارەگاو بنکەکانی حیزبی بەعس لە شاری بەغداد و شار و ناوچەکانی دیکەی عێراقدا داباراند و سوپای عێراق و کاربەدەستە گەورەکانی حیزبی بەعسیان تەواو شپرزەکرد.

هێشتا دوو ڕۆژ بەسەر ئەو جەنگەدا تێنەپەڕی بوو کە شارە هەرە ستراتیژییەکانی عێراق، وەک: سەفوان، ئوم قەسر و فاو ئازاد کران و کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی ئەمەریکا و بەریتانیاوە و بە هەزاران سەربازو سەدان ئەفسەری عێراقی خۆیان دابەدەستەوە.

ئیدی هێزەکانی ئەمەریکاو بەریتانیا بە خێرایی بەرە و، شارەکانی بەسرەو ناسرییەو نجەف و کەربەلاو بەغداد و ناوچەکانی دیکەی عێراق کەوتنە پێشڕەوی و، سەورەنجام لە حەڤدەهەمین ڕۆژی جەنگەکەدا بەشێک لە شاری بەغداد لە هێزە گەندەڵ و بەزیوەکانی بەعس پاککرایەوە و تەواوی شارەکەش کەوتە ژێر ئاگری دەبابەکانی ئەمەریکا.

بەرەبەیانی ڕۆژی ٩ی نیسانی ٢٠٠٣ دەبابەکانی ئەمەریکا لەگەڵ ڕاونان و لەناوبردنی بەشێکی زۆر لە هێزەکانی گاردی کۆماری بەعس، ناوجەرگەی شاری بەغدایان کۆنترۆڵ کرد. هاوکات جەماوەری داخ لەدڵی شاری بەغداد هەر لەم ڕۆژەدا پەیکەر و وێنەکانی سەددام حوسێنیان لە ناوبرد و، بەم جۆرە ژیانی ڕەشترین و چەپەڵترین ڕژێمی دیکتاتۆری کۆتایی پێهات.

## ماسمێدیای عەرەبی و شێواندنی ڕاستییەکان:

لەگەڵ ئازادکردنی شاری کەرکوک و موسڵ و خانەقین و، چوونی هێزی پێشمەرگە بۆ ناو ئەو شارانە، گەلێک لە ماسمێدیا عەرەبییەکان، لە هەواڵەکانیاندا و لە ڕێگای پەیامنێرەکانیانەوە کەوتنە بڵاوکردنەوەی هەواڵی درۆو هەڵبەستراوی ژاراوی کە گوایا کوردەکان (کە زیاتر مەبەستیان لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو ) دەستیان کردووە بە دزی و تالان و بوونەتە هۆی پشێوی و نا ئارامیی لەو شارانەدا.

بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە هەواڵە ناڕاست و پڕ لە درۆیانەی ماسمێدیای عەرەبی لەو دەمەدا بە مەبەستی ناوزڕاندنی کورد و بزووتنەوە ئازادیخوازییەکەی، بەشێکە لە ئاخ و حەسرەتی ئەوان بۆ لەناوچوونی ڕژێمی بەعسی فاشی! بۆیە لەسەر هەموو کوردێکی ئازادیخواز و ڕۆشنبیر پێویستە کە لە ئاست ئەو گشت بوختان و درۆیانەی ماسمێدیای عەرەبیدا بێدەنگ نەوەستن و بەرپەرچی ئەو جۆرە تۆمەتانە بدەنەوە و ڕاستیی مەسەلەو ڕووداوەکان وەک خۆیان بخەنە ڕو.

بەرلەهەرچی ئاشکرایە کە لەگەڵ ئازادکردنی یەکە بە یەکەی شارو شارۆچکەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق لەلایەن هێزەکانی ئەمریکا و بەریتانیاوە دیاردەی دزی و تالانکردنی دامودەزگا حکوومییەکان و بنکە و بارەگاکانی حیزبی بەعس و سەربازگە چۆڵکراوەکان دەستی پێکرد. کاتێکیش شاری بەغداد ئازادکرا، ئەو دیاردەیە زۆر لە شارەکانی دیکە زیاتر پەرەیسەند و، جیا لە بنکەو بارەگاکانی ڕژێم وماڵی سەرانی بەعس، خەڵک کەوتنە تالانکردنی وەزارەتەکان و تەنانەت مۆزەخانەی گەورەی بەغداد کە یەکێک لە مۆزەخانە دەوڵەمەند و بەنرخەکانی جیهان بوو، هەمووی تالانکرا. هەروەها کتێبخانەی نیشتمانیی عێراق کە یەکێک لە کتێبخانە بەناوبانگەکانی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بوو، بەشی زۆری سووتاو تالانکرا.

دیاردەی دزی و تالان لە هەرکوێی عێراق ڕویدابێت، شتێکی سەر سووڕهێنەر نییە! بگرە ئەو دیاردەیە یەکێکە لە (داهێنانەکانی) حیزبی بەعس لە عێراقدا! چونکە ئەو ڕژێمە بە درێژایی ساڵانی حوکمی خۆی بێ پەروا خەریکی دزی و ڕاووڕوت و تالان بوو.

لەکاتی جەنگی عێراق ـ ئێراندا سەرباز و ئەفسەرەکانی سوپای عێراق زیاتر لە هەرشتێک فێری دزی و تالان بوون. تەنانەت خودی سەددام حوسێن و سەرانی دیکەی ڕژێمیش ڕاستەوخۆ بەشدار بوون لەو دزی و تالانییانەدا. لەکاتی ئەنفال کردنی شار و شارۆچکە و دێهاتەکانی کوردستانیشدا هەرچی مەڕو ماڵات و ئۆتۆمبیل و کەلوپەلی نێو ماڵی کوردەکان هەبوو، هەموویان دزی و بە تالانیان برد! پاشتریش کاتێک سوپای عێراق کوەیتی گرت، دزی و تالان لەو وڵاتەدا گەیشتە ڕادەیەک کە هەرچی ڕۆژنام ەو گۆڤار و کەناڵەکانی تەلەفیزیۆنی جیهان و تەنانەت بەشێکی زۆر لە کەناڵە عەرەبییەکانیش بە سەرسامییەوە باسی ڕادەی وەحشیگەری و ڕاووڕوتی سوپای عێراقیان دەکرد!

دیارە لە وڵاتێکدا کە خەڵکەکەی ساڵەها برسی و بێبەش بووبێت لە پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان و لەهەمان کاتدا خەڵکی دیکە لەسەر ڕەنجی ئەوان لە ئەوپەڕی خۆشی و لەنێو کۆشک و تەلاری ڕازاوە و پڕ لە کەلوپەلی گران بەهادا بژین.. کاتێک ئەو خەڵکە دەرفەتیان بۆ هەڵبکەوێت، هەڵدەکوتنە سەر ئەو ماڵ و بنکانەو تالانیان دەکەن.

جیا لەمانەش، خەڵکی عێراق ساڵەهایە لە سایەی ڕژێمێکی دیکتاتۆر و فاشیدا دەژین و دووربوون لە ژیانی مەدەنی و حوکمی دێمۆکراتییانە. ئاشکراشە کە لە سایەی حکوومەتێکی دێموکراتی و مەدەنیدا خەڵک فێری ئەوە دەبن کە هەرکەسە لە جێی خۆیەوە هەست بە لێپرسراوێتی بکات و ئازادی و مافی هیچ کەسێکی دیکە پێشێل نەکات و خۆی بە بەشێک لە حکوومەتەکەی و حکوومەتەکەی بە بەشێک لە خۆی بزانێت.

ستۆکهۆڵم: ١٥/٤/٢٠٠٣

E-mail: jwtiar 67@ hotmail.com

دەورانێکی نوێ!

# عێراق: کۆدی دەستپێکردن!

هاشم کۆچانی

- **پێویستە نیکەکانی تورکیا کە بە لێوی ئەمریکا دەکێشرێن، بناسرێنەوە!!**
- **کۆماری فیدراڵی کوردستان پراکتیزەکردنێکی نیوەچڵی مافی بریاردانی چارەنووسە.**
- **بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی هێشتا ناتوانن، یان ناخوازن، دەستبەرداری ئەو عەقڵیەتە بن کە ئەنفال و شەڕی جینۆسایدی بەرهەمهێنا.**
- **هەر نکۆڵیکردنێک لە کوردستانیبوونی کەرکووک، شەرعییەتدانە بە ڕاگوێزان و تەعریب و ئەنفال و شەڕی جینۆساید.**
- **داخوا ئەمریکا تا کەی بە تیڕوانینی شەڕی سارد دەڕوانێتە کێشەی کوردستان و، تا کەی بە عەقڵی تورک، کورد دەخوێنێتەوە؟**
- **کورد جارێکی تر بە مەرجەکانی هەشتا ساڵی ڕابردوو نابێتەوە بە عێراقیی!!**
- **نابێت بە هیچ بەڵێن و گفتێکی سەرزارەکی یان پشت پەردەی ئەمریکاییەکان، بڕوا بکرێت!**

لە ڕۆژانی ١٤ تا ١٦ ی دێسەمبەری ٢٠٠٢ دا کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق لە شاری لەندەن پێکهات.

ئەو بابەت و تێزە سیاسییانەی لە دیکۆمێنتەکانی ئەم کۆنگرەیەدا هاتوون، تایبەتمەندی و عاجباتییەکی ئەوتۆیان ڕانەگەیاند، کە لە کۆنگرە و چالاکییەکانی ڕابردووی بەرهەڵستکارانی عێراقدا نەگوترابن.

کۆنگرەکە خۆپیشاندانێکی گەورەی سیاسی ـ ئیعلامیی بوو، ساتەوەختی سازدانەکەشی کە لە بەرەبەری لێدان، یان گۆڕان لە عێراقدا بوو، گرینگییەکی تایبەتمەندی پێبەخشی.

دیکۆمێنتەکانیشی لە شێوەی ژەمە خواردنە خێراکانی "ماکدۆناڵد" ی ئەمریکایی ئامادەکرابوون.

## ڕژێمێکی ئینسانخۆر!!

ئەمریکاییەکان نەخشەی گۆڕینی ڕژێمی عێراقیان خستۆتە پیادەکردن و بە ئاشکراش ڕایانگەیاندووە کە ئەم ڕژێمە دەگۆڕن، جا بە شەڕ بێت یان بە فشاری جۆربەجۆر. لەم ڕووەشەوە پێویستیان بەم کۆنگرەیە بوو، تا بیکەنە سەیوانێکی عێراقی و، لەهەمبەر ڕای گشتی وڵاتەکەیان و جیهاندا ئاماژەی پێ بدەن. بەرهەڵستکارانی عێراقیش دەزانن ئەمڕۆ عێراق لە کێشەیەکی جیهانیدایەو، بەبێ هاریکاری و دەستتێوەردانی جیهانی، هۆکاری ناوخۆیی بە تەنیا گۆڕانکاری پێناکرێت. سەبارەت بەوەش کە بۆچی ئەمریکا ئەم ڕۆڵە گەورەیەی لە کێشەی عێراقدا هەیە، ئەمە دیاردەیەک نییە ئۆپۆزیسیۆنی عێراق دایهێنابێت. بەڵکوو دیاردەیەکی جیهانی یە و، لە ناوچەکانی تریشدا، ئەمریکا و ڕۆژئاوا ئەم ڕۆڵەیان هەیە.

ئەو دەنگ و هێزە عێراقی و هەرێمایەتی و جیهانییانەش کە دژی ئەوەن سیاسەت و چارەنووسی جیهان، لە لایەن ئەمریکا و زلهێزانی ترەوە کۆنترۆڵ بکرێن، ئەم هەڵوێستەیان نابێ بیانخاتە خانەیەکەوە کە خزمەت بە ڕژێمێکی ئینسانخۆربکات. بەلای کەمەوە دەبێ وای لێکبدەنەوە کە ستەمکارێکی جیهانیی دێت و ستەمکارێکی ئینسانخۆری هەرێمایەتی لەناودەبات.

هەموو ئەو کێشانەی کە لەناو کۆنگرەکەدا ناکۆکییان لەسەر سازبووە، لە ١٤یەمین نهۆمی ئوتێلەکە و دروست لە ژوورەکەی «زەڵمای خەلیل زاد» و بە ڕاوێژ لەگەڵ هێزە دەستڕۆیشتووەکانی کۆنگرە یەکالاکراونەتەوە و بڕیاریان لەمەڕ وەرگیراون.

هێزەکانی کوردستان و ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە سازدان و بەڕێوەبردنی کۆنگرەکەدا ڕۆڵی بەرچاویان نواند، ئەمەش کارێکی ئاسایی یە، چونکە شیعە وەک مەزهەب و کورد وەک نەتەوە لەلایەکەوە زۆربەی هەرەزۆری دانیشتووانی دەوڵەتی عێراق پێکدێنن،

لەلایەکی ترەوە ئەم دەوڵەتە لە هەشتا ساڵی ڕابردوودا دەرهەق بە زۆرینەی شیعە، تایفەگەر و، دەرهەق بە کورد کە زۆرینەیەکی تری کۆمەڵگەی عێراقە ڕەگەزپەرست بووە.

لە کۆنگرەکەدا، هێزە سیاسییەکانی کوردستان بە قورسایی ڕاستەقینەی خۆیان دەرکەوتن. هەروا ئەمان تاقە وەفدێک بوون کە لە وڵاتی خۆیانەوە بەرەو کۆنگرەکە چوون و نوێنەرایەتی ناوچەیەکی ڕزگارکراوی نزیکەی ٥٠ هەزار کیلۆمیتری چوار گۆشە و ٤ میلیۆن دانیشتووان دەکەن و خاوەنی دامودەزگای حوکمڕانی و، دەستووری پێشنیارکراوو پرۆژەی ڕاگەیەندراوی فیدرالیزم و، خاوەنی ئەزموونێکی دە ساڵەی خۆبەڕێوەبردن و فۆرمێکی دەسەڵاتی کوردستانین، کە سەرباری لایەنە نێگێتیڤە زەبەندەکانی، تاقیکردنەوەیەکی بە جیاهەڵکەوتووە. هەروا بە بەراورد لەگەڵ عێراق و وڵاتانی تری ناوچەکە، لە باشووری کوردستاندا چەشنێک لە ئازادی سیاسی هەیەو، بە ئەندازەیەکی بەرچاویش هەوڵی پاراستنی مافی مرۆڤ دەدرێت.

کورد ئەو فاکتەرە گرینگ و بەجیاهەڵکەوتوویە کە هەم بۆ یەکگرتنەوە و هەم بۆ هەڵوەشاندنەوەی عێراق دەکارێت ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەبێت.

ئەمەش ئەو سەنگە پڕ بایەخەی کێشەی باشووری کوردستانە، کە هێشتا لەفکر و عەقڵی سیاسی کورددا، ڕەهەند و ڕەنگدانەوە ستراتیژییەکانی نەخوێندراونەتەوە.

### ڕیشسپێتییەک.. ئاخری خێر بێت!!

لە کۆنگرەکەدا، نوێنەرانی کورد، بە تایبەتی سەرۆک و سکرتێری گشتی دوو حزبە حوکمڕانەکە ڕیشسپێتییەکی سەرنجڕاکێشیان نواند.

ئایا ئەم ڕیشسپێتییە بە قازانج یان زیان دەشکێتەوە؟ ئایا سەرکردەکانی کورد و دەزگا دەستڕۆیشتووەکانی، لە بۆچوونێکی سیاسی ستراتیژییەوە ئەم ڕۆڵە دەبینن؟ یان ئەتمۆسفەرێکی موراڵیی و دڵسافیی خستوونیەتە سەر ئەم ڕێگایە؟ یان پێشنیارێکی ئەمریکایە و کورد بێ بەرانبەر و بە خۆڕایی ئەم ڕۆڵە دەلیزێت؟

گەر لە مێژوودا بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە بگەڕێین، ئەوا دەتوانین بڵێین ئەم ڕۆڵنواندنە زیاتر هەڵوێستێکی موراڵی یە. ڕەنگیشە هەندێ پەیمان و گفتی پشت پەردە درابێت. ئەوەی لێرەدا گرینگە نابێت بە هیچ بەڵێن و گفتێکی سەرزارەکی یان پشت پەردەی ئەمریکاییەکان بڕوا بکرێت. چونکە هەر بڕیارێکی ئەمریکا ئەگەر بە ئاشکرا نەبێت، ئەوا لە ئایندەدا دەبێتە غەدر و فریودانێکی تر. کورد دەبێت قورسایی خۆی بۆ ئایندەی کێشە سیاسییەکەی بەکاربێنێت، ئەمجار بۆ دۆستایەتی گەلی عەرەبی عێراق و ئایندەی ئارەزوومەندانەی هاوبەشی هەردوو گەل لە دەوڵەتی نوێی عێراقدا کە پێویستە هەڵگری ناسنامەیەکی عەرەبی کوردی بێت.

ئێستا کە گەلی کورد لەم قۆناغەدا خوازیاری پێکهێنانی دەوڵەتێکی فیدراڵی یەو، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەکردۆتە ئامانجی هەنووکەیی، پێویستە لە باسکردنی مانەوە لە عێراقدا، جەخت لەوە بکرێت، کە کورد جارێکی تر بە مەرجەکانی هەشتا ساڵی ڕابردوو نابێتەوە بە عێراقی و کوردستانیش ناگەڕێتەوە دۆخی داگیرکراویی. دەبێ کورد وەک گەل و کوردستان وەک وڵاتی ئەم گەلە بۆ مانەوە لە عێراقدا مەرجی خۆیان هەبێ و، ئەم مەرجانەش پشت بە مافی بڕیاردانی چارەنووس ببەستێ و، لە ئەزموونی هەشتا ساڵەی بندەستی دەوڵەتی عێراقەوە سەرچاوە هەڵگرێت.

ئەم تێزە سیاسییانەش پێویستە بەشێکی ڕاشکاوی خیتابی سیاسی کورد بن و، بە بێ پێچ و پەنا بە ئەمریکاییەکان بگەیەندرێت. چونکە ئەمریکا تا ئێستا هیچ سیاسەتێکی کوردیی نییەو، کێشەی کوردستانیش لای ئەو نەبۆتە دۆسییە.

هەر کاتێکیش بەرژەوەندییەکانی بخوازن بێ هیچ پرینگانەوەیەک کێشەی کوردستان لەناو دۆسییەی عێراقیدا فەرامۆش دەکات.

ئێستا گەلی کورد ململانێی لەگەڵ بەرژەوەندییە ڕاستەوخۆیەکانی ئەمریکادا نییە. بەڵام بۆچوون و خوێندنەوەکانی دەوڵەتی تورکیا و گەلی کوردستان سەبارەت بە گۆڕانکارییەکان و ئاینده، لە نووکەوە تا سەر، لە دوو بەرژەوەندی جیاوازەوە سەرچاوە هەڵدەگرن. ئەمەش ترسناکترین نوختەوەرچەرخانی نیگەتیڤە لە ڕووداوەکانی ئایندەی ناوچەکەدا. سیاسەتی ئەمریکاش وادارێژراوە کە لە نێوان کوردستان و تورکیادا، کوردستان فەرامۆش بکات و کورد بکاتە قوربانیی.

هەر دەوڵەت و گەل و بزاڤێک لە بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە دەڕوانێتە ڕووداو و گۆڕانکارییەکان، جا داخوا بزاڤی کورد و دەزگا سیاسییەکانی لەم بوارەدا کار دەکەن؟

### دەورانێکی نوێ

هەر کاتێک هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق دەستپێبکات، یان لە ژێر باڵەپەستۆ و فشاری سیاسیدا و، بە بێ شەڕ ڕژێمەکەی بڕووخێ، کۆنگرەکەی لەندەن و هەموو بەڵگەنامەکانی کۆتاییان پێدێت و، ئیتر ئەو بەڵگەنامانە دەخوێنرێنەوە کە هێزی لەشکرو پۆستاڵی سەرباز، بەسەر زەوی کوردستان و عێراقەوە دەیاننووسن و، پارسەنگێکی تری هێزەکان پەیدا دەبێ و ئەو بەرژەوەندییانەش ڕۆڵی گەورە یاری دەکەن، کە لە کۆنگرەکەدا باس نەکراون.

لەگەڵ ئەوەشدا دیکۆمێنتەکانی کۆنگرەکە لە دوو گۆشەوە شایانی خوێندنەوەی جیدی و ڕەخنەگرانەن:

**یەکەم:** سەرنجدانی هەڵوێستی ئێستای ئۆپۆزیسیۆنی عێراق لە کێشەی کوردستان، وەک سەرەتایەک بۆ خوێندنەوەی هەڵوێستی ئایندەی ئەم ئۆپۆزیسیۆنە، کاتێک کە دەبێتە دەسەڵات.

**دووەم:** هێزە سیاسییەکانی کوردستان، کە لە ٢٥٪ی پێکهاتەی کۆنگرەکە بوون، لەجیاتی جەختکردنەوەی پرۆژەکانی خۆیان، چەند

دیكۆمێنتێكیان لەو كۆنگرەیەدا ئیمزا كردووە، كە لە بایەخی سیاسی پرۆژە ڕاگەیەندراوەكانی خۆیان سەبارەت بە فیدرالیزم و ئایندەی عێراق و كوردستان، كەم دەكاتەوە.

ئەو هێز و سەربازانەی كە دێنە كوردستان و عێراق ئەگەر تەنیا هی ئەمریكاییەكان و بریتانییەكان بن، گەلی كوردستان و عێراق زیانی گەورەیان بەرناكەوێت. بەڵام ئەگەر ڕێگەی توركیا بدرێت بێتە باشووری، ئەوا گەلی كورد نەک هەر زیانی گەورەی بەردەكەوێت، ڕەنگە تەواوی دەستكەوتەكانیشی بچنە گیرفانی توركیاوە و، بەشێكی گرینگی باشووری كوردستانیش لە دەست بدرێت. هەروا هاتنی توركیا واتا ورووژاندنی فۆرمە سستەكانی شەڕی ناوخۆیی و، هێنانی فۆرمێكی دەستكردیش بەناوی "جەبهەی توركمانی" یەوە بۆ هەڵگیرساندنی مۆدێلێكی تایبەتی و سنوور دیاریكراوی شەڕی ناوخۆیی، كاتەكەیشی لە لایەن توركیاوە قورمیش دەكرێت و، لە كوردستانیشدا چەكداری كوردی بۆ بەكرێ دەگیرێت.

ئایا ئەگەر ئەمریكا ئۆپۆزیسیۆنی عێراق پشتگوێ بخات و، كاریگەرترین فاكتەری ئەم "ئۆپۆزیسیۆنە" كە بزاڤی ڕزگاریخوازی كوردستانە كەنار بخات و، فۆرمێكی نوێی ڕەگەزپەرستێتی توركیا بەسەر باشووردا بسەپێنێت، كورد هیچی پێدەكرێت؟

هاتنی ئەمریكا و بریتانیا بۆ گۆڕین یان ڕووخاندنی ڕژێمی عێراق، بەشێك لە سیاسەتی جیهانیی ڕۆژئاوایە، بە ئامانجی فراوانتركردنی بازارە گڵۆبالیزەكراوەكەیانەوە و، ئەم كارەش لە سنووری عێراقدا ڕاناگیرێت. دیارە مەرجە نوێیەكانی جیهانی ئەمڕۆش، بەر لەهەر شتێک پێویستییان بە سەقامگیریی سیاسی هەیە. ئەم كارەش وا دەخوازێت كە میكانیزمی حوكمڕانی لە ناوچەكەدا بگۆڕدرێت و فۆرمێكی گونجاوی مافی مرۆڤ و ئازادییە سیاسییەكان پەیرەو بكرێت و ئەو نایەكسانییە وەحشەتناكەی لەنێوان ژن و پیاودا هەیە خاوبكرێتەوە و سیستەمی خوێندنیش لەم وڵاتانە كە توندڕەویی بڵاودەكاتەوە و تاریكپەرستی بەسەردا زاڵە، بگۆڕدرێن. ئەم ڕێبازەش، ئەمریكاییەكان و بەریتانییەكان لە چەندان شوێن و ڕێدا ئاماژەیان پێداوە.[1]

ئەم گۆڕانكارییانە لەلایەكەوە بە قازانجی بەرژەوەندییە چاوچنۆكێكانی ڕۆژئاوان، بۆ دەستگرتن بەسەر ناوچەكەدا، لەلایەكی ترەوە بەسوودی پرۆسەی سیاسیی و كۆمەڵایەتی و بووژاندنەوەی ئابووری و پاراستنی مافی مرۆڤن لە ناوچەكەدا و، دەكرێ وەک سەرەتایەكی نوێی دەورانێكی تر بخوێندرێنەوە.

ئەمەش یەكێكە لە ناكۆكییەكانی سەردەمی نوێی جیهان، كە هەندێک جار لە كات و شوێنی دیاریكراودا بەرژەوەندی دەوڵەتانی زۆردار و زلهێز لەگەڵ بەرژەوەندی گەلاندا، بۆ ماوەیەكیش بێت یەكدەگرنەوە. ئەو زلهێزانەی كە ڕۆژگارێک خۆیان ئەم فۆرمە دیكتاتۆرە حوشتر عەقڵ و چرنووک خوێناوییانەیان بەرهەمهێنا و، دنەی عەقڵكوێری و شەڕەنگێزیی ئەوانیان دەدا، ئەمڕۆ مانەوەیان بۆ ئەوانیش هەزم ناكرێت.

بزاڤی ڕزگاریخوازیی كوردستان، دەبێ بەوپەڕی چالاكییەوە هەوڵی بەشداریكردن لەو گۆڕانكارییانەدا بدات كە ئایندەی كوردستان و عێراق دیاریدەكەن و، لە هەمان كاتدا بە گومان و هۆشیارییەوە، ڕووداوەكان بخوێنێتەوە، چونكە سەرلەبەری ڕۆژانی ئایندە لە ناوچەكەدا پڕ لە ڕووداوی زانراو و نەزانراو دەبن، كە لەلایەک كوردستان ڕووبەڕووی سامناكترین هەلومەرج دەكەنەوە و، مەترسی لەسەر ئێستا و ئایندەی نەتەوەی كورد پێكدێنن، لە لایەكی ترەوە ئەگەر بزاڤی كورد خوێندنەوەیەكی دروستی بۆ ڕووداوەكان هەبێ و بە یەكگرتوویی بكەوێتە كاركردن، دەكرێ دەستكەوتی گەورە بۆ ئێستای كوردستان و بنەمای مەزن بۆ ئایندە دەستەبەر بكرێت. هەر بۆیە پێویستە بەردەوام جەخت لە سەر بەرژەوەندییەكانی گەلی كوردستان و عێراقی ئایندەی كورد و عەرەب بكرێت و، لە خۆڕا و لە نیەتپاكییەوە متمانە بە ئەمریكا نەكرێ. بەئاشكراش داوا بكرێت كە توركیا نەیەتە خاكی كوردستان و عێراق.

## عێراق.. كۆدی دەستپێكردن!

لە سەردەمی بە جیهانیبوون و باڵادەستی ئەمریكا و ڕۆژئاوادا، ڕەنگە چیتر بەرژەوەندی و سیاسەتی ئەو زلهێزانە، پێویستیان بە پشتگرتنی دەوڵەتی هەرێمایەتی ئینسانخۆری وەک عێراق و بەرهەمهێنانی "ئوسامە بین لادن و سەدام حوسێن" ەكان نەمابێت. هەر بۆیە پێدەچێت چیتر خۆیان هانی بڵاوبوونەوەی توندڕەویی نەدەن و واز لە دروستكردنی فۆرمە كۆنەكانی حوكمڕانی لە ناوچەكەدا بهێنن، ئەمەش خاڵێكە تەواوی فۆرمە سوننەتییەكانی دەسەڵاتدارێتی لە ناوچەكەدا خستۆتە مەترسییەوە و زەندەقی بردوون.

دەوڵەتانی هاوپێچمی عێراق لە ناوچەكەدا، دەزانن ئەم شاڵاوەی كە بەڕێوەیە ئەگەر بگاتە عێراق، تەواوی ناوچەكە دەگرێتەوەو عێراق تەنیا "كۆدی دەستپێكردن" ە و، ستروكتۆر و فۆرمەكانی دەسەڵات لەو دەڤەرەدا لە دۆخی "كركەوتن" ەوە بە قۆناغی " گۆڕین" دا دەبات. زۆربەی هەرە زۆری دەوڵەتانی ناوچەكە لە دەورانی دروستبوونیاندا، لە بەر ڕۆشنایی بەرژەوەندییەكانی ڕۆژئاوا داتاشراون. فۆرمی باوی دەسەڵاتیش لەو دەوڵەتانەدا بۆ پاراستنی ئەو بەرژەوەندییانە دانراون، ئێستاش دەورانێكی تری جیهانی دەستی پێكردووە، كەوا دەخوازێت ئەم ستروكتۆر و فۆرمانەی دەسەڵات دەستكاریی بكرێن. چەندان ساڵە گەلانی ئەم وڵاتانەو بزاڤە سیاسییەكانیان، لە كاردان بۆ گۆڕینی فۆرمی دەسەڵات و، بەدیهێنانی لانی كەمی دەستكەوتە سیاسی و كۆمەڵایەتییەكانیان، بەڵام ئەم پرۆژانە تێكشكان، چونكە ئەو كاتانە بەرژەوەندییەكانی ڕۆژئاوا وایدەخواست كە بەرانبەر بە سیاسەتی وەحشەتناكانەی ئەو دیكتاتۆرانە بێدەنگ بێت و، پشتیوانییش لە تیرۆر و تاوانەكانیان بكات. بەشێكی تری ئەو هەرسەش پێوەست بەو قەیرانە فكری و سیاسی و ئەخلاقییەیە كە

ناوچەکەی تێدا نوقم بووە. ئەم بارودۆخەش کە ئێستا ناوچەکەی پێدا تێدەپەڕێت، باجدانی ئەو سیستەمی بیرکردنەوەو ئەو میکانیزمە عەقڵیەیە، کە لە تەواوی ناوچەکەدا حوکمڕانەو، ڕژێمی عێراق نموونەی هەرە زەقێتی. ئەو عەقڵیەتەی کە پێی وایە: کۆمەڵگە سەربازگەو، مرۆڤ گیانلەبەرێکی ئایدیۆلۆژیی و نیشتمانیش بەهەشتێکی خوڕافی یە.

## ئەمریکا بە عەقڵی تورک، کورد دەخوێنێتەوە!!

لە کوردستان و عێراقدا، کورد کاریگەرترین فاکتەرە و، ئەوەی بەو دەکرێ بە هیچ هاوپەیمان و دۆستێکی ئەمریکا ناکرێت. لە هەمان کاتدا سەقامگیری و ئازادی و قەوارەی سیاسی کوردستان لەهەرچ چوارچێوەیەکدا بێت: "دەوڵەتی سەربەخۆ، یان کۆماری فیدراڵ لە عێراقێکی ئیتحادیدا"، دژ بە بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا نابێت، بەڵکوو دەبێتە هۆکارێک بۆ ئارامی و ئاسایش لە ناوچەکەدا.

بەرانبەر بەو خزمەتانەی بە ئەمریکا پێشکەش بکرێت، ئەمریکا چی بۆ کورد پێیە؟ ئایا خزمەتکردنێکی خۆڕایی دەبێت وەک ئەو کارانەی کورد بە درێژایی مێژوو کردوونی و، ئاکامەکانی پاشقولگرتن و فێڵی تربووە، یان ...؟

ئەگەر لە شەڕی دژە تێرۆر و لە گۆڕانکارییەکانی عێراقدا کورد هاوپەشی ئەمریکا بێت،[٢] پێویستە هەردوو لا مەرجی گەلاڵەکراویان بۆ ئەم شەریکایەتییە هەبێت، نەک مەرجەکانی تورکیا، پاش بە ئەمریکاییکردنیان بسەپێنرێن. وەک ئەوەی ئێستا تورکەکان و ئەمریکاییەکان ڕۆژانە ڕایدەگەیەنن کە: **کورد بۆی نییە بچێتە ناو شاری کەرکووک و موسڵ.**

ئایا گوتنی ئەم قسەیەو بەم دارشتنە پڕ لە تەوهین و تۆقاندنە، زمانی کۆلۆنیالیزمێکی پڕلە ئەزموونی ڕۆژئاوایی یە، یان قسەی کۆلۆنیالیزمێکی پاشکۆ و دواکەوتووی ڕۆژهەلاتی یە؟ پێویستە ئەم فیکەیەی تورکیا کە بە لێوی ئەمریکا دەکێشرێت، بناسرێتەوە. تەنانەت ئەگەر ئەو قسانەش ڕاست بن کە گوایە ڕێگەی تورکیاش نادرێت بچێتە کەرکووک و موسڵ، ئەمەش هەر سیناریۆیە و لە پشت پەردەوە ڕێکخراوە و نابێ ئەوە لە بیر بکرێت کە داڕێژەری بیرۆکەی "کورد نەچێتە کەرکووک و مووسڵ" و ئەو چیرۆکانەش کە لەم ڕووەوە شانۆڕێژکراون، بەرهەمی موخابەراتیی دەوڵەتی تورکیایە!

گلۆبالیزەکردنی باشووری کوردستان و عێراق و بوونیان بە بەشێک لەو بازارە، گەلێک گرینگە، چونکە هەرچ لایەنێک بەرژەوەندی لە کوردستان و عێراقدا هەبێت، ناکرێت هۆکاری کوردی فەرامۆش بکات. ئەمریکاش پێویستە چیتر بە عەقڵیەتی شەڕی سارد نەڕوانێتە کێشەی کوردستان و "بەعەقڵی تورک" کێشەی کورد نەخوێنێتەوە.

ئەگینا "کورد نابێ بچێتە کەرکووک" کە ستراتیژیترین و گرینگترین شاری کوردستانە، یانی چی؟

کام کورد؟

**یەکەم:** خۆ تا ئێستاش ڕێژەیەکی بەرچاوی کورد لە شاری کەرکووکدا هەن. ئەی ئەوانە چبکەن، ئەوانیش دەردەکرێن؟

**دووەم:** ئەو دەیان هەزار خێزانەی کە دەوڵەتی عێراق لە کەرکووک وەدەریناون و ئێستا لە بەشە ئازادکراوەکاندا دەژین؟

**سێیەم:** ئەو هەزاران پێشمەرگە کەرکووکییانەی کە چەندان ساڵە چەکیان بۆ ڕزگاریی وڵات و شارەکەیان لە شاندایە. باشە ئەو کوردانە کێن کە نابێ بچنە کەرکووکەوە؟ ئەم بڕیارەی ئەمریکا بڕیاری دەوڵەتی تورکیایەو، نەخشەیەکە دەیەوێت تەعریب کردنی شاری کەرکووک بکاتە ئەمری واقیع و لە سەرەتادا گەر بۆی کرا "فێس" یان " شەپقە" یەکی سیاسی بەسەر کەرکووکدا داسەپێنێت، ئەگەر ئەمەش نەکرا، گرینگ ئەوەیە کوردە دەرکراوەکان نەگەڕێنەوە کەرکووک و، "عەرەبەکانی تەعریب" بمێننەوە و، لە ڕووی ئیداری و سیاسییەوە کەرکووک بە دەست کوردەوە نەبێت.

## کەرکووک: ڕاگوێزان، تەعریب و ئەنفال!!

ڕاگوێزان و تەعریب و ئەنفال پرۆسەیەکی کامڵی جینۆسایدی دەوڵەتی عێراق بوون بۆ کوشتاری بە کۆمەڵ و تەعریبکردنی گەلی کورد و شوشتنەوەی شارو دەڤەرە ستراتیژییەکانی باشوور. تەعریب و ئەنفال لە سەرانسەری باشووردا ئەنجامدراون، بەڵام قورسایی و قوڵیی ئەم پرۆسانە لە کەرکووکدا کاریگەرتر وەگەڕخران. پێویستە بە ئەمریکا و لایەنە پێوەستەکان بگوترێ، کە هەر نکۆڵیکردنێک لە کوردستانیبوونی کەرکووک بەلای کوردەوە شەرعیەتدانە بە ڕاگوێزان و تەعریب و ئەنفال و شەڕی جینۆساید. هەروا مانگرتنێکی مەدەنییانەی سەرانسەری ڕێک بخرێ، بۆ ڕەتکردنەوەی هاتنی لەشکری تورکیا و، جیاوازییەکانی نێوان لەشکری ئەمریکا و تورکیاش بە ڕوونی ڕابگەیەندرێت. گرینگ ئەوەیە مافی دەستتێوەردان لە کاروباری کوردستان و عێراق بە تورکیا نەدرێت.

## کوردستان لەعێراقدا لایەنە نەک بەش

گەر سەرنجی مێژوو بدەین، دەبینین لەوەرچەرخانە سامناکەکاندا کورد هەمیشە خۆشباوەڕ بووەو، لە ئەزموونی تاڵی خۆیەوە فێر نەبووە. گەلێک جار بە دەستی خۆی هەلی گونجاوی لە بارچواندووەو، زۆرجاریش خاترجەمانە ڕووداوەکانی خوێندۆتەوە. هەر ئەمەش وای لێکردووە فکر بە یەقین بسپێرێ.

خوێندنەوەی دیکۆمێنتەکانی کۆنگرەی لەندەن، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە بزاڤی ڕزگاریخوازیی باشوور، خوێندنەوەیەکی ڕوونی بۆ ئەو فیدراڵیزمە پێ نییە کە دە ساڵ لەمەوبەر لە پەرلەماندا بڕیاردراوە.

ئەم بزاڤە بەردەوام لە ناکۆکییەکی فکری و سیاسیدا دەژی و بە ڕاشکاوەیی خۆی پێناسە ناکات.

ئایا ئەم بزاڤە، هێزێکی بەرهەڵستکاری عێراقییە؟ یان بزاڤی

سیاسی گەل و وڵاتێکە کە کێشەی نیشتمانی و مافی بڕیاردانی چارەنووسی هەیە؟

ئەگەر ئەوەش لەبەرچاوبگیرێت، کە ئەم بزاڤە ئەمڕۆ فیدراڵیزمی کردۆتە چاری ئەم قۆناعەی دۆزی باشووری کوردستان و بەرنامەی دەوڵەتی سەربەخۆی نەخستۆتە ڕوو. دەبێ بپرسرێ:

داخوا ئەم بزاڤە تەنیا ئۆپۆزیسیۆنی ڕژێمی ئێستای بەغدایە؟ یان ئۆپۆزیسیۆنی ستروکتۆری دەوڵەتی عێراقەو، دەخوازێت ئەم دەوڵەتە لەسەر بنچینەی مافی بڕیاردانی چارەنووسی هەردوو گەل و، پێکهێنانی دەوڵەتێکی ئارەزوومەندانەی ئیتحادیی، بنیات بنرێتەوە.

لەم کۆنگرەیەدا هەرچی فایلی چارەنووسسازی کێشەی کوردستان هەیە، ماوەتەوە بۆ دوای ڕوخاندنی ڕژێم. لەناو گرووپە بەشداربووە عێراقییەکاندا بۆچوونی جیاجیا هەیە. بەڵام بەشێکی زۆریان لە دوو خاڵدا یەکن، لەلایەکەوە جەخت لە فیدراڵیزمی ئیداری دەکەن، کە ئەمەش بۆ لەبارچواندنی ئەو فیدراڵیزمە سیاسی و نیشتمانییەیە کە پەرلەمانی کوردستان بڕیاریداوە. لە لایەکی ترەوە ئەم فیدراڵیزمە ئیدارییەشیان بۆ پاش ڕوخاندنی ڕژێم دواخستووە، تا لەناو گەلی عێراقدا ڕاپرسیی بۆ بکرێت. ئەمەش دەقاودەق لەگەڵ خواستەکانی دەوڵەتی تورکیادا دێتەوە. تورکەکان دژی هەر چارێکی کێشەی کوردن، کوردستان وەک قەوارە و یەکەیەکی سیاسی بناسێت.

گەلی عەرەب لە عێراق مافی خۆیەتی لە هەرێمەکەی خۆیدا لەسەر هەر چەشنە سیستمێکی ئیداری، شارەوانی و ویلایەتی، ڕیفراندۆم سازبکات. هەڵوێستی زۆربەی بەشداربووانی کۆنگرەکەی لەندەن و ئەوانەی دەرەوەی کۆنگرەکەش بە ئیسلامی و نەتەوەپەرستی عەرەب و "لیبراڵیست"ەکانەوە، ئەوە دەردەخەن کە ئەم هێزانە هێشتا ناتوانن یان ناخوازن واز لەو عەقڵیەتە بێنن کە ئەنفال و شەڕی جینۆسایدی بەرهەمهێنا و، دان بەوەدا نانێن کە کورد هەر پرۆژەیەکی هەبێت "دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ، یان فیدراڵیزم"، **یەکەم** کێشەیەکی سیاسی یە، نەک ئیداری؛ **دووەم** پێویستە لە کوردستاندا ڕاپرسیی بۆ بکرێت، نەک لە ناوچە عەرەبنشینەکانی عێراقدا.

ڕاستە فیدراڵیزم دوو لایەنەیەو دەبێ هەردوو لایەنەکە بۆ ئیمزاکردنی پرۆتۆکۆڵی ئەم پێوەندییە ئامادەییان هەبێت و پێکرا مۆری بکەن. ئەوەش ڕاستە کورد فیدراڵیزم بخوازێت یان دەوڵەتی سەربەخۆ، دەبێ لەگەڵ گەلی عەرەبی عێراقدا دانووستاندن بکات و، بە ئاکام بگەن. بەڵام ئێستا قسە لەسەر ئیمزاکردنی پرۆتۆکۆڵەکە نییە، چونکە گەلی عەرەبی عێراق ئەو نوێنەرە شەرعییەی نییە، کاتی ئەم قسەیە هاتبێت. بەڵکوو ئەمڕۆ قسە لەسەر هەڵوێستی ئەو هێزە سیاسییە عێراقییانەیە کە خۆیان وەک ئاڵترناتیڤی حوکمی ئایندە دەخەنەڕوو. داخوا ئەم هێزانە دان بەو فیدراڵیزمە سیاسییەدا دەنێن و پشتیوانی لێ دەکەن. ئەی ئەگەر لە عێراقی ئایندەدا حوکمڕان بن پەسندی دەکەن؟ بۆچی بەشێک لەم هێزانە خۆیان لەم هەڵوێستگرتنە دەدزنەوە و بە بیانووی تاریک، بۆ پاش ڕووخاندنی ڕژێمی عێراق دوای دەخەن؟

چونکە هەر ڕەتکردنەوەیەکی فیدراڵیزمی ڕاگەیەندراوی پەرلەمانی کوردستان، لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنی "عەرەبی" ئێستای عێراقەوە، یان لە لایەن فراکسیۆنی ناوەڕاست و خوارووی پەرلەمانی ئایندەی عێراقەوە، ئەو مافە بە پەرلەمانی کوردستان دەدات، کە واز لە یەکگرتنەوە لەگەڵ عێراقدا بێنێت و پرۆژەی فیدراڵیزم بە پرۆژەی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بگۆڕێت.

لێرەدا قسە لەسەر پێوەندی فیدراڵی و یەکسانی سیاسی و ئابووری و یاسایی نێوان ئەو دوو گەلەیە کە لە عێراق و کوردستان و، لەسەر خاکی مێژوویی خۆیاندا دەژین. سەبارەت بە کەمایەتییەکانیش کە هەم لە کوردستان و هەم لە عێراقدا هەن، لەهەرچ ڕیفراندۆمێک لە عێراق یان لە کوردستاندا بکرێت، ئەوان وەک هاووڵاتی حەقی یاساییان هەیە و دەبێ بەوپەڕی ئازادییەوە هەڵسوکەوتی ئەو حەقە بکەن و، دەنگی خۆیان بدەن و بەشداری لە نەخشی سیاسی وڵاتی کوردستان و عێراقدا بکەن. هەروا لە هەردوو هەرێمەکەشدا بە پێی قەوارەی دانیشتووانیان لە بەڕێوەبەرایەتی ئیداری و سیاسیدا بەشداربن و، مافە ڕۆشنبیرییەکانیشیان بە دەستوور بۆ دابینبکرێت، هەموو ئەو بڕیارو یاسایانەش هەڵوەشێنرێنەوە، کە ڕۆڵی ئەم کەمایەتییانەیان کەنار خستووە.

ئێستا خەڵکان و گرووپێک پەیدا بوون، کە بەشێکیان لە مۆدێلە تازەکانی دوای ڕاپەڕین و پاش ساڵی ٢٠٠٠ ی ئۆپۆزیسیۆنن، ئەمانە پێیان وایە سەدام حوسێن و تاقمەکەی دەرهەق بە کورد "میهرەبان بوون. بە ناوهێنانی ئەنفال و جینۆساید و بە بیستنی ناوی کوردستان، کۆنترۆڵی خۆیان لە دەستدەدەن و، بە "بوێری" یەکی پڕ لە وەقاحەتەوە، دەڵێن باشووری کوردستان وڵاتی کوردان نییەو، ئەوە "شمال العراق"ە و بەقەولی ئەوان کوردان "تکرید" یان کردووە.[3]

ڕیسواکردنی ئەنفال و کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو ڕاگوێزان و، جەختکردنەوە لە گەڕاندنەوەی ئاوارەکان بۆ شوێن و ڕێی خۆیان کە لە بەیاننامە سیاسییەکەی کۆنگرەی لەندەندا هاتوون، کاری باش و تێڕوانینی پۆزەتیڤن. بەڵام ئەمانە هیچیان ماف و چارەی سیاسی نین بۆ کێشەی ڕزگاریخوازیی کوردستان.

ڕاستە لە چەند شوێنێکی بەیاننامەکەدا ئاماژە بە فیدراڵیزم دراوە:

ـ {العراق دوله دیمقراطیه برلمانیه تعددیه فیدرالّیه (لکل العراق).

ـ ... وتبنی المجلس الوطنی الکردستانی العراق مشروعا فیدرالّیا متکاملا فی جلسته بتاریخ ٧ تشرین الثانی ٢٠٠٢ عبر الموتمر عن احترامه لشعب کردستان وارادته الحره فی اختیار الصیغه المناسبه للشراکه مع ابناء الوطن الواحد.

ـ توقف الموتمر عند تجارب النظام الفیدرالّی واعتبره یمثل

صیغه مناسبه لحكم العراق ینبغی الاسناد الیها كاساس لحل المشكله الكردیه...}.

بەڵام لە دارشتنی بەیاننامەی سیاسی کۆنگرەکەدا، ململانێییەکی زۆر دەبینرێ، کە عەقڵیەتێکی خۆبەخاوەن ئیمتیاز زان و فێڵباز هەڵیدەسوڕێنێت و، لە ڕێگەی گەمەکردن بە وشەوە، هەوڵی بەتاڵکردنەوەی ناوەڕۆکی کێشەی سیاسی کوردستانی داوە. لە هەرکوێدا لە باری سیاسییەوە پێویست بووە بنووسرێت "اقر" یان "اعترف" نووسراوە "احترم" یان "يراعی" .. هتد.

لەو شوێنەدا کە پێویستە بنووسرێت" للشراكه مع الاقلیم الاخر" یان "مع الدوله العراقیه" یان "مع الشعب العراقی" ... هتد، نووسراوە: "للشراكه مع ابناء الوطن الواحد".لە زۆربەی بڕگەکانی ئەم گەمە سیاسییەدا "وازی بە وشە" کراوە.

سیاسییەکانی کورد پێیان وایە فیدراڵیزم لە داخوازییەکی کوردییەوە بۆتە داخوازییەکی عێراقی و ئەمەش بە سەرکەوتن بۆ خۆیان ناوزەد دەکەن. بەڵام بایانناامەی کۆنگرەکە دروست پێچەوانەی ئەو سەرکەوتنە پیشاندەدات.

ئەگەر سبەی ٨٠٪ ی دانیشتووانی عێراق دەنگ بۆ ئەو فیدراڵیزمە بدەن کە لە بەیاننامەکەدا هاتووە و لە سەرانسەری عێراقیشدا بخرێتە پیادەکردن بۆ کورد هیچ مانایەکی ڕزگاریخوازی و نیشتمانی ناگرێتە خۆی. چونکە ئەو تایبەتمەندییە سیاسی و جوگرافی و نیشتمانییە نادات بە کوردستان کە یەکەیەکی سیاسی پێک بێنێت و، دەوڵەتێکی نوێ لەسەر بنەمای دوو هەرێمی کوردستان و عەرەبستان لە عێراقدا بنیات بنێت.

ئەمڕۆ بە گشتی سێ بۆچونی جیاواز لەمەڕ پراکتیزەکردنی فیدراڵیزم لە عێراقدا هەیە:

**یەکەم**: فیدراڵیزمی ئیداری، ئەم ڕایە لە ژێر ناوی جۆربەجۆردا خۆی دەخاتە ڕوو، بەڵام لە بنەڕەتدا هەڵگرانی ئەم بیرۆکەیە هەر گرووپێک بن، ناخوازن دەستکاریی ستروکتۆری دەوڵەتی عێراق بکرێت و ئامادەش نین دان بە ناوەڕۆکی سیاسی کێشەی کوردستان بنێن.

**دووەم**: گۆڕینی عێراق بۆ دەوڵەتێکی ئیتحادی کە لە دوو دەسەڵاتی فیدراڵی لە هەرێمی کوردستان و هەرێمی خوارووی ناوەڕاستی عێراقدا پێک بێت. ئەم فیدراڵیزمە چاوی لەوەیە یەکسانیی دەستووری و یاسایی و ئابووری و سیاسی لە نێوان هەردوو هەرێمەکەدا بێتە دی، کە بکارێت کۆتایی بە ئەزموونی زۆردارانەی هەشتا ساڵی ڕابردوو بێنێت.

**سێیەم**: کردنی عێراق بە سێ هەرێمی فیدراڵی. " هەرێمی عەرەبیی شیعەنشین، هەرێمی عەرەبیی سوننی نشین و، هەرێمی کوردستان".

گەلی کوردستان پێویستە پێ لەسەر فیدراڵیزمی سیاسی داگرێت، کە پراکتیزەکردنێکی نیوەچڵی مافی بڕیاردانی چارەنووسە لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا. بەڵام ئەوەی کە عێراقی عەرەبی وەک یەک هەرێم بمێنێتەوە یان ببێتە دوو هەرێم لە دەوڵەتە ئیتحادییەکەدا، ئەمە کارێکە دەبێت گەلی عێراق خۆی لە هەرێمە عەرەبییەکەدا ڕیفراندۆمی لەسەر بکا و ئازادبێ لەوەی چ فۆڕمێک بڕیار بدات.

ئەو فیدراڵیزمە ئیدارییەی کە داوا دەکرێت، لە باری سیاسییەوە بۆ گەلی کوردستان هێندەی ڕێککەوتننامەکەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ش بە بایەخ نییە کە ٣٢ ساڵ پێش ئێستا لەلایەن شۆڤینیترین لاباڵی فکری قەومیی عەرەبییەوە دانی پێدانراوە. لەو ڕێککەوتننامەیەدا دەوڵەتی عێراق بە ڕەسمیی دان بە جوداهەڵکەوتوویی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردستاندا دەنێت و، وەک یەکەیەکی سیاسی تەماشای دەکات.

"لیبراڵیست"ە عێراقییەکانی هەزارەی سێیەم، پێ لەسەر فیدراڵیزمی ئیداری دادەگرن و، فیدراڵیزمی داواکراو لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بە فیدراڵیزمێکی "ئەبستراکتی قەومی" تەئویل دەکەن و باسی کەمایەتییەکانی کوردستان بە قازانجی فیدراڵی ئیداری، گەورە دەکەنەوە و لەم ڕووەوە زیادەڕۆییەکی بە ئەنقەست پیادەکەن.[٤]

ئەم "لیبراڵیست" انە لە بیری خۆیان بردۆتەوە کە تەنانەت ئەو ئۆتۆنۆمییەی لە ١٩٧٤ - ١٩٧٠ لە نێوان دەوڵەتی عێراق و شۆڕشی ئەیلوولدا گفتوگۆی لەسەر دەکرا و، ئۆتۆنۆمییە کارتۆنییەکەی ساڵانی ١٩٩١-١٩٧٤ یش هەر بە ناوی ئۆتۆنۆمی کوردستانەوە بوون و لە ئەنجومەنە ساختەکانی "تەشریعی و تەنفیزیشدا " کەمایەتییەکانی کوردستان بە " عەرەب و تورکمان و کلدانی و ئاشووری " یەوە نوێنەریان هەبووە. گەلی کوردستان داوای هەر مافێکی کردبێت یان بکات " دەوڵەتی سەربەخۆ، فیدراڵی، ئۆتۆنۆمی" داوای مافێکی سیاسی نیشتمانی بووە و کێشەی خاک و مرۆڤی باسکردووە.

ئەم "لیبراڵیست"انە سەرنجی ئەوە نادەن، کە لەباری مێژوویی و جوگرافی و سیاسیشەوە ئەو کەمایەتییانە لە لایەکەوە بەشێکن لە گەلی کوردستان، لە لایەکی ترەوە فاکتەرو بیانووی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ، یان پێکهێنانی قەوارەی فیدراڵییان" نییە. سەرجەم کەمایەتییەکانی کوردستان بە عەرەبیشەوە ٢٠٪ی دانیشتووانی کوردستان پێک نایەنن. لە کاتێکدا گەلی کورد زیاتر لە ٨٠٪ ی دانیشتووانی کوردستان پێک دێنێت، کەچی چەندان دەوڵەتی عەرەبی هەن، ڕێژەی دانیشتووانی عەرەب تێیاندا، ئەو قورساییە پێک ناهێنن، کە کورد لە کوردستاندا هەیەتی.

ئەو فیدراڵیزمە ئیدارییەی داوا دەکرێت، کوردستان دەکاتەوە بە چوار پارێزگا و، تێکەڵ بە ١٤ پارێزگاکەی عێراقی دەکاتەوە کە شەخسییەتە یاسایی و سیاسیی و نیشتمانییەکەی لێ زەوتدەکرێتەوە.

پێ دەچێت لەناو بزاڤی کوردستانیشدا، خولیایەکی "لیبراڵیزم =

عیراقچی" له بیچمی "لیبرالّیزمه = عەرەبییە عێراقییەکە" هەبێت، کە ڕەنگە دوای نەمانی ڕژێمی ئێستای بەغدا دەرکەوێت و مل بە فیدرالّیزمی ئیداریی بدات.

### کەرکووک و تەعریب

لەتەواوی بەیاننامەکەدا بۆ یەک جاریش وشەی "تعریب" بەکارنەهێنراوە. بێگومان ئەم چاوپۆشینە، یان بە ڕەزامەندیی وەفدی کوردان بووە، یان بەسەریدا سەپێندراوە. ئەگینا هەزاران کیلۆمیتری چوارگۆشەی کوردستان و دەیان هەزار دانیشتووانەکەی تەعریبکراون و دەیان یاسا و بڕیاری دەوڵەتی عێراق بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆژەیە تەرخانکراون کە دوایەمینیان یاسای "تصحیح القومیه" یە. بۆ دەبێ باسی نەکرابێت؟

له برگەی نۆیەمی بەیاننامە سیاسییەکدا بەم چەشنە باسی کەرکووک و شارە تەعریبکراوەکانی تری کوردستان کراوە: "وما جری من تغییر فی الواقع القومی لمناطق کرکوک وخانقین وسنجار والشیخان وزمار ومندلی وغیرها...".

سەرنج بدەن! باشە ئەمانە مناطقن؟ یان چەند شاروشارۆچکەیەکی کوردستانن؟

بۆچی جگە لە کوردستان لە هیچ ناوچەیەکی تری عێراقدا واقیعی نەتەوەیی شێوێندراوە!!

ئەی ئەو "الواقع القومی" یە ناوی چییە کە گۆڕدراوە؟ ئەی دەبێ "الواقع القومی" یە تازەکە چ ناسنامەیەکی هەبێ؟ بۆ ناو نابرێت؟

ئەمجار لە هەمان برگەدا دەڵێت :

" ب – اعاده الوافدین الذین جلبتهم السلطه لاسکانهم فی المناطق المشار الیها اعلاه الی اماکنهم السابقه"

بڕوانە لێرەدا هەم زەرورەتی زمان هەم زەرورەتی دارشتن هەم زەرورەتی سیاسیی وادەخوازێت بنووسرێت [اعاده الوافدین الذین جلبتهم السلطه لاسکانهم فی کردستان]. کەچی بۆ ئەوەی ئەمانیش درێژە بە ئینکارکردنی کوردستانیبوونی ئەو بەشانە بدەن، لە شوێنی کوردستانەکە ئەم ڕستە ناشیرین و پڕ لە گەمەبازییە بەکاردەهێنرێت [المناطق المشار الیها اعلاه].

"الوافدین" ناوی ڕەسمیی ئەو عەرەبانەیە کە ڕژێم بۆ تەعریب و جێنشینبوون بۆ کوردستانی هێناون. لە ڕاستیدا ئەمانە "الوافدین" نین بە مانای وشەیەکی زمانەوانی بێوەی. ئاخر "الوافدین" واتە هاوردەکان. باشە ئەمانە پزیشکن بۆ نەخۆشخانە هێنرابن. ئەندازیارن بۆ پرۆژەی کشتوکاڵی و پیشەسازی هێنرابن. ئەو خێزان و خێڵانەی بۆ کوردستان هێنراون و لە شوێن و ڕێی هاووڵاتیانی کوردا نیشتەجێکراون، ئەوانە "الوافدین" نین، بەڵکوو "عەرەبی تەعریبن"و بە ئامانجێکی ڕەگەزپەرستانەی سیاسی بۆ [نیشتەجێکردن – استیطان] هێنراون.

پرۆژەی تەعریب و تەهجیر تەواوکەری پرۆژە عەسکەرییەکانی شەڕی جینۆساید بوون لە کوردستاندا. ئەم تاوانانە دەبێ بە ناوی خۆیانەوە ناوببرێن.

هەوڵدان بۆ ماکیاجکردن و بە "حیجاب" پۆشینی درێوکارییەکانی دەوڵەتی عێراق، خزمەت بە ئایندەی هاوبەش و یەکسانیی سیاسی نێوان گەلی کورد و عەرەب ناکات. بە پێچەوانەوە هەر بچووکردنەوەیەکی تاوانەکانی دەوڵەتی عێراق لە کوردستان یان لە عێراقدا، دەبێتە زەمینە بۆ گلدانەوە و خۆشاردنەوەی فکری ڕەگەزپەرستی و عەقڵیەتی ئینسانخۆری دەوڵەتی عێراق و، شاردنەوەیان بۆ دەورانێکی تر.

کێشەی باشووری کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا، لەو ڕۆژەوە سەریهەڵداوە، کە بەعێراقەوە لکێندرا و، مافی دەوڵەت دامەزراندنی لێزەوتکرا. ئینگلیز و هاوکارەکانی ستروکتۆری دەوڵەتی عێراقیان بە سەر دوو بنەماوە هەڵچنی: تایفەگەری و ڕەگەزپەرستی.

لەم دوو بنەمایەشەوە فۆرمێکی تایبەتیان بۆ دەسەڵات و حوکمڕانی داهێنا. یەکێک لە کێشە سیاسییە بنچینەییەکانی عێراق ئەوە بووە، کە هەمیشە قسە لەسەر فۆرمی دەسەڵات و حوکمڕانی کراوە، نەک لەمەڕ بنیاتی دەوڵەتەکە و، ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵەیەی لە دروستکردنیدا کراوە. ئەم هەڵەو سەقەتکارییانە بەچەشنێک شاردراونەتەوە کە باسکردنیان لەفکر و سیاسەتدا، قەدەغەکراون. ئێستاش خولیا و مەیلی ئەوتۆ لە ئارادان کە دەیانەوێت، ئەو ناوچانەی فکر و عەقڵ کە لە ٨٠ ساڵی ڕابردوودا "محرم" کرابوون، هەر بە قەدەغەکراوەیی بمێننەوە.

هەر قسەکردنێک بۆ دوارۆژێکی باشتر بۆ هەردوو گەلی عەرەب و کورد و هەموو کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە عێراقی ئایندەدا، وا پێویست دەکات ڕاستییەکان وەک خۆیان باسبکرێن.

عێراق تەنیا دەوڵەتێکی فرەنەتەوەو فرەئایین نییەو بەس، بەڵکوو دەوڵەتێکی فرە نیشتمانیشەو لە دوو هەرێم پێکدێت:

— هەرێمی عەرەبنشینی عێراق بە زۆرینەی عەرەبەوە.

— هەرێمی کوردستان بە زۆرینەی کوردەوە.

لەهەردوو هەرێمەکەشدا ژمارەیەک کەمایەتی دەژین، هەروا لە هەرێمە عەرەبییەکەدا کەمایەتییەکی کورد و لە هەرێمی کوردستانیشدا کەمایەتییەکی عەرەب هەن.

هەردوو هەرێمە عەرەبی و کوردستانییەکە، بیانووی یاسایی و مێژوویی و جوگرافییان هەیە، کە بتوانن بۆ هەڵسوکەوتکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس و جیابوونەوە پشتی پێببەستن. گەلی کوردستان پشت بەم بنەمایانە دەبەستێت کاتێک کە داوا دەکات دەوڵەتی عێراق ببێتە دەوڵەتێکی عەرەبی — کوردیی.

ستروکتۆری دەوڵەتی عێراق هەر لە سەرەتاوە بە زۆرداریی لەسەر بنەمای یەک ڕەگەز و یەکزمان دامەزرا و، دەسەڵاتە سیاسییەکەشی درایە دەست کەمایەتییەکی عەرەبی سوننە مەزهەبەوە.

لە سەرەتای سییەکانی سەدەی پێشووەوە کە کۆتایی بە حوکمی

ماندات له عێراقدا هات و ئەم دەوڵەته له "کۆمەڵەی گەلان" دا بوو به ئەندام، ئیتر هەرێمە عەرەبییەکه ئەرکەکانی قۆناغی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی تەواو کردو کێشەکانی عێراقی عەرەبی مۆرکێکی تریان گرت. بەڵام هەرێمی کوردستان کێشه ڕزگاریخوازییەکەی له فۆڕم و چەشنی تردا بەردەوام بوو.

بەم پێیه کێشەی باشووری کوردستان، بەشێک نییه له کێشەکانی هەرێمه عەرەبییەکەی عێراق، بەڵکوو لەگەڵ ئەودا تەڕەفه. تەنیا ئەو کاته کوردستان له "تەڕەف" ەوه دەبێته "بەش" له عێراق، که هەردوو تەڕەفەکه له باری دەستووری و یاساییەوه عێراقێکی نوێی ئیتحادی دامەزرێنن.

۸۰ ساڵه ئەم کێشەیه بەردەوامه و گەلی کورد و کوردستانەکەی، به گەلی عەرەب و به هەرێمه عەرەبییەکەی عێراق دەڵێن، ئێمه بەش نین له ئێوه، ئێمه وەک ئێوەین و دەمانەوێت له هاوشانی ئێوەدا بین.

۸۰ ساڵه ملمـلانێکانی نێوان دەوڵەتی عێراق و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانیی کوردستان، ئەم ڕاستییه ڕەنگ پێدەدەنەوه. بەڵام تائێستا فکر و سیاسەت و عەقڵیەتی دەزگا سیاسییەکانی عێراق و کوردستان به (بەتایبەتی بەشه عەرەبییه عێراقییەکه) بەڕاشکاوەی نایەنه سەر کرۆکی کێشەکه.

هەر بۆیه پێم وایه هێزه سیاسییه کوردستانییەکان تەنیا ئۆپۆزیسیۆنی ڕژێمی سیاسی نین له عێراقدا و بەشیش نین له ئۆپۆزیسیۆنی عێراق. بەڵکوو بزاڤێکی ڕزگاریخوازیی نیشتمانین و، لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی عێراقدا تەرەفن و دەبێ به بەرنامەو داخوازییه ڕزگاریخوازییەکانیانەوه بچنه هەرچ دیالۆگ و چالاکییەکی عێراقییەوه. هێزه سیاسییەکانی کوردستان و ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیش دەبێ کار بۆ ئەوه بکەن که کوردستان له تەڕەفێکی پەراوێزکراوی ستروکتۆری دەوڵەتی عێراقەوه ببێته تەڕەفێکی چالاک و دانپیانراوی ئەم بنیاته دەوڵەتییه. له باری سیاسی و دەستوورییەوه وەک تەڕەفێکی هاوبەش و یەکسان لەگەڵ تەڕەفه عەرەبییەکەدا دانی پێدا بنرێت و پێناسەی ڕەسمیی ئەم دەوڵەتەش ببێته دەوڵەتێکی (عەرەبی ـ کوردیی).

له ساڵی ۱۹۹۲ەوه گەلی کوردستان له ڕێگەی پەرلەمانەکەیەوه، له جیاتی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ، پێکهێنانی دەوڵەتی ئیتحادیی کردۆته ئامانجی سیاسی خۆی لەگەڵ گەلی عەرەبدا. ئەم داخوازییه، داخوازییەکی سیاسی و نەتەوەیی و نیشتمانی و هەڵسوکەوتێکی نوقسانی مافی بڕیاردانی چارەنووسه له هەلومەرجێکی دیاریکراودا. دوای ۷۰ ساڵی داگیرکردن و ئیغتساب، بۆ یەکەمین جار گەلی کوردستان له ساڵی ۱۹۹۲ دا له ڕێگەی پەرلەمانەکەیەوه، داوای گۆڕینی ئەم پێوەندییه زۆردارییه داسەپاوه دەکات به پێوەندییەکی ئارەزوومەندانەی فیدراڵی، له نێوان هەردوو هەرێمەکەدا.

بەشێکی زۆری ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی وەک بلێی نەزانن کوردستان چۆن به دەوڵەتی عێراقەوه لکێندراوه و، نەشزانن له ماوەی ۸۰ ساڵی ڕابردوودا ئەم دەوڵەته چی بەسەر کوردستاندا هێناوه، ئەم پڕۆژەیەی گەلی کورد ڕەتدەکەنەوه و داوای گەڕانەوه بۆ پێوەندییه کۆنەکه دەکەن. لەژێر کۆمەڵێک دروشم و دەستەواژەی ئاڵۆز و تاریکدا، خۆیان له ناوەڕۆکه سیاسییەکەی دۆزی کوردستان دەدزنەوه و، نایانەوێت توخنی مۆدێله بریتانییەکەی ستروکتۆری دەوڵەتی عێراق بکەون، که هەر سێ کێشه سەرەکییەکەی عێراق لەوێڕا سەریان هەڵداوه:

ـ کێشەی باشووری کوردستان.

ـ کێشەی شیعه.

ـ کێشەی حوکمڕانی و میکانیزمی دەسەڵات.

تەنیا به گرتنەبەری چاری ئەم سێ کێشه سەرەکییه دەکرێ باسی دەروازەیەکی نوێ بۆ عێراق بکرێت. چونکه هەر خۆ دزینەوەیەک له چاری سیاسی و نیشتمانیی پرسی کوردستان و، هەر نکۆڵییەک لەوەی که کوردستان یەکەیەکی سیاسی و مێژوویی و نیشتمانی یه، پێداگرتنه لەسەر مانەوه و پاراستنی ستروکتۆری ستەمکارانەی دەوڵەتی عێراق و، عێراق بەرەو تاریکی دەبات و باشووری کوردستان دەخاته پەراوێزەوه.

چاری سیاسییانەی کێشەی نیشتمانیی کوردستان، نەک هەر گۆڕینی عێراق بۆ دەوڵەتێکی ئیتحادی و دەستووریی و بۆ پەڕینەوه بەرەو کۆمەڵگەی مەدەنی مسۆگەر دەکات و، مافی کەمایەتی تورکمان و کلدانی و ئاشووری و ئەرمەن، هەروا مافی ئایین و ئایینزاکانیش دەپارێزێت به مەسیحیەت و ئیزەدی و مەندائی و جوولەکەوه ، بەڵکوو پردێکه ڕووەو ئایندەیەک که گۆڕان دەخاته ناوچەکەشەوه.

## دەوڵەت دینی بۆ چییه؟

ئەم کۆنگرەیه به دیکۆمێنتەکانیشیەوه، لەگەڵ ئەوەشدا له زۆر ڕووەوه چالاکییەکی پێویست بوو. بەڵام لایەنه نێگەتیڤەکانی زۆر زەق و، ترسناکن. بۆ نموونه له بڕگەی سێیەمی بەیاننامه سیاسییەکەی کۆنگرەدا ئایین بۆ دەوڵەت دیاریکراوه، که ئەمه خۆی له خۆیدا دنیایەکه جیا له دنیای دەستووردانان و دەوڵەتی یاساو دیمۆکراسی و مافی مرۆڤ و یەکسانی ژن و پیاو و، ئازادییه شەخسییەکان و...هتد.

ئەرێ بۆ دەوڵەت ئایین یان دەستوور، کامیان پێویستە؟ ئەی "لیبراڵ" ەکان، بۆچ پێیان وایه دەوڵەت دەبێ دیندار بێت و دینەکەشی ئیسلام بێت، له کاتێکدا زیاتر له ۲ میلیۆن دانیشتووانی ئەم دەوڵەته ئیسلام نین و مەسیحی و ئیزەدی و مەندائی و جوولەکەن. ئەی ئەمه ناهەقییەکی دەستووری و سیاسی و ئایینی نییه دەرهەق بەوان. خۆ دەوڵەتی عێراق دەوڵەتی ئەوانیشه!! کۆمەڵگەی عێراق کۆمەڵگەیەکی فره ئایین و فره ئایینزایه، که زۆرینەکەی ئیسلامه. دەوڵەتیش ئەگەر بڕیار بێت دیندار بێ، ئەوا دەستوورەکەی دەبێته ئایین بۆی.

خاڵێکی تر کە گرینگە ئاماژەی بۆ بکرێت، ئەوەیە ئەم کۆنگرەیە و کۆمیتە (٦٥) کەسییەکەی، بە کۆنگرە و نوێنەرایەتی کۆمەڵگەیەک دەچن، کە ٩٥٪ی نێرینە بێ و قەیرانی ژنی تێدا بێت و نەوەی نوێ و لاوی تێدا نەبێت. ئەم قەیرانە دەربڕی قەیرانێکی گەورەترە کە دەزگا سیاسی و سیاسەتمەدارانی کورد و عەرەب و تەواوی ڕۆژهەڵات، بە باسکردنی قەڵس و نارەحەت دەبن، ئەویش قەیرانی فکر و عەقڵە. هەر کۆمەڵگەیەک تەواوی قورساییە فکری و عەقڵییەکانی ئازاد نەکاو نەخاتە کارکردنەوە، بە تایبەتی وزە و توانای داهێنەرانەی عەقڵی و فکریی ژنان و لاوان، ناتوانێ تێڕوانینێکی قووڵ و چارێکی ڕیشەیی بۆ کێشە جدییەکانی داهێنێت.

**تێبینی نووسەر:** پوختەی ئەم باسە ئێوارەی کۆتایی مانگی دیسمبەری ٢٠٠٢ دا لە ژووری ئێرە دەنگی کوردستانە "Paltalk" پێشکەشکراوە. پاشان وەک بابەتێک بۆ بڵاوکردنەوە ئامادەکراوە.

**ژێدەرەکان:**

١- گوتارەکەی ڕۆژی ٢٠٠٢/١٢/١٢ ی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ، کە بە خیتاب یان پرۆژەی **«کۆڵن پاوڵ»** ناو دەبرێت. هەروا بگەڕێوە بۆ لێدوانەکەی ناوەڕاستی نۆڤەمبەری ٢٠٠٢ ی **«جاک سترۆی»** وەزیری دەرەوەی بریتانیا کە دان بەوەدا دەنێت بەرپرسیارێتی بەشێک لە کێشە کڵپەسەندووەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەوێتە ئەستۆی ئەوان.

٢- بڕوانە نامەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کۆبوونەوەی خولی یەکگرتنەوەی پەرلەمانی کوردستان. ئەم نامەیە ئەگەر چی جەخت لە فەرامۆشکردنی ناوی کوردو کوردستان دەکات، بەڵام باس لە شەریکایەتی نامە نێرو نامەوەرگر دەکات لە شەڕی دژ بە تیرۆردا.

٣- ئاشکراترین نووسەری ئەم خولیا بانشۆڤێنیەتە عەرەبییە عێراقییە، **"سلیم مطر"**ە بڕوانە :"هەردوو کتێبی *السریان وکردستان الکبری*، *الذات الجریحه*، من منشورات دار سرکون للنشر ١٩٩٧.

هەروەها بڕوانە:

– ڕۆژنامەی <u>الزمان</u>، ڕۆژانی ٢٠٠٢/٣/٣، ٢٠٠٢/٤/١٢ و ٢٠٠٢/٧/٥.

– وتاری: دستور *البرزانی وحلم کردستان الکبری*، گۆڤاری <u>حۆیۆدۆ</u>ی سریانی، سوێد، نوکتۆبەری ٢٠٠٢.

– ڕۆژنامەی <u>الموتمر</u>، ژمارە ٣٠٠، ٢٠٠٢/٤/٢٦ (**سلیم مطر**: *"لدی الادله علی انحیازکم للاکراد"* ).

٤- **کنعان مکیه**، *"عراقیه العراق" فی ما یخص مساله الفیدرالیه.*

بۆ نموونە چەند دێڕێک لە بۆچوونەکانی مکیە وەک خۆی بە عەرەبی دەهێنمەوە:

"لایمکن اقامه ای نظام فیدرالی فی العراق علی اساس القبول بوضع الامر الواقع فی کردستان، ان الحدود الحالیه التی رسمت اعتباطا للمنطقه الامنه فی ١٩٩١ والترتیبات القائمه علی توازن القوی الحالی بین الحزب الدیمقراطی الکردستانی و الاتحاد الوطنی الکردستانی والنظام العراقی هی کلها ظواهر موقته وزائله. یجب اعاده التفکیر فیها علی اساس عقلانی واداری بحت، مثلما مع بقیه العراق، بهدف تجنب تکریس الاثنیه کاساس لتقسیم الاراضی.."

"ویعلو هذه التوجهات الشریره التوجهان القومی والطائفی، سواء جاءا من البعث او کما وجدنا لاحقا، فی اشکاله المقابله کما نجدها فی القومیه الکردیه او الترکمانیه او الاشوریه.."

"فالقومیه هی لعنه عالمنا وهی القوه السیاسیه المسووله اکثر من غیرها عن تاخر منطقتنا...."

"... وما یسترعی اهتمامی تصور لفکره العراق باشکاله عملیه مبتکره تحافظ علی الوحده ضمن التعدد، وهو ما اکاد اعتبره الجوهر الثابت للعراق، الذی یجب المحافظه علیه مهما کان الثمن..."

ئەم بابەتەی مەکیە پێویستی بە خویندنەوە و باسێکی ورد و هەمە لایەنە هەیە، بەڵام لێرەدا بە خێرا ئاماژە بەوە دەدەم کە:

**یەکەم:** مەکیە سنووری باشووری کوردستان لەوەش بەکەمتر دەزانێت کە ئێستا بە قەولی خۆی بۆتە "الامر الواقع".

**دووەم:** ئایا ئەم "اداری بحت" ە، مانای ئەوە نییە کە کورد دەست لە کێشە نیشتمانییە ڕزگاریخوازییەکەی هەڵگرێت کە لە بنەڕەتدا کێشەیەکی سیاسییە نەک "اداری" و کێشەی مافی بڕیاردانی چارەنووسە.

**سێیەم:** بەیەکچاو سەیرکردنی "فکری قەومی بەعس" کە فکرێکی نازیستی و ڕەگەزپەرستی یە، لەگەڵ فکری قەومیی کوردی کە لەم قۆناغەدا فکرێکی دیموکراتی و ئازادیخوازیی یەو، فکری نەتەوەپەرستی تورکمان و ئاشووری کە داوایەکی دیموکراتی و یەکسانیخوازییە، کارگەلێکن نەدەبوو بەرهەمی فکری نووسەرێکی وەک کنعان مکیە بن.

داخوا مەکیە بەهەمان چاو سەیری فکری "قەومی" فەلەستینی و فکری "قەومی" ئیسرائیلی دەکات؟

قسەکردن و حوکمدان بە جوملە لەسەر فکری ناسیۆنالیزم، خاوەنەکەی دەخاتە دەرەوەی تێڕوانینی زانستیانەو لە مێژووی دادەبڕێت و ئاکام ئەنجامگیرییەکانی دەکاتە چەند دروشمێکی ڕووتی سیاسی، کە بە قازانجی فکری قەومیی نەتەوەی باڵادەست کۆتایی پێدێت.

کەنعان مەکیە، لە چاوپێکەوتنێکدا کە لە Kurdish media دا بڵاوکراوەتەوەو پاشان کراوە بە کوردی ( بڕوانە ژمارە ١٠٩ ڕۆژنامەی هاوولاتی. وەرگێڕانی، بڕوا – دەرسیم ) دەڵێت " کورد مافی خۆیەتی لە عێراق جیابێتەوە".

کەچی لە وتاری "عراقیە العراق" فی ما یخص مساله الفیدرالیەدا بە زمانی "مهما کان الثمن" باسی پاراستنی "الوحده ضمن التعدد" لە دەوڵەتی عێراقدا دەکات. داڕشتنی ئەم دوو فکرەیە هێندە پێچەوانەی یەک و لەیەکەوە دوورن، بە فکری یەک نووسەر ناچن. ئەگەر تیۆرییەکانی ئەم "لیبرالیست"انە بە ئامانجێکی کۆمیدی لە ناو ئەم باسەدا بخەینە پراکتیکەوە، ئەوا دەبێ مافی دەوڵەتداریی لە چەندان دەوڵەتی عەرەب وەربگیرێتەوەو، تەنانەت مافی فیدرالیزمی سیاسیشیان پێ ڕەوانەبینرێ، چونکە لە زۆربەی هەرە زۆری دەوڵەتە عەرەبییەکاندا گرووپ و کەمایەتی بەرچاوی نەتەوەو گەلان و ئاینی و ئایینزای بە جیاهەڵکەوتوو هەن. وەک: "قەبەتییەکان و کورد لە لوبنان و گەلی خوارووی سودان و بەربەر و ئەمازیگییەکان و چەرکەس و ئەرمەن و سریان و مەسیحییەکان و مارۆنی و مەندائی و جوولەکە و هتد...."یە . خۆ ئەگەر دیمەنەکە فراوانتر بکەین، ئەوا دەتوانین دەیان نموونە لە سەرانسەری جیهان بهێنینەوە، تا دەگاتە دەوڵەتانی وەک تورکیا و ئێران. دانیشتووانی تورک لە تورکیادا لە ٦٥٪ پتر نابن و لە ئێرانیشدا گومان دەکرێت کە گەلی فارس لە ٥٠٪ پێکبێنێت، بەرانبەر بە ئازەر و کوردو بلووچ و عەرەب و چەندان گرووپ و کەمایەتی کە لە ئێراندا دەژین.

▼▼▼▼

# ئەو وشانەی وەکوو خونچە خۆرسکانە دەپەیڤن

**حەمەسەعید حەسەن**

### (هاولاتی) هاوولاتییان فریو دەدات

من چونکە ڕێزی قەڵەمی خۆم دەگرم و هەوڵ دەدەم خوێنەرانم نائومێد نەکەم، بۆیە نە هانا بۆ دێوجامەی درۆ دەبەم، نە فریودانی کەسم مەبەستە و نە بیر لە قازانجی خۆم دەکەمەوە. زۆرن ئەوانەی بە بالای (هاولاتی)دا هەڵدەدەن، باسی لایەنە گەشە زۆروزەبەندەکانی! ئەو هەفتەنامەیە بۆ وان جێ دەهێڵم و ئەز وەک ڕەخنەگرێکی ڕووخێنەر کە هەمیشە بیر لە ڕۆنانی شتی باشتر دەکاتەوە، یەکسەر دێمە سەر بەسەرکردنەوەی لایەنە ڕەشەکانی.

* یەکێک لە ئیشەکانی حیزب لای ئێمە ئەوەیە، خۆی لە کاری کەسان و لایەن و گرووپی دیکە هەڵبقورتێنێت. حیزب خوازیارە هەرچی دەزگا و کۆڕ و کۆمەڵە هەیە کۆنترۆڵیان بکات و بەو ئاقارەیاندا ببات کە خزمەت بە خواستەکانی بکەن. هەرگیز جێی بڕوا نییە، ینک هەوڵی جڵەوکردنی (هاولاتی) کە لە بن دەستی خۆیدا دەردەچێت، نەدابێت.

* بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی لە ڕێی کەسانی جێی متمانەوە بە دەستم گەیشتوون، پێ دەچێت یەکێک لە ستافی (هاولاتی) سەر بە دەزگای زانیاریی ینک بێت. بۆ ئەوانەی زانیارییان لە بارەی ئەو دەزگایەوە کەمە، دەڵێم: دەزگایەکە لە بابەتی ئاسایشی بەعس.

* عێراق و تاوانی جینۆساید کە جەمال میرزا عەزیز لە ئینگلیزییەوە کردبووی بە کوردی و گۆڤاری هاڤیبوون ساڵی ٢٠٠٠ بڵاوی کردبووەوە، کوردستانی نوێ لە ئەپریلی ٢٠٠١ دا، بێ پرسی هاڤیبوون و بێ ئاماژەکردن بۆ سەرچاوەکەی، بەشێکی گرینگی ئەو کتێبەی بە زنجیرە بڵاو کردەوە. کە دەستەی نووسەرانی هاڤیبوون بە نووسراوێک مەحموودی مەلا عیززەتی لەو کارە نابەجێیە ئاگادار کردەوەوە، سەرنووسەر نە نامەکەی هاڤیبوونی بڵاو کردەوە، نە داوای لێ بووردنی کرد. منیش مانگێک دواتر، دروست لە ٢٠٠١/٥/٨دا هاتم ئەو ڕاستییانەم لە وتارێکدا بە ناونیشانی (ئەنفالتان لە یاد بێ،) نووسی و بۆ (هاولاتی)م نارد. (هاولاتی) نەک هەر نووسینەکەمی بڵاو نەکردەوە، بەڵکوو خێرا گەیاندییە سەرنووسەری ئەوسای کوردستانی نوێ، ئەویش یەکسەر بە فاکسێک داوای لێبووردنی لە هاڤیبوون کرد.

* خودی خۆم لە ڕێی کوردساتی سەر بە (ینک)ەوە، دوو جار خودی سەرنووسەری (هاولاتی)م لە کن جەلال تاڵەبانی بینیوە و تەنانەت کوردسات ڕیپورتاژێکی تێروتەسەل و دوورودرێژی سەبارەت بە (هاولاتی) بڵاو کردەوە. من وەک ینکناسێک، هەرگیز بڕوا ناکەم، ئەو لایەنە بێ مەبەست و هەر لە ڕێی خوادا، یەک تاڵە تیشک بخاتە سەر هیچ کەس و لایەنێک. هەر کە ڕاگەیاندنی ینک ڕووناکی خستە سەر وریا ڕەواندوزی، هێندەی نەبرد، ناوبراو جاڕی لە دایکبوونی حیزبێکی نوێی دا.

* (هاولاتی) لەسەر خواستی ینک هێندەی پێی کرا تیشکی خستە ڕەوتە ئیسلامییە توندڕۆکان. ینک مەبەستی لە گەورە نیشاندانی ئەو ڕەوتە تیرۆریستانە ئەوە بوو:

١) تا بازرگانییان پێوە بکات و بە هۆی ئەوانەوە کۆمەک لە ئەمریکا وەربگرێت و تەنانەت بە بیانووی قەلاچۆکردنی تیرۆرەوە ئەمریکا بانگهێشتی کوردستان بکا.

٢) سەرکەوتن بەسەر دوژمنێکی لاوازدا هیچ بایەخێکی نییە، ینک دەیویست بە کۆمەکی (هاولاتی) گەورە نیشانیان بدات، تا کە قەلاچۆی کردن، لە ڕووی بێت بە شانازییەوە باسی ئەو سەرکەوتنەی بکات.

* (هاولاتی) توانایەکی سنوورداری هەیە و هاوکارە ڕاستەقینەکانی لە کوردستان و عێراق و ئەورووپادا، هێندە کەم و کەمتوانان، هەرگیز ئەوە جێی بڕوا نییە کە بڕێک لەو هەواڵە گرینگ و نهێنییانەی بڵاوی دەکاتەوە، زادەی پێوەندیی کارمەندانی هەفتەنامەکە و سەرچاوەکانی ئەو هەواڵانە بێت. ڕێی تێ دەچێت ئەو هەواڵە گرینگانە لە ڕێی دەزگای زانیارییەوە بە (هاولاتی) بگەن و لەسەر خواستی ئەو دەزگایە بڵاو بکرێنەوە.

* هەموو ئەو نووسەر و ڕۆشنبیرانەی لە لیستی ڕەشی (ینک)دان، (هاولاتی)ش هەمان هەڵوێستی بەرانبەریان هەیە. ئەوی ینک غەزەبی لێ گرتبێت، (هاولاتی)ش غەزەبی لێ گرتووە.

* من کە ڕەخنەم لە ینک گرتێبێت و بۆ (هاولاتی)م ناردبێت، بڵاوی نەکردووەتەوە. کە ڕەخنەم لە پارتی گرتبێت و بۆ (هاولاتی)شم نەناردبێت، بێ ئەوەی پرسی پێ کردبێتم، لە لاپەڕەی یەکەمیدا بڵاوی کردووەتەوە. (هاولاتی) جار جار ڕەخنە لە ینک دەگرێت و ناو بە ناو وای نیشان دەدات کە لەگەڵ ئەو لایەنەشدا کێشە و ململانێی هەیە، وەلێ ڕاستییەکەی مەبەست لەو سووکەڕەخنە و شەڕە سپییانە تەنیا فریودانی هاوولاتییانە. (هاولاتی) تا سیخێک، نەک سووژنێک بە (پدک)دا نەکات، دەرزییەک بە (ینک)دا ناکات.

* گوتاری سیاسیی (هاولاتی) هەر هەمان گوتاری سیاسیی یەکێتییە. بۆ نموونە: (هاولاتی) هەر بە هەمان ئەو وشە، زاراوە و دەربڕینانەی کوردستانی نوێ و هەر لە ڕوانگەی یەکێتییەوە مامەڵە

لەتەک (یەکەکە، کادەک و پچدک)دا دەکات و هێشتا لای (هاوڵاتی)ش وەک کوردستانی نوێ، کادەک هەر یەکەکەیە.

* (هاوڵاتی) لە ڕێی بە نارەوا گەورە نیشاندانی هەندێک نووسەرەوە، کە تەنیا توانای کۆپیکردنەوەی بەری بیری کەسانی دیکەیان بە زمانێکی لاواز هەیە، بەشداری لە فریودانی خوێنەرانیدا کردووە. * ڕۆژنامە و هەفتەنامەی ئەهلی و سەربەخۆ بە ڕێکلام بەرێوە دەچن و بێ ڕێکلام هەر چەندێکیان لێ بفرۆشرێت، هەر زیان دەکەن. بۆیە هەرگیز جێی بروا نییە (هاوڵاتی) بێ ڕێکلام و بێ کۆمەکی ینک (١٠٠) ژمارەی لێ دەرچوویێت.

* بەو هیوایەی ئاسۆس هەردی لاسایی مەمی بورهان قانع نەکاتەوە و سەر دانەنەوێنێت و وەک جەنتڵمانێک ئامادە بێت، باجی هەڵەی یان هەڵوێستی خۆی بدات.

٢٠٠٢/١١/٣٠

## (هاوڵاتی) لاسایی بیلد دەکاتەوە

بیلد کە ڕۆژنامەیەکی بەربڵاوی ئەڵمانیایە و بۆ زیادکردنی ژمارەی خوێنەرانی سڵ لە هانابردنە بەر پۆخڵترین ڕێگا ناکاتەوە، ساڵانی شەست بووە نیشانە بۆ تیری ڕەخنەی زبری گونتەر گراس. بە داخەوە (هاوڵاتی)ش بۆ ئەوەی زۆرتری لێ بفرۆشرێت هەمان ئەو شێوازە پیادە دەکات و چەکی بڵاوکردنەوەی درۆ و تۆمەتی نارەوا بەخشینەوەی کردووەتە شان. بیلد بە مەبەستی هێرشبردنە سەر کۆمۆنیزم، لە خۆڕا بە ناوی نووسەری جوولەکە (ئارنۆڵد شڤایگ)ەوە گوتبووی: ئەڵمانیای دیموکراتی، دۆزەخی جوولەکەیە و ڕەوشی جوو لە سایەی هیتلەردا باشتر بووە لەو هەلومەرجەی لە سایەی ئەڵمانیای خۆرهەڵاتدا تێیدا دەژی. کە شڤایگ ئەو ڕۆژنامەیەی بە درۆ خستەوە، گونتەر گراس گوتی: ئەوی ئێستا بیلد دەیکات، لە سەردەمی (گۆبڵز)یشدا نەکراوە.[1]

ئازادیی بیروڕا دەربڕین، ئازادیی جنێو بە خشینەوە و تۆمەت بۆ خەڵکی هەڵبەستن نییە. ئەوە کارێکی تەواو ئاسایی و شارستانییە، قوربانی هانا بۆ دادگا ببات. ئەوە سەیرە قوربانی هانا بۆ شێوازێکی دیکە ببات. ئەوی سووکایەتی بە کەسانی دیکە بکات، پێویستە سزا بدرێت. خۆ ئەوانەی جنێو دەدەن و تۆمەت دەبەخشنەوە، نووسەر و بیریار نین، تا دیالۆگیان لەگەڵدا بکرێت. ئەوە تاوانی بەدران ئەحمەد حەبیب نییە کە تا هەنووکە یاساکانی سەردەمی بەعس پێڕەو دەکرێن. باشە ئەوە ماقووڵە داوا لە قوربانی بکەین، جارێ بێدەنگ بێت و چاوەڕێ بکات، تا یاساکان دەگۆڕێن، ئەوسا سکاڵای خۆی بباتە لای دادوەر؟ ئەوە تەنیا کۆلکەنووسەرانی جنێوفرۆشن کەرەکیانە سووکایەتی بە خەڵکی کردن، لەژێر ساباتی ئازادیی بیروڕا دەربڕیندا جێ بکەنەوە. ئاسۆس هەردی قوربانیی نەبوونی ئازادیی بیروڕا دەربڕین نییە، باجی ئەوە دەدات کە لە (هاوڵاتی)دا بە نارەوا تۆمەت دەدرێتە پاڵ کەسانی دیکە.

لە (میدیا)دا[2] کە هەر دوو هەفتە جارێک لە هەولێر دەردەچێت، لە وەڵامی جنێوی کۆنەبەعسییەکدا سێ بەڵگەنامەم بڵاو کردەوە، کە بەعسیبوونی ئەو جنێوفرۆشەیان دەسەلماند. برای کابرای جنێوفرۆشی کۆنەبەعسی بەو بیانووەی تۆمەتی نارەوا وەپاڵ براکەی دراوە، لە دادگای هەولێر سکاڵای لەسەر خاوەنی ئیمتیازی میدیا تۆمار کرد. دادوەر کە سەرنجی بەڵگەنامەکانی دابوو، بە برای کابرای جنێوفرۆشی کۆنەبەعسیی گوتبوو: وەک بە بەڵگەکاندا دەردەکەوێت، براکەت بەعسی بووە، بۆیە تۆ چونکە خاوەنی ئیمتیازی میدیات بە نارەوا ئەزیەت داوە، مافی ئەوەی هەیە داوای قەرەبووت لێ بکات.

بەڵێ بۆ ئازادیی بیروڕا دەربڕین،

نا بۆ ئازادیی تۆمەتی نارەوا و جنێو بەخشینەوە.

٢٠٠٢/١٢/١

١- سمیر جریس، المانیا تحتفی بالمواطن غونتر غراس، الحیاە ٢٠٠٢/١١/٣٠ لندن. ٢- میدیا ٢٠٠٢/٥/١ ژمارە (١٢٢) ل٢ هەولێر.

## (هاوڵاتی) سووکایەتی بە هاووڵاتییان دەکا

ئەو کێشەیەی نێوان (هاوڵاتی) و بەدران ئەحمەد دوور و نزیک پێوەندیی بە هەبوون و نەبوونی ئازادیی بیروڕا دەربڕینەوە نییە. گرتنەکەی حاجی ئەکرەمی زنجیرەی ڕەشەی پۆلیس لە بەغداد، چەند پێوەندیی بە کوردایەتییەوە هەبوو،[1] دادگاییکردنەکەی ئاسۆس هەردیش هێندە پێوەندیی بە ئازادیی بیروڕا دەربڕینەوە هەیە. (هاوڵاتی) سووکایەتی بە بەدران کردووە و تۆمەتی نارەوای وەپاڵ داوە و ویستوویەتی ناوی بزڕێنێت.

١) بە پێی ئەو یاسایەی هەنووکە لە کوردستان سەروەرە، داواکردنەوەی قەرز لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە، قەدەغەیە و سزای لەسەرە.

٢) هونەرمەند بورهان سابیر قەرزی لای بەدران نەبووە و پارەی تابلۆکانیشی لە فەلەکەدین کاکەیی وەرگرتووە. ئەو پارەیە نەچووەتە کن بەدران، تاکوو نەیدات بە بورهان.

٣) بەدران تا هەنووکە بۆیە بێدەنگ بووە، چونکە بە گوێرەی ئەو یاسایەی لە کوردستان زاڵە، کێشەیەک کە گەیشتە دادگا، ئیدی ڕۆژنامە مافی ئەوەی نییە قسەی لەسەر بکات.

٤) بورهان سابیر شەش کەس[2] ڕادەسپێرێت کە داوا لە بەدران بکەن، لێی خۆش ببێت، بەدران بە مەرجێک لێی خۆش دەبێت کە لە نامەکەی پەشیمان ببێتەوە. ئەو هونەرمەندە بەستەزمانە پەشیماننامەیەک دەنووسێت، بەڵام (هاوڵاتی) بۆی بڵاو ناکاتەوە.

٥) ئەگەرچی ئەو کێشەیە لە نێوان بەدران و (هاوڵاتی)دایە، نەک لە نێوان یدک و (هاوڵاتی)دا، کەچی ینک بە هەموو قورسایی خۆیەوە، داکۆکی لە (هاوڵاتی) دەکات و (١٠) پارێزەر بۆ داکۆکیکردن لە ئاسۆس هەردی دەنێرێتە دادگا، جێی داخە لەبەر کەمجێیی لە هۆڵی دادگاکەدا تەنیا شوێنی شەشیان دەبێتەوە.

٦) پارێزەرەکەی بەدران دەڵێت: (پێ دەچێت ئاسۆس خۆی لێ بوویێت، بە ئاپۆوا (١٠) پارێزەری لەتەک خۆیدا هێناوە.)

٧) دادگای کەتنی هەولێر ٢٠٠٢/١١/٢٦ بڕیار دەدات، ئاسۆس و

بورهان سەرو ساڵ زیندانی بکرێن و سەرو هەزار دیناریش ببژێرن، وەلێ دوای سێ ساڵی دیکە ئەو سزایانە جێبەجێ بکرێن.

(٨) هیوادارم بورهان پارەکەی نەخواردبێت و ئەو نامەیەی لە (هاوڵاتی)دا بۆ چاوبەست و دەمکوتکردنی هونەرمەندەکان بڵاو نەکردبێتەوە.[٣]

سەیری بیرەوەرییەکانی نەوشیروان مستەفا بکەن، بزانن کەسی بواردووە؟ بزانن هەوڵی زڕاندنی ناوی دەیان کەسی نەداوە؟ ئەوە نەوشیروان مستەفایە کە دەستی بە باڵی (هاوڵاتی)یەوە گرتووە، هەر بۆیە (هاوڵاتی) هەمان ڕێچکەی ئەوی گرتووە.

٢٠٠٢/١٢/٢

١- لەسەر قاچخاچێتیکردن بە ڤیاگراوە دەگیرێت و بانگەشەی ئەوە دەکا، کە لەسەر کورد گیراوە. ٢- بارزان بارزانی، دڵشاد عەبدوڵڵا، سەلام عەبدوڵڵا، سیداد بارزانی، عەبدولوەهاب عەلی و فەرهاد عەونی.٣- (هاوڵاتی) ژمارە ٥٩ ل٤، ڕۆژی ٢٠٠٢/٢/٤.

## (هاوڵاتی) قسەی خۆش دەکا

ئێوە چونکە هیچ وەڵامێکتان بۆ ئەو فاکتانە پێ نییە، کە من بە ڕوومدا داونەتەوە، هاتوون باسی خۆمتان کردووە، وەک من بیرەوەریم گێڕابێتەوە. ئێوە چونکە پێتان شەرم بووە ددان بە هەڵەکانی خۆتاندا بنێن، هاتوون هاناتان بۆ هەڵڕشتنی هەندێ قسەی کە تەنیا خۆتان پێتان وایە خۆشن، بردووە. نووسینی گوتار بە شێوازی گاڵتەجاڕی، زۆر لەوە سەختترە کە ئێوە پێی بوێرن. ئەوە چۆنە ئێوەی زێڕنووس، بۆ ئاستێکی هێندە نزم دابەزیون، بەرسڤی کەسێکی قسەی قۆڕنووس بدەنەوە! ناونیشانی باسەکەتان گەواهی لەسەر ئەوە دەدات، بەو ڕاستییانەی درکاندوومن، باڵانستان تێکچووە، ئەگەر نا ناونیشانێکی هێدیتان هەڵدەبژارد و بە شێوازێکی هێمن، وەڵامتان دەدامەوە.

نووسەرێک ڕێزی خۆی و خوێنەر بگرێت، کە تۆمەتێکی دایە پاڵ کەسێک، یان لایەنێک، بەڵگەنامە دەخاتە ڕوو. ئێوە کە منتان بە جنێوفرۆش لە قەڵەم داوە، دەبوو ئەو ئەرکە بکێشن، یەک دوو نموونە لە جنێوی من دەستنیشان بکەن. گەر ئێوە خوازیارن، ئەز دەیان جنێوی مەرجەعی باڵاتان دەخەمە ڕوو. بە دەگمەن بڵاوکراوەی کوردی هەیە نووسینی منی بڵاو نەکردبێتەوە، ئەوەش تەنیا لە سۆنگەی ئەوەوەیە، هیچم بۆ نەناردووە. ئایا ئەو هەموو بڵاوکراوانە، کە دوگمەی سوخمەی خۆیان بۆ قامکی نووسینی من ترازاندووە، هەموویان سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی جنێون؟

ئەو نووسینانەی من، کە ئێوە پێتان وایە گەر بڵاوتان کردبانەوە، داخستنی (هاوڵاتی) بە دوادا دەهات، (ڕامان، سروە، گوڵان، مەهاباد و میدیا) بڵاویان کردنەوە. لەبەردەم نووسینەکانی مندا (سروە)ی ژێر دەسەڵاتی ئیسلام، لە (هاوڵاتی) کراوەتر و بوێرتر بووە. ئەوە لای من ئاسایی بوو کە ئێوە بە ئاژاوەچی نێوزەدم بکەن، ئەوە بۆ من جێگەی سەرسووڕمان بوو، دەرکتان بە جیاوازیی نێوان ئاژاوەچی و ئەنارشیست کردبوو. من دژی شمشێری ئەو یاسایەم کە هەنووکە لە کوردستان سەروەرە و کە کوردستانی نوێ بە ڕووی (ڕێبوار فەتاح)یدا هەڵکێشا. من کەسێکم ئەنتی دەسەڵات، ئەنتی حیزب و ئەنتی یاسا. لای من پۆلیس هەر پۆلیسە، تا هەنووکە نە لە ئاسیا، نە لە ئەورووپا هانام بۆ دەسەڵات نەبردووە. من سڵ لە یاسا ناکەمەوە، ئەوە دەسەڵاتی ویژدانمە لێ ناگەڕێ هانا بۆ ڕێگەی پۆخڵ ببەم، نەک حوکمی یاسا، نەک ترس لە سزا. ڕێبین هەردی و مەمی بورهان قانع نیم، هەر دە پەنجەم ببڕنەوە لە ڕستەیەکی سەرکێشی خۆم پاشگەز نابمەوە. بۆ ئەوە دەستم نەداوەتە قەڵەم، سووکی بکەم، بۆ ئەوە دەستم داوەتێ، سەری بڵند ڕابگرم.

ئاسۆس هەردی کە هیوادارم یەک سەعات ئازادیی لێ زەوت نەکرێت، لەسەر ڕووشاندنی سومعە و زڕاندنی ناوی خەڵکی سزا دراوە، نەک لەسەر بیروڕای جیاواز. قوربانیی دەستی نەبوونی ئازادیی بیروڕا دەربڕین، ڕۆژنامەنووس (نورەدین سەعید وەیسی)یە، کە مانگێکە لە دەست جەوری پدک هەڵاتووە و لە شام گیرساوەتەوە. من بۆ ئەوەی کۆتری وشەی ئازاد و جوان لە ئاسمانی کوردستاندا لە شەققەی باڵ بدات، داکۆکی لە نورەدین سەعید وەیسی دەکەم. من بۆ ئەوەی وشەی بەرەڵا و دزێو ڕسوا ببێت، لە کێشەی نێوان ئاسۆسی قەڵەموشێن و بەدرانی بریندارردا، داکۆکی لە بەدران دەکەم. بۆ من ئەوە گرینگ نییە بەدران سەر بە چ حیزبێکە، ئاخر من دەمێکە سەرانی حیزبەکەی بەدرانم کردووە بە کەرسەی تەنز.

٢٠٠٢/١٢/٥

## خۆ بینینەوە

دۆکتۆری ساختە: ینک بە زەبری پارەیەکی زۆر (کۆسار)ی خوێندکاری قۆناغی چوارەمی کولیژی پزیشکیی زانکۆی سلێمانی فریو دەدات و بە مەبەستی تیرۆرکردنی سەرانی پشتیوانانی ئیسلامی کوردستان بۆ هەورامانی دەنێرێت. هەنووکە ئەو لاوە، کە دوو سێ ساڵی دیکە دەبووە دۆکتۆر، لای پاک زیندانییە و مەرگ چاوەڕێی دەکات.[١]

ئەمە یەکەم جار نییە ینک دۆکتۆر ڕەوانەی مەرگ بکات، ساڵی ١٩٧٩یش دۆکتۆر (بەختیار)ی یادی بەخێر، لە شاخەوە بۆ تیرۆرکردنی (جەمال ڕینگۆ) کە داردەستێکی بەدناوی بەعس بوو، بۆ سلێمانی هەنارد، لێ بە داخەوە، جەمال ڕینگۆ، دوکتۆر بەختیاری کوشت.

یەکێک لە جیاوازییەکانی نێوان سەرانی ینک و من ئەوەیە، ئەوان دۆکتۆر لە نێو دەبەن و من دۆکتۆر دەخوڵقێنم. ئەوە نییە گەلێک لە هەوادارانی ینک بە ئەفسوونی ڕەخنەم بوونەتە دۆکتۆر و لە دوورەوە نەخۆشییە دەروونییەکانم دەستنیشان دەکەن! دەبێت ئەوەش بڵێم، ئەوانەی ینک بە کوشتیان دەدات، دۆکتۆری ڕاستەقینەن، ئەوانەی من دەیانخوڵقێنم، دۆکتۆری ساختەن.

هێرشی ساختە: (تەپی سەفا)یش هەر لەو ناوچەیەدایە کە جێی داخە پاک کردوویە بە گۆڕستانی ینک. کە بەرەو هەڵەبجە پردەکەی زەڵم جێ دەهێڵیت، سەرنجی لای چەپی ڕێگاکە بدەیت، گوندی تەپی سەفا

کە هەر یەک دوو کیلۆمەتر لە جادەکەوە دوورە، دەبینیت. دەوروبەری چارەکە سەدەیەک لەمەوپێش ماشێنێک کە لە نێوان سلێمانی و هەڵەبجەدا نەفەری دەهێنا و دەبرد، حاجییەکی خەڵکی تەپی سەفا کە لە سەردانی ماڵی خوا گەڕابووەوە، لە سلێمانییەوە دەهێنێتەوە و لە کەناری جادەکە، لە ئاستی تەپی سەفا دایدەبەزێنێت.

دروست لە ئاستی گوندی تەپی سەفا، ناقیلەیەک کە بۆ چاودێریکردنی جموجووڵی پێشمەرگە لەو ناوچەیەدا، لە کەناری جادەکە دەوەستا، دەستی کۆمەک بۆ حاجی درێژ دەکات و خۆی و کەلوپەلەکانی سەر دەخات و بەرەو گوند بەڕێ دەکەوێت. خەڵکی ئاوایی کە دەبینن وا زرێپۆشەکە بەرەو گوندەکەیان دێت، دەتۆقێن و هەڵدێن. نازانم ئەو حاجییە ناوی ڕاستەقینەی چی بوو؟ بەڵام ئەوە دەزانم، هەر ئەو ڕۆژە خەڵکی گوند ناویان نا: حاجی ناقیلە.

دەشێت ئەوە یەکەمین جار بووبێت، زرێپۆشێک بە مەبەستێکی خاوێن، ڕووی لە دێیەکی کوردستان کردبێت. ئەوی خەڵکی تەپی سەفا، ئەو وەختە زەندەقیان لێی چوو، هێرشێکی ساختە بوو، وەلێ پێ دەچێت پەلامارێکی ڕاستەقینەی پاک بۆ گوندەکەیان بەڕێوە بێت.

چەپی ساختە: (حەمەسەعید حەسەن چونکە نووسەرێکە قەڵەمهەڕاجکەر، قسەزل، هەلپەرست، هەڵهاتوو، کۆنەپەرست و قەڵەمەکەی بۆ بەهێزکردنی بنکەی کۆنەپەرستی لە کوردستاندا بەگەڕ خستووە، ئەدەبی پێشکەوتووخواز لەوە دڵی ڕەقترە جێگای قەڵەمفرۆشێکی وەک ئەو، لە لاپەڕە پرشنگدارەکانی خۆیدا بکاتەوە).[2]

بنووسی ئەو (قسە جوانانە) کە کەسێک بوو نەکیرە و دەیویست بە هۆی پەلاماردانی منەوە ببێ بە مەعریفە،[3] کە هاتە تورکیا و داوای کۆمەکی کرد، دەستم بە ڕوویەوە نەنا و نامەیەکم بۆ پشتگیریکردن لێی، بۆ UNHCR ڕەوانە کرد. ئەو هێژایە کە لە هەمان نووسینیدا، ئەورووپا بە (لانەی رووخاوە سیاسییەکانی کوردستان) لە قەڵەم دەدات، هەنووکە هێندە لە کوردستانەوە دوورە، ئێمەی ئەورووپانشین لە چاو ئەودا، هەر چەند بستێک لە نیشتمانەوە دووریین.

دە دوازدە ڕۆژێک لەمەوبەر مەلایەک لە ماڵپەڕی کوردستان نێتدا نووسیبووی: (وەفیق سامەڕائی و حەمەسەعید حەسەن دوو ڕووی یەک دراون.) یەکێک لەوانەی بەرپەچی ئەو مەلایەی دایەوە و لە هەمووان شێلگیرانەتر داکۆکی لە هەڵوێستی من کرد، هەر خودی ئەو کەسە بوو، ئەو (قسە جوانانە)ی کە لە سەرەوە ئاماژەم بۆ کردوون، پێ گوتبووم. جا ناهەقمە بڵێم، چەپ دوو جۆرە: ڕاستەقینە و ساختە.

نووسەری ساختە: ئەوی خوێندەوار بێت، دەتوانێت بنووسێت. بەڵام ئەوی چەند لاپەڕەیەکی ڕەش کردەوە، با خۆی لێ نەبێت بە نووسەر، چونکە دەشێت خۆی کردبێت بە گاڵتەجار. کە هەموو کەس نانووسێت، هی ئەوەیە، ئەو خەڵکە هێندە ئاوەز شک دەبەن، خۆیان نەکەن بە کەرەسەی پێکەنین. هەموو خوێندەوارێک دەتوانێت ببێتە نووسەرێکی خراپی وا، شیاوی بەزەیی پێدا هاتنەوە بێت، بەڵام ئەوە زەحمەتە، ببێتە نووسەرێک، شیاوی خوێندنەوە بێن.

نووسەری ڕاستەقینە هانا بۆ درۆ نابات و فێڵ لە هەستی خۆی ناکات، ئەوی دەینووسێت زادەی ئەزموونی خۆیەتی؛ بۆیە خوێنەران، ئامێزی دڵیان بۆ نووسینەکانی دەکەنەوە و وا هەست دەکەن، قسەی دڵی ئەوانی کردووە و هەست و ئەزموونی ئەوانی دەربڕیوە. چاکترین نووسەر، نووسەری ڕاستگۆیە، چاکترین نووسین، ئەو نووسینەیە، خوێنەر خۆی تێدا دەبینێتەوە.

۲۰۰۳/۱/۱

١- ئاشکرابوونی هەواڵێکی پێنک بۆ تیرۆرکردنی سەرانی پاک، ماڵپەڕی ئەنسارئیسلام، ڕۆژی ۲۰۰۲/۱۲/۲۸. ۲- ڕوونکردنەوەیەک لە سەرنووسەری (شۆڕشی کرێکاری)یەوە ۱۹۹٦/۷/۱۵ سلێمانی.

٣- نەکیرە: ناشوناس، نەناسراو. مەعریفە: شوناس، ناسراو.

## ئازادیی زمانبڕین

ڕۆژێکی زستانی سەرەتای ساڵانی هەشتا، لە سەنتەری سلێمانی، لە چایخانەکەی مام عەلی دانیشتبووم، دوو ئاسایش هاتن، پۆستەرێکیان کە پیاوێک بوو، قوفڵێک لە دەمی درابوو، هەڵواسی. کە لە کوردستانی نوێی ڕۆژی ۱۹۹٥/۱/۲۳ دا، وێنەی ‹سەرۆ قادر›ی سەرنووسەری ‹گوڵان›م بینی، پێنک زمانی دەبڕێت، ئەو پۆستەرەی سەروەختی بەعسم بیر کەوتەوە و لە دڵی خۆمدا گوتم، بەعس لە پێنک دڵۆڤانترە، ئاخر دەم پێ داخستن، لە زمانبڕین ئەهوەنترە.

من بەش بە حاڵی خۆم ئاوارەی دەستی بەعسم و تەنیا لە هەندەرانەوە نا، لە کوردستانیشەوە، دژایەتی بەعسم کردووە و بە هەمان چاو سەرنجی هەموو داگیرکەرانی کوردستانم داوە و چیم لە دژیان لە دەست هاتبێ، دریغیم نەکردووە. ئەوە یەکێتی و پارتین، دۆستی داگیرکەرانی کوردستانن و گا پێش لەشکری عێراق و گا پێش لەشکری تورکیا و گا پێش لەشکری ئێران دەکەون و لە تەنگانەشدا بە هانایانەوە دەچن؛ ئەوە نییە پشتی کۆنە سەرلەشکری بەعس، قارەمانی ئەنفال: نیزار خەزرەجیش دەگرن! ڕەخنەی من لە سەرانی کورد، لە سەنگەری داکۆکی لە کورد کردنەوەیە و لە سۆنگەی ئەوەوەیە کە پاڵەوانانی بواری کورد بە کورد بە کوشتدانن.

ئەوانەی داوای شکاندنی قەڵەمەکەم دەکەن، گەر دەستیان بڕوا زمانیشم دەبڕن؛ ئەدی هەر ئەوان نەبوون، زمانی (ئەبوبەکر عەلی)ی هاوڕێمیان بڕی؟

۲۰۰۲/۱۰/۱۵

## ڕەشەی پۆلیس

هونەرمەند حوسێن میسری لە ڕێی (خۆرنەوازان، خەمی چۆلەکاکان و ڕەشەی پۆلیس)ەوە، سووک سەرنجی کوردی هەندەران دەدات و لای وی کوردی هەندەران یەکێکە لەمانە: کۆنە بەعسی، کابرایەکی بەزیوی رووخاو، کەسێک کە لە پێناوی دراودا خاکی نیشتمان و گۆڕەپانی تێکۆشانی جێ هێشتووە، پیاوێکی بێکار و لاورگە کە لەسەر یارمەتیی سۆسیال دەژی، یان پیاوێکی بە تەمەن، کە دێتەوە بۆ کوردستان و ژنێکی بیست ساڵ لە خۆی بچووکتر دەخوازێت.

کاکە حوسێن گیان: پارمەتیی سۆسیال شتێک نییە تایبەت بێت بە پەنابەر، هەر کەسێک داهاتی نەبێت سوودی لێ دەبینێت. سیستەمی کۆمەکی کۆمەڵایەتی، بەری خەباتی درێژخایەنی چەوساوەکانە. کوردێک کە ئەو پارمەتییە وەربگرێت، نەک هەر زیان بە خەڵکی نیشتمان ناگەیەنێت، بەڵکوو دەشێت، بڕێک لەو پارە کەمە، کە بەشێکی کەمی پێداویستییەکانی ئینسانی پێ دابین دەکرێت، بۆ کوردستان، بۆ کەسوکاری بنێرێتەوە.

ئەدی بۆچی ڕەخنە لە دوو زلپارتییەکەی کوردستان ناگریت، کە چارەنووسی خەڵکی کوردیان بە کۆنە بەعسییەکان سپاردووە؟ ڕەخنەت لەوانە نییە کە داهاتی کوردستانیان زەوت کرد و بۆ گەرمکردنی شەڕی ناوخۆ خستیانە گەڕ! ڕەخنەت لەوانە نییە کە سامانی کوردستانیان دزی و لە بانکەکانی ئەورووپایان قایم کرد! ئەدی ڕەخنە لە دەسەڵاتدارانی کوردستان بۆ ناگریت، کە بەشێکی زۆریان دوای ڕاپەڕین، ژنە کۆنەکانیان دەرکرد و ژنی گەنجی تازەیان هێنا؟ ئەدی بۆچی ڕەخنەت لە ژنکوژان و ژنزەوتکەرانی کوردستان نییە؟

تۆ بەوەی کورد دەکەیت بە دوو بەشەوە: کوردی نیشتمان و کوردی هەندەران، خزمەت بە کێ دەکەیت؟ کوردی هەندەران نموونەی کوردی نیشتمانە، وەک چۆن لە نیشتمان کەسانی باش و خراپ هەن، لە نێو کوردی هەندەرانیشدا باش و خراپ هەن. بڕوا بکە، کوردی هەندەران، زۆربەیان بە کاری سپی بژێوی خۆیان دابین دەکەن و منیش بەش بە حاڵی خۆم، نەک هەر کۆمەکی سۆسیال وەرناگرم، بەڵکوو سێزدە ساڵە، سەروەر سەرقاڵی کارم و ڕۆژانە هێندە باج دەدەم، لە سەروەختی گرانیشدا، ئارەقی مانگێکی مەشرووبخۆرێکی هێژای خۆت ئاسای پێ دابین دەکرێ. چاوەکەم پێ دەچێت گرێی هەندەرانت هەبێت. دەشێت هەوڵێکی زۆرت بۆ گەیشتن بە بەهەشتی هەندەران دابێت و بەخت یارت نەبووبێت. بەهەشت شتێک نییە ئێمە ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕێمان تێی بکەوێت، بەهەشت ئەگەر هەبێت لە ناخی خۆماندایە.

٢٠٠٢/١١/٢٩

**پەیامبەر شاجوانی دنیا دەخوازێت**

(ئەگەر محەمەدی پەیامبەری ئیسلام، هەنووکە زیندوو با و بینەری پێشبڕکێی هەڵبژاردنی شاجوانی دنیا بووایە، یەکێک لەو ژنە جوانانەی دەخواست.) لەسەر ئەو بۆچوونە، کە لە یەکێک لە ڕۆژنامەکانی نیگێریادا بڵاو کرایەوە، گڕی شەڕ لە نێوان موسڵمان و دیانی[1] ئەو وڵاتەدا بە جۆرێ بڵند بووەوە، پێشبڕکێی هەڵبژاردنی شاجوانی دنیا، لە ئابوجای پایتەختی نیگێریاوە بۆ لەندەنی پایتەختی بەریتانیا گوێزرایەوە.

بەو هەموو ژنە جوانانەدا کە حەزرەتی محەمەد بە چاوپۆشین لەوەی خەڵکی کام وڵاتن، سەر بە چ نەتەوەیەکن، بڕوایان بە کام ئایینە، خواستوونی، تەمی گومان لە دەوری ڕووخساری مانگی چواردەی ئەو ڕاستییە دەڕەوێتەوە کە خاوەنی ئەو بۆچوونە پێغەمبەری چاک ناسیوە.

جارێک سەففیە لەسەر وەختی تێکئاڵاندا بە پەیامبەر دەڵێت: (چونکە من جوولەکەم، ژنەکانی دیکەت سووک سەرنجم دەدەن.) حەزرەتی محەمەد دەفەرموێت: (چونکە لەژێر پێغەمبەردایت، کەس لە سەروو تۆوە نییە.)

خەلیفەکان محەمەد ئاسا زۆر (ژندۆست) بوون، هاروونە ڕەشید هەزار کەنیزەکی هەبوو. متەوەکەل کە لە نێوان ٢٣٢ تا ٢٤٧ی کۆچیدا خەلیفە بوو، خاوەنی چوار هەزار کەنیزەک بوو. کۆشکی خەلیفەکانی ئیسلام هەواری ژنە هەرە جوانەکانی دنیا بوو. خەلیفە هەر وڵاتێکی داگیر کردبا، جوانترین ژنی ئەو وڵاتەی دەکردە کەنیزەکی خۆی. تەلاری خەلیفە لە ژنی جوانی فارس، ئەرمەن، کورد و بەربەر تژی بوو.

دەسەڵاتدارانی ئیسلام دەیانگوت: (کەنیزەکت ئەگەر بۆ خۆشی لێ وەرگرتن دەوێت، با بەربەر بێت. گەر بۆ سکوزات دەوێت، با فارس بێت. گەر گەرەکتە ڕۆڵی دایەن وازی بکات، با ڕەشپێست بێت. گەر خوازیاری گۆرانیت بۆ بچڕێت، با خەڵکی دەڤەری مەککە بێت. گەر وێڵی کەنیزەکێکی بە وەفایت، هیندی هەڵبژێرە! تورک جوانن، لێ جێی داخە قەڵەون. ئەرمەن ناپاک و دزن، بە دار دێنە ژێر بار.)

ئەگەرچی لە ڕوانگەی ئیسلامەوە حەرەمسەرا شوێنی شیاوی ژنە، لێ ئایشێی ژنی پێغەمبەر ئەو نەریتەی بە هێند نەگرت، ئەندەروونی[2] جێ هێشت و ڕێبەرایەتیی ڕاپەڕینێکی سەربازیی گەورەی دژی عەلیی کوڕی ئەبی تالیب کرد.

سڵاو لەو خوشکە کە هەڵگیرسێنی یەکەمین شەڕی براکوژی بوو، لە نێو ئوممەتی ئیسلامدا.[3]

٢٠٠٢/١١/٢٥

١- دیان: مەسیحی، گاور، فەلە. ٢- ئەندەروون: حەرەمسەرا، جێگەی ژنانی ماڵ. ئیسلام هێندە سووک سەرنجی ژن دەدا، تەنیا بەوە قایل نییە کە لە ماڵدا زیندانی بکا، بەڵکوو لە ماڵیشدا، مافی ئەوەی نییە لە ژووری پیاوان دابنیشێت.

یارم لە ئەندەروون هات، دەستی ڕەقیب لە دەستا / خەمناک و شادمانم، ڕەحمەت عەزابی هێنا. ٣- فاطمە المرنیسی، سلطانات منسیات، ترجمە: فاطمە الزهراء ازرویل، المرکز الثقافی العربی ٢٠٠٠ الدار البیضاء.

**هاوارنامە**

**بۆ سەرانی پارتی و یەکێتی و بزووتنەوەی ئیسلامی**

لە جەنگی دووەمی کەنداودا عێراق کۆمەڵێک هاووڵاتی بەریتانیای وەک بارمتە گل دایەوە و مینا قەڵغان سوودی لە جەستەیان بینی. هەنووکە ئەو هاووڵاتییە لاسارانە بە فیتی ڕێکخراوی ئاندایت کە پەرلەمنتاری سەر بە حیزبی کرێکارانی بەریتانیا ئان کلۆید ڕێبەرێتی، لە کن دادئەستێنی(موددەعی) گشتیی بەریتانیا داوایان لەسەر خودی سەرۆکی فەرماندە سەددام حوسێن خوا دەست بە باڵییەوە بگرێت، تۆمار کردووە و ئەو تاوانەیان داوەتە پاڵ ئەو پەپوولەیە و خوازیارن وەک تاوانباری جەنگ دادگایی بکرێت.

ئێوە کە وەک شێرەکوڕانی تەنگانە ناسراون و هەر زوو نامەی

پشتگیریتان لە قازانجی جەنەڕاڵی ئاشتی و ئەوین نیزار خەزرەجی بۆ وەزارەتی دادی دانمارک هەنارد، چاوەڕێی ئەوەتان لێ دەکەم دەستبەجێ پشتی سەرۆکیش بگرن و وەزارەتی دادی بەریتانیا لە فایلی پاک و بێگەرد و خاوێنی زێڕە سەددام ئاگادار بکەنەوە.
هەرگیز بروا ناکەم ئێوە لێ بگەڕێن، بە ناڕەوا ئەو فریشتەیە بەدناو بکرێت. تکایە چی زووترە بە دەم ئەم هاوارنامەیەوە وەرن و گوێ مەدەنە ڕەخنەی جاشقەڵەمان.

٢٠٠٢/١٢/٤

## ئێمە بەکرێگیراوانی ڕژێمی عێراقین

بەوەدا بێجگە لە خودی جەلال تاڵەبانی کەسی دیکە مافی ئەوەی نییە بە ناوی یەکێتییەوە بدوێ، دەمزانی داکۆکیکردنی فوئاد مەعسووم و فەرەیدوون عەبدولقادر لە نیزار خەزرەجی، هەڵوێستی خودی سکرتێری یەکێتییە و ئەوان لەسەر خواستی وی داکۆکیان لە جەنەڕاڵی ئەنفال و بای مەرگ کردووە.
بۆ ئەوانەی درەنگ تێدەگەن، وا لێرەدا قسەکانی جەلال تاڵەبانی کە ٢٠٠٢/١٢/٤ لە کوێت، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەگەریدا سەبارەت بە سەرلەشکری پێشووی عێراق نیزار خەزرەجی کردوونی، دەنووسمەوە:
(تاوانبارکردنی نیزار خەزرەجی بەوەی گوایە دەستی لە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و ئەنفالکردنی کوردستاندا هەبووە، مانۆڕێکی زیرەکانەی ڕژێمی عێراقە، تا ئەفسەرە پایەبەرزەکانی دیکەی لەشکری عێراق بە ئۆپۆزیسیۆنەوە پەیوەست نەبن. من خۆم نامەیەکم بۆ وەزیری دادی دانمارک هەنارد و تێیدا هەموو ئەو تۆمەتانەم بە درۆ خستەوە کە دراونەتە پاڵ خەزرەجی).[1]
ئەمە جێگەی سەرسوورمان نییە کە سکرتێری ینک داکۆکی لە خەزرەجی بکات، ئاخر لە ٢٠٠٢/١١/٢دا لە تەلەفیزیۆنی (LBC) یەوە داکۆکی لە سەددام حوسێنیش کرد و زۆر نیگەرانی ئەوە بوو، ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەو فاشیستە دادگایی بکرێت.
جەلال تاڵەبانی لە کوێتەوە ڕاستەخۆ و بە ڕاشکاوی بە هەموو ئەوانەی لە دژی خەزرەجی:داوایان تۆمار کرد، گەواهییان دا، بەڵگەنامەیان گەیاندە وەزارەتی دادی دانمارک، لە خۆپیشاندانەدا بەشدارییان کرد قسەیان کرد، دێڕێکیان بڵاو کردەوە، دەڵێت: ئێوە بەکرێگیراوانی ڕژێمی عێراقن.

٢٠٠٢/١٢/٦

١) طالباني من الكويت، حمد الجاسر، الحياة، الشؤون العربيه ٢٠٠٢/١٢/٥ لندن.

## عوزرێک کە لە هەڵە قەبیحترە

سەبارەت بەو داکۆکییە مێژووییەی جەلال تاڵەبانی ٢٠٠٢/١٢/٤ لە کوێتەوە لە جەنەڕاڵی ئەنفال (نیزار خەزرەجی)ی کرد، مەڵبەندی ئەورووپای یەکێتیی نیشتمانیی کووردستان لە ٢٠٠٢/١٢/١٠دا ڕوونکردنەوەیەکی بڵاو کردووەتەوە، کە بێ دڵەڕاوکێ دەتوانین بە (عوزرێکی بچوێنین کە لە هەڵە قەبیحترە.)
بە گوێرەی ئەو ڕوونکردنەوەیە کە ئاڕاستەی هەڤاڵانی ئەورووپای ینک کراوە، تا ئێستا هیچ بەڵگەیەک بۆ تاوانبارکردنی خەزرەجی بە دەستەوە نییە! ئەوانەشی دژی خەزرەجی چالاکییان نواندووە، ئەگەر پیاوی ڕژێمی بەعس نەبن، ئەوا کەسانێکن سەرلێشێواو، سەرقاڵی خۆدەرخستن و ناوبانگ پەیداکردنن.
ئەمە جاری دووەمە مەڵبەندی ئەورووپای ینک داکۆکی لە خەزرەجی بکات، ئاخر لە سەرەتای ئۆکتۆبەری ساڵی پاریشدا، خودی د. فوئاد مەعسووم، کە بەرپرسی مەڵبەندەکەیە، لە ڕێی سەفارەتی دانمارکەوە لە لەندەن، نامەی پشتگیریکردنی لە خەزرەجی، بۆ وەزارەتی دادی دانمارک ڕەوانە کرد.
شیاوی گوتنە داکۆکییەکەی جەلال تاڵەبانی لە خەزرەجی کە ٢٠٠٢/١٢/٥ لە (الحیاە) دا بڵاو کرایەوە، بۆ سبەینێ (هەینی ٦ی دیسەمبەر) وەک خۆی لە سایتی (ینک)یشدا دابەزێنرا و تا ئێستاش کە من خەریکی نووسینی ئەم دێڕانەم، لە سایتەکەدا دەدرەوشێتەوە! ئەمەش بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ ئەوەی کە ڕۆژنامەی (الحیاە) بەوپەڕی دەستپاکییەوە، قسەی سکرتێری (ینک)ی گواستووەتەوە، دەنا لای کەم ئەو سایتە خۆی لێ نەبان دەکرد.
ساڵی پار لە ٦ی کانووندا، جەلال تاڵەبانی جەژنی لە دایکبوونی لەشکری عێراقی پیرۆز کرد و ئومێدی پاشەڕۆژێکی گەشی بۆ ئەو سوپایە خواست، کە ساڵی ١٩٨٨ ئێمەی ئەنفال کرد و ٣١ی ئابی ١٩٩٦یش (ینک)ی لە هەولێر هەڵکەند و لە (سەیرانبەند)ی توند کرد.
لایەنێک ئەمە هەڵوێستی بێت بەرانبەر لەشکری ئەنفال، دەبێت چاوەڕێی ئەوەی لێ بکەین، تف لە کۆگۆڕەکانی قوربانییانی (عەرعەر)یش بکات و هەوڵی خاوێنکردنەوەی فایلی پیسوپۆخڵی خەزرەجیش بدات.
بەوەدا ئەم تێکشکان یەکێتی بەو نسکۆ دەسپێرێت، بەوەدا یەکێتی پشتی کردووەتە کورد و سەنگەری جەنەڕاڵی جینۆسایدی هەڵبژاردووە، پێ دەچێت لە گیانەڵڵادا بێت.

٢٠٠٢/١٢/١٢

## پەیڤێک بۆ مام جەلال

سێ ساڵ بەر لە ئێستا، دروست لە ١٧ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٩ دا، تێکۆشەر و نووسەری پێشکەوتنخواز (فەرهاد فەرەج) تیرۆر کرا. دوو مانگ بەسەر ئەو ڕووداوەدا گوزەری نەکردبوو، دروست لە ١٥ی دیسەمبەری ١٩٩٩ دا، لە سلێمانی، لە فێستیڤاڵی چوارەمی ئەدەبیی (گەلاوێژ)دا، گوتتان: (ئێمە تیرۆریستان دەناسین و دەیانگرین و دەیاندەینە دادگا.)
بە داخەوە سێ ساڵ بەسەر تیرۆرکردنی فەرهاد فەرەجدا تێپەڕیوە و بەڵێنەکەی خۆتان جێبەجێ نەکردووە. نازانم بایەخ بە قسەی خۆتان نادەن، یان خوازیارن وەک خوداوەندی پەیمانشکاندن بناسرێن؟
گەرچی هیچ بەڵگەم بە دەستەوە نییە، وەلێ فایلی ڕەشی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە بوارەکانی تیرۆر و لە پشتەوە خەنجەر لێدان و داڵدەدانی بکوژاندا، هانم دەدات بیرم بۆ ئەوە بچێت،

ڕشتنی خوێنی ئەو ڕێبوارەی ڕێگای یەکسانی، بە ئاگاداری خۆتان بوویێت. هیوادارم بە ناخی قوڕی هەڵەدا چوویێتم و ئێوە وەک بەرپرسی یەکەمی پاراستنی گیانی هاووڵاتییانی هەرێمی بندەستی خۆتان، چی زووترە بکوژی فەرهاد فەرەج دەستنیشان بکەن و وەک سۆزتان دابوو، بە سزای ڕەوای خۆی بگەیەنن.

٢٠٠٢/١٠/١٧

## هاوڕێم حاجی ئەنوەر

سڵاو، ینک تەنیا کاتێ شەهیدانی خۆی وەبیر دێتەوە کە نیازی دەرۆزەی سۆزی جەماوەری هەبێت، لە هەندەرانیش هەر بە مەبەستی دەرۆزە، بەڵام هی دراو، باس لە قوربانییانی ئەنفال و بای مەرگ دەکات. مام جەلالێک بەراوەژوو کەڵک لە خوێنی شەهیدانی لایەنەکەی خۆی وەربگرێت، تۆ گەرەکتە بە چاوی ڕێزەوە سەرنجی خوێنی فەرهاد فەرەجێک بدات، کە ڕێی تێ دەچێت ناوی لە لیستی بۆ کوشتن پاڵێوراوانی (ینک)یشدا هەبوویێت.

ئەوە لە بیرت چووەتەوە چەکدارانی ینک یەکی ئایاری ١٩٨٣ لە پشتئاشان، شیوعییەکانیان قەلاچۆ کرد؟ ئەوە لە یادت نەماوە یەکی سێپتێمبەری ١٩٩٤ بە ڕۆژی نیوەڕۆ، لە ناوجەرگەی سلێمانیدا، بە بەر چاوی خۆتەوە، چەکدارانی مام جەلال نزیکترین هاوڕێی خۆت: (ئەبوبەکر عەلی)یان تیرۆر کرد!

مام جەلالێک لە نیزار خەزرەجی کە کوردستانی شەلاڵی خوێن کرد، خۆش ببێت و داکۆکییەکی لێ بکات، مەگەر دایک لە جگەرگۆشەی و برا لە برای کردبێت، مام جەلالێک سووکایەتی بە شەهیدانی سەر بەو لایەنەش بکات، کە خۆی ڕێبەرێتی و بوار نەدات ڕاگەیاندنی ینک، ناوی قوربانییەکانی تەپەکوڕە و گردەدرۆزنە بهێنێت، تۆ گەرەکتە کاتی بەنرخی خۆی بۆ دۆزینەوەی بکوژی فەرهاد فەرەج تەرخان بکات! هەر وەک چۆن پێش ڕاپەڕین چونکە هیچ ئومێدێکمان بە بەعس نەبوو، ئەو هەموو ناهەقییەمان دەبینی و نامەیەکمان ئاڕاستەی دیکتاتۆر نەدەکرد، دەبێ هەنووکەش هەر هەمان ڕێسا ڕەچاو بکەین. کەسێک کە وەک تۆ، خزمەتکردنی چەوساوەکان ئامانجی بێت، هی ئەوە نییە، پێشنیار بخاتە بەر چاوی دیکتاتۆر، یان نامەی بۆ بنێرێت. ئێمە لای کەم دەبێت خەو بە هەرەسی دەسەڵاتی دیکتاتۆرانەوە ببینین. ئەم یانوونکافەی ئێستا درێژەپێدانی ئەوی سەردەمی شاسوار جەلال نییە! وای بۆ دەچم ئەگەر ئارام زیندوو ببێتەوە، قەت بڕوا ناکات، ئەو یەکێتییەی جاران، ئەم دەعبایەی ئێستای لێ دەرچوو بێت. ئەگەر کاک ئارام بێتەوە، گومانم لەوە نییە، یەک هەفتە لە سایەی یانوونکافی ئێستادا هەڵناکات و گەر دەست بە خەباتی نهێنی نەکاتەوە، ئەوا وەک من و تۆ، هانا بۆ هەندەران دەبات، ئەگەر نا، هەمان چارەنووسی ئەبو بەکر عەلی و محەمەد حەللاقی دەبێت.

لەگەڵ خۆشەویستی و ڕێزی حەمەسەعید حەسەندا.

٢٠٠٢/١٢/١٨

ـــ نامەی حاجی ئەنوەر بۆ مام جەلال، کوردستان نێت ٢٠٠٢/١٢/٤

## ماستی مەییو

پەرجۆ: موعجیزەیە، هەموو پەیامبەرێک پەرجۆی خۆی هەیە، پەرجۆی محەمەد قورئان بوو، هی موسا عەسایەک بوو، کە تووڕی دەدا، دەبووە مار؛ یان دەیتوانی بەو عەسایە زەریای سوور لەت بکات و تا دەپەڕێتەوە داوێنی تەڕ نەبێت. پەرجۆی مام جەلال کە ئەویش هێندەی نیمچە پەیامبەرێک هەواداری هەیە، (گۆچان)ێکە، کە لە هەندێ ناوچە گۆپاڵ و لە هەندێ دەڤەر کاڵۆکی پێ دەڵێن.

مام جەلال بەو گۆچانە ئەفسووناوییە، شۆڕشی نوێی گەلەکەمانی بەڕێوە دەبرد. هەر دەروێشێکی سەرپێچییەکی کردبا، یەک دوو گۆچانی مزری تێ دەسرەواند. ئیدی دەروێشی گۆچانخواردوو، قورئان بە هەقت وا تەمێ دەبوو، بە موو لەو هێڵەی لا نەدەدا، کە مام یان ڕاستتر گۆچانی مام بۆی کێشابوو.

سالانێک ینک لە کۆمەڵێ باڵ، یان هێڵ پێک هاتبوو، هێڵێکیان کە قارچکەمارانەیەک بوو، مام جەلال هەڵی تۆقاندبوو، ناوی هێڵی پان بوو. ئەو وەختە ئەو هێڵە لاوازترین باڵی نێو ینک بوو. وەک دەزانن دواتر هێدی هێدی هەموو هێڵەکانی دیکەی نێو ڕیزەکانی ینک لەو هێڵە پانوپۆڕەدا توانەوە.

دەمێکە پێشنیارم نەکردووە، وا بزانم هەم سەرەمە و هەم مافی ڕەوای خۆشمە بیکەم. پێشنیار دەکەم، لەمەو دوا ئەگەر کەسێک مێژووی ینکی تۆمار کرد، لەبەر گرینگیی ڕۆڵی گۆچان لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا، با لە بری هێڵی پان، هێڵی گۆچان بنووسێت.

زۆرن ئەوانەی دەپرسن: ئەوە هۆی چییە کە مام جەلال فاوڵێک دەکات، کە قسەیەکی بێتام لە زاری دەردەپەڕێت، کەس لە نێو ڕیزەکانی ینکدا فززە ناکات و ناوێرێت بڵێت لەل؟ بە هەموو ئەوانە دەبێژم: ئەوە لە ترسی زەبری گۆچانە مێژووییەکەیە، ئەو گۆچانەی هەوێنێکە، هەموو ینکی کردووە بە ماستی مەییو.

٢٠٠٢/١٢/١٩

## سڵاو لەو خوێنەی بە فیڕۆ ڕژا

سالانی هەشتا لە ڕادیۆی چیای ینکەوە، پرۆگرامێک بە ناوی (کاروانی شەهیدان)ەوە هەبوو، بە دەم موسیکێکی خەمناکەوە کە بەردی دەکرد بە ئاو، ژیان و تێکۆشانی شەهیدانی بەسەر دەکردەوە. جارێک پێمیمێکی ینک پێی گوتم: نەک هەر لە مردن ناترسم، بەڵکوو خەو بەوەوە دەبینم، شەهید ببم و کاروانی شەهیدان بەسەرم بکاتەوە. خەوی ئەو پێمیمە زوو هاتە دی، شەش مانگ بەسەر ئەو قسانەیدا تێپەڕی نەکرد، بەرنامەی کاروانی شەهیدان بە سەری کردەوە.

کوڕەکەی کۆسرەت ڕەسووڵ کە لە بەریتانیا دەیخوێند، بە سەردان بۆ کوردستان گەڕابووەوە و لە سەیرانی ڕێی دووکان، ماشێنەکەی وەرگەڕا و گیانی لە دەست دا. کارێک کە دەزگا هەمە جۆرەکانی ینک لە پرسەی ئەو کوڕەدا کردیان، مەگەر بۆ ئیبراهیم ئەحمەد کرا بێت. تەنانەت لە گەلێ پایتەخت و شاری گەورەی سەرانسەری دنیادا پرسەی بۆ دانرا. شێرکۆ بێکەس شیوەنەشیعرێکی هێندە درێژی بۆ

نووسی کە زۆر بە زەحمەت لە لاپەڕە دووی پاشکۆی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێدا کە تایبەتە بە بڵاوکردنەوەی شیعر، جێی بووەوە.

لە شەوی ٣/٤ی ١٢ی ٢٠٠٢ دا پشتیوانانی ئیسلام پەلاماری تەپەکوڕە و گردەدرۆزنەیان دا و پێمیمەکانی ینکیان قەلاچۆ کرد، کەچی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ینک هیچ بایەخێکیان بە خوێنی ئەو هەموو شەهیدە کە ژمارەیان ئەگەر لە سەدی تێ نەپەڕاندبێت، ئەوا هیچی وای لە سەد کەمتر نەبوو، نەدا. شیاوی وەبیرهێنانەوەیە، ئەو پێمیمانە لە ڕێی ینکدا گیانی خۆیان بەخت کرد، نەک لە ڕووداوی دڵتەزێنی ڕێی سەیراندا.

چونکە ینک ڕووناکییەکی زۆری خستە سەر قوربانییەکانی ئاوایی خێڵی حەمە، شێرکۆ بێکەسیش شیوەنەشیعرێکی دوورودرێژی بۆ گوتن. چونکە ینک هیچ بایەخی بە قوربانییانی تەپەکوڕە و گردەدرۆزنە نەدا، شاعیری حیزبیش ئاوڕی لێ نەدانەوە.

داوا لە پێشمەرگەکانی ینک، بە تایبەتی ئەوانەی دەڤەری شارەزوور دەکەم، بۆ ڕێزلێنان لە خوێنی بە فیڕۆ ڕژاوی شەهیدانی تەپەکوڕە و گردەدرۆزنە، هەڵوێستێک بنوێن، بۆ نموونە ڕۆژێک مان لە خواردن بگرن، بەڵکوو ئەوە ببێتە دەرسێک بۆ سەرانی ینک کە ئیدی هێندە سووک سەرنجی تاڤگەی خوێنی لاوانی هەژاری کورد نەدەن.

٢٠٠٢/١٢/٢٣

**وە(فیق) سامەڕائی**

بە لای منەوە دەستنیشانکردنی لیوا ڕوکن وەفیق سامەڕائی بەرپرسی پێشووی ئیستیخباراتی عێراق، وەک ئەندامی کۆمیتەی بەدواداچوون، یەکێکە لە لایەنە تاریکەکانی کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق کە ٢٠٠٢/١٢/١٦ لە لەندەن کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

پێویست بە بەڵگە هێنانەوە ناکات، کەسێک لە سوپای بەعسدا، ئەو سوپایەی هێشتا کۆتایی بە جەنگێک نەهێنابوو، یەکێکی دیکەی هەڵدەگیرساند، سەدان عێراقی نەکوشتبێت و هەزارانی بە کوشت نەدابێت، ناگاتە پلە و پایەی لیوا ڕوکن. کەسێک زێدەڕۆیی لە کوشتنی خەڵکانی نەیاردا نەکردبێت، نابێتە جێی متمانەی خوێنرێژی عێراق و ناکرێتە بەرپرسی دەزگایەکی گرینگی وەک ئیستیخبارات.

من پێم وابوو ئەندامانی کۆنگرە، هیچ نەبێ، ئەوانەی خاوەنی ڕابردوویەکی خاوێن و بیر لە داهاتوویەکی جوان بۆ کوردستان و عێراق دەکەنەوە، پێیان شەرم دەبێت سێ چوار ڕۆژ لەگەڵ تاوانبارێکی بەدناوی وەک وەفیقدا، لە ژێر هەمان بنمیچدا کۆ ببنەوە و لە یەکەمین دانیشتنی کۆنگرەکەدا داوای دادگاییکردنی ئەو فاشستە دەکەن، کەچی نەک هەر وایان نەکرد، بەڵکوو چارەنووسی خەڵکی کوردستان و عێراقیان بەو دڕندەیە سپارد!

وەفیقی کۆکوژ دەبێ وەک تاوانباری جەنگ بدرێتە دادگا و بە سزای ڕەوای خۆی بگات، نەک جارێکی دیکەش چارەنووسی کوردستان و عێراقی بخرێتە بەر دەست. تەنیا داوەتکردنی وەفیق بۆ کۆنگرەکە، پەڵەیەکی شەرمی لە سڕینەوە نەهاتووە بە تەوێڵی هەموو ئەندامانی کۆنگرەکەوە.

وەک لە بەیاننامەی کۆنگرەکەدا هاتووە: (ئیسلام ئایینی ڕەسمیی دەوڵەتە و سەرچاوەیەکی گرینگی یاسادانانیشە.) ئەمەش لایەنێکی ڕەشی دیکەی کۆنگرەکەیە. ئاخر دانیشتووانی عێراق تەنیا هەر موسڵمان نین، تا ئیسلام بکرێتە ئایینی دەوڵەت! ئەمە جگە لەوەی بە ڕەسمی ناساندنی ئایینی ئیسلام، لەگەڵ جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەتدا ناتەبایە. ئایینی ئیسلام بێجگە لە سووکایەتیکردن بە ئینسان، بە تایبەتی بە ژن، هیچ لایەنێکی گەشی تێدایە کە لەگەڵ هەلومەرج و داخوازییەکانی ئێستای ژیاندا بگونجێت، تا بتوانین بیکەینە سەرچاوەیەکی گرینگ بۆ دانانی یاسا؟

ڕەشبینم بەرامبەر داهاتووی کوردستان و عێراق، ئاخر هەست بە هیچ جیاوازییەک لە نێوان (وەفیق)ی سامەڕائی و (عەلی)ی کیمیاویدا ناکەم. ئاخر بەعسیش بۆ داڕشتنی یاسا، هانا بۆ ئایینی ئیسلام دەبا.

٢٠٠٢/١٢/١٨

**لە دەوری دەست و تفەنگت گەڕێین هەڤاڵ وەفیق سامەڕائی**

ڕێکخراوی چاودێریکردنی مافەکانی ئینسان زۆر لەوە نیگەرانە کە یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەی هەمئاهەنگی و بەدوادا چوون، سەرۆکی پێشووی دەزگای ئیستیخباراتی سەربازیی عێراق وەفیق سامەڕائییە. لە ڕوانگەی ڕێکخراوی چاودێریکردنی مافەکانی ئینسانەوە، چونکە ئەو دەزگا بەدناوە بەرپرسە بەرانبەر گەلێ پێشێلکاریی مەزن کە بە پلان و نەخشە دژی مافەکانی ئینسان لە عێراقدا ئەنجام دراون، بۆیە وەفیقی سەرۆکی پێشووی ئەو دەزگا سەرکوتگەرە، دەبێت دادگایی بکرێت، تا بزانرێت تا چ ئاستێک دەستی لە تاوانەکانی ئەو دەزگایەدا هەبووە.[1]

هەموو ئەو لایەنە کوردییە عەلمانی و ئیسلامییانەی لە کۆنگرەکەی لەندەندا بەشدار بوون و متمانەیان بە تاوانکاری جەنگ وەفیق سامەڕائی بەخشی، بە تایبەتی پدک و ینک و بزووتنەوەی ئیسلامی کە پێشتر لایەنی جەنەڕاڵی مەرگ نیزار خەزرەجیشان گرتبوو، بەو پەڕی هۆشیارییەوە، هەموو بە یەک گەروو هاواریان کرد: لە دەوری دەست و تفەنگتان گەڕێین،[2] ئەی قارەمانانی ئەنفال و کیمیابارانکردنی کوردستان.

سوپاس بۆ کۆنگرەی لەندەن کە چارەنووسی ئێمە دەداتەوە دەست ئەوانەی، ڕۆڵی سەرەکییان لە تراژیدیای قەلاچۆکردنماندا وازی کردووە.

٢٠٠٢/١٢/٢٤

١- بەیاننامەی ڕێکخراوی چاودێریکردنی مافەکانی ئینسان ٢٠٠٢/١٢/١٧ لەندەن. ٢- ناونیشانی ئەم چەند دێڕە لەم سرووده جوانەی هونەرمەند مەرزیە فەریقییەوە وەرگیراوە.

سڵاوی گەرمی دڵی پڕ هومێدی مەت پێشکەش/ پڵنگی هەردی وڵات

ئەی هەڤاڵی پێشمەرگە،/ لە دەوری دەست و تفەنگت گەڕێم / کە ڕۆژی خەبات لە ئاستی هەڵمەتی تیژت / چ ناگرێ بەرگە....

## پوازی داری کورد

تورکیا نیازی گڵاوی خۆی ناشارێتەوە، بە عالەمی ئاشکرا دەڵێت: ئەگەر شەڕ لە نێوان ئەمریکا و عێراقدا هەڵگیرسا، بۆیە لەشکر بۆ باکووری عێراق دەنێرم، تا بوار نەدەم کوردەکان جاڕی سەربەخۆیی بدەن.

وەک ڕاگەیاندنی تورکیا بڵاوی کردەوە، ڕژێمی تورکیا زۆر لە قسەکانی جەلال تاڵەبانی کە ڕۆژی سێشەممە ٢٠٠٢/١٢/٢٤ لە ئەنکارا کردنی، ڕازی بووە. ئەو ڕێبەرە کە بریا لە داری کورددا ڕۆڵی پوازی وازی نەکردبا، گوتوویەتی:

١) تورکیا دۆستی کوردە. ٢) ئێمە بە هاتنی لەشکری تورکیا بۆ هەرێمی بن دەسەڵاتی کوردەکان، قایلین. ٣) ئێمە لەگەڵ بەرەی تورکماندا هاوپەیمانین.[1]

بە گوێرەی ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط)یش جەلال تاڵەبانی گوتوویەتی: (ئەگەر جەنگ لە نێوان ئەمریکا و عێراقدا قەوما، من دژی هاتنی سوپای تورکیا بۆ باکووری عێراق، نیم.)[2]

سایتی پدک هەواڵەکەی وەک لە (الشرق الاوسط)دا هاتووە، بڵاو کردووەتەوە، وەلێ بەرپرسانی سایتی ینک دوا پەرەگرافی هەواڵەکەیان، کە ئەو قسەیەی مام جەلالە و پێیان قووت نەچووە، قرتاندووە.

ئێمەی هەژار چاوەڕێی ئەوە بووین، ئەو ڕێبەرە داوای دەرکردنی (PMF)، ئەو سەربازانەی تورکیا کە بە بیانووی ناوبژیکردنی نێوان پدک و ینکەوە هاتبوون و چوار ساڵ بەسەر ڕێککەوتنامەی واشینگتۆندا تێپەڕی کردووە و هەر ملیان نەشکاندووە، بکات، کەچی وا تەواوی لەشکری تورکیا بۆ کوردستانی ئازاد، بانگهێشت دەکات! ئێمە بۆیە پێشوازی لە شەڕی نێوان ئەمریکا و عێراق دەکەین، بەو ئومێدەی بە ئازادکردنی ئەو دەڤەرانەی تری کوردستان کە هەنووکە لەژێر چەکمەی بەعسدان، دوایی بێت، نەک بۆ ئەوەی لەشکری تورکیا ئەو بەشەش داگیر بکات، کە ئێستا ئازادە.

کە لە ٢٠٠٢/٩/٨دا بارزانی و تاڵەبانی یەکتریان ڕامووسییەوە، لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن، لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە هەمان گوتاریان هەبێت، ئاخۆ ئەو گوتارە ناکوردستانییەی ینک، گوتاری پارتیشە؟ قەڵەمڕەوی ینک لەگەڵ تورکیادا هاوسنوور نییە، پێ دەچێت مەبەستی تاڵەبانی لە داوەتکردنی لەشکری تورکیا، لە عەرددانی پشتی بارزانی بێت. ئیدی کێ مافی ئەوەی هەیە بڵێت: ینک بەرژەوەندیی باڵای نیشتمان ڕەچاو ناکات!

٢٠٠٢/١٢/٢٦

١- ڕۆژنامەی Star ی تورکی ڕۆژی ٢٠٠٢/١٢/٢٦.

٢- ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط)ی ڕۆژی ٢٠٠٢/١٢/٢٦.

## تفەنگێک بۆ کرێ

من بە بەڵگەوە تۆمەتی ناپاکیم وەپاڵ تۆ دا، من هەمیشە پشت بە بەڵگەنامە و سەرچاوە دەبەستم. ئەوەی کە فائیق شێخ عەلی لە جەلال تاڵەبانی داوە، لە ژمارە (١٣)ی هەفتەنامەی (جەماوەر)یشدا بڵاو کراوەتەوە.[1] تۆ دەتەوێت بەوەی خۆت وەک کۆنەچەپ بە خەڵک بناسێنێت، سەریان لێ تێک بدەیت و نەتناسنەوە. نا بە هەڵەدا چوویت، ئەو زمانە بە جنێو دەوڵەمەندەی پێت نووسیوە، گەواهی لەسەر ناسنامەت دەدات، ئاخر تەنیا ئەوی خاوەنی پێشینەیەکی وەک هی تۆ بێت، هێندە سووک بۆ ژن دەڕوانێت. ئەگەر ڕابردووت خاوێنە، فەرموو بوێرە، ناوی خۆت ئاشکرا بکە! ئەها من چونکە شانازی بە ڕابردووی خۆمەوە دەکەم، بە ناوی خۆشمەوە ڕەخنە دەگرم. ئەها من لە حیزب و دەسەڵات ناترسم و تۆ زەندەقت لە وشەی ئازادی من چووە؟

فەرموو بەڵگەت چییە کە من چەکم دژی گەلەکەم هەڵگرتووە، بەڵام من بەڵگەم لایە، سەرانی ئەو لایەنەی تۆ هەنووکە داکۆکیی لێ دەکەیت، ساڵانێکی دوور و درێژ چەکیان دژی کورد هەڵگرتووە. من کە سەر بە حشع بووم، لە کۆمیتەی ڕۆشنبیراندا کارم دەکرد، کە زۆربەی ئەندامەکانی مامۆستای زانکۆی سلێمانی بوون. من لە ڕۆژی یەکەمەوە دژی هاوکاریی نێوان حشع و بەعس بووم و هەر لەبەر ئەو هۆکارەش کە ڕوانگەی منەوە ناپاکی بوو، لە حشع کشامەوە.

تۆ کە جنێو دەدەیت، پێش هەموو کەسێک سووکایەتی بە خودی خۆت دەکەیت. دەتوانیت سەدان جنێو بە من بدەیت، هەزاران تۆمەتی بێ بناغەم بدەیتە پاڵ، بەڵام ناتوانیت ڕابردووی تەڵخی خۆت ڕۆشن بکەیەوە. پشتگیریی لە خەزرەجی و سامەڕائی دەکەیت، کە دڵنیایت کوردیان ئەنفال کردووە، جنێو بە من دەدەیت، کە گوایە سەمینۆفە شڕێکم دژی کورد هەڵگرتووە! دەتوانێت خەو بەوەوە ببینێت، من بکەومە سەنگەری دژ بە گەلەکەمەوە، بەڵام مەحاڵە ئەو خەوەت بێتە دی و بەو داخەوە سەر دەنێیتەوە.

من کە ئاڵای داکۆکیکردنم لە گەلەکەم بڵند ڕاگرتووە و هەرگیز سازشم نەکردووە و تازە ناشی کەم، چاوەڕێی ئەوە دەکەم، لایەنێک کە ڕەخنەم هەراسانی کردووە، کەسێکی وەک تۆم لێ ڕابسپێرێت، تا جنێوم پێ بدات و تۆمەتم بۆ هەڵببەستێت. دوای ڕاپەڕین، فایلی هەمووان کەوتە ڕوو، فایلەکەی من هێندە خاوێن بوو، لە پێشانگادا نیشان درا. من خۆم دەزانم خەریکی چیم و ئامادەم باجی خەباتی خۆم بدەم، ئیدی خەڵکی وەک تۆ جنێوم پێ بدەن، یان گوللەم پێوە بنێن، سەرپشکن.

(وەک گوتەبێژێک بە ناوی وەزارەتی دەرەوەی تورکیاوە، بە ڕادیۆی عێراقی ئازادی ڕاگەیاندووە، تاڵەبانی داوای لە ڕژێمی تورکیا کردووە، کۆبوونەوەی داهاتووی، ئۆپۆزیسیۆنی عێراق لە ئەنکارا ببەسترێت.)[2] وەلێ چونکە تورکیا هەموو تفەنگێک بە کرێ ناگرێت، مام ڕەفزی بۆ هاتووەتەوە.

ینک خەو بەوەوە دەبینێت، ئەمریکا پەلاماری عێراق بدات و لەشکری تورکیا بێتە کوردستانی ئازادەوە، تا ببێتە کەواسووری بەر لەشکری تورک و بە هۆی تانک و زرێپۆشی تورکیاوە، هەولێر لە بن دەستی پارتی دەربهێنێت، ئەدی پدک بە هۆی تۆپ و تانکی سوپای عێراقەوە، هەولێری لە ژێر چنگی ینک دەرنەهێنا؟ بەڵام چونکە مێژوو شاهیدە، تاڵەبانی پیاوی (المهمات الفاشلە)یە، پێ ناچێت، ئەو خەوەی بەدی

بێت.

من خەوی نزم نابینم، خەو بەوەوە نابینم، ببمە شاعیری دەرباری سکرتێری ئەم حیزب، یان ئەو سەرخێڵ، خەو بەوەوە دەبینم، بەردەوام خەو لە چاوی چەوسێنەران و ناپاکان بزڕێنم.

٢٠٠٣/١/٥

١- فائیق شێخ عەلی پەلاماری مام جەلال دەدات، جەماوەر، لاپەڕە ١، ژمارە١٢، ٢٠٠٢/١٢/٢٩.

٢- بۆ ئەم هەواڵە بڕوانە سایتی پدک کە لە (ڕۆیتەرز)ی وەرگرتووە. ٢٠٠٣/١/٤

## ناپاکی لە نیشتمان

پازدە بیست ساڵێک بەر لە ئێستا، لەسەر ئەوەی ئایا نازم حیکمەت لایەنی خەباتی ڕەوای کوردی گرتووە یان نا، شەڕێکی ئەدەبی لە نێوان هێژایان کاکە حەمەی مەلا کەریم و د. کەمال مەزهەردا ڕووی دا.

لەو شەڕە خاوێنەدا کاکە حەمە وەک لێی چاوەڕێ دەکرا سەنگەری نازم حیکمەتی هەڵبژارد و د. کەمالیش بە توندی ڕەخنەی لەو شاعیرە مەزنە گرت.

سەرەتای ساڵی ١٩٨٨ لە شام ڕۆمانێکی تازە بە عەرەبی چاپکراوی نازم حیکمەتم کە ناوی (ژیان خۆشە، هاوڕێم) بوو، کڕی. کە هاتمە سوێد و خوێندمەوە، بینیم نازم حیکمەت لەو ڕۆمانەیدا بە ئاشکرا لایەنی خەباتی ڕەوای گەلی کوردی گرتووە و وای بۆ چووە، کورد بۆ گەیشتن بە مافی ڕەوای خۆی نابێت، پشت بە ئاغا و دەرەبەگ ببەستێت.

چونکە نازم حیکمەتم خۆش دەویست و پێشم خۆش بوو لەو شەڕە جوانەی نێوان محەمەدی مەلا کەریم و د. کەمال مەزهەردا، یەکەمیان بیباتەوە، ڕۆمانەکەم بەو ئومێدەی ببێتە چەکێکی دیکە بە دەستییەوە، بۆ کاکە حەمە ڕەوانە کرد، ئاخر د. کەمال بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد، کە نازم حیکمەت هەرگیز باسی کوردی نەکردووە.

من محەمەد ماغووتیشم خۆش دەوێت و زۆر بە شێوازی نووسینی، بە تایبەتی کە گەمە بە وشە دەکات، سەرسامم، لێ جێی داخە لەم دواییەدا کە دوا کتێبیم: (ناپاکی لە نیشتمانەکەم دەکەم،) دەخوێندەوە، نائومێدی کردم.

محەمەد ماغووت دەنووسێت: ( شۆڕشی ئێران پێش ئەوەی ئارامی بۆ ئێران دابین بکات، دەیەوێت بۆ باشووری لوبنانی دابین بکات، پێش ئەوەی دەستی بە سەر کوردستاندا گرتبێت، دەیەوێت قودس ئازاد بکات.)[1]

لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێراندا، ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەست کوردەوە دەبێت، ئەوە ماغووت زۆر سەغڵەت دەکات و بە ئەرکی سەرەکی ئێرانی دەزانێت، چی زووە دەستی بە سەردا بگرێتەوە. ماغووت زۆر نیگەران دەبێت بەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەند مانگێک لە ئێران یاخی دەبێت، بە مەرجێک ئێران یەکێک نییە لە وڵاتە عەرەبییەکان.

پێ دەچێت ئەگەر کوردی باشووری بچووک لە بەعسی سوریا یاخی ببن، ماغووت ناپاکی لە نیشتمانەکەی نەکات، قەڵەم دابنێت و لە دژی کورد دەست بداتە چەکی شەرەف.

٢٠٠٣/١/٢٩

١) محمد الماغوط، سأخون وطني، ص ٣٩٣ دار المدى ٢٠٠١ دمشق.

## ئەتککردنی شەهید ئارام

بە بۆنەی تێپەڕبوونی (٢٥) ساڵ بەسەر شەهیدبوونی (ئارام)دا، مەلا بەختیار لە بری ئەوەی ڕێز لەو هاوڕێ دێرینەی بگرێت، تا لە توانایدا بووە، سووکایەتی پێ کردووە. مەلا بەختیار دەنووسێت: (شەهید ئارام دەیگوت: مام جەلال تاکە ڕابەرە، بتوانێ چارەنووسی خۆمانی بدەینە دەست.)[1]

لە نێو کۆمەڵەدا دوو کەس، جێی ئومێد بوون، یەکەمیان ئارام، کە لە دژی سەرانی ینک، لە ناوچەی قەرەداخدا، گیری خوارد، تا شەهید بوو. دووەمیان ئازادی مەلا محەمەد، کە دەنگۆی ئەوە هەیە، بە پێی نەخشەیەکی سەرانی ینک تیرۆر کرابێت.

من شیعرم تەنیا بۆ دوو خەباتگێڕی نێو کۆمەڵە گوتووە، یەکەمیان: ئارام، دووەمیان ئازاد.

ئارام پێش ئەوەی ڕوو بکاتە شاخ، ماوەیەک لە ماڵی (تەها باراوی)دا خۆی حەشار دابوو. هەموو ئەوانەی لە (تەها باراوی)یەوە نزیک بوون، دەیان جار گوێیان لێی بووە، لەسەر زاری (ئارام)ەوە گوتوویەتی:

«مام جەلال ئیسفەنجێکە، زۆر دەترسم بۆ کوردستان بگەڕێتەوە و کۆمەڵە هەڵبمژێت.» شۆڕشگێڕی ڕاستەقینەی وەک ئارام، هەست بەو مەترسییانە دەکات کە دەشێت لە داهاتوودا ڕوو بدەن. ئەو پێشبینییەی ئارام هاتە دی، مام جەلالی ئیسفەنج گەڕایەوە و کۆمەڵەی هەڵمژی.

مەلا بەختیار چونکە هیچ ڕێز لە خەباتی درێژخایەن و ڕووباری خوێنی هاوڕێکانی ناگرێت، کە ئەو گوتەیەی وەپاڵ ئارام داوە، نە سەرچاوەیەکی دەستنیشان کردووە، نە تاقە کەسێکیشی بە شایەت گرتووە.

چونکە هەنووکە مەلا بەختیار هەر کە ناوی مام جەلالی هێنا، بۆی نییە (بەڕێز) و (خوا بیپارێزێت بۆمان)یش، نەڵێت، دەیەوێت ئەو گۆزەیە لەسەری ئارامیشدا بشکێنێت. دەڵێن لەشکری داگیرکەر، بەسەر گوندێکدا دەدات و هەموو کیژانی دێ، بێجگە لە یەکێکیان ئەتک دەکات.

دەستە خوشکەکانی چونکە نەیانتوانیوە داکۆکی لە خۆیان بکەن، دەچن کچەی ئەتکنەکراو، بە پەنجە بێبن دەکەن. مەلا بەختیاریش چونکە خۆی کۆیلەیەکی گوێ لە مستی مام جەلالە، دێت ئارام، پاش تێپەڕبوونی (٢٥) ساڵ بەسەر شەهیدبوونیدا، لە گڵکۆکەی دەهێنێتە دەرەوە و مێژووی دەشێوێنێت و ئەتکی دەکات.

٢٠٠٣/٢/٢

١) مەلا بەختیار، ئارام شەهیدێکی زۆر خۆشەویستی کوردستان، ماڵپەڕی کوردستان نێت ٢٠٠٣/١/٣١

# «بەڵگەنامەیەک» سەبارەت بەڕاپەڕینی وەرزێڕانی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی بۆکان

نووسین و وەرگێڕان: ئەنوەر سوڵتانی

لە ژمارەی پێشووی گزینگ(ژ٣٧)دا وتارێکی بەڕێز مەلا «عومەری عەسری» بڵاوبووەوە کە ڕەخنەیەک لە وتاری من لەمەڕ ڕاپەڕینی وەرزێرانی ناوچەی فەیزوڵڵابەگیی بۆکانی گرتبوە بەر وا ئەویش هەر لە گزینگ (ژ ٣٦)دا بڵاوکرابووەوە.

وتاری مەلا عومەر دارماڵی زانیاری لەمەڕ ئەو ڕووداوە مێژووییە بوو و من کەڵکی زۆرم لێوەرگرت، بەڵام بۆچوونەکانی نووسەر جێگەی قسەی زۆر بوون و دەکرا ڕوونکردنەوەی تەواویان لە سەر بنووسرێت بەتایبەت هەندێ شتی لە زمان منەوە نووسیبوو کە لە هیچ شوێنێکی وتارەکەمدا نەهاتبوو! سەرەڕای ئەوە، من بە گوێرەی نەریتێک کە هەمیشە ڕەچاوم کردووە، وەڵامی هیچ ڕەخنەیەک لەمەڕ نووسینەکانی خۆم نادەمەوە ئەویش لە سەر ئەو ئەساسەی کە ڕێز لە بۆچوونی ناحەزی خۆم دەگرم و بە مافی هەموو کەسێکی دەزانم بۆچوونی جیاواز لە منی هەبێت.

هەروەها لام وایە چاپەمەنی کوردی نابێ ببێتە گۆڕەپانی شەڕەقسە و بەگژیەکداچوون، هیچ کەسێک دوور لەهەڵە نییە و هیچ حەقیقەتێکیش موتڵەق نییە، دەگونجێ چەند کەس لە چەند ڕوانگەوە بڕواننە دیاردەیەکی تایبەت و هەرکام بە شێوەیەکی ببینن. بەڵام هێرش کردنە سەر باوەڕی کۆمەڵایەتی ـ سیاسی خەڵک لە جیاتی هەڵسەنگاندنی قسەکانیان، کارێکی ئەمڕۆیی نییە و ئەو چەشنە «پشکنینی باوەڕ»ە هی سەدەکانی ناوەڕاستە، با ئێمەش هەموو لایەکمان خۆی لێ بپارێزین. هەرچۆنێک بێت، گەردنی مامۆستا مەلا عومەر لەلای منەوە ئازادە، لایەنی گشتی مەسەلەکەش لە بەرپرسیارەتی خۆی دایە.

* * *

دوابەدوای بڵاوبوونەوەی وتارەکەم لە گزینگدا، برادەرێکی خۆشەویست لە مەهابادەوە بەڵگەنامەیەکی فارسی بۆ ناردم کە پێوەندی بە هەمان بابەتی ڕاپەڕینی خەڵکی بۆکان و گوندەکانی دەوروبەرەوە هەیە. ئەو برادەرە بەڕێزە نەیتوانیبوو لە ناوخۆی وڵات بەڵگەنامەکە بڵاوبکاتەوە و لە نامەیەکدا بۆی نووسیبووم «کاکە! ئاغا ئێستاش پیاو دەخۆن!» واتە بەڵکوو تۆ لە دەرەوەی وڵات بڵاوی بکەیەوە.

من بەڵگەنامەکەم دەقاودەق لە پێوەندی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٥٣ی ناوچەکەدا بینی و لام وابوو پێویست بێ بڵاوبکرێتەوە. هیوادارم باسەکە لە پرۆپێست بێتە دەرێ و ئەو خەڵکانەی وا ڕووداوەکانیان بە چاوی خۆیان بینیوە ــ لە هەر بەرەیەکی کێشەکە بووبێتن، بێنە قسە و بیرەوەرییەکانیان بنووسن. یەک لەوانەش جەنابی مامۆستا شێخ عیزەددینە کە لە وتاری مەلا عومەردا ئاماژەی پێکرابوو.

سەبارەت بەم بەڵگەنامەیە، هەندێ ڕوونکردنەوەم هەن:

١) بەڵگەنامەکە، بریتی یە لە هەواڵێکی ڕۆژنامەی کەیهان چاپی تاران کە لە ژمارەی ڕۆژی ١٣٣٢/٧/٥[=١٩٥٣/٩/٢٧]ی ڕۆژنامەکەدا بڵاوبۆتەوە، واتە دەوروبەری مانگێک دوای کودیتای ٢٨ی گەلاوێژ.

دیارە بابەتەکە بە فارسی نووسراوەو برادەرە مەهابادییەکەم زەحمەتی لەبەر نووسینەوەی کێشابوو، منیش کردمە کوردی و وا دەینێرم بۆ گزینگ و خوێنەرەوانی بەڕێزی.

٢) بابەتی هەواڵەکە بریتی یە لە سەفەری تاقمێک لە ئاغاواتی بۆکان و دەوروبەری بۆ تاران و چوونە لای حەمەڕەزا شای پەهلەوی و پاشان چوونە سەر گۆڕی ڕەزاشای باوکی کە لە هەردوو شوێن، خوالێخۆشبوو قاسم ئاغای ئێلخانیزادە بە نوێنەرایەتی لەلایەن هەموانەوە وتاری داوە.

٣) سەفەری وەفدەکە بۆ تاران و ئەو قسانەی وا نوێنەرەکەیان لە بەر دەمی شا کردوویەتی لە چوارچێوەی دۆخی سیاسی ــ کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەی ئێران و خەسڵەتی چینایەتی ئاغاواتدا دەگونجێن، هەر بۆیەش باش وایە لە چوارچێوەیەکی گشتی ئەوتۆدا سەیر بکرێن و نەخرێنە قاڵبی مەسایلی شەخسی و کێشەی تایفەیی و عەشیرەییەوە.

٤) سەرەڕای ئەوەی بۆچوونی نوێنەری ئاغاکان دەقاودەق نوێنەرایەتی بەرژەوەندی چینایەتییان دەکات، ئەو ڕاستییەش لە قسەکانی دەردەکەوێت کە کۆبوونەوە و چوونیان بۆ تاران و تەنانەت بۆچوون و داخوازییەکانیان هەر هەمووی لە لایەن ئەفسەرانی سوپای ئێرانی لە ناوچەکەوە ڕێکخراوە و جگە لە یەکدووکەس، ئەوانی تریان وردە مالیکێک بوون کە بە سووکە ئیشارەیەکی پەنجەی کەسانی وەک «شابەختی» هەڵدەسووڕان . واتە ئەو هەڵوێست گرتنانەیان نابێ وەک «خەیانەتی مێژوویی» و شتی ئەوتۆ سەیر بکرێن، بەڵام ئاشکرایە کە دژ

بە خواستی گەل و بەرژەوەندیی زەحمەتکێشان دەوەستن.

٥) گرینگایەتی قسەکانی خوالێخۆشبوو قاسم ئاغای ئێلخانیزادە (موهتەدی) لە پێوەندی ئەم باسە تایبەتەدا، بریتی یە لە لایەنی مێژوویی ڕووداوەکان، منیش هەر بەو بۆنەیەوە بلاوی دەکەمەوە.

لەو ڕاپۆرتەدا کە قاسم ئاغا ئاراستەی شای دەکات، گەرچی واهەیە لایەنی خزمەتی ئاغاواتی بۆکان و دەوروبەری بە ڕژێمی شا و دژایەتیکردنی خەباتکاران و ڕاپەڕیوانی ناوچەکە هەندێ گەورە کرابێتەوە بەڵام بە گشتی، زۆربەیان ڕاستی مێژوویین و ئاغای چەوسێنەر و دەرەبەگی زۆردار بۆ بەرژەوەندی خۆیان ئەوەی لە توانایاندا بوو دژ بە وەرزێری گوند و کاسبکاری شاری بۆکانیان کرد و هەر بەڵایەک توانیان بە سەریان هێنان.

٦) قسەکانی قاسم ئاغا پەسندی لایەنێک لە بۆچوونەکانی مەلا عومەریش دەکەن کە بریتی یە لەو ڕاستییەی لە سەردەمی ڕاپەڕینەکەدا، بە تەنیشت لایەنی چینایەتی خەباتی وەرزێرانەوە، هەستی نەتەوایەتی کوردیش گرینگایەتی و قورسایەتی خۆی هەبووە و ئەوەش لەو بەشەی قسەکانی قاسم ئاغا دەردەکەوێت کە ئاماژە بە «پیلانی ساڵی ١٣٢٤» [١٩٤٥] و «جودابوونەوە» دەکات. ئاشکرایە ساڵی ١٣٢٤یش هیچ نییە جگە لە سەرهەڵدانی کۆماری کوردستان. ئەم لایەنە لە وتارەکەی مندا لەبەرچاو نەگیرابوو و سپاسی مەلا عومەر دەکەم بۆ ئاماژە پێکردنی.

٧) بەکورتی، ئەم وتارانە لەلایەن کەسێکەوە دراون کە خۆی ڕێبەر و ڕێکخەری هەموو چالاکییەکی دژ بە ڕاپەڕیوانی بۆکان و دەوروبەری بووە و هەربۆیەش دەبێ وەک زانیارییەکی سەرەکی سەیر بکرێن.

٨) ئەم ڕوونکردنەوانەی خوارەوەش پێویستە بۆ کەسانێک بنووسرێن کە واهەیە شارەزایی تەواویان لە ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژانە نەبێت:

ـ قاسم ئاغا باسی گەڕانەوەی «مەوکیب»ی شا دەکات، ئەوەش ئاماژەیە بەو ڕووداوەی کە شا لە ژێر زەختی گەلانی ئێران و حکوومەتی میللی دوکتور موسەدیق دا ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٣٢ [١٩٥٣] لە ئێران هەڵات و پاش ئەوەی «بەغدا» بوو بە «نیوەی ڕێگەی»، گەیشتە ئیتالیا بەڵام سێ ڕۆژ دواتر بە هۆی کودیتای خائینانەی دەزگا جاسووسییەکانی ڕۆژئاوا و هەندێ ئەفسەری بەکرێگیراوی سوپای ئێرانەوە گەڕێنراوە سەر تەخت. وەفدی ئاغاواتی بۆکانیش بە ڕواڵەت بۆ پیرۆزبایی ئەو گەڕانەوەیە چوونە تاران.

ـ وا دەردەکەوێ کە ئەمەر حاجی قاسم کەریمی و ڕێبەرانی دیکەی بزووتنەوەکە، لە ناو حیزب و ڕێکخراوە جیاجیاکانی «جیبهەی میللی»دا پێوەندییان لەگەڵ «حیزبی ئێران» بووبێت کە لەو ساڵانەدا گەلێک چالاک بووە.

ـ ڕاپەڕینی خەڵکی بۆکان دژ بە ئاغاوات لە ماوەیەکی کەمدا پەرەی سەندووە و شارەکانی مەهاباد و ورمێ و سنەیشی تەنیوەتەوە. «شارستان»ی مەهاباد، بۆکان و هەروەها سەردەشت و خانێ(پیرانشار)یشی دەگرتەبەر.

ـ «حیزبی ئێران» و «حیزبی توودەی ئێران» ئەگەر لە پلەی ڕێبەرایەتیشدا دروشمی هاوبەش و کاری هابەشیان نەبووبێت، لە ڕیزەکانی خوارەوە و لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا ڕێبازیان لێک نزیک بۆتەوە بەتایبەت لە دژایەتیکردنی سیستەمی ئەرباب و ڕەعیەتی دا. جیبهەی میللی و دوکتور موسەدیق لایەنگری بەربەستکردنی دەسەڵاتی ئاغا و خاوەنزەوییەکان بوون.

ـ نیاز لە دەوڵەت، کاتێ کە قاسم ئاغا گلەیی لێدەکات، دەوڵەتی میللی دوکتور موسەدیقە وهەندێ ئەفسەری سوپا و پۆلیسی سەردەمی حکوومەتی ئەویش هاوهەنگاوی ڕاپەڕیوەکان بوون و لایەنی ئاغاواتیان نەدەگرت؛ نەک هەر ئەوان بەڵکوو کاربەدەستانی دەوائیری دەوڵەتی و بۆ نموونە دادگای شاری مەهابادیش لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکدا بوون. ئەوانە هەمووی لە وتارەکانی قاسم ئاغادا دەردەکەون.

ـ شابەختی فەرماندەی سوپای ڕۆژئاوای ئێران بوو.

ـ ئەمەر حاجی قاسم کەریمی لە ساڵی ٢٠٠٢ لە هەولێر و لە تەمەنی ١٠١ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، یادی بەخێر بێت. (بڕوانە سایەتی ئینتەرنێتی www.bokan.de).

ئەنوەر سوڵتانی

* * *

## گەیشتنی عەشایری (بۆکان)ی ڕۆژئاوا بە حوزووری ملووکانە*

سەعات ٩ی سەر لە بەیانی ڕۆژی شەممە ٤ی میهر [=٩/٢٦] ژمارەیەک لە عەشایر گەیشتنە خزمەتی ئەعلاحەزرەتی پیرۆز و جەنابی قاسم ئێلخانیزادە بابەتێکی بەم شێوەیە عەرزی شا کرد:

ئەی شاهەنشا! لە ڕێگەیەکی دوور و بە دڵێکی شاد و گەشاوەوە هاتووینەتە پابۆسی بۆ ئەوەی هاتنەوەی مەوکیبی موبارەکتان بە حوزووری پیرۆزتان موبارەکبادی بڵێین و هەروەها بۆ ئەوەی خاتری شکۆداری شاهانە ئاگادار بێت کە لە کەڵێن و قوژبنی وڵاتدا خەڵکانی لە خۆبوردووی ئەوتۆ هەن کە گیان و تێشووی ساڵیانی دوورودرێژی خۆیان و تەنانەت ئابڕوو و ئیعتیباری خۆ و بنەماڵەکەیان دەکەنە قوربانی ڕێگەی هەرمانی وڵات و شاهەنشای خۆیان.

وا بە کورتی ئەو ڕووداوانەتان عەرز دەکەم کە لە مانگی ڕەشەمەی ساڵی ڕابردوودا [واتە ساڵی ١٣٣١= مارچی١٩٥٣. وەرگێڕ] لە بۆکان ڕوویاندا. لەوکاتەدا کە پیلانگێڕان لە پێتەخت تەوریان لە ڕەگ و ڕیشەی سەربەخۆیی وڵات دەدا، لە شارەکانیش خەریکی هەمان ئەو ڕێکخستنانە بوون. دارەدەستەکانی «حیزبی ئێران» لە بۆکان پێش هەموو شوێنێکی تر

دەستیان بە چالاکی کرد. وابوو چەند هەفتەیەکی بە سەردا تێنەپەڕی، کە کارەکانیان پەرەی سەند و هەموو شارستانی مەهاباد و تەنانەت ورمێ و سنەشی گرتەوە. حیزبی ناوبراو، بە هاوکاری لەگەڵ [حیزبی] توودە، ڕەعیەتیان دژ بە ئاغاکان هاندەدا بە شێوەیەک کە هەندێ لە [سەرەک] عەشیرەتەکان لە گوندەکانیان هەڵاتن و ژن و منداڵیان لە مەترسی لە ناوچووندا بەجێهێشت. لە شارەکاندا چوونە تەلگرافخانەکان و لەوێ نیشتەجێ بوون و بابەتەکەیان چەندەهاجار بە گوێی دەوڵەتدا دا. بەڵام بەداخەوە تەلگراف و نامە وپاڕانەوەی خەڵک کەمترین شوێنی دانەنا و وەڵامی نەدرایەوە.

بارودۆخ ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ خراپتر دەبوو و ئاغاوات و عەشیرەتەکان ڕووبەڕووی هەلومەرجێکی ئەستەم بووبوونەوە.

لە گوندی «ئاڵبلاخ» ی نزیک بۆکان، ڕەعیەت هێرشیان کردە سەر ماڵی ئاغا، ژن و منداڵیان لێ بە دیل گرت، خۆیان کوشت و ماڵیشیان لێ تالان کرد. لە چەندین گوند، دارکاری مەئموورانی جەندرمەیان کرد و لە گوندیان وەدەرنان. لە ئاواییەکی تر، بە پێی حوکمی فەرمانده‌ی تیپ، بە داروتێلا هێرشیان هێنا. لە هەموو ئەو ماوەیەدا، خەڵکانی ئاژاوەچی لە لایەن «بازپورس» و «دادستان»ی مەهابادەوە پشتگیریان لێ دەکرا و بۆ ملبادانەوە لە یاسا هانیان دەدان. ئێمەی نۆکەرانی شا، ئەو بارودۆخە پڕ مەترسییەمان بەچاو دەبینی و یارییەکانی پشت پەردەمان بە وردی سەیردەکرد و دەمانزانی مێژوو دووپاتدەبێتەوە نەخشەی ساڵی ١٣٢٤[١٩٤٥] بە شێوەیەکی ڕێکوپێکتر دێتەوەدی. ڕەعیەتی هەژاریان فریوەداوە و دەداویان خستووە و نزیکە نیشتمانفرۆشان هەوساری کارەکان بگرنەدەست و هەتا ئێمە وەخۆبێنیەوە کە نە لە ڕوز نیشانێک ماوە و نە لە ڕەزەوان. بەڵام لەوەیکە دەمانبینی ئەو نەخشەیە بە دەستی دەوڵەت بەڕێوەدەبرێ و زۆرتر مەسەلەکان و هەتا ئەوەی کە ژنەفتمان گوایە ئەعلاحەزرەت... [چەن وشەیەک ناخوێندرێتەوە] دەیانەوێ وڵات بە جێ بهێڵن، ئیدی ئێمە تاقەتمان لێ بڕا و زیاتر سەبر و لەسەرخۆییمان بەباش نەزانی. ژمارەیەک لە شادۆستانی بنەماڵەی ئێلخانیزادە، بنەماڵەی عەلیار، تایفەی قارەمانی، تایفەی عەبباسی، مەحموودی شێخ ئاغایی و تایفەی زولفەقاری، پەیمانی مردنمان بەست و دەست بەکاربووین. بە ڕاپەڕینێک بۆکان و دەوروبەریمان لە ماوەیەکی کەمدا گرتەوە، خاینان و لادەرانمان سەرکوت و پەرش و بڵاوکرد، ئاغاواتی هەڵاتوومان گەڕاندنەوە شوێنی خۆیان و پیلانی خەیانەتکارانمان هەڵوەشاندەوە. ئیتر بە کەرەمی خودا، کوردستانی لە دەستچوو سەرلەنوێ ڕزگارکرایەوە.

ئەم خەباتە قارەمانانەی ئێمە کە لە ئەوینی شا و نیشتمان هەڵقوڵابوو خەڵک بە چاوی سەیر وسەمەرە لێیاندەنواڕی و بەکارێکی شێتانەیان دادەنا، بەڵام بەیارمەتی خودا و بەختی شاهەنشای ئێران، سەرکەوتن نسیبی ئێمە بوو و جارێکی تر دوژمنانی سەرشۆڕ و تێکشکاو لە مەیدان

> و ترک وطن را خواستار شده‌اند دیگر
> طاقت نیاورده و بیشتر صبر و شکیبائی
> را جایز نشمردیم یکه‌بو از شاهدوستان
> خانواده ایلخانی‌زاده خانواده علی‌یار
> طایفه قهرمانی - طایفه عباسی - محمود
> شیخ آقایی - طایفه ذوالفقاری پیمان
> مرگ بستیم وداخل در عمل شدیم بایک
> قیام بوکان واطراف آنجارا درمدت
> قلیلی متصرف خائنین و منحرف شدگان
> را سرکوبی و تار ومار مالکین فراری
> را درجاهای خود مستقر و نقشه خیانت
> کاران را نقش بر آب ساختیم بفضل
> الهی باردیگر کردستان از دست رفته
> نجات یافت .
>
> اجتماعی که عبارت ا
> پاداش خدمتگزاران
> دو نفر از افسر
> حساس ترین موقع
> گذشته و با یک اراد
> محکم بشاهنشاه خو
> پرستان را یار و
> سرهنگ مظفری در
> است که آرزو دار
> اعلیحضرت همایونی
> در شائبه دوام
> خسروی و سعادت و
> ذات اقدس همایو

هەڵاتن و مەترسی دامەزرانی ڕژێمێکی توودەیی و دەنگی ناخۆشی جیاوازیخوازی بۆ ماوەیەک هەڵگیرا و خامۆش بوو [هێڵەکان لەلایەن وەرگێڕەوە کێشراون] گەرچی لەو بگرە و بەرەیەدا ئێمە بووینە ئامانجی خاینەکان و هەندێک لە خزم و کەسوکارمان کوژران و بریندار بوون و دوای کۆتایی هاتنی ئاژاوەکەش ژمارەیەک لە ئێمە دەست بەسەرکران، لەوانە قاسمی ئێلخانیزادەیان بە تاوانی پشتیوانی لە مەقامی سەڵتەنەت و ڕێزە لە بەرانبەر وێنەی شاهەنشا بۆ ماوەی چەند مانگێک خستەزیندان و لە ترۆمبیل هاویشتیانەخوارەوە و ئازاریان دا، عوسمانی عەلیار و حوسێنی قارەمانییان هەرکام بە بیانوویەک زیندانی کرد و بۆ ژمارەیەکیش لە ئێمە حوکمێکی دیکەیان ڕاگەیاند، بەڵام سەرەڕای ئەوانەش چکۆلەترین شڵەژانێک لە ئیمان و باوەڕی ئێمە بەدینەکرا و ئێستا بەوپەڕی سەربڵێندییەوە ڕووبەڕووی شاهەنشای خۆمان وەستاوین و بە شێوەی سەربازانی ئێرانی دێرین خزمەتەکانی خۆمان بە بارەگای خاوەنتاجی مەزن ئاراستەدەکەین و تەنیا داواکاریی ئێمە لە خاکی ژێرپێی خاوەنشکۆیی، بەڕێوەبردنی دادگەری کۆمەڵایەتی یە کە بریتی بێت لە سزادانی خەیانەتکاران و خەڵاتی خزمەتکاران.

دووکەس لە ئەفسەرانی فیداکار کە لە ناسکترین بارودۆخدا چاویان لە هەموو شتێکی خۆیان پۆشی و بە ئیرادەیەکی بەهێز و باوەڕێکی قایم بە شاهەنشای خۆیان پیاوانە شاپەرستانیان دالدە و یارمەتی دابوو، یەکیان سەرهەنگ موزەفەری و دووهەم سەرگورد عامری یە کە هیواداریـن بکەونە بەر لوتفی ئەعلاحەزرەتی خاوەنشکۆ.

لە کۆتاییدا دەوام و مانی تاجی خوسرەوی و سەعادەت و سلامەتی بۆ زاتی موبارەکی خاوەنشکۆیی لە پەروەرندەی جیهان خوازیارین و جارێکی دیکەش خوداوەندی مەزن بە شاهید دەگرین کە پەیمان و بەڵێنمان لەگەڵ خاوەنتاجی مەزن و خۆشەویست قایمتر و ئامادەیی خۆمان بۆ هەموو چەشنە گیانبەختکردنێک ڕادەگەیێنین و لەم کاتەدا کە تیمسار شابەختی بۆ سەرپەرستی ئازەربایجان دیاریکراون، هیواداریـن بە هۆی ئەو ئەزموون و زانیارییانەی وا لە ناوچەکەیان هەیە و بەو متمانەوە کە خەڵک بە

ئەمانەتداری و ڕاستی و پاکی ئەویان هەیە، کارەکان بە شێوەیەک بەڕێوەببرێن کە خاتری پیرۆزی شاهانەیان پێ ڕازی و دڵشاد بێت. هەر بمێنێ ئێران، سەرکەوتوویێ شاهەنشا: ئیبراهیمی قارەمانی، ئیبراهیمی عەلیار، عەبدوڵڵا ئێلخانیزادە، حەمزەی قارەمانی، قاسمی ئێلخانیزادە، مەحموودی شێخ ئاغایی، عەبدوڵڵای زولفەقاری، ئیسماعیلی شێخ ئاغایی، حوسێنی قارەمانی، محەمەدئەمینی قارەمانی، عەبدوڵڵای قارەمانی، سەعدی ئێلخانیزادە، قەرەنی ئێلخانیزادە، محەمەدی هیدایەتی، ئیبراهیمی نوورانی، عەبدوڵڵای بەهرامی، مەحموودی شوجاعی و محەمەدئەمینی کەریمی.

ئەعلاحەزرەتی خاوەنشکۆ دوای نواندنی میهرەبانییەکی زۆر وەهایان فەرموو:

بە خواستی خوداوەند حەق بە سەر باتڵدا زاڵ بوو، ئێوە کە بە سەر ڕێبازی ڕاستدا ڕۆیشتن بەبێ دەستخۆشانە نامێننەوە و خزمەتەکانی ئێوە لە حاند منەوە لەبەرچاوگیراوە. پاشان فەرموویان ئەوانەی کە هاوپەیمان بوون بە منیان بناسێن کە لە لایەن جەنابی ئێلخانیزادەوە ناسێندران.

لەسەعات ٥ی ئێوارەدا عەشایری دەوروبەری بۆکان چوونە سەر گۆڕی شاهەنشا [ڕەزاشا]ی لەدەستچوو و بە دانانی چەپکەگوڵ ڕێز و قەدرزانی خۆیان دەربڕی و ئەو قسانە لەلایەن ئاغای قاسمی ئێلخانیزادەوە کران:

هرگز نمیرد آنکه دلش زنده شد به عشق
ثبت است در جریدهء عالم دوام ما

[حافزی شیرازی]

(هەرگیز نامرێ ئەوەی دڵی زیندووبێ بە عیشق
لە ڕۆژنامەی جیهاندا تۆماربووە دەوامی مە)

ئەو شاهەنشا دادپەروەرەی وا ناوی ئێران و ئێرانی لە جیهاندا بەرز کردەوە و بە شانازی و شەرەفەوە کۆچی دوایی کرد، ئێستا بە چاوی چاوەڕوانییەوە دەڕوانێتە کردەوە و ئاکاری ئێمە و دیارییەکی پڕبایەخی بە دەستی ئێمە سپاردووە کە بریتی یە لە ئیسلاحات و پێشکەوتنی ئێرانی ئازیز و لە ئێمەش خوازیاری ڕاگرتن و پاراستنێتی. جوامێرێک وا تەمەنی خۆی بەختی وڵات و ئەرک و زەحمەت لە ڕێگەی ئەم میللەتەدا کرد زۆر زوو لەناوچوو، خوداوەند لە پەنا ڕەحمەتی خۆیدا ڕایبگرێ. ئەی مرۆی پۆڵایی! ئاسوودە لە گۆڕی خۆتدا بخەوە کە ئێمەی عەشایری خزمەتکار و بەئەمەگ لە پێناو ڕاگرتن و پاراستنی زەڕەزەرەی خاکی پاکی وەتەن، تا دڵمان لە سینگدا لێبدات ئەرکی خۆمان کە گیانبازی لە پێناو نیشتمانی ئازیز و ڕۆڵەی ئازا و خاوەنتاجتە، بەجێ دێنین. دەقیقەیەک بێدەنگی ڕاگەیێندرا و لە سەعات ٥،٣٠ ڕێوڕەسمەکە کۆتایی پێهات و لەلایەن ئاغای عیشقی نوێنەری بارەگای شاهەنشایی، ئاغایان بە خواردنی شیرینی و چا دەعوەت کران و میوانداریيەکی گەرم و خۆمانە بەڕێوەچوو.

* ڕوزنامه‌کیهان، تهران ـ مهرماه ١٣٣٢ (٢٧ سپتامبر ١٩٥٣).

# سێ کورتە بابەت

ئەنوەر سوڵتانی

## ١) کۆچی دوایی پرۆفیسۆر مەکەنزی

بە گوێرەی هەواڵی برادەرێکی بەڕێز کە دواتر لەلایەن زانکۆی «سواس»ەوە تەئییداکرا، پرۆفیسۆر دوکتۆر «د. ن. مەکەنزی» مامۆستای پێشووی قوتابخانەی توێژینەوە ڕۆژهەڵاتی و ئەفریقییەکانی سەر بە زانستگەی لەندەن (سواس)، لە ٢٠٠٢/١٠/ ١٣دا کۆچی دوایی کردووە.

مەکەنزی ناسیاوی کولتوور و زمانی کوردی و خاوەنی چەندین وتار و لێکۆڵینەوە لەمەڕ زمانی کوردی و پێوەندییەکۆنەکانی بوو. بۆچوونی مەکەنزی لەمەڕ پێوەندی زمانی ئێستای کورد و زمانی نەناسراوی مێدی بوە هۆی هەڵوێستگرتنی زۆری ڕووناکبیران و زمانەوانانی کورد و لەوانە: نەمر تەوفیق وەهبی و دوکتۆرئەمیری حەسەنپوور.

سەرەڕای ئەمانە، مەکەنزی خزمەتێکی بەرچاوی بە زمانی کوردی کرد و لەپێناو ناساندنی گەلی کورد و کولتوورەکەی بەبیر و ڕای گشتی گەلانی ئەورووپی ئەرکێکی زۆری ڕاپەڕاند.

لە وتارێکی کورتدا کە لە ژمارە ٢٢ی ساڵی ١٩٥٩ی گۆڤاری قوتابخانەی توژینەوە ڕۆژهەڵاتی و ئەفریقییەکاندا بڵاوکرایەوە، مەکەنزی باسی کۆپلەیەک دۆعا و پاڕانەوە دەکات کە لە کتێبێکی کۆنی سەدەی پازدەهەمی کۆچیدا بە چەندین زمان نووسراوە و زماناسی گورجی «شانیدزە»، یەک لەو زمانانە بە زمانی مێدی ناودەبات. مەکەنزی لە ڕوونکردنەوەکەی خۆیدا دەڵێ ئەو کۆپلە مێدییە هیچ نییە جگە لە زمانی کوردی و واتای هەموو وشەکانی دێنێتەوە سەر زمانی کوردی.*

یادی پرۆفیسۆر دوکتۆر «د. ن. مەکەنزی» وەک توێژەرەوەی زمان و کولتووری گەلەکەمان بەخێر بێت.

* بۆ تەرجەمەی یەم دەقە بڕوانە: گۆڤاری سروە ژمارە ١٨٢، ل ٨٥.

## ٢) بەڵگەنامەکانی «میس بێڵ»

خاتوو گێرترو بێڵ «Miss Gertrude Bell» (١٨٦٨–١٩٢٦)[١] کچێکی خەڵکی دوورهامی بریتانیا بوو کە بەشێکی زۆری تەمەنی خۆی لە خزمەت سیاسەتی دەوڵەتەکەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

وبەتایبەت عێراقدا بردەسەر. ناوبراو بە دامەزرێنەری دەوڵەتی عێراق دەناسرێ و دەگوترێ هەر ئەوبوو کە وەک "سکرتێری ڕۆژهەلاتی مەندووبی سامی" لە بەغدا، مووسڵ و بەسرە پێکبێت و دواتر دیتمان کە واش بوو.

بێل لە چەندین وڵاتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مایەوە و تەنیاهەر لە عێراق ١٧ ساڵ ژیا، لە ماوەی ئەو ساڵانەدا نزیکەی ١٦ هەزار نامەی بۆ باوکی و ئەندامانی بنەماڵەکەی نارد. هەروەها ١٦ بەرگ بیرەوەری ساڵانی نێوان ١٩٠٠ و ١٩١٨ی خۆی تۆمار کرد و زیاتر لە ٧ هەزار وێنەی شوێنەوار و سروشت و شار و گوند و دانیشتووەکانی لە عێراق و تورکیا و وڵاتانی تر گرت کە زۆربەیان تائێستا پارێزراون و بوونەتە گەنجینەیەکی بەنرخ بۆ ناسینی سیاسەتی ئەو ساڵانەی حکوومەتی بریتانیا لە ناوچەکە و هەروەها دیراسەکردنی مێژووی کۆمەلایەتی - سیاسی وڵاتانی ناوچەکە بەتایبەت عێراق بە کوردستانیشەوە.

زانکۆی «نیوکاسل»ی بریتانیا لە نێوان ساڵانی ١٩٨٢ و ١٩٨٨دا کۆمەڵەی ئەو بەڵگەنامە و ڕەسمانەی دیراسە و چاپ کردووە و لەم دواییانەدا خستوونیەتە سایتێکی ئینتەرنێتەوە کە هەموو کەس دەتوانێ دەستیان پێڕابگەیێنێ.

بابەتی سایتەکە بریتی یە لە نامە و بیرەوەری و ڕەسمەکانی میس بێل.

بەشی یەکەم نامەکانن کە هەموویان تایپ کراون و بە گوێرەی تەئریخ یەک بەدوای یەکدا هاتوون. یەکەم نامە لە ڕۆژی ١٨٧٤/٧/١٢ و دوایین نامە لە ڕۆژی ١٩٢٦/٧/٧دا نووسراون. بابەتی نامەکان کاروباری شەخسی، خێزانی، کۆمەلایەتی، مێژوویی، شوێنەوارناسی و سیاسەت دەگرنەبەر. بەشێک لە نامەکان فەوتاون.

بەشی دووهەم بیرەوەرییەکانن کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک نووسراون گەرچی هەندێ جار ناتەواوییان تێدا بەرچاو دەکەوێت و هۆی ئەوەش دەتوانێ دو شت بێت. یا میس بێڵ نەپەرژابێتە سەر نووسین یاخود بیرەوەرییەکان دواتر فەوتابن. بەگوێرەی سایتەکە، هەندێ کتێبی میس بێڵ لە ڕاگواستندا کەوتوونەتە چۆمی دیجلەوە و لەناوچوون. بیرەوەرییەکان لە سایتەکەدا بەگوێرەی ساڵ و مانگ دابەشکراون و ئەوەندەی من سەرنجم دابێتێ لە ڕۆژی ١٨٧٧/٣/٢٩ دەستیان پێکراوە و لە ١٩١٩/١٠/٢٢ واتە ٧ ساڵ پێش مردنی نووسەر، کۆتاییان پێهاتووە. بیرەوەری هەر ساڵێک بە سەر مانگدا دابەشکراوە و هەر مانگێک چەندین ڕۆژی گرتۆتەبەر، خۆ ئەگەر هی هەموو ڕۆژێکی مانگیش نەبن.

بەشی سێهەم بریتی یە لە وێنەی فۆتۆگراف. میس بێل کە لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتوو بووە خوێندنی لە زانستگەی ئۆکسفۆرد تەواو کردووە و لە سیستمی سیاسی بریتانیا لە دەرەوەی وڵاتیشدا پلەیەکی کەم و زۆر بەرزی هەبووە، لە ماوەی ساڵانی ژیانی دووره وڵاتی وێنەیەکی زۆری شوێنەواری هەمە چەشنەی مێژوویی و ژیانی نێو کۆمەڵگای کێشاوە. وێنەکان لە سایتی زانستگەی نیوکاسل دا کراون بە ٢٩ ئاڵبۆم(A تا Y): ئولبۆمی A سەرجەم ٥٦٧ وێنە و، ئاڵبۆمی Y سەرجەم ٦١٤ وێنەیان تێدا تۆمار کراوە، پاشماوەی ئاڵبۆمەکانی تریش بە هەمان شێوە.

بەشێک لە بەڵگەنامەکانی میس بێڵ پێوەندییان بە عێراقەوە هەیە و ئاشکرایە هەندێکیان کوردستان و گەلی کوردیش دەگرنەوە و هەربۆیەش دەتوانن سەرچاوەیەکی گرینگ بن بۆ توێژەرەوەکانی کورد و ئەویندارانی مێژووی عێراق.

**تێبینی:** من ئەم زانیارییەم سەرەتا لە ڕۆژنامەی گاردیەن، ڕۆژی ٢٠٠٢/٢/١٢ دا خوێندەوە و پاشان سەردانی سایتەکەم کرد. ئەوەش ئەدرەسی سایتە ئینتەرنێتەکە، بۆ ئەو کەسانەی وا بیانەوێ سەردانی بکەن:

http://www.gerty.ncl.ac.uk

## ٣) کورتە وتووێژێک لە سەر کورد*

«وینستۆن هـ. چرچیل» نەوەی سێر لینئۆنارد سپێنسر وینستۆن چرچیل سەرەک وەزیرانی پێشووی بریتانیایە کە بۆ ماوەیەک نوێنەری پەرلەمانی بریتانیا بوو و زۆر کەس بە هەڵوێستی ڕەگەزپەرستانە و دژ بە پەنابەرانەوە دەیناسن.

چرچیل ڕۆژی ٢٠٠٣/٣/١٨، واتە پێش هەڵگیرسانی شەڕی عێراق، وتووێژێکی کورتی لەگەڵ رادیۆ CrossFill ی بریتانی کرد و تێیدا خاڵێکی گرینگی سەبارەت بە کورد دەربڕی. چرچیل لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە «ئایا ئەنجامی شەڕی ئێستا دەبێتە هۆی تەقینەوە و لەبەریەکچوونی وڵاتی عێراق؟»، گوتی:

«مەترسییەکی ئاشکرا هەیە و بارودۆخەکە لەگەڵ هەلومەرجی یۆگۆسلاڤیای پێشوودا هاوتەریبە. وڵاتێک کە واهەیە پێویستی بە دیکتاتۆرێکی چەپەڵ هەبێ بۆ ئەوەی پێکەوەیان بهێڵێتەوە. دیارە تەنیا زەمان مەسەلەکە دیاری دەکات بەلام لە ڕاستیدا کاتێ کە سەددام حوسێن و دارودەستەکەیمان لە کۆڵ بووەوە، دەتوانین عێراقێکی ئەوتۆ دابمەزرێنین کە زیاتر لە ئێستا نوێنەرایەتی خەڵک بکات. عێراقییەکان دەتوانن دەست بە دامەزراندنی عێراقێک بکەن کە زیاتر نوێنەرایەتی خەڵک بکات.

بەش بە حاڵی خۆم، من هیوادارم کوردان بە خودموختارییەک بگەن کە لە کۆتاییدا بگاتە ئەنجامی سەربەخۆیی، لە بەر ئەوەی باپیرەی من لە ساڵی ١٩٢١دا داوەرییەکی باشی نەکرد بەوەی بوو بە بەرگر بۆ دامەزرانی [حکوومەتی] کوردستان و لە ئەنجامدا وڵاتەکە لە نێوان ئێران، عێراق و تورکیادا دابەش بوو، هەرکام لەو وڵاتانەش ئێستا دەیانچەوسێننەوە. بە بۆچوونی من ئەوەی جێگەی نیگەرانی یە کە ئێستا کوردان ـ کە هاوپەیمانی ئاسایی و سروشتیی ئێمە دژ بە سەددامن ـ زیاتر دڵنیگەرانی ئەوەن وڵاتەکەیان لە چەند ڕۆژی داهاتوودا لەلایەن سوپای تورکەوە داگیر بکرێت».

لە بەشی کۆتایی وتووێژەکەدا پرسیاری لێکرا «ئایا کاتێ باسی کورد دەکات، نیازی کوردانی تورکیاشە کە ئەوانیش وەک کوردانی عێراق دەبێ وڵاتی خۆیان هەبێت؟ چرچیل لە وەلامدا گوتی: «ئەمن ئەمڕۆ باسی کوردی عێراق دەکەم».

* سەرچاوە: ئینتەرنێت

شێعر:

# «پرسیار و تابووت و نوقوڵ»

حەمە شوان شەریف

## ١- گێلاسی پرسیار

ئاخۆ ئێستا لە ناو هەگبەی
کام خەمی پشکووتووی پایزی گریاناویدا
خۆت حەشارداوە و ون بوویت؟!
ئاخۆ ئێستا چاوانت لەگەڵ چاوی چ فرمێسکێکتا
قەتارەی رێی رووتن، ئاخۆ ئێستا پرچەکانت
بۆ کام چاوی عاشق دەرگای لە سەر پشتە؟
«با»ی سۆزی من
بەم ئێوارە وەختە بۆچی ون بوویت، بۆ بێ شوێن پێیت.
دەخیلم تەنیاترین برینم..
ئەی بای هاورێم
دەستتان بخەنە کەمەرەی بازنەی باریکی لاشەم
بمبەن.. بمکەن بە شەماڵێ تا بە ناو گەروویا شۆڕببمەوە و
تێکەڵ بە هەناسەی گەرمی ببم.
چۆن «با» بە لووت بۆنی پرچی پایزی زەرد هەڵدەمژێ
چۆن چاوی «با» و چاوی پایز دەگرین بۆ دابڕان
منیش ئاوا لە چاوانت خۆم دەبینم
خۆ.. بای ساردیش هەڵدەکا و تووڕە دەبێ،
لە کاتی گریانی گەڵادا دەیکاتە ئاوێنەی هەزار برژ
کەچی پایز لێدەبوورێ..!
ئێ کچی مەملەکتی نوقوڵ!
من پایزم بووراوم لێت
هەروەک جاران بمخە جانتای شەماڵی دڵتەوە
لێت دەبوورم.. چۆن وا ون بوویت
لە ئاوێنەکەوە خۆم دەبینم
کچێ ئەم ئێوارە زۆر پیربووم
زۆر دەترسم بۆ سبەینێ کە بتبینم
پرسیارەکان لە منەوە ببنە وەڵام...

## ٢- سێبەری تابووت

ئەم شەو... لێرە تاریکی یە.
هەر نامۆیەک لێرە چاوی هەڵبێنێ
ژانی بێکەسی دەیکوژێ.
بە تەنیام..
چاوم پڕ کانیلەی فرمێسکە
سنگی سروشتی شەقامێک
بەجێم دێڵێ و بە جێتدێڵم
ئەم شەو، لەم شەو تاریک ترم
گیانم سێبەری تابووتێکە
بە قەد بالاّم
هەر خۆمم ئەوینێکی رزیو
هاکا بە رووی بێدەنگیما تەقیمەوە.
ئەم شەو.. باڵای حەزم هەراسانە
هەراسان وەک جەنجاڵی «با» و رەنگینە با
ئەو گێرۆدەی دارستانی برینێکە
منیش دەفی ناو دەستێکم
سەما باڵای داپۆشیوم،
گەورەم بە قەد باڵای زەمەنی خەم
گەورەیت بە قەد باڵا و قاقای پێکەنینێک
بەڵام ئەفسووس.. چەند گەورە بم.. چەند گەورە بیت
سایەی تابووت داتدەپۆشێ،
دامدەپۆشێ
وەکوو لمی ژێر باڵی ئاو
دڵتەنگ مەبە ئاسایی یە
زۆر ئێوارە
تابووت پاشای مەملەکەتە
تابووت پاشای مەملەکەتە

## ٣- رۆزیا...

هەناسەکانی عیشقم
لە ئێوارەیەکی کپدا بە تۆ دەچن
تۆش بە پایزێکی پێڵاو لەپێ
پایزیش بە رێبوارێکی کەوتووی توولە رێگاکان
رێبواریش سیمای بە «با» دەچێ کچم.
کچم.. دەڵێن باوکت ناناسی؟!
باوکت لقێکە لە درەختی خەفەت
هەورێکە بێ پاڵتۆ
رۆشتنێکە بێ ئاوڕدانەوە.
رۆزیا کچم.. گەر مەیلت گرتی و سۆراخت کردم
نێو گەڵا وەریوەکانی نیشتمانم بۆ بگەڕێ
دڵنیابە دەمدۆزیتەوە
نوقوڵی نێو دەمی بابە.

ڕەسووڵ سەفەریانی

## زامەکان

وا دووساڵە
شان بە شانی هەنگاو دەنێم
قووی سەرم بێ تای سەرت
هەڵنانیشێ لە گۆلاوی نەرمی سەرین
کە دەتگوشم بە خۆمەوە
دوو جووت مۆمی چاوەکانمان
هەر بە فوویێک دەکوژێنەوە و
بە ڕووباری ڕەشی شەودا
دەخوشێینەوە بەرە دەریای ڕوونی بەیان
کاتێ پەنجە نەرمەکانت
دەخەیتە نێو قژی هەستم
خوێنێ ئەهوەن بە سەر تاپای عەسەبمادێ و
بازە حەوای خەیاڵم بۆ هەڵدەدەیت و
دەستی حەزم دەنێیتەسەر دڵی هەموو ئاواتەکان
خۆشتم ئەوێ
گوێڕایەڵی و
شارەزایشی بە ڕێگە و بان
تۆ هێزێکی و ئەچیتە نێو دوو شاباڵی نادیارم
بە بەردەمی هەموو چاوە داچەقاوە دڕەکانا
دەمبەیتەوە هێلانەکەم
ماڵ بە ماڵی دەپشکنم
بە دوای مازووی تاسەی خۆما
دەبمە دەنگی سیسرکێک و
بە قەڵەشی دەرگاکانا
دەچمە ژووری تاسەکان
تینوویێکی خەو لێکەوتووم
سەد پەرداخی دیداریانم خواردووەتەوە و
یەک دڵۆپیش
لە ویشکایی تاسەیانم پێ نەشکاوە
کام برینتان بۆ بکەمەوە؟
جێگەی شووشی ئەو قامچیانەی
وا نینۆکی پێ دان دەکەن
یا خۆ زامی ئەو وێنانەی تارای سووریان پێدادراوە
بە دیواری بیرەوەریی شارەکانا هەڵواسراو
کام برینتان بۆ باس بکەم
کە تەنیایی
ڕۆژێ سەدجار لە بەر دەمما دەیکاتەوە
دەمباتە ژێر بەرزترین داری خۆزگە و
لە سەر ڕانی بیرەوەری دەمکاتە خەو
خۆشم ئەوێ
تەنیاییم و
بیرەوەری و
نامەکانم.

۲۰۰۳/۲/۷

## تاسە

لە وەرزی ماڵئاوایی بەفرەکاندا
جۆگەیەکی بچکۆلانەم
بە سەر شانی شاخەکاندا دێمەخوار و
دەڕ.ۆم بەرەو ڕووبارەکان
کاتێ بەفر ئازیز دەبێ
من سێبەری ئەو درەختەم
وا تووڕەکەی دۆی وەرزێری لە بندایە.
ئەو دەمەی وا گوێژ دەگات
من قووڵایی زەریای تاسەم بۆ ئاو
بۆ ڕێبواری سەهۆڵ گەستە
وەکوو تاوی کورەی داری ماڵی لادێ
بە نێڵەنێڵ
خۆم لە سەر و دەم و چاو و دەست و پێی ئەو ئەئاڵێنم،
وەک دڵداری تامەزرۆی یار
ڕایئەمووسم بە خۆمەوە
ئەچم هەتا شادەماری و
لە ژێر پێیدا ئەتوێمەوە.

## ئەحمەدی مەلا

### بەغدا

ون بوونی لەپ و سیما و سەمایە.
هێشتا دەشێت ببێتە ژنی یەکەمم.
لە ژێر هەنگڵەکانییەوە گیا سەوز دەبێت،
لە نێو گیا، رووبارەکان دەدەنە شەققەی باڵ،
کۆترە خورماییەکان دیوارەکان جێ دەهێڵن،
منارەکان ڕەنگی ئاو دەقۆزنەوە،
تۆز دەگرن،لەپی حەزرەتێکن.
بەغدا کونە پەپوویەکی ڕۆح ڕۆشنی بە نەزاکەت.
هەندێ جار دێتە سەر خشتە چەوتەکانی دێرە شیعرەکانم،
هێلکە دەکات،
دەتروکێن و دەبنە مانگ و شەونم و چلچرا،
گۆڕەپانەکان بەرماڵێکی ڕەشن،
گەورە و پانتا دەبن،
قووڵایی چاوە داپلۆسراوەکان،
دەبنە مەرگێکی پێویست،
سووک سووک دەتوێنەوە،
وەکو کلی زۆر ڕەشی کچە سۆزانییەک،
لە ڕوانینێکی غەریبانەدا،
تەڕ دەبێت و دەبریسکێتەوە،
ڕۆژێکیان بە شەرمەوە چوومە تەنیشتییەوە.
شیرین وەکو بۆنی دایکم.

سویسرا ١٩٨٦

### بەغدا

دۆینێ لە باخەڵیا نوستم، کە گزینگ هەڵیساندین،
ئەو ئاو بوو، منیش هەڵم.
دیجلە دیلی ئاو بوو،
کۆترە خورماییەکانیش بە دەوری مێشکماندا گمەیان دەکرد.
منارە و دیوار و گۆڕەپان گەردەن،
لە سەر جامخانەی پەرلەمان دەنیشتن.
بەغدا کونە پەپوویەکە باڵکراو، مەگەر لە خەونی مندا بفڕێ.
بەغدا نازی پەتیارەکەیە، گۆرانی ئاوارەیەکە، تەماشای دێوانەکەیە،
دۆینێ بە شەرمەوە چوومە باخەڵییەوە، سارد وەکو شەختە.

ئیسپانیا ١٩٩٩

### بەغدا

ئیمڕۆش دەگەڕێمەوە باخەڵت،
شتێکیش بە سەرمانا دەخولێتەوە،
تۆ بڵێی: هەتاوەکەی حەشتار بێ لە باوەشی هیلالێ،
یا زاکیرەی کۆترێ بێ، بگەڕێتەوە!

حوزنێکی تەنکیش
بە نێو ڕۆحمانا شەپۆل دەدا:
ئاڵایەک بە بارتەقای نیشتمان،
تۆز و غوباری زەمەن کرۆژتوێتی
بەڵام ڕەوان ڕەوان دێتە زمان،
لە گۆڕەپانی فیردەوسەوە بەرز دەبێتەوە:
یا دەوەرین لە مورادخانی و کەشیدە و قۆچک و
پشتەماڵ و دیژداشە و تەزبیح و سیواک و
چاویلکە و پژدێنەوە چۆڕاوگە دەبەستن،
تک تک، وەکو تیزاب دەکەونە سەر ویژدان.

ئیسپانیا ٢٠٠٣

### کەرکووک

گڕی تێ بەربوو قەڵاکەمان
ڕوخسارە کەسکەکان ئاوێنەی تەڕن
شاعیرێک بە ڕەواژ، بە ڕەژوو
چەند هێڵێکی تێکشکاوی خۆڵەمێشی خوساندە سەر دیوار
هێڵ و قەڵا و ئاگر، نە رووبارن، نە زیندانن

جەستەی با و چەند گەلایەکی بێ ڕەنگن
قەلا کەپووی کلوونە
ژیلەموویەکی قووڵە
قەلا پارچە پەڕۆیەکی ڕەشی فڕێدراوی سەر پشتی خاسەیە
١٩٨٦

## کەرکووک

لیمۆیەکی هەڵواسراوی قەد ئاوێنە. (   ) لەشمان وەک نێرگس سەوز دەکات.
قەلایەکە: ترسی شیعر. (   ) شیعرێکە بێ دیوار.
بایە بێ جەستە. (   ) جەستەی لاژەوەردە.
ژیلەموو بۆ هەناسە. (   ) هەناسەی ڕۆژئاوابوون.
وشەیەکە بێ گەروو. (   ) دەنگێکە پیادە.
ڕەنگێکە بێ سەنگ. (   ) سەنگێکە.
١٩٩٩

## کەرکووک

گڕی قەلایە،
تریفەیەکە وا لە چنگی شەونمایە.
کومان و گومەزێکە،
گوڕەبان و چەمێکە
گوزەر دەکا و وا لە سەر شانی منایە.
کەرکووک قەلای ئاسمانە،
کۆ ــ ڕەگی ئاوێنەیە
وەک وێنەیە
لە هەمیشەییەوە دەچریوێتەوە.
هێلێکە لە قەقی دیوارەوە نەشئە دەکا،
ڕوخساری زارۆکێکە، بە ڕەژوو، بە ڕەواژ
ئەبەدییەتە و بە نێو ئاودا گوزەر دەکا.
٢٠٠٣

دوو پارچە شێعر:

هیوا شەمسی بورهان

## ناشکوری

**(پێشکەشە بە ژن)**

کەس هەتا ئێستا نەیدیوە
شاخ بۆ خۆی
بەردەکانی نێو کۆش و سەرشانی
ــ کە هەیبەت و گەوریی وین،
فڕێیان دا و جاڵەیان کا.
کەس هەتا ئێستا نەیدیوە
مەزرا بۆ خۆی
بڕچی ڕێز و گەنمەکانی
بسووتێنێ،
یا کە قەڵس بێ و هەڵیانپاچێ.
کەس هەتا ئێستا نەیدیوە
کانی بۆ خۆی
دەنگی شین و ڕوونی دڵی
قوڕاوی کا یان کوێری کا.
بەلام زۆر کەس دیویانە
ژنێکی ڕۆژهەلاتی
کاتێ منداڵێکی کچی دەبێ
لە دەروونیدا
شەپ لە بەختی خۆی هەڵدەدا.

تاران٢٠٠١

## ماندوو

هالاوی هاوین
شەقامی قیلەتاو
هەنگاوی داهێزاو
گەیشتمە پێش باخچەیەک
لە تۆقی سەر تا نووکی پێ
فێنکاییەک لێم دەهاڵێ.
باخچەکەم بەجێهێشت
دیسان تەشقی گەرما و
شەقامێکی ڕووت و قووت.

تاران٢٠٠٢

# بەهەشتی عیشقە، ئەم هەورامانە

سەدیق بابایی

یەکێک لە ڕاز و ڕەمزە بنچینەییەکانی مانی نەتەوەی کورد، وێڕای هوروژمی پەیتاپەیتا و کاولکاریی داگیرکەرانی ڕەنگاوڕەنگ بە درێژایی مێژوو، لە دەوڵەمەندی و بڕوای لەمێژینە و ڕیشەدار و هەزاران ساڵەی ئەم خەڵکە حەشاردراوە.

هەورامان گۆشەیەک لە ناوچە هەرە کۆنەکانی کوردستانە کە چەند تایبەتمەندی دەگمەن و هەڵکەوتەی تاقانەی تێدا بەدیدەکرێ.

ئەمە ڕەنگە تا ڕادەیەکی بەرچاو بەحەق مەڵبەندەکەی دەستنیشان کردبێ. کاتێک بە وردی سەرنج بدەینە هەڵسوکەوت و ڕابردووی ژیانی ئەم خەڵکە، سێ کۆڵەکەی هەبوون و ڕاوەستاوی و لە سەرپێ بوون، لە نێو کونج و کەلێنی ژیانی ڕۆژانەدا بە ئاشکرایی خۆدەنوێنن، کە بریتین لە: سروشت، ئایین و مۆسیقا.

قاڵبوون، تێکەڵاوی یا بەستراوەیی بە ژینگە و ئایین ومۆسیقا و، لە ڕاستیدا توانەوەی هەریەک لەوی دیکە، مانا و ناوەرۆکی بە ژیانی خەڵکی ئەم ناوچەیە بەخشیوە. ئەوین بە سروشتی هەورامان و تێکەڵاوی و ڕیشەی ئاژوتنی لەگەڵ ئایین و، دارەڕاکرانی ئەوم دوو کەرەسە گرینگە بە پەردووی نازک و دڵنەوازی مۆسیقا، بەهەشتی عیشق و یەکێتی ئادەمیزاد و سروشت ئەبەدی دەکا. کۆڵەکەی هەرە قایمی ئەم خۆشەویستییە لە بڕوای ئایینی پێشینیانماندا خۆی نواندووە و بە مۆسیقای ژیان پەرچینکراوە.

جیاوازی یا هۆکاری بەشێکی فراوان لە بەستراوەیی دەروونی خەڵکی ئەم ناوچەیە بە جۆگرافیای هەورامان لەوەڕا سەرچاوە دەگرێ کە لێرە لە سەرەتای گەشەسەندنی بیر و هۆشی مرۆڤ و، بەرەبەرە دابڕان لە ژیانی ئەشکەوتەکانی «شاهۆ» و«پەراو» و «بێستوون»و، دەستپێکردن بە ڕاو، دەستەمۆکردنی ئاژەڵ، کۆکردنەوەی دەغڵودان وهتد... پێویستییەکی تری هێناوەتە گۆڕێ. ئەگەر هێندێک لە ئەندازیاریی گوند وشارۆچکەکانی هەورامان، پاش تێپەڕبوونی هەزاران ساڵ وردبینەوە و بە ناخی هۆکاری ئەم لێکهاڵان و پێکەوەلکانە بەرتەسکەدا بگەڕێین، ئەوجار تارادەیەک ناوەرۆکی سەرەتای پێکهاتن و پێکەوەژیانی بنەماڵە سەرەتاییەکان و پاشتر تایفە و عەشیرە و خێڵ، دەکەوێتە بەر ڕووناکایی ژیانی پێشکەوتەتری مرۆڤ لەم دەڤەرەدا.

وردبوونەوە لە ئاسمانی ساف و بێگەرد و پڕ لە ئەستێرە، جریوە و بریقە و شەوقی تایبەت و دڵڕفێن و نەزم و نیزامی هەریەک لەم پێکهاتە دەستپێڕانەگەیشتووانەی سروشت کە بە چاو لە شەوگاری ناوچەکە هێندە دوورنانوێنن، بەڵام بە کردەوە لە دەست بەسەرداگرتن نایە، ئینسانی دەباتە نێو دەریای بیر و خەیاڵاتی بێ بن، کە هەر نەبێ لەو سەردەمەدا شەوق و ڕووناکی تایبەت بە بیرکردنەوە دەخاتە مێشک و دەماری مرۆڤەوە کە پاشتر بەرەبەرە دەبێتە هەوێنی قانوون و ژیانی سەقامگیر و وەک بنەمای ئوسووڵی کۆمۆنە سەرەتاییەکان لە سەری پێی داگرتووە. ژن لە پێکهێنانی ئەم نیزامە سەرەتاییە دەور و نەقشی سەرەکی گێڕاوە. ئەمە لە هەورامان زیاتر دەسەلمێندرێ و، دەکرێ بە پێی بەڵگە بەجێماوەکان دەوری ئەم بەشە خاوەنمێژووە لە گەشە و پێشکەوتن و ئیدارەکردن بە درێژایی تەمەنی ئینسان بە نموونە دەستنیشان بکەین.

بۆ وێنە «ئاداد» پادشای هەورامان لە سەردەمی ئەشکانییەکان بە ناوی خۆی سکەی لێداوە. ئەدا وشەیەکی هەورامی یە، کە بۆ دایک بە کاردێ، دیارە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کۆنتر هەرنەبێ دەسەڵاتی ژن لە بنەماڵەدا تا سەردەمی بابلییەکان وەک نەزم و نیزامی بەچاو دیتراو لە ئاسمان نەگۆڕ دەژمێردرا، ژن لەم بەشە بە دیم چەرمەڵێ، ئیلاهەی پاکی و ڕووناکی، پەری و خوالەی جوانی، خوالەی عەدڵ و داد و ژیان دەسەلمێندرا.

وێنەی خوالەی مەردۆک (هەڵکەندراو لە کێوی شاهۆ) پاشان ئەم دەسەڵاتەی لە ژن ئەستاند و بەرەبەرە خوالەکان بوون بە پیاو و پاشتر باوەڕی یەکخودایی جێگیر بوو. هەرچەند وێدەچێ مەردۆک پاشتر بە مێردۆک (کچی خۆر) گۆڕدرابێ (سەردەمی میترائیزم).[1]

نێودێرکردنی پیرانی شاهۆ و بەستنەوەی ڕەچەڵەکیان بە

پیرخدری شاهۆ، خۆی لە خۆیدا بۆ بیستراو و فەوتاوە کۆنەکان کە سینگ بە سینگ ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووە دەگەڕێتەوە. ناکرێ چ شتێک بە بێ بنەما و ڕەچەڵەکی سەرەتایی، هەبوونی ماددی هەبێ، پێداگرتن لە سەر ئەم ئەسڵە دەماناباتەوە بۆ سەردەمی کۆن، ئەوکات کە ژیانی ئینسانی لەم مەڵبەندەدا بۆ یەکەمجار یاسای پارێزگاری لە خۆی داڕشتووە. ئەمانە هەر ئەو کەسانەن کە لە ئەشکەوتەکانی شاهۆ سەریان هەڵداوە. پاشان ئەشکەوتەکان بۆ بەخێوکردن و ڕاگرتن و پەروەردەی چارپێ کەڵکیان لێ وەرگیرا. ئەشکەوتەکانی «مەرە سپیان» و «مەرەگاوان» لە لای سەرووی پاوە، ئەشکەوتی ڕاگرتنی ئەسپەکان و گاکان بوون.

مانای سنوور بۆ ناوچەی هەورامان و پابەندبوون و پارێزگاریکردن، چ لە سنووری گشتی و چ لە سنووری قانوونی ناوخۆ بە شێوەی ملکدارێتی تاک دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی ئەو عیشقە پیرۆزە کە بۆ بەرگری و پاراستن لە زێد پێکهاتووە.

زیاتر لە ۲۰۸۰سال پێش ئێستا، خەڵکی هەورامان بە نووسراو بەڵگەی باغەرەز (ئیجارە)یان تۆمار کردووە.[2] ئەگەر لە بنج و بناوان و ناخی مەسەلەکە زیاتر بکۆڵینەوە، ڕەنگە وەک یەکێک لە سەرەتاییترین ئەسڵی مێژوو بتوانین بیسەلمێنین کە هەورامییەکانی ئێستا بۆ دانانی نەریتی سنوور و ملکایەتی تاک ناودێر بکەین.

ئاوداشتن یا ئەندازیاریی دابەشکردن و گەیاندن و کاناڵکێشی ئاوی سەرچاوەکان لە نێو ماه و زەرد و هەوراز و لێژی ئاستەمی شاخەکانی هەورامان (ڕێگەڕۆیشتن لەو شوێنانە بۆ هەموو کەس ئاسایی نییە)حیکایەت لە بیر و هۆش و زانایی سەرنجڕاکێشی مرۆڤی ئەو سەردەمە دەکا کە ئەمڕۆ تەنیا بە کەڵکوەرگرتن لە دەیان دەزگای ئەندازە و پێوانەکردن، ئەویش بە هۆی پسپۆڕانی تایبەت بە ئەم ئەرکە جێبەجێ دەکرێ.

دامەزراندنی یاسای یەکسانیی دابەشکردنی ئاو بە پێی نیاز لە وەرزی ئاوداشتن، قانوونی هەرەوەزی ساڵانە لە سەرەتای بەهار، بۆ خاوێنکردنەوەی کاناڵ، ئاوبەند و جۆگەئاوەکان و بەرگری لە بەفیڕۆچوونی ئاو تا گەیشتن بە باخو مەزرا، هەرەوەزی ئاوداشتن بە پێی سەرە و، هەرەوەزی کۆکردنەوەی دەغڵودان و گیاوگۆڵ بۆ بژیوی زستانی خەڵک و ماڵاتەکەیان و سووتەمەنی وەرزیی زستان و نەهێشتنی کەلێن و قوژبنی ڕووخاوی ماڵەکان پێش هاتنی وەرزی سەرما، ئەمانە بەشێکی تر لە ڕەمز و ڕازی ژیانی کۆمەڵی سەرەتایی لە هەورامانی چڕوپڕە کە تا ئێستا ئاسەواریان پارێزراوە.

جێگیربوون و سەقامگیربوونی ژیان یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی ژیانی سەرەتایی ئەم خەڵکەیە بە مانایەکی تر مرۆڤی سەرەتایی لێرە کۆچەری و گەڕۆکی هەڵنەبژارد. لە بەر ڕۆشنایی ئەم سەقامگرتوییەدا، کۆکردنەوەی دەغڵودان، خۆماڵیکردنی ئاژەڵ و، بەرەبەرە کێڵگە و باخو مەزرا و قانوونە پێوەندارییەکانیان دامەزراند. ئەم نەریتە هانی خەڵکی دا زیاتر سامان و ڕێکوپێککردن و داڕشتنی بەرنامەی پاراستن لە دەستدرێژی و هێرشی لاوەکی بۆ خۆیان دابین بکەن. زیادبوونی ئاژەڵی خۆماڵی بەرەبەرە پێداویستی لەوەڕگە دێنێتەگۆڕێ و، ئەوە بە داهێنانی هاوینە هەوار و کۆکردنەوەی گژوگیا بۆ زستانان چارەسەر دەکرێ.

دابەشکردنی بنەماڵە لە وەرزی هاوین و بەهار و ئەسپاردنی ئاژەڵی خۆماڵی بە ئەو بەشە بۆ کەڵکوەرگرتن لە لەوەڕگاکانای کوێستانی شاهۆ و سەرقاڵبوونی بەشەکەی تر بە کشتوکاڵ و باغداری و کۆکردنەوەی دانەوێڵە و پاراستنی ژینگە و ساز و تەیارکردن بۆ وەرزی سەختی زستان بنەمای پابەندبوونی زیاتری ئەم خەڵکە بە ناوچەکەیان دەسەلمێنێ، کە بەرەبەرە جۆرە خۆشەویستی و تامەزرۆییەکی تایبەت بە ژینگە لەم خەڵکەدا پێکدێنێ. ناسین و شارەزایی هەموو کەلێن و قوژبنەکان، ژیانی جێگرتوو و دوور لە دەربەدەری بەپێچەوانەی ژیانی کۆچەری کاردەکاتە سەر ناسینی زیاتری سروشت و هۆی تێکەڵبوونی زیاتری دانیشتووان، ئەمە بە جۆرێک دەبێتە هۆی پەلوپۆ و ڕیشەئاژووتنی ڕۆحی و تێکەڵاوی ئەوتۆ پێکدێنێ کە دارودرەخت و شاخ و کێو، ئاو وجۆگە، تاڤگە و کانیاو، گوڵ و گیا، پەلەوەر و باڵندە و.. ئاوێتە و هۆگری یەکتر دەبن.

ڕەنگدانەوەی ئەم خۆشەویستی و شەیدابوونە لە وێژەی کۆن و نوێی ئەم خەڵکەدا بە ئاسانی دیارە. «عوسمان هەورامی» ساڵی ۱۹۸۲ لە گۆرانییەکدا دەڵێ:

هۆرکنیای وەتەن تەمای دڵ نیام

دەک کوێر بم وەتەن بێ تۆ چۆن ژیام

لێرە (لەم ناوچەیە) دابڕان (دوورکەوتنەوە) بەهەر هۆیەک بێ واتای هەڵکەندرانی هەیە. بەستراوەیی و جۆشخواردنی دەروونی و پەلوپۆ و ڕیشەئاژۆتن و تێکەڵبوونی مرۆڤ و سروشت لە جیاکردنەوە نایە، جیاکردنەوە لە ڕیشە و سەرچاوەی ژیان و هتد...

ئایین یەکێکی تر لە کۆڵەکە هەرە قایمەکانی ژیانی سەرەتایی ئەم ناوچەیە نەتەنیا لە ڕۆژانی یەکەمی ژیانی هەرەوەزی باشتر کەڵکی لێ وەرگیراوە، بەڵکوو باشتر ناسراوە ئەگەر ئایینی لاوەکی ئیسلامی لێ دەرکەین باقی ئایینەکانی ئەم خەڵکە هەڵقوڵاوی هزر و ناخی خۆماڵی بوون کە لە داهێنانی شێوە پەرەئەستاندنێکی ژین و ژیانی تەباتر و لە خزمەتی گرێدانی تەبایی و پارێزگاریدا دەوریان گێڕاوە. دواتر کە ئیسلام بۆتە ئایینی پیرۆزی ئەم ناوچەیە وێڕای کلە وگازندە لە چۆنیەتی سەقامگیربوون، تێکەڵاوی و شێوە دابەزاندنێکی تایبەت بە خۆیان تەرخان کردووە کە بۆن و بەرامە و تایبەتمەندییەکانی ناوچەکەی خۆیان پاراستووە.

هەر لە سێبەری ئەم شێوە فێرکارییەدا، پاش سەرهەڵدانی ئایینی

ئیسلام و پەلاماری ناوچەکانی تر بە گوێرەی باسکراوەکانی مێژوو، ئەم بەشە لە وڵات بۆ وەرگرتنی ئەو پەڕی بەرەنگاری دەکا:

شن و کـــــەنیکان وە دیل بـە شـــــینا
مـــــــێـــــــرد ئازا تلی وە ڕووی هـوینـا
ڕەوشت زەرتوشـــتـــرە مـــانەوە وە بێ دەس
بزێکا نێکا هـۆرمـــز وە هێـــوچ کـــەس[3]

(ژن و کـچـەکـان بە دیل گـیـران و پیـاوە ئازاکـان لە بەرەنـگاریدا غـەڵتـانی خـوێن بـوون. ئایینی زەردەشـت بەبێ پشت و پـەنا مـایەوە، ئیتر ئەهورامەزدا بەزەیی بە کەسدا نەهاتەوە).

سەقـامگیربوونی دینی ئیسـلام پاش سەدان ساڵ نـەتەنیا نەبوو بە هۆی لەنـاوچوونی دابونەریتـی کۆن بەڵکوو تێکەڵاوییەکی ژیانمەند و شـێوە لێک توانـەیەکی دامـەزراند کە تا ئەم دواییانە ئاسـەواری بە زەقـی بـەرچاودەکـــــەوێ. بۆ وێنـە وێڕای زیاتر لـە هـەزار ســــاڵ جێگیربوونی ئایینی ئیسـلام کەمتر کرسێک هەیە ڕۆژانە بەشێک لە کاتی خۆی تەرخانی بیستنی گۆرانییەکی هەورامی کە زۆرتر وەسفی سـروشـت و جـوانی وڵاتەکـەیەتی، نەکـا. ئەوە وێڕای بەجـێـهـێنانی دابونەریتـە ناوچەییـەکـانی ئایینی ئیسـلام و، بـە تەبایی ژیانی بێ گـیـرەوکـێشـەی هەمـوو لقـوپۆپەکـانی باوەڕی ئیسـلامی و باقی ئایینەجـیـاوازەکـان کـە ڕیشــە و باوەڕی بە تەواوی پارێزراوە و باوەڕمەندەکانیش بەوپەڕی ئارامییەوە سوننەتی خۆیان بەجێدەهێنن.

لەلایەکی تر خووخـدەی گوێدان و بیسـتنی مـۆسیـقـا و گـۆرانی نەتەنیا تایبەتی چینی لاوی تازەپێگەیشتوو نییە، پیر و جحێڵ ژن و پیاو، کچ و کوڕ چ کاتی کارکردن لە مەزرا و چ لە ناوماڵ و سەیرانگا و بێریی و تەنانەت شاخ و بەندەنەکانی چیای سەرکێشی هەورامان دا زیندو ڕاگیراوە.

ئەوە ڕەنگە تاڕادەیەکی زۆر کـــەلێنی نەناســـــراوی دەریای بێسنووری شارستانیەت و دەڵەمەندیی کولتووری گەلەکەمان بخاتە پێش چاوی وەچەی ئەمـــڕۆی کـــوردســـتـــان، لەلایەکی تر هـۆی بەربەرچدانەوەی ئیدعا و درۆ و دەلەسـەی ناحـەزانی کورد سـەبارەت بە ڕابردووی کوردستان بێ.

جــیـاوازی یا خــاڵی زەق و پڕ لـە شـــانازی ئەم کـــەلەپووره لە هەڵســـەنگاندنێکی کـورت بەرانبـــەر بە ئاکـار و هـەڵســوکـــەوتی دەسەڵاتداری حـاکمی بەشـەکانی کوردستان یا وڵاتانی تر ئەوەیە کە لێرەدا ئایین لـە خـزمـەتی ژیان و ڕازاندنەوە و تام و چێژی زیاتر بە کـات و سـاتی ژیانی ئینسـان خـۆی نواندووە. بـە کورتی سـروشـت و ئایین شانبەشان لە خزمـەتی مرۆڤدان، هەر بۆیە لە خزمەتی ڕاهاتنی بڕیارە ئایینییەکان مرید بەبێ ڕازاندنەوەی نیشتمـانەکەی هەڵناکا. لەلایەکی تر خزمـەت نەکردن بە سـروشت و پارێزگـاری نیشـتمـان واتای بێ ئیمانی دەبێ.

دوورخـسـتنـەوە، دەسكورتی، بەربەسـتكردن، ئەنفال، شـیـمـیـایی باران، مینڕێژ و کـاولکردن یا هـەچ هۆیەکی تر نەیتـوانیوە تۆزقـاڵێک لەم خۆشـەویستییە دەروونییە کەمکاتەوە، بەڵکوو تەشـەنە و بڵێسـەی زیاتری، گڕی خۆشەویستی خولقاندووە. زۆرجار دیتراوە کەسێکی بە ڕەچەڵەک هـەورامـی کـــە دوور لە هـەورامـــــان ژیاوە و پـەروەردە و بەسـاڵاچوونی بە دوور لەم مـەڵبـەندە سـەری هەڵداوە، بـەڵام دیسـان شـەیدایی و ئەوینداری نیـسـبـەت بە ناوچەکەی گـەیشـتـووەتە ڕادەی گۆرانی پێـهەڵگوتن و پەسنی وڵاتی هـەرگیـز بە چاو نەدیتـوو. بۆ وێنە «هێـرش هەورامـی» و «ناهیـدەخـان» کـە یەکـەمـیـان لە نـۆرویژ و دووهـەمیان لە فنلاند دەژین، هیـچکات هـەورامـانیان نەبینیوە، بەڵام گۆرانییەکانیان پڕە لە هاوار و ناڵە و، گشت هـەست و ئارەزوویان لای هەورامانە.

جـوانکاری بەرویـووم، سـواغـدانی مـاڵ بە گڵـی تایبـەت و بۆندار، ڕازاندنـەوەی گـوێســـوانـەی مـــاڵەکـــان لە وەرزی بەهـار بە گـوڵـی ڕەناوڕەنگ و بۆنخـــۆش، ســـازکـــردنی کـــەپر و چەپەر بە چنووری بۆنخـۆش و پنگ و گـیـاوگـۆڵی لەم بابەتە بۆ حـەسـانەوەی هـاوینان، تەرخـانکردنی گـۆشـەیەکی باخ و باخـچـە یا کـێـڵگە بۆ کـەوێڵ (هـاوینەهـەوار) بەوپـەڕی پاکی و خـــاوێنی و ڕازانـدنەوەی بـە گـوڵ و گوڵەباخ ئیتر جێگای تایبـەتی خۆی هەیە. ئەمانە سـەرەڕای پەرژینی دەوری باخ کـە بە گـوڵی هەمـەڕەنگ دەگـەڵ جـیـرانان سنووربەندی دەکرێ.

سنوور لێرە تێلدروو، مینڕێژکردن، خەندەق لێدان و دانانی گاردی چەک بەدەست نییە، بەڵکوو گوڵەباخی بۆنخۆش و جۆگەی خوڕێنی ئاوی بە مۆسیقای شەکەتی ڕفێنە.

جــوانکاری پـەرژینی دیوارە بـەردینەکـــانی باخ و بەکـــاربردنی سـەلیقـەی ئەوتۆ، بە کـەمـتـرین ڕادەی ئاو تاڤگە، حـەوز و دیمەنی سیحراوی بۆ بینەر ساز و تەیار دەکرێ کە نە چاو لە دیتنی تێر دەبێ و نە ڕۆح و لەش شـەکەتی ڕێگا و ماندووبوونی پێدەمێنێ.

ڕیشـــەو ئەســـاسی ئەو ڕەوشت و نەریتــە دەگـەڕێتــەوە بۆ ئەو دەوروزەمـانە کـە زیاتر لە ئێسـتا نرخ و بایی ژینگەیان دەزانی و بۆ پاراستنی نەتـەنیا قانوون بەڵکوو ئایین یان دامـەزراند. بەواتایەکی تر پاراسـتن و ڕازاندنـەوەی زێدیان کــــرد بە یەکــــێک لە ئوســــوڵە بنەڕەتییـەکـانی ئایین. سـەردەمی ئێـمـە کـە دەکرێ ناوی سـەردەمی کـاولکاری سروشت و نەهێشـتنی پەلەوەر و هـەر چەشنە گیاندارێکی کـێـوی لێ بنرێ، کـانیـاو و دارودەوەن و تەنانـەت شـاخ و بـەندەن و گۆڕی مردووەکانیش ناپارێزرێن. ئاوڕدانەوەیەکی کورت بۆ ئەم ناوچە ئوفسووناوییە کە هێشـتا لێرەولەوێ شـێلگیرانە لە سـەر پاراستنی

دابونەریتی پیرۆز و کۆنی خۆی پێدادەگرێ. ڕەنگە ئاوڕدانەوەیەک بۆلای سەربەرزییەکانی مرۆڤی ئاشتیخواز و خوازیاری تەبایی و ئارامی و سوودوەرگرتن لە خۆ دوورخستنەوە لە گرژی و تووڕەکردنی سروشت و ژیان لە ئاسایشی پڕ لە حەز و خۆشەویستی بێ.

لە درێژەی بڕوا بە نەریتەکۆنەکان، ئایینی نوێی تر تین و گوڕی تازە بە بڕوای پێشینیان دەدا و قانوونی پتەوتر دادەمەزرێنێ و لە ڕاستیدا پاراستنی ژینگە تیئۆریزەدەکرێ. لە گۆرانییەکانی هەورامیدا هاتووە:

پاوەرە زەردە شـــاهـۆ مـــاواشـــەن

دڵم پەی دووریت جـــەنگ و داواشـــەن

(سوێند بەو خۆرە زەردە کە شاهۆ مەکان و ماوایەتی/ دڵەکەم لە دووریت دایم سەری شەڕ و داواکاری تۆی هەیە).

سوێند خواردن بە زەردەی خۆی یا میردۆک (کچی خۆر) جێگرتوو لە شـاهـۆ یا تێکەڵکردنی ڕووناکی و شـاهۆ بۆخـۆی سـەربردەی تایبەتی هەیە. یەکێک لە بنەما قایمەکانی ئایینی میترا، پارێزگاری لە ڕووناکی و دژ بەربوون بە تاریکی یە. (بۆرێ) سیمبۆلی تاریکی و (دیم چەرمەلێ) پەری ڕووناکی و سەرکەوتنی ڕووناکی لە کۆتاییدا چەپڵەڕێزان و هەڵبەزدابەزی شەوانی چەوارشەمەسووری لە دەوری ئاگردا بیردەخاتەوە.

لە یەشتی سێزدە کە ناوبانگی بە فەروەردین یەشت و ویدیودات دەرکردووە سەبارەت بە لە دایکبوونی زەردەشت و شۆڕشی سروشت ئاماژە کراوە. لە بڕگەکانی ٩٣ تا ٩٥ی فەروەردین یەشتدا هاتووە: «لە کاتی زایین و ئاخێز و خۆنواندنی (زەردەشت) ئاوەکان و ڕووەک گەشانەوە». لە دایکبوونی زەردەشت هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدان و زاڵبوونی سروشت بە سەر وەرزی تاریکی و بێ هێزی، تین و گوڕ و جۆش و خرۆش و خولقاندنی وزە و گەشانەوەی ڕۆحی بزوێنەری لە دەمارەکانی سەرجەمی بوونەوەرانی مەوجود لە سروشت کە ئادەمیزادیش یەک لەوانە، بە ناوی بەهار ناسرا.[٤]

لە بەرەبەری ئەو وەرزە کـــە بە نەورۆز ناوبانگی دەرکـــردووە، زەردەشـــتی کـوڕی دەغــدۆ و پووڕۆشـــەسپ لە دایک دەبێ، بە پێچەوانەی کاتی لە دایکبوونی هەر منداڵێک کە دەگری، ئەو پێدەکەنێ.[٥]

پێکەنینی منداڵی تازە لەدایکبوو هاوکات لەگەڵ بزە و ئاڵوگۆڕی سروشت لەم وەرزەدا بە پاڵپشتی تیشکی زێڕینی خۆر و بە هۆی قرمەی هەڵتۆقینی کانیاو، خوڕەی چۆماوی بن کەویەبەفر و هاژەی سێلاو لە هەر بنار و پێدەشتێک، سەلای پەیتاپەیتای گەیشتنی دەور و زەمانێکی نوێ ڕادەگەیێنێ کە بە گرمەی هەور و شریخەی بەرقی ئاسمان ئەسپی سەرکێشی خۆی لە هەر شاخ و بەندەن و دەشت و بنار و دۆڵ و چەم و کەلێن و قوژبنی ئەشکەوت و حەشارگەدا تاودەدا، تا مژدەی دەورانی ڕووناکی و ژیانێکی نوێ پێشکەش بکا. بە واتایەکی تر، دەسـتـەمـلانی سـروشت و ئەودیوی سـروشت ڕابگەیێنێ؛ تاکوو مرۆڤایەتی ئاسوودەیی، گەشانەوە و بەختەوەری و پیت و بەرەکەت لە ژیان وەرگرێ و ترس لە سروشت جێگای خۆی بە خۆشەویستی و دەستەملان بگۆڕێتەوە.

نەورۆز و بەهار وێڕای پیرۆزیی تایبەتی ئایینی، وەک وەرزی ژیانەوەی سـروشت و ئینسـان جێگا بە هەژاری و بێبەشی و دەستەنگی و ڕق و قین بەتاڵ دەکەن.

دڵگریی ئەم وەرزە لە بڕوای مێژووی خەڵکی هەورامان (پیاوچاک، زانا، ڕۆشنبیر و شاعیر) وەک سەرەتای وەرزی بەخشندەیی، ژیانەوە و سەرچاوەی پیت و بەرەکەت و شایەهێنەری بێ سنوور، بۆ هەموو بوونەوەرێک تۆمار کراوە. ئەوە بە مانای کەمکردنی نرخی وەرزەکانی تر نییە، بەڵکە زەوقی دەروونی بە گەشانەوەی سروشتی تێدا بەدیدەکرێ.

ناوەرۆکی گۆرانییەکان، لایلایەی دڵنەوازی دایکان کە بە دەم ڕێگا و قەراغ چۆماو، توولەڕێی باریک و هەڵدێرگەی چڕ و هەڵەمووتدا، لەم شاخ بۆ ئەو شاخ لە دوو توێی سیاچامانە و دەرەیی و.. ئەم نەسل بۆ ئەو نەسل دەنگدەداتەوە، لە سۆزی دەروونی هەڵبەستوانان و گۆرانیبێژانی ئەو ناوچەیە جودا نییە.

باسکردن لە دیمەنی سروشت بە عام لە شێعر و نووسراوەی زۆر شـاعیر یا هەرنەبێ بە بۆنە و شوبهاندنی جوانییەکان و ئاشکراکردنی دڵڕفێنی ئەم یا ئەو لایەن هاتووە، بەڵام ئەمانە هەموو جیاوازی بنەڕەتی لەگەڵ سروشت بە سەرکردنەوە لە شێعر، گۆرانی(بەزمی، دڵداری، ئایینی) شاعیرانی هەورامی یا هەورامیبێژ دەگەڵ شاعیر یا نووسەری میللەت یا بەشەکانی تری ئاخاوتنی کوردی هەیە.

تێکەڵاوی مرۆڤ و سروشت و جوانییەکانی لێرەدا دیمەنی عاشق و دڵداری لە یەک قاڵبوونمان بۆ دەکێشێ. مەبەست لە جوانی لێرەدا وشەی ساکار و کلاسیکی جوانی وەک کەرەسە بۆ ڕێکخستنی بابەتێک نییە. زیاتر مـانا وناوەرۆکی عـیشق و ئەوینێکی سنوورنەناس و لەدابڕاننەهاتوومان بۆ ئاشکرا دەکا. پێش ئەوەی بچینە نێو گوڵزاری شێعر و وتەی شاعیرانی هەورامی، لەم پێوەندییەدا با لە خاوەنڕایان و بۆچوونەکانیان چەند وێنەیەک پێشکەشی چاوی وردبینی خوێنەر بکەین.

پیرەمێرد دەڵێ: «ئۆخ بۆیێ مەولەویم خۆش ئەوێ و شیفتە و شەیدای سۆز و ناڵەی ئەوم، کە پەردە پەردە شوێنە شیرینەکانی خاکەکەم ە نیشتمانەکەم بە فەردی فەردەوە، بە فەڕو زیبێکی

ئەوەردەوە پێ نیشان داوم و بە سینەما خۆشەویستی ئەوانی چەسپاندووە بە سینەمەوە».[6]

دوکتور عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ دەڵێ: «مەولەوی زۆرباش لە هەمووی ئەم ژیانە و سەدان جۆری ژیانی تر شارەزا بووە و گیانی لەگەڵ سروشتی وڵاتەکەیا هەڵشێلراوە و تێکهەڵچووە لە بری ئەوە هیچ پارچە شێعرێکی نییە شوێنەواری سروشتی تیا بەدی نەکەیت».[7]

دەکرێ بڵێین دەستەملانی مەولەوی و سروشت پێکهاتەی قاڵبوونی لەگەڵ گیان و لەشە کە جیا لە ڕیشەئاژووتن و گەشەکردن لەم بەرویومە نەبووە. ئەمە بۆخۆی بەرهەمی ڕووان لە بڕوایەکی دێرین وەک دۆنادۆن وەرگرتووە. وەک بۆخۆی لە کۆتایی قەسیدەی «نازک تەدارەک»دا فەرموویەتی:

ســەوزەی خــاک پاک یاران هام فــەرد
فـرەمــان وە فــەرش بەزم وێمــان کــەرد
کــەو سـەوزەی ئیـمــەیچ نەکام هەردێ بۆ
وە فــەرش مـەجلیس کـام هام فـەردێ بۆ[8]

دوکتور عیزەددین لە هەڵسەنگاندنێکی کورتدا ئەم وتەیەی سەرەوە وەها دەسەلمێنێ: «لە بەرهەمی خانیدا دیمەنی زانایی خانی دیارە لەبەر ئەوە ئەبینین لە زۆر شوێندا سوارچاکی مەیدانی زانست و کتێبە. باسی سروشتەکەی لەوە ئەچێت کە لە ئەنجامی خوێندنەوە و زادەی کتێب زیاتر بێت وەک لە هەستی ڕاستەقینەی بە سروشتی وڵات. با مەولەویش مەلا و زانا بێت، بەڵام ئەبێ ئەوە بزانین کە خانی کوڕ و ژیاوی شار بووە، مەولەوی کوڕی دێهات و چیا بووە».[9]

ئەم وتەی دوایی ئەوە دەگەیەنێ، مەولەوی گۆشکراوی سروشتی دەستنەخوارده و بۆن وبەرامەی چیا و نەفەسی کوێستانە، ئەهورایییەکانی هەورامانی هەڵمژیوە، ئەو لەش و گیانی تێراوی کانیاوی ئەوین و خۆشەویستی ڕاستەقینە کردووە.

دوکتور عیزەددین دیسان دەڵێ: «پیرەمێرد و گۆران پێش هەموو کەس باری سەرنجیان بە لای گۆشەی سروشتی کوردستان لە شێعری مەولەویدا ڕادەکێشن و خۆشیان لە نواندنی ئەو سروشتەدا بە وشەی گەش هەر ئەو ڕێیە دەگرن و لەگەڵ بیری نیشتمانپەروەرییەکەیدا تێکەڵی دەکەن».[10]

بەڕاست خۆشەویستی زێد لای مەولەوی ئەوەندە خۆماڵی یە کە مرۆڤ گومانی نییە ئازای لەشی لە خاک و داروبەردەکانی خوڵقاوە.

کاک محەمەدی مەلا کەریم دەڵێ: «یەکییەتی ئادەمیزاد و سروشتیش بیری ترە زەق بە شێعری مەولەوی یەوە دیارە». ئەو لە شوێنی تردا دەڵێ: «لای مەولەوی سروشت و ئادەمیزادی پاک هەردوو دیمەنی یەک ڕاستین. ئەو لە هەر دیمەنێکی سروشت، بەهار بێ یا پاییز، هاوین بێ یا زستان، ڕوویەکی جوانی موتڵەق ئەبینێ و، لە پیشاندانی تابلۆی هەر وەرزێکا ئەم بینینی جوانی موتڵەقمان بۆ یەکالادەکاتەوە. ئەو کۆڕی یارانی لا دیمەنێکە لە دیمەنەکانی جوانی سروشت و بەشێکە لە جوانی موتڵەق و تەنانەت لە ژێر خاکیشا پاش حەسانەوەی هەمیشەییان ئەم جوانییە موتڵەقەیان بۆ قایلە».[11]

لەم پارچە شێعرەدا مەولەوی بە میوانی دەمانباتە کۆڕێکی خۆماڵی بەزم و شادی:

مــوبارەکت بۆ بـەزم ئـەو وە خــەیر
تو خودا تەن خوای من خاسخاس بکەر سەیر
سەیرکەر تەماشای ئەو جەمین جامان
وە خــسووس ئازیز شـای ئەونەمامان
وەخت ئامـۆشۆی ئامـا و لواشـەن
تەرزەکەی وە بەرز دەورەی سەماشەن
گرمەی نەقارە و لرفەی شەروالان
خشپەی پاموورە و زرنگەی خرخالان
چریکەی سرنا و پریکەی خەندە
پەشێوی زولفان ڕیشەی دڵ کەندە
ئیشـارەی وە ناز لەب خەندەی وەنەرم
نمانای خالان نە تۆی پەردەی شەرم
سەرچۆپی وە ناز قۆڵ هۆردای دەسماڵ
بریقەی شیشە و لەرەی لیمۆی کاڵ
ورشەی ستارە ئەو زوڵف بووم زەر
چون قەوس و قەزەح گرتەن دەوروەر[12]

سروشت و مرۆڤ، لە شێعر یا بەزمی شاعیر، شێخ و سۆفی و مەلا و هەموو چین و توێژێکی خەڵکی ئەم مەڵبەندەدا شەوق و دەروەشانەوەی تایبەت و مانەوەی ئەبەدی تێدا بەدی دەکرێ.

کەشتێک لە گوڵزاری پڕ لە جوانپەرستی و ئەوین ئاوێنەی بالانوێنی وتەکانی پێشوو و پێوەندی قووڵی ئایینی و سایکۆلۆژی سروشت و ژیان بە هەموو ناوەرۆکەوە پیشانی خوێنەر دەدات.

بێسارانی شاعیری بڵیمەت (١٦٤١-١٧٠٢) لە چەند دێڕە شێعرێکدا یەکەم شەوی نەورۆز دەمانباتە نێو زەریای جوانکاری و سەرسپاردن بە گەورەیی و لایقبوون بە ژیانی کامەران و هەتاهەتایی:

شەوێ شەریف تەر جە سوبح نەورۆز
ڕۆشن تەر جە زوڵف ماهی دڵ ئەفرۆز
ئاسمانان یەک یەک پڕشنگ مەشانان
مەلەکان جە عەرش لاحەول مەوانان

هەر جـە وادەی شـام تا وە سـوب سـەڵات
بوڵبـوڵ مـەوانا بانگی (یاحـەی)وات
سـتـاره جـە بورج بە جـەوڵان کـەری
زوهرە مـوقـابیل بورج مـوشـتـەری
دڵ وە مـەیل یار شـیـرین تەدارەک
هەوا فـەرەحـبـەخش ساعـەت مویارەک
دڵ بەندی زنجـیـر زوڵفێ گـرنج بێ
دوو لەب مـێـوەچین نارنج ترنج بێ
دریغـا ئەو شـەو تا وە سـوب سـەحـەر
لەب وە بان لەب تا (یوم المحـشـر)[13]

(ڕێزدارتر لە بەرەبەیانی نەورۆز، ڕووناکتر لە زولفی بریقەداری مانگی گرسەندوو، بەم بۆنەوە ئاسمانەکان یەک یەک شەوق ئەپرژێنن، فریشتە جێگرتووەکانی عەرش بە سەرسووڕمانەوە شوکرانەبژێرن. چریکە و سەڵای بێوچانی بولبول سەر لە ئێوارە تا دەمەوبەیان، چریکەی ژیان و ژیانەوە، لەو دەمەوە لە گەڕاندایە کە ئەستێرەی پرشنگداری گەلاوێژ لە بەرانبەر «موشتەری»دا سەمای خۆنواندن دەکا. ئەو فەخرو شانازی فرۆشتنە مژدەی تەمەنکورتی تاریکی و، تین وگوڕگرتنی هێززی گەرمابەخشی خۆر و ئاسانکاری تەمەندرێژی ئەو ڕادەگەیەنن. دڵ لە بەرانبەرکات وساتی پیرۆز و هەوای شادیهێنەری ئەوتۆدا یەخسیری زولفی لوول و گرینجی یار و دوو لێوی سەر قاڵی چنینی لیمۆی لیمۆیی دەبێ. خۆزگە ئەو شەوە کە تا بەری بەیان لێو لە سەر لێو سەمای لە یەکتوانەوەیان بوو تا ڕۆژی پەسڵان کۆتایی نەبوایە).

مۆسیقا بەشێکی تری ڕازاندنەوە و تام و چێژدان بە ژیانی هاوبەشی سروشت و ئایینە، کە هیچکات بە درێژایی مێژوو، نە هەجمەنەی عەرز (بوومەلەرزە) و لافاو، نە هوروژم و نەخۆشی، نە پەلاماری دوژمنان و داگیرکەرانی بێ بەزەیی، نە سێڵاوی ئایینە بێگانەکان بۆ ناوچە، نە هەر پێکهاتەیەکی لاوەکی و ناوەکی نەیتوانیوە ئاسەواری ڕیشەداری لە بن بێنێ و لە زەین وبیری خەڵکدا بیشواتەوە.

عەلی ئەکبەری مورادی، تەنبوورژەنی بەناوبانگی کرماشانی دەڵێ: بە دڵنیاییەوە دەتوانرێ بوترێ کە کەمتر نەتەوەیەک بە ئەندازەی کوردان لە گەڵ هونەری گۆرانی و مووزیک هاوژین بوون، مووزیک بۆ کورد هاوتایەکی بەوەفا و ئەبەدی یە کە پێش لەدایکبوون تا کۆچی دوایی درێژەی هەیە.[14]

کورد بە مۆسیقا پێوەندی دەگرێ، کار دەکا، خۆشەویستی دەنوێنێ، شەڕ دەکا، بیردەکاتەوە، خەم و دڵەڕاوکێی دەروونی خۆی بە دەنگی هۆرە و سیاچامانە لەگەڵ شنەبای ساردی زوقماوی بە سەر کێوە دڵڕەقەکانی کوێستاندا دەبارێنێ».[15]

ئەو لە درێژەدا دەڵێ: ناوچەی کرماشان سێ نەوع لە کۆنترین و ڕەسەنترین مۆسیقای جیهانی بۆ خۆی تۆمار کردووە: تەنبوور، مۆسیقای هەورامان (سیاچامانە)، هۆرە، مووری لەکی. موردای لەو بڕوایە دایە کە «تەنبوور ڕیشەی لە هەورامان دایە لەبەر ئەوە کە مۆسیقای تەنبوور بەتایبەت وتە و ئاهەنگەکانی وێچوون و نزیکایەتی زۆری بە سیاچامانە هەیە».[16]

لە هەورامان نەتەنیا ئینسان بەڵکوو ئاژەڵ و مەڕوماڵاتیش بە بێ مووزیک تێر گیا و تێرئاو نابن. «کاتێک خواوەندگار ویستی ڕۆح لە پەیکەری باوائادەم بدەمێنێ، ڕۆح حازر نەبوو بچێتە قاڵبی ئادەمەوە. پیر بنیامین (جبرەئیل) بە یارمەتی ژەندنی تار، ڕۆحی سەرمەستی پەژراندنی ئەم ئەرکە کرد».[17]

هەر بۆیە کاتێک دەسەڵاتدارێتی مەوجوود، مۆسیقای لەگەڵ ئایین و پەسندکراوەکانی خۆیدا ناتەبا ڕاگەیاند، ئەوە هەورامان بوو کە بۆ یەکەمجار ئاڵای خەبات و بەربەرەکانی ئاشکرا لە دژی ئەم پەسندکراوە نابەجێیە هەڵدەگرێ و بە یارمەتی شاخە بەرزەکانی، ڕەوەز و بنبەردەکان دەکاتە سپەری دەنگدانەوەی هاواری سیاچامانە و کنالەیل و لە سێبەری نەوای شمشاڵ و دەفدا کۆڕی هەڵپەڕکێ و یەکدەنگی دەبەستێ و پلانی کۆنە و نوێ پووچەڵ دەکاتەوە.

## سەرچاوەکان


١) *مێژووی هەورامان*، م. **هەورامانی**، لاپەڕەی ١١٧- ١١٨؛ *لە دەوڵەتی ڕاهیبی ستەمەرەوە بەرەو شارستانیەتی دیموکراسیانە* ، **عەبدوڵڵا ئۆجەلان**، لاپەڕەی ٣٠.
٢) *مێژووی هەورامان*، م. **هەورامانی**، لاپەڕەی ٨١-٨٢.
٣) *مێژووی وێژەی کوردی* ١ ، نووسراوی: صدیق بۆرەکەیی(صفی زادە)، لاپەڕەی ٣٩.
٤) *اوستا ـ سرودهای زردشت*،نوشته و تحقیق: **هاشم رضی**، تهران، ل ٢٤.
٥) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣.
٦) *میهرەجانی مەولەوی* ـ جلدی ١ ، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، بەغدا، ل ٩٧.
٧) سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٦.
٨) *مەولەوی ـ ژیان و بەرهەمی*، **محەمەدی مەلا کەریم**، لاپەڕەی ١٩- ٢٠.
٩) *میهرەجانی مەولەوی* ـ جلدی ١ ، **گۆڤاری ڕۆشنبیری**، بەغدا، ل ١٠٠.
١٠) هەمان سەرچاوە، ل ٩٧.
١١) *مەولەوی ـ ژیان و بەرهەمی*، **محەمەدی مەلا کەریم**، ل ١٨ و ١٩ و ٢٠.
١٢) *دیوانی مەلەوی*، **مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس**، بەغدا.
١٣) *دیوانی بێسارانی*، حەکیم مەلا سالح، تەبریز، ل ٣٥١.
١٤) وارثان کهن ترین ترانەها ، ئینترنێت: ٢٠٠٢/٢/٦:
www.sanandaj.com/music/kurdish
١٥)سەرچاوەی پێشوو. ل٢.
١٦) سەرچاوەی پێشوو. ل٣.
١٧) لە بڕوای ئایینی یارسان، میدیا تێڤی ـ شانشین، زستانی ٢٠٠٢.

# ئەوە لە مێشک، ئەمەش لە هێز

مەرزە

هیلاکی و ئێش و ئۆفی لەشم نووزەی لێبڕیبووم، دەست و لاقم هەروەک دەست و لاقی ورچ ئەستوور و وەک هی فیل قورس ببوو. سەرم لێ ببوو بە دەهۆڵ. مێشکە بەتاڵەکەم تەنیا زرینگەی دروشمی بیست و چەند ساڵ لەمەوبەری تێدا دەزرینگاوە کە خۆم لە سەری ماڵوێران و، ژن و منداڵم بەو هۆیەوە ئاوارە ببوون. ئەوەی راست بێ، من ئەوسەردەمە مامۆستای خوێندگەیەکی قەراغ شار بووم و زۆرتر پێم خۆشبوو، بۆ وەرگرتنی مانگانەیەکی پتر بۆ خۆم و مامۆستایانی ئاوایی داد و فغان بکەم، هەتا ئەوەیکە هاواری جیهانی بۆ نەدیو و نەناسراوان، خۆشم نازانم بۆ رەنگی زەرد و لێوی بەبار و پشووی سوار و گیرفانی بەتاڵی خۆم و هاوکارەکانم لەبیرکرد و تەنانەت ژن و منداڵیشم فیدا کرد. ئاکامەکەی بوو بە ئەوە دوای کاڵەدڕان و هیچ پێنەبڕان کەوتمە گۆشەیەک لە جیهان کە بە خەونی شەوانیش نەمدیتبوو.

لە جێ و شوێنی تازە خەریکی پشوودان بووم، کە هەتا لام کردەوە دیتم خێزانم بێ پشوودان بەڕەی خۆی شوشتووە و لە ئاوێشی دەرهێناوەتەوە و ویشکیشی کردۆتەوە و لەسەریشی دانیشتووە. لە حاڵێکدا من هەروا خەریکی ئەوەم لە نیسێیە بیبەمە بەر تاو و لە بەر تاوێ بۆ نیسێیە.

لە پڕ رووداوەکانی ئەم دواییە وای لێکردم هەرنەبێ لە لای خۆم کەمێک بە خۆمدا بێمەوە و بیسەلمێنم کە ئەم مێشکە بۆ من نەبووەتە نان و ئاو، با کەمێک شان و پیلان لێکدەم. بە خاتری خۆشم بێ، دەبێ هەوڵێک بدەم و دوای چەند ساڵان خۆم بە خێو کەم. ژن و منداڵ لەمێژە کاریان بە کارم نەداوە. ئەوێ رۆژێ خێزانم بۆ یەکەم جار لە ڕوومدا گوتی:

ـ من دەزانم نەبوونت چ قازانجێکی هەیە، بەڵام ئەگەر زەحمەت نییە، دەکرێ خۆت باسی زەرەری بوونت بکەی؟

ماوەیەک لەوەی پێش "کلارا"ی کچم لەگەڵ دەستە خوشکەکەی هاتبۆوە ماڵێ، هەواڵەکەی لێی پرسی:

ـ بابت چ کارەیە؟

ئەویش لە وەڵامدا پێی گوت:

ـ رزگارکەری جیهانە!

ـ کەوایە بابت "سوشیانت"ە!

ـ ئم ... م م م، لەم تیپە.

هەرچۆنێک بێ دەبێ کۆتایی بەم وەزعەی خۆم بێنم.

بە بۆنەی دۆزینەوەی کار کاتالۆگی تەلەفۆنم لە پێش خۆم دانا، لەسەری چوومە دەفکرەوە، زۆرم هێناوبرد کە زەنگ بۆ چ شوێنێک لێدەم و بۆ کوێ لێنەدەم. دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر دوو شوێن هاتە بەر زەینم کە داوای کاریان لێبکەم. یەکەمیان، حیزبی ئامۆزا کە بۆن و بەرامێکی خۆمانەی لێدەهات و بەختەوەرانە لێرە لە پارلمان دانیشتووە. دووهەمیان، کارخانەی شیری "ئارلا" کە تەنیا کارخانەی شیری ناوچەکە و یەکێک لە کارخانە گەورەکانی ئەم وەڵاتەیە.

چەند جاران دەستم برد پێوەندی لەگەڵ حیزبی ئامۆزا بگرم، بەڵام کاتێک وەبیرم هاتەوە کە چۆن خۆش خۆش لەگەڵ حیزبی زەرد و شین و راست و خوار رێکدەکەوێ، پێم قەبوڵ نەکرا و لە پرێنسیپی من دا نەبوو بۆ لایان بچم و، دوامینی ئەوەش خاووخێزان کاری فکریی من، بە کار دانانێن پیان وایە هەر دەبێ پێمەڕەم بە دەستەوەبێ.

هەر بۆیە فکرو هۆشم خستە سەر "ئارلا" و بە بۆچوونێکی ئاکادیمییانە هەڵسەنگاند و بەو نەتیجەیە گەیشتم کە لە باری وەرگرتنی کار لەوێ چەندم شانس هەیە و، چەندیشم شانس دەبێ کە دوای ماوەیەک بە بیانووی کەسادی بازار وەدیوی دەرێم نانێن. من ئاوای بۆ چووم بە دوو هۆیان وەچنگ خستنی کار لەوێ لە هەموو شوێنەکانی تر باشترە، یەک؛ خەڵکی ئەم وەڵاتە وەک خەڵکی لای خۆمان نین، لە لای ئێمە هەر دەبوایە تاوتێت لێبێ و قورگت بێشێ و هیچت پێ نەخورێ تا ئیستکانێک شیر بخۆیتەوە، بەڵام لێرە شیر خواردنەوە وەک ئاو خواردنەوەیە، دووهەم ئەو غەریبانەی لێرە دەژین بە وردو درشت و بە کچ و کوڕەوە بە هیوای ئەوەی وەک خەڵکی ئێرە باڵابەرز و بە تین و تاقەت بن، ئەگەر لە خەڵکی ئێرە زیاتر شیری نەخۆنەوە کەمتریش ناخۆنەوە. هەربۆیە وای تێگەیشتم "ئارلا" قەت شکستی ناهێنێ و منیش قەت بێکار نابم.

لەرووی کاتالۆگەوە ژمارەکەم دیتەوە و دەرم هێنا و زەنگم لێدا، ئاغایەک وەڵامی داوە، خۆم پێناساند و گوتم:

ـ بە شوێن کار دا دەگەڕێم و پێم خۆشە لای ئێوە کارم وەدەستکەوێ. دەکرێ لەگەڵ بەرپرسی دامەزراندن قسە بکەم؟

ـ خۆم بەرپرسم، فلان رۆژ و فلان ساعەت وەرە تا لە نێزیکەوە قسە بکەین، بەرگەی ئەزموون و خوێندن و ئەو کارانەی پێشووت لە بیر نەکەی لەگەڵ خۆتی بێنی.

دوای سپاس و مالاوایی، تەماشای کاتەکەم کرد دیتم رەبەق دوو حەوتووی ترە. زۆرم پێ ناخۆش بوو کە رۆژی دیدارەکەمانی ئاوا دوور داناوە، بەلام لە خۆشیانیش دۆست و ئاشنا کەس نەما زەنگی بۆ لێنەدەم و پێی رانەگەیەنم کە دوو حەوتووی تر دەچم بۆ موقابەلەی کار وەرگرتن. رۆژی دیاریکراو گەیشت، چەند دەقیقە پێش وەختی دیاریکراو لە پشت دەرگای بەرپرس چاوەڕوان دانیشتبووم. دەرگای کردەوە و بەسەرو رووخۆشی پێشوازی لێکردم و دەستی لەگەڵ لێدامەوە، چووینە ژوورێ، تەواوی بەڵگە و شەهادە و ئەزموونم کە لە زەرفێکی بچووک دا بوو لە سەر مێزە گەورەکەی لەبەر دەمی دانا. گوتی:

ـ من دوایی یەکە یەکە پێیاندادێمەوە، بەلام بەر لە هەموو شتێک پێمخۆشە باسی دوو شتانەت لەگەڵ بکەم و دوایی بچی ئازمایشی خوێن و پێشاو و پیسایی بدەی. لای ئێمە شەهادەی پلەی خوێندنی کرێکارەکانمان گرینگییەکی نییە. کرێکارەکانمان دەبێ لە دوو عەیبان بە دوور بن، یەکەم، رەگەزپەرەست نەبن، لەبەر ئەوە ئێمە بە سەدان کرێکارمان هەیە کە هی دەیان وەلاتن. ئایا، دەتوانی بە ئێحترام و بێ موشکلە کار لەگەڵ هەموو رەگەزێکی تر بکەی؟

تا ویستم دەمم بکەمەوە و پێی بلێم، مێژوو شاهیدە کە من لە خۆشەویستی رەگەزەکانی تر رەگەزی خۆم لە خۆم حەرام کردووە، لێی دووپات کردمەوە،

ـ دەتوانی یان نا؟

ـ بە دڵنیایی!

بەرپرس دەستی بە قسە کردەوە و گوتی:

ـ دووهەمیان؛ نابێ ئالوودەی هیچ چەشنە بەنگێکی سەرخۆشکەر بی!

ـ بە حەیاتم نە چاوم پێکەوتووە، نە دەستم لێداوە، نە بۆنم پێوە کردوە و نە کێشاویشمە!

ـ هەڵبەت من نالێم باوەڕت پێناکەم، بەلام دەبێ بڕۆیە لای سیستری کارخانە تا ئازمایشی پێویستت لێ بکا. نزیکەی دوو حەوتوو دەگرێ هەتا وەلامی ئازمایشەکان بێتەوە و دوایی ئێمە بە بوون و نەبوون خەبەرت دەکەینەوە.

لە رێگای گەڕانەوە بۆ مالێ لە فکری ئەوەدا بووم ئەم دوو حەوتوویە بێکار لە مالدا چ بکەم. هەرچۆنێک بێ، دوو حەوتووەکەم گوزەراند، رێک رۆژی چواردەهوم تەلەفۆن زەنگی لێدا و کابرای بەرپرس خۆی بوو، گوتی:

ـ دەمەویست پێدڕابگەیەنم، تۆ لە سبەی شەو ڕا لە سەعاتی یازدەونیوی شەو تا سەعاتی حەوتوودوازدە دەقیقەی بەیانی کارەکەت بەم شێوەیە دەست پێدەکەی. باشتر دەبێ ئەگەر سەعاتێک زووتر بێی تاکوو بەرنامەی مانگانەت بدەینێ و ژێر کاغەزەکانی پێویست ئێمزا بکەی و ئاگاداری زیاترت پێبدرێ و لیباس و کەلوپەلی پێویستیش وەرگری.

دوو سەعات بەر لە دەست پێکردنی کار وەڕێ کەوتم، کە گەیشتمە ئەوێ، کارەکانی پێویستم بەجێ گەیاند و جلوبەرگی کارم لەبەر کرد و کلاوم قیلاوقاچ لەسەر تەپڵی سەر دانا، چوومە بەر ئاوێنە و بە چاوی مشتەری تەماشایەکی خۆم کرد و لەبەر خۆمەوە گوتم:

ـ وێنەی ئەم شکڵ و سەروپۆتراکە دەنالی بۆ سەر پەرتووکی تایبەتی.

چوومە هۆلی کرێکاران، دیتم سەر کرێکار لەگەڵ یەکی تر چاوەڕوانمە، هاتە پێش و گوتی:

ـ ئەم کوڕەی لەتەکمە، ناوی "دانیەل"ە، ئەمشۆ تۆ بە دەستی ئەو دەسپێرم تا هەم فێرت بکا و هەم پێکەوە لە سەر ئەم دوو دەزگایانە کار بکەن. هەر پێداویستی و پرسیارێکت هەبوو یارمەتی لێ وەرگرە.

بە گوتنی "سەرکەوتوو بی"، منی بۆ دانیەل بەجێهێشت. دانیەل تەمەنی بیست و دوو سال دەبوو، هەرچەند کوڕە کارخانەدار بوو بەلام بە شەوی تەحتیلی لە "ئاڕلا" کاری دەکرد تا پارەیەکی زیاتری لە گیرفاندا هەبێ. کاتێک پرسیارم لێکرد ئەدی بۆ لە کارخانەی خۆتاندا کار ناکەی؟

وەلامی دامەوە:

ـ مەبەستت کارخانەی باوکمە؟! چون لێرە لە کارخانەی باوکم، پارەی زۆرتر وەردەگرم!

زۆری نەخایاند بووین بە برادەری قسان، عەرش و قورشمان تێککردەوە. دانێل گوتی:

ـ ئیجازەیە پرسیارێکت لێبکەم؟

ـ بەلێ.. فەرموو.

ـ لە کوێ ڕا هاتووی؟

ـ پرسیارەکەت زۆر دواکەوتووانەیە، من شۆڕاومەتەوە لەم چەشنە بچووکییانە، من خەریکی وردەوالە نیم! من...

دانیەل تەماشایەکی کردم دوای کەمێک تێڕامان گوتی:

ـ دەزانی زانستی دەروونناسی سەبارەت بەم کەسانەی کە ناسنامەی خۆیان حەشار دەدەن دەلی چی؟

ـ نا، دەلێ چی؟

ـ دەلێ، ئەم چەشنە کەسانە نەخۆشی نەفسییان هەیە و لە بچووکی خۆیانەوە خۆ بە شتی زل هەلداوەسن. ئەم کەسانە قەت لە ژیاندا بە شێوەیەکی راستەقینە خۆیان نابینەوە و تووشی ئالۆزی کەسایەتی دەبن و لە ژیاندا سەرکەوتوونین.

زۆرم پێخۆش بوو منیش بە پێی زانستی دەروونناسی وەلامی بدەمەوە، بەلام عەقڵم نەیبڕی.

ئەو بەشەی ئێمە کارمان لێدەکرد کارەکەی بەو چەشنە بوو کە

دەبوایە قەرتاڵەی تایبەت کە بە تاڵ بوون و بەرزاییان سەت و سی سانت دەبوو بە دەزگای ئەلەکتریکی لە سەر پردێکی هەواییدا بهێنینە خوار و لە جێگەیەکی تایبەتی ڕیزی کەین و دوایی یەک بە یەک دەرگای بکەینەوە و لە بەر دەم دەزگایەک داینێن و دوگمەی دەستگایەکی تر لێدەین تا ئەو پاکەتە پڕ لە شیرانەی کە لە شوێنێکی دیکە ئامادە کراون بیخاتە نێو قەرتاڵەکە. دوای پڕ بوونی قەرتاڵەکە لە پاکەتە شیران، دوگمەی لێدەدەینەوە کە دەزگاکە بوەستێ و ئینجا قەرتاڵەکە لە ژێر دەستگاکە دەرهێنین، دەرکەی داخەینەوە و زوو داشقە قەرتاڵەیەکی تر دانێن و بە غار داشقەپڕەکە چەند میتر ئەولاتر پاڵ پێوەنێن و بەرێی کەین بۆ ساردخانە. تەواوی ئەوکارانە بە خێرایی ماشێن دووپات دەبۆوە و بە خێرایی ماشێن دەبوایە غارغارێن بکەین. هەر بە ئاستەم سەبر جولآبایەوە لە چەند لایانەوە هاواریان لێ بەرز دەبۆوە:

ـ ئەوە بۆ ناڕوا؟

بە دوای هەر نیو ساعەت کار، ماوەی نیو ساعەتمان پشوودان هەبوو. ئەوێ شەوێ هەرچەند شەوی هەوەڵ بوو، کاتێک گوتیان کار تەواوە، بەشی خۆتان لێداوە، دڵم لە کارەکە نەدەبۆوە بە جێی هێڵم و پێم وابوو زوو ڕۆژ بۆتەوە. هەرچەند نزیکەی چارەگە ساعەتێکی مابوو کە کارتی تەواو بوونی کار لە دەزگای تایبەت بدەین، بەڵام تەواوی کرێکارەکان بە ڕیز لە بن دیوار ڕاوەستابوون و لەگەڵ بیستنی هەر چرتەیەکی ساعەتەکە، بزەیەکیان دەهاتێ، هەروەک جار لەگەڵ جار ڕزگار بوونیان نزیک دەبێتەوە. چاوەڕوانییەکی سەخت بوو، حەجمینیان نەبوو، کارتەکە واتا ئەوکوتە کاغەزەی دەستیان، لێ ببوو بە بەلا. دوایین چرتەکەش لێدرا و هەموو بە ئاوات گەیشتن...

کاتێ جلوبەرگ گۆڕین زۆرم شایی بە شان و پیلی خۆم بوو، هەستم بە ماندوویی نەدەکردو بە کەیف خۆشی چوومەوە ماڵێ. بۆ شەوێ دیسان چوومەوە سەر کار. کە گەیشتمە جێ، سەرکارگەرەکە پێی گوتم:

ـ ئەمشۆ لە گەڵ "ئێوا" لەسەر ئەم پێنج دەزگایانە کار دەکەن، یەکی دووتان وەبەردەکەوێ و ئەوی ئێوانیش بە هەردووکتان پێی ڕادەگەن.

لەگەڵ دەنگی تەقەی هەڵکردنی دەزگاکان، هەلآت هەلآت و غارغارێنی دوێنێ شەوێ دەستی پێ کردەوە. دیتم هەوای ئەمشۆ لە هەوای دوێنێ شەو نییە، هەرچەند دەخۆم دەنووسێم ناپەرژێم. ئێوا بە میحیبەتەوە هاتە پێشم و گوتی:

ـ تۆ هەر بەم دووانە ڕابگە، من سێهەمی هەڵدەگرم.

هەرچەند مەسەلەی ژن و پیاو زۆر لەمێژ بوو لای من حەل ببووە، بەلآم لەوەی کە لای ئەو ژنە بەو چەشنە ئاشازا وەدەرکەوتم زۆر بە خۆمدا شکامەوە. تا هەوڵم دا گورجوگۆلتر بم زۆرترم لێدەقەوما. بە وەختی خۆی قەرتاڵەم بۆ نەدەهاتە خوار، دەرگام بۆ نەدەکراوە، بۆم دانەدەخراوە، بۆم نەدەچوو بن دەزگاکە، بۆم نەدەهاتەدەر، بۆم ڕەکێش نەدەکرا، لەگەڵ هەر جولآنەوەیەکم پاکەتە شیر خلۆر دەبۆوە، دەکەوتەخوار و دەپچکرا، شیر دەڕژا، تەواوی هەرد سپی هەڵدەگەڕا. بە جێگەی ئەوەی سۆندەی ئاوێ بێنم و هەردەکە بشۆمەوە، سۆندەی سابوونم هێنا، وەلآت کەف هەڵیگرت، کەس نەیدەوێرا بە ڕێدابڕوا. لە هەموو لایەکەوە هاوار بەرز ببووەوە. هەر یەکەی بە جۆرێک دەهات و تەماشایەکی دەکردم و بێ ئەوەی شتێکی بڵێ یان یارمەتییەکم بکا. ئەوەندە شیرەی من بەم چەند ساعەتە ڕۆمکردە هەرد، هیچ کرێکارێک بە درێژایی چەندین ساڵان نەیکردبوو. کاتی پشوودانەکان ڕووم نەبوو بچم لای کرێکارەکانی تر دانیشم، بە تەنیا دەچوومە گۆشەیەک کە نەمبینن.

زۆر شوکرانە بژێر بووم کە کەسی وا ناسیاوی لێ نەبوو بمبینێ بە تایبەت خێزانم، دەمزانی چم پێدەڵێ، دەڵێ: " ئەوە لە مێشک، ئەمەش لە هێز".

هەروەها خەریکی هەلآت هەلآت بووم، کە هاواریان کرد کار تەواو. تەمەشای ساعەتم کرد تازە ساعەت پێنجی بەیانی بوو یانی دووساعەت و دوازدە دەقیقەمان مابوو بۆ تەواو بوونی کار. نەموێرا هۆی زوو تەواو بوونەکەمان لە کەس بپرسم. هەرچۆنێک بێ جورئەتم وەبەر خۆم نا و چوومە دیوی پشوودان لای کرێکارەکانی تر، دیوەکە یەکی تری نەدەبرد، هەموو پێکەوە قسەیان دەکرد. بەزەحمەت جێگایەکم بۆ خۆم کردەوە و دانیشتم، وێڕای دانیشتنم ئێش و ئازار لە تووکی سەرم ڕا بگرە هەتا نینۆکی پێ دایگرتم. چاوم لەسەرێک دانا، تا کەس هەست بە ئازارم نەکا، کە چاوم کردەوە، دیتم هەر خۆم تەنیا لە ژووریدا ماوم. تەمەشای ساعەتم کرد، ساعەت حەوت و پازدە دەقیقە بوو، یانی بە سێ دەقیقان ئاسەواری کەس نەمابوو. هەروەک چرێش بە کورسێکەوە نووسابووم، بەزۆر خۆم لە سەری هەڵکەند. هەنگاوم بۆ هەڵنەدەگیرا، لیباسی بەرم لێببوو بە پەستەکی تەڕ. خەمی گەیشتنەوە بۆ ماڵێ ئەوەندەی تر قەراری لێهەڵگرتبووم. ناچار لەگەڵ پارەی ئەو دوو شەوەشم نەکرد، تاکسیم گرت و تا بن دەرکەی ماڵێ هێنامەوە. کچەکەم بەرەوپیرم هات و گوتی: بابەگیان، ئەوە چت لێقەوماوە؟

ـ هیچ ڕۆڵە گیان!

خۆم گەیاندە سەر جێگاوبانەکەم، لە ئەغیاری و بووراویدا بووم کچەکەم بانگی کردم: بابە؛ تەلەفۆن. لە ئاڕلاوە تۆیان دەوێ!

بە نووزەوە گوتم:

ـ پیان بڵێ، دەڵێ تەواوم کردووە، تەواو!

ـ دەڵێ، "دەبێ خۆی قسان بکا"!

ـ بڵێ زمانی ناگەڕێ!

• • •

**چەند ساتیرەچیرۆکێ:**

ئاسۆ بیارەیی

## مەیموونە نووسەر

جارێکیان خێزانێکی کوردی ئاوارە لە ناوچەی (سەلاسی باباجانی جوانڕۆ) خێزانێکی جووتیاری ئەو ناوچەیە بۆ خواردن دەعوەت دەکەن. سفرە بە خواردنی هەمەجۆر دەڕازێننەوە.. جووتیارەکە هەرچەند سەر ئەبات و ئەهێنێ ناگاتە هیچ ئەنجامێک. ناچار زۆری بۆ دێت و دەڵێ: ماڵەکە! ئەرێ ئێژن من بە مەیموون یا گا تێدەگەن ئەم هەموو خواردنەتان داناوە؟! وە خودا ئەم قاپە ماستە و ئەم دوو نانە بۆمن بەسە..

وێدەچێ ئەگەر کاک «عومەری فارس» ڕازی بێت مەیموونیش بۆی هەبێ لەم سایتەدا شت بنووسێ. ئەی ئەوە نییە هەندێک پێی وایە جۆرێ لە مەیموونەکانیش دەتوانن ببنە نووسەر و لە ناو شاشەی کۆمپیوتەردا هەڵبەز و دابەز بکەن. «داروین» ڕاستی گوتووە کە مرۆڤ کاتی خۆی مەیموون بووە. لە بیرمە تازە دەستم کردبوو بە قۆناغی ناوەندی، هاوین بە سەردان چووم بۆ بیارە و هەمان فەرموودەی داروینم بە بابە گەورەم گوت کە باوباپیرمان هەموو مەیموون بوون. گوتی: جا خۆ هەموو جارێ لە کاتی گوێزپێکەیشتندا کرێکار دەگرم بۆ کۆکردنەوەی گوێزەکانم.. جا کوا دووانتان مەیموون بوونایە لەم باخانە دەرنەچوونایە.

## عەنتەرنێت و دیمۆکراتیەت

**شوێن:** ناو شاشەی ئەنتەرنێت.

**پاڵەوانی ناو یەکەکان و سفرەکان:** دڵخۆش حەسەن و چەند قەڵەمڕەوێ لە کوردستان.

**دەستپێک:** هێندە نووسەر زۆر بووە لەم عەسرەدا/ بۆتە حەشری نێرەکەر لەم عەنتەرنێتەدا*

**بابەت:** شەڕی وشەکوژیی زمانی کوردی.

**دڵخۆش حەسەن:** لە کن من ساوەرخواردن شۆڕشە

ئەی نەتان ئەووت: پێشمەرگەین بە هەڵمەتین، ساوەرخۆر و نەگبەتین.
لە کن من شاعیر مرۆڤێکی خەواڵووە وڕێنەدەرکا،
کە گیرفانی بەتاڵ بوو، شوانی قەل دەکا.
لە کن من کوردستان شەش پارچەیە،
ئەگەر (بیارە و تەوێڵە)ش بوو
وڵات دەبێتە حەوتەوانەی سەرزەوی.
لە کن من جامانە، عەگاڵ و بەرماڵ هەرپەڕۆیە،
گیا سەوز بێ یان زەرد هەر گیایە..

**۵. کوردستان:** دەمدرێژ، دەمت داخە، دەست بە سەر کڵاوی خۆتەوە بگرە! لە کوێوە با هەڵبکا لەوێوە شەن بکە! تۆ ئاوا بەردەوام دەمشرِ بیت کەس بە کەناسیش وەرت ناگرێ..! ئەمە چییە هەرکەس لەو حەوروپایە سەندوقێکی لە کن خۆی داناوە و جنێو بە حەرز و عاسمانێ دەدا، ئێرە کوردستانە..! نازانم ئەو دیمۆکرایەتییە چییە وا ئەو عالەمەی فێرکردووە و گەنجی لەم وڵاتە قەحت وبنبڕکردووە، کەس نە تاقەتی شوانی و نە چەک هەڵگرتنی ماوە...!

سەگباب! باسی پاشای سوید مەکە کە هەویرتان بە سەریا کردووە. ئەگەر من دەبووم، خواوەکیلی ملی یەکەیەکەتانم وەک گوێلکی بەلەسە پێچ ئەدا و سەرم دەبڕین.

**قسەبڕێک:** لە ساڵەکانی هەشتادا کادیرێکی (حشع) لە گوندێکی شارەزوور باسی ئۆتۆنۆمی بۆ جووتیارێک دەکات. جووتیارەکە باسەکەی بە دڵ نابێت و دوای زیاتر لە دوو سەعات گوێگرتن باوێشک ئەدات و ئەڵێ بە خوا هەر خوا خۆی ئەزانێ و مولکی، گرینگ ئەوەیە مەڕەکانم بێ لەوەڕ نەبن.

بۆ ڕۆژی دوایی هەمان کادیر ڕێی دەکەوێتە گوندێکی تر و ئەمجارە گەنجێک لێی ئەپرسێ کە باسی ئۆتۆنۆمی بۆ بکات، کادیرەکەش جووتیارەکەی دوێنێی دێتەوەبیر و بە گەنجەکە دەڵێ: مەسەلەی ئۆتۆنۆمی وەک ڕێخۆڵەی ناو سگ قووڵە، باشتر وایە پیاو بیری لێ

نەکاتەوە...

ق. کوردستان: کاکە تۆ قسەکانم پێ مەبڕە، خۆ شیوعییەکان وەک پاسۆکی جاران، مەنجەڵێ یاپراخ هەموویان تێر دەکات. وازم لێ بێنە با ئەو حەمە بەناو سەعیدە ئەوەندە بشۆمەوە بیکەمە حەمە حەزین. ئەوان لە پشت ئاشان دزێژەیان بە تەعریب ئەدا.

دڵخۆش حەمەن: ئەوە برا بۆ دیسان ڕێژەی تووڕەبوونت بەرز بووەوە، ڕاستیت لا تاڵە! من باسی مێژووت بۆ دەکەم، مێژووی تەکیەکانی بادینان و بابان. من چۆن بتوانم مامەیارە لە یاد دەرکەم. بۆ هەمیشە ڕەخنە بە جنێو تێدەگەن؟

ق. کوردستان: جاری پێشوو خەریکبوو قەڵەمەکانت لە سەردا بشکێنن و وا ئێستا پەنات بردووە بۆ ئەو عەنتەنێتە. ئاخر تۆ هەقت بە سەر تەلاتی پەرلەمانەوە چییە؟ ئەریتریەکان کولانە کۆترێکیان هەیە شانازی پێوە دەکەن، دە تێکدەری وەک تۆش کە هیچیان لە دەست نایە و کەس شتیان بۆ بڵاوناکاتەوە، چاویان بەرایی نایە کەوا کۆمەڵێکی ئاشتیخوازی وەک ئێمە دەوڵەتی کوردی دابمەزرێنین.

دڵخۆش حەمەن: دەمێ تورک و دەمێ عەجەم
جارێکیش وشترەوانی بیابان
ئەمجارە پاسەوانی پەرلەمانی خۆم دەکەم
گومرک، سنوور و سامانی ئاژەڵ
ڕەشەنەوتی شیواشۆک
لە دەست خۆمدایە
تەنها سەربەخۆییم پێ نابڕێ.

ق. کوردستان: بەو قسە هەڵەق مەڵەقانە خۆت کردووەتە شاعیر. پێم ووتی و دەیڵێمەوە: پاسەوانی پەرلەمان تاپر، یان کوتەکیان بە دەستەوە بێ، هۆڵی پەرلەمان قوتیلە یان فیشەکی گردار ڕۆشنی بکاتەوە، کاربەدەستەکانی سەپان بن یان شێخ بن ئەمانە کەی دەردی تۆن..؟

خەڵکی لە تۆش شاعیرترن و خاوەنی بەنزینخانە و ڕیزێ دوکانن، تۆش هەر چاوت لە دەستی ئەم و ئەو بێ. وەک هەلاج سەرودڵی هەموو کەس شی ئەکەیتەوە. بڕۆ ناوەکەت پڕ بە پێستی خۆتە..

دڵخۆش حەمەن: باشت دەناسم، تا دوێنێ بوو بە باڵای فاشیستەکەی (تکریت)دا گۆرانیت ئەوت، لە تۆ بوایە پەیکەرێکت بۆ قەدوباڵای پیرەمەگروون بۆ دروست بکردایە، ناوی شاری (سلێمانی)یشت بکردایە بە عەرەبانی. ئێستاش (یا حوسێنی پاسدارەکان) کە کەوتنە پێشتان بۆ گرتنی شاری هەڵەبجەلە کوێی خەڵکدا دەزرینگێتەوە.

ق. کوردستان: ووتم کای کۆن بە با مەدەرەوە، هەموو کەلێ بەو قۆناغەدا تێپەڕیوە..! جاران تەنها شاخەکان دۆستمان بوون، کە چەکی کیمیاوییان بە سەرا کردین، پێدەشتەکان و خاڵە «بووش»یش بوو بە دۆستمان. با ئەوان بێن ئەو نەوتە بەرن. وەک برادەرێک ووتی خۆ ئەوەندە نەوتمان ئەدەنێ کە بەشی عەلادینەکانمان بکات و لە سەرما ڕەق نەبینەوە.

ئەگەر دەمزانی وایری ئەو عەنتەرنێتە لە کوێ یە، جا بزانە یەک دەمە شۆقڵێکم لێ نەئەدا و ئەو کونەشم لێ نەئەبڕیت؟!

دڵخۆش حەمەن: جێ دەستت لە ڕووخاندنی خانووی کەسوکاری پێشمەرگە و گوندەکانی کوردستان دیارە، بۆیە وا هەڕەشەم لێ دەکەیت. ڕەشبینم بە پەرلەمانتان، سەدەهای وەکوو «وەفیق سامەڕایی» و «نزار خەزرەجی» پەڵەی ڕەشن لە ئاسمانی بێ هەتاوی کوردستاندا و، بارانە پەڕەی نسکۆ و خەجاڵەتی دەبارێنن، مۆتەکەن کەروێشکە خەوی منداڵانی باوک ئەنفالکراو ئەترسێنن، پەپوولە کیژی کورد دەژاکێنن. پێم ناڵێی ئۆمێدم پێتان بە چی بۆ ئاشت کەمەوە.

ق. کوردستان: جا ئەمە تۆ یەک سەر و دەمێکت پێوەیە وادەکەی، قیراوی گەرم بە سەری کورد ئەگەر وەک ماری سێسەر بوویتایە.. ئەوسا ئەبوایە بارگەمان بۆ ئەو دنیا بپێچایەوە.

باسی هاوڕێ وریا بۆ دەکەی کە وارەکەی دزیوە؟ یان دیارە هەر بە تایفە ئارەقخۆر و قومارچین، ماڵی حشعم بە قورگرت کەوا بە چیمەنتۆ گیراوە و فێری خوێندەواریان کردیت ئەگینا کەس لەو هەڵەبجەیە با ئاودێری تووتنیش ڕای نەدەگرتی.

دڵخۆش حەمەن: بۆ هێشتان کەسێ یان پارتێ، خانەیەک دروست بکات تاکوو بە قوری بگرن، ئێستاش لەو چەمانەی هەورامان کۆمەڵێکتان لێ عاسی بووە و گومرکتان لێ تێدەبڕن. تا دوێنێش بوو خۆتان بارەگاتان بۆ کردنەوە. ئەمڕۆش ڕێگرن و لە ئەفغانستانەوە هاتوون.

ق. کوردستان: وەک ووتم چیبکەن کەوا دوورم لێت ئەگینا هەر بە وایرەکانی ناو ئەو عەنتەرنێتە کە دەمی هەزارەهای وەک تۆی هارکردووە دەمخنکاندی و بە ئاگری تۆڵە دەمسووتاندی.

دڵخۆش حەمەن: ببوورە! ئەو ئەنتەرنێتەی کە تۆ بە عەنتەر ناوی دەبەی،

وایری نییە تا ئەو تاوانەش بکەی و ولاتی سوییدیش سارده بۆ ئاگرکردنەوە.

## لە سەر بانیلەی پەرلەمان

با لە سەرەتاوە بڵێم: کردنەوەی دەروازەکانی پەرلەمان لە گەلی کورد پیرۆز بێ..

ـ دوژمنانی گەلی کورد دەمێکە دڵیان بەوە خۆشە کە خاکمانیان داگیر کردووە. لەو پەڕی خۆشیدان کە هەر یەکە لە ئێمە چمکێکی ئالای کوردستانی بۆ خۆی دادڕیوە. من سوپاسی خاتوو «میتران» دەکەم کە ئەو ئەرکی دروومانی گرتووەتە ئەستۆ و بەڵێنی داوە ئالاکەمان بۆ بدوورێتەوە، کە کاری ماڵ و منداڵی خۆی لە فەرەنساوە بەجێهێشتووە و پەریوەتە ئەم گەرمایەی هەولێر و خەمی منداڵانی ئێمە دەخوات.

ئەز یەکدنیا سوپاسی شێرەکەی ئەمریکا «بووش» دەکەم کە وێڵی دۆزینەوەی هەتاوی ئالاکەمانە وخەو و ئۆقرەی لە باوکی عەرەبان (سەدام) بریوە. بەڵێن بێت ڕۆژی سەرکەوتنی یەکجاریمان هەر یەکە برنەوێک و بیرە نەوتێکی بە خەڵات بدەینێ..

ئەز هەمی گافان دژی شەڕ بوومە. نووکەش داوایا لێبووردن لە خێزانێن شەهیدانی کوردستان دکەم.

لە کۆتاییدا وەک کورد دەبێژێت: ها ئەمە ملێ من و چەقۆیا جەماڤەر..

ـ یارمەتیم بدەن کە کەمێ درێژە بە وتارەکەم بدەن. چونکە زیاتر لە شەش ساڵە بۆ نەکراوە سەردانێکی واتان بکەم. خۆتان باری جوگرافی کوردستان ئەزانن کە هەموو شاخ و دۆڵ و ڕووبارە. ئێ خۆ کورد و خاوەنی کۆلارەش نییە تا من بتوانم سواری فرۆکە ببم و زوو بگەمە لاتان.

با پێشەکی بڵێم: بژی برایەتی کورد و عەرەب، کورد و تورکمان، کورد و بابلی و بژی برایەتی و کورد و دانیشتووی ئەستێرەکانی تر. دڵخۆشم کە لە ژێر ئەم هەرزاڵە پڕ کڵۆیەی پەرلەماندا سەدای ئاشتی و یەکگرتن لە شاری قەڵای هەولێر دەنگ ئەداتەوە. بەڵێن بێ منیش ئەو بەشە ڕەنگەی کە بردوومە بیدەمە دەست خاتوو میتران تاکوو (وەک کاک مەسعوود فەرمووی) ئالاکەمان بۆ بدوورێتەوە. داواشم لە هاوڕێ «عەزیز محەمەد» ئەوەیە کە ئەمجارەش هەندێ لەو ڕەنگەی خۆیمان بداتێ تاکوو لە جاران باشتر ئالاکەمان جوانتر بێ و دوژمنانی پێ کوێر بێ.

دەمەوێ وتارەکەم بە چەند خۆزگەیەک کۆتایی بێنم:

ـ خۆزگە دوژمن وەک هەنگ بوایە لە پێوەدان خۆی بمردایە و هەنگوینەکەی بۆ ئێمە جێمایە!

ـ خۆزگە کوردستان دەشت بوایە تا هەرگیز بیرمان لە شەڕی پارتیزانی نەکردبایەتەوە و شەڕی خوشک کوژی ڕووی نەدایە!

ـ خۆزگە ئەمجارە کەمێ لە نەوتی عێراق بۆ کورد بوایە و دوکەڵەکەی بۆ عەرەب بوایە!

یاخوا شەکراوی پەرلەمان دەمی هەموو کوردێ شیرن بکات! هەرچەند شینی بۆ ددان خراپە..

## منیش کاتم نییە

منداڵەکەمان کە تەمەنی دووساڵ ونیوە، بەبێ تەلەڤیزیۆنی (میدیا) هەڵناکات. بەو تەمەنە بچووکەوە وشەی دیموکراتیەتی زۆر لا خۆشە. لە ناو ئۆتۆمبیلدا نابێ خەوی لێناکەوێ. لە بەر خاتری ئەو، هەموو ڕۆژێ دەبێ خولێکی ناوشار بدەین. جا با ترافیکی ناوشاری ستۆکهۆڵمیش بوەستێ. لەم ولاتە کات گرینگە و پیاو دەبێ هەردەم چاوی لە سەعات بێ.

ـ ئێ بە خوا خۆم و شووەکەشم خەریکی خوێندنی بالاین و یەک دەقیقە بە یەک مسقاڵ ئالتوون ناگۆڕینەوە.

ـ مستۆی مێردم تەقڵە بە فیل لێ ئەدات ئەوەندە زمانی قەناعەتی بەهێزە. ئاپارتمان لە شاری گەورە بە ئاسان دەست ناکەوێ، بەلام ئەو بە تەلەفۆن شوقەیەکی سێ ژووری بە سانا پەیداکرد.

برادەرێک گلەیی بێکاتی خۆی ئاوا دەردەبڕێ:

ـ ماوەی ساڵێکە خەسووم بە سەردان هاتووە و داوای ئیقامە دەکات. بە سەیرکردنی تەلەڤیزیۆن ڕۆژ ئەباتەسەر. ئەوەی گوێی پێ نادا کوڕەکەمانە کە لە کوردستان پێش ساڵێک گرتمانە خۆ. تا داوای ئیقامەی نەکردبوو باسی شەڕی نەئەهات بە وێردا. ئێستا حەز ئەکا ئیسرائیل، سووریاش داگیر بکات تەنها بە مەرجێ ئەو ئیقامەی وەرگرێ. چونکە خۆی خەڵکی فەلەستینە.

لە ولاتی خۆمان (کوردستانە حەیاتەکە) کە کچێ مێردی دەکات، دەبێ لەو شوێنە بژی کە کەسوکاری مێردەکەی لێی دەژین. واتە لە سنووری خاکی خەسوو و خەزوورە. لە سوییدیش بەپێچەوانەوە. کوڕەکان دەبێ باربکەن بۆ هەواری کەسوکاری کچەکە. کێشەی بووک و خەسووش کەمێ کەمترە. بەلام نەنە و بابەگەورە هەرچەند خانەنشینن، کاتیان نییە تاکوو کچ و کوڕەزاکانیان بێتە لایان. سەیر ئەوەیە کە کەس لەو ئەورووپایە کاتی نییە. کابرا بێکارە بەلام بێ کاتە. پەنابەرێکی تازە بیانووی ئەوەبوو کە شەوی ئەو ولاتە (سوید) درێژە و خەوی زۆرە بۆیە کاتی کەمە. بە هاوینانیش ڕۆژ درێژە و ناکەوێتە ماڵ. ■

کورتە چیرۆک:

# مار

(پێشکەش بە لوقمان، پێشمەرگەی دیمۆکرات)

ڕەحمان سۆفی

دەڵێم: مـــار دەبینم. هـاوڕێ دەڵێ: «مـــار! مـــار نیـــیـــە، ئەوە سەرمازەڵەیە». خوشکە هاوڕێ ش دەڵێ: «کوڕە داخوا مارمێلکەیە».

هـاوڕێ پرسگە هەڵدەداتێ و دەڵێ: «مـــار! نـا بـابە باوەڕناکـــەم مـاربێت، داخـوا چاوت ڕەشکە و پێشکە دەکا، ڕەنگە خـشـەی پێی خۆت بێ، لێت بۆتە مار، دەنا کوا مار، ئەی بۆ ئێمە نایبینین؟!».

هاوڕێ لە نشینگەیەک دەژی لە نێوان هەولێر و کۆیە. نشینگەکە لە دەشـتێکدا هـەڵکەوتووە، ئەو خـانووەی تێیـدا دەژی هـەمـووی هەر بە چیمەنتۆ داڕێژراوە. بە ڕۆژ ئەوەندە گەرم دەبێ مرۆڤ سەری کاس و وڕ دەبێ. زۆر بیر لە گەرمـا و سـەرمـا ناکـەمەوە، بیر و هۆشم زۆرتر دەڕوا بۆ لای گژ و گیـا و سـەوزەڵانی دەوروبەری خـانووەکـە. بە ڕۆژ جانـەوەری سـەیر دەبینم، مـار، مێـروو، مـارمێلکە و سـەرمـازەڵە، بە شـەویش مـێش، پەپووڵە، مێشـەکوێرە و حەشـەراتی جـۆراوجـۆر. لە هەمـوو سـەیرتر ئەوەیە کـە هـاوڕێ سـەگـێکی لە نزیک مـاڵەکـەی بەستووەتەوە..

هـاوڕێ دەڕوا بـە لای کـاری خـۆیەوە. منیش بە تـەنیـا لە ژووری دەمێنمەوە. لە تەنیایی وەڕەزم، خۆم بە خوێندنەوەی گۆڤار، ڕۆژنامە و کتێبەوە خەریک دەکەم. لە خوێندنەوەش وەڕز دەبم. دەمەوێ بچمە دەرێ و لە نێو ئەو گژوگیا و مێرگەی دەوروبەری ماڵەکە بڕێک پیاسە بکەم، بەلام لەگەڵ من دەبزووم سەگەبۆر شێت و هار دەبێ و هـاف.. هـاف.. هـەف، دەوەڕێ. زۆر دەوەڕێ، مـــاندوو دەبێ، بێـدەنگ دەبێ، دووبارە دەوەڕێ، دەمرێنێ، دەقوورووسکێنێ و دەنووزێنێ..

لە ترسی گـوڵەبۆر دادەنیشـمـەوە. مـاوەیەکی دیکەش تـامڵ دەکەم. بەلام مـیز زۆرم بۆ دێنێ. خۆم پێ ڕاناگـیرێ، بەناچار هەڵدەسـتم و ڕادەبم، بە ئـەسـپـایی وەدەردەکـەوم، دەڕۆم بۆ لای لوولەی ئاوەکـە. گـوڵەبۆر دووبارە دەیکاتەوە هاف.. هاف.. هـەف و چەقـەلوور، خـۆی ڕادەپسکێنێ، دەیەوێ لە دەست پەت و زنجـیـر ڕەها بێ، هـاشـاوڵ دێنێ و دێتەپێشەوە، پەتەکەی لە مل توند دەبێ، چەند پا دەکشێتەوە، هـەمـدیسـان تەکـان لە خـۆی دەدا، هەرچەند دەکا بۆی ناکرێ، دوا هەناسە نووزەنووزێک دەکا و سەر دەنێتەوە نێو لاکی خۆی و بێدەنگ دەبێ. منیش بێ خـۆف و ترس لە گوڵەبۆر، ئافتاوە پلاستیکەکە پڕ دەکەم لە ئاو و دەچم بۆ ئاودەسـتەکە. کاری خـۆم ئەنجام دەدەم و بە گـورجی دەگـەڕێمـەوە. ئەمـجـار نە گـوڵەبۆر دەوەڕێ و نە منیش لێی دەترسم، ئەو سـەوازەی لـە من بـووەتـەوە و منیش زاتم لـەو شکاوە. دەگـەڕێمـەوە بۆ لای ژوورەکـە، نزیک دەبمەوە لە دەرگـاکـە خشـەخش وەهەسـتم دێنێ، دەڕوانمە دەوروبەری خـۆم. چ ببینم، مـارێکی ڕەش پێچ لە خـۆی دەدا و قـەف قـەف دەبێ، ڕاست دەبێـتـەوە و مـارپێچ دەخـزێ. بە دیتنی ئەو مـارە ڕەشـە نیـوە گـیـان دەبم، هـەنـاسـە هەڵکێشانم گران دەبێ، دڵەکوتە دەمگرێ، بێ هـەست دەبم، وەکوو ئەوەی کـە کـاس بم. مـار ملی هـەڵدێنێ و دەهەژێ، ڕوو لـە لای من دەکـا، وا هەست دەکەم کە دەیەوێ ئامـبـازم بێ. بـەلام لەپڕ دوو سێ قـەف لە خۆی دەدا و ڕاست و لار دەبێتـەوە و زۆر بە خێرایی دەخزێ بۆ نێو گژ و گیاکە و وندەبێ. کەمێک دێمەوە سەرخۆ، دەڕوانمە چوار دەورم، خـۆم دەکـەم بە ژوورەکـەدا، دەچمـە لای دەسـتـەنوێنەکـە و دادەنیشم و پاڵی وێ دەدەم، بە خۆم نییە دەستم دەڕوا بۆ لای پاکەتە سیگارەکەم، سیگارێ ئاگر دەدەم و دەیکێشم. هەر دەڵێی مـارەکە لەبەر چاومە، مات و بێ بزووە دادەنیشم. لە ناکاو هاوڕێ دێتەوە.

بانگ دەکا: «لە ماڵی!».

دەڵێم: بەڵێ..

دەڵێ: هەستە بابڕۆین بۆ سەرێ نانی بخۆین!».

هەڵدەستم و پێڵاو لە پێدەکەم و لە گەڵ هاوڕێ دەڕۆین بۆ ژووری سەرێ. سفرە ڕادەخرێ، چوار پێنج کەس لە دەوری کۆ دەبینەوە. نان دەخورێ، کاسە و کەوچک کۆدەکرێنەوە، لە دەوری یەک دادەنیشین، چاوەڕێی چایی خواردنەوەین.

دەڵێم: لە نزیک مـاڵەکـە مـار هەیە، هاوڕێیـان دەڕوانـنە یەک دی. سـەرم بـەر دەدەمـەوە، چەن چرکـەیەک بێـدەنگی فـەزای ژوورەکـە دادەگـرێ، هـاوڕێ دەڵێ: «باوەڕناکـەم، مـاری لێ نیـیـە، ئەوە سـەرمـازەڵەیە، بەلام دووپشکی زۆرە، حـەح مـاڵتـە.. لەو هەمـوو دووپشکە! وەڵاهی یەکی زەلام پێوەیدام. حـەح مـاڵتـە، چەندەیشـا، پەکوو!».

قسەکانی هاوڕێ تەواو دەبێ، ئەو جار نۆبە قسەی خوشکە هاوڕێ یە، دەڵێ: «باوەڕناکەم ماری هەبێ، داخوا مارمێلکەت دیوە وادەزانی مارە، دەنا باوەڕناکەم لەم نێوە مار هەبێ».

ئەمجار هـاوڕێ پرسگە دێتە جواب و دەڵێ: «بە چاوی خۆت دیت؟ دڵنیای کە مار بوو، کوڕە مـار نەبووە، داخوا چی بووە خشەی هاتووە پێتوایە مارە، دەنا کوا مار..».

دەڵێم: بۆ باوەڕناکەن، بە چاوی خـۆم دیم مـار بوو، مـارێکی ڕەش، هەرکە لە دەرگاکە نزیک بوومـەوە بە لامدا هەژی و قەف، قەف بوو، بە خێرایی خزی و ڕۆیی بۆ نێو ئەو گژ و گیایەی پشت پەنجێرەکە. بەلام ئەوان هەمدیسـان بە مـاناوە ڕوانییانە یەکدی و، بە چاوی بێبـاوەڕی تەمـاشـام دەکـەن. تێ دەفکرم، باشـتـر وایە کـە لـە سـەری نەڕۆم، پێداگرتنم بێ فـایدەیە، ئەوان بە گومانن، باوەڕ بە قسەکانم ناکەن، ئاقڵانەترین کار ئەوەیە کە بێدەنگ بم. خوشکە هاوڕێ بە چپەوە و بە سرتە بە هـاوڕێ پرسگە دەڵێ: «باوەڕناکەم، ئەی بۆ ئێمـە هیـچـمـان مارمان نەدیوە، لەوەتی لێرەم مارم نەدیوە..».

چایی دەخورێتـەوە، ئەوان دەڕۆن بۆ لای کار و فەرمـانی خۆیانەوە. هەڵدەسـتم و دەگـەڕێمـەوە بـۆ لای ژوورەکـەی هـاوڕێ. دەگـەمـە نزیک دیوەری ژوورەکە، دووبارە مـارەکە دەبینم، ئەڵبەتە ئەمجار وەک جاری

یەکەم ناترسم، لە بر خۆمەوە تێدەفکرم، باشە بۆ ئەو هاوڕێیانە باوەڕم پێ ناکەن! ئەوە نییە مارەکە بە چاوی خۆم دەبینم! مار دیسانەوە دەخزێ و دەڕوا، ماوەیەک ڕادەوەستم، دوایە بە ئەسپایی دەرگاکە دەکەمەوە و دەچمە ژووری دادەنیشم، سیگارێک دەکێشم، خۆم بە گۆڤار و کاغەزەوە خەریک دەکەم. خەوم دێ، دەترسم بنووم، ئەوە هاتوو لە خەودا مار پێوەیدام. ترسی مار و بێباوەڕی هاوڕێیان دەمخاتە گێژاوی فکر و خەیاڵەوە. خۆم بەوە دڵخۆشی دەدەمەوە کە «کوڕە خۆ هەور هەمیشە بەری ڕۆژێ ناگرێ، هەر کات و ساتێک بێ ڕۆژ وەدەردەکەوێ». من لەو بیرو خەیاڵەدام، گوڵەبۆر بە هەمان ئاهەنگ دەست پێدەکاتەوە، بۆم ڕوون نییە ئەو سەگە بە چی دەوەڕێ، نە کەس دیارە، نە هیچ دەنگێک دەبیسرێ، نە من دەرکەوتووم، ئەی بە چی دەوەڕێ! گوڵەبۆر، پاش ماوەیەک هاف.. هاف.. هەف.. کردن و قورووسکە و نووزە، بێدەنگ دەبێتەوە. دەچمە قووڵایی فکری خۆمەوە، بەڵام هەرچەن دەکەم جەمسەری گلۆڵە ئاڵۆزکاوەکەم بۆ پەیدا نابێ و نابێ...

ئێواری هاوڕێ دێتەوە. پاش ماندوونەبینی و چۆن و چاکی، کەوڵی نانی ڕادەخا، نان و چێشت دادەنێ و دەڵێ: «فەرموو نانی بخۆین! پەکوو چەندە ماندووم حەح لەو گەرمایە، پەک..». نانی دەخۆین، هەریەک لەلایەکەوە پاڵ دەدەینەوە. ئەمجار پەپوولە، مێشوولە، حەشەرە نایەڵن خەوم لێ بکەوێ. هاوڕێ هەڵدەستێ و لامپاکە دەکوژێنێتەوە. هەندێک ئارامتر دەبێ، ئەم شان و ئەو شان دەکەم، لە سەر پشت درێژ دەبم، خەوم نایە و نایە... تا بەیانی خەوم لێ ناکەوێ، سەبرم تەواو نەبوو تا بە هەر جۆرێک بوو شەو جێی خۆی دا بە ڕۆژ...

بەیانی دووبارە هەروەک ڕۆژی بەرێ لە خەو ڕادەبین، نان و چایی دەخۆین، هاوڕێ دەڵێ: «دەچمە خوارێ، بۆ قەڵایە، هیچت ناوێ؟».

ئەو دەڕوا. لە ژوورەکەدا بەتەنیا دەمێنمەوە، خۆم بە نووسینی ئەم چەن لاپەڕەیەوە مەشغوڵ دەکەم. ژوورەکە ئارام و بێدەنگە. ماوەیەک هیچ دەنگ و ڕەنگ نییە. بەڵام دیسانەوە گوڵەبۆر دەست پێ دەکاتەوە، هیچکەس و هیچ شتێک لە نزیکەوە نابینم، ئەی بۆ گوڵەبۆر وا دەوەڕێ، ئەمجارە وەڕینەکەی تێکەڵاو بەناڵەیە، هەروەک ئینسانێکی نەخۆش لە تاو دەرد و ژان بناڵێنێ، تا دێ ناڵەی زیاتر دەبێ، دەچمەدەرەوە. گوڵەبۆر وەک هەوەڵ بە تووڕەیی و ڕقەوە ناوەڕێ، وەڕینەکەی زیاتر لە پاڕانەوە دەچێ، نووزە و ناڵە دەکا، کلکەسووتە دەکا، ملی لار دەکاتەوە، گوێی دادەخا و بە داماوییەوە تەماشام دەکا. لێی نزیک دەبمەوە، دێتە پێشەوە و لمۆزی نزیک دەکاتەوە، بۆنم پێوە دەکا، بە چاوێکی کزەوە دەڕوانێ، چاوی لە سەریەک دادەنێ. بە وردی سەیری دەکەم، سەرنج دەدەم دەبینم لاملی ئاوساوە، سەرم هەڵدێنم، هاوڕێ لە پشت سەرمەوە وەستاوە و تەماشای من و سەگەکەی دەکا. سەگەکە هەرکە خاوەنەکەی دەبینێ لە جێی خۆی هەڵدەستێ و بە کلکەسووتە و خۆشامایی کردن خۆی لە لاقی هاوڕێ هەڵدەسوێ. هەمدیسان ناڵە و نووزەی دێ، هاوڕێش وەک ئەوەی لەگەڵ مرۆڤ بدوێ، دەیدوێنێ. گوڵەبۆر خاوەنەکەی تێدەگەیەنێ کە لا ملی ئاوساوە، ئەویش بە وردی سەبر سەرنجی دەدا و دستی بە سەر ملیدا دێنێ. کەمێک تێڕادەمێنێ و دەڵێ: «خوێڕی ئەوە بۆچی ئەو لاملەت ئاوساوە؟!».

گوڵەبۆر هەر دەڵێی لە زمانی دەزانێ، خۆی کرژۆڵە دەکا، هاوڕێ ئاخێک هەڵدەکێشێ و دەڵێ: «هیچ نییە، نا نا.. داخوا چی پێیەوە داوی، چادەبێ، دەی، نازم بۆ دەکەی..». ڕوودەکاتە من و دەڵێ: «با بڕۆین بۆ سەرێ نانی بخۆین، دوایە دەمەوێ بزانم چی دەبێ».

هیچ ناڵێم، لەگەڵی وەڕێ دەکەوم و دەڕۆین. هەروەک ڕۆژان سفرە ڕادەخرێ، نان دەخورێ، وەک ئەندامانی یەک خێزان لە دەوری سفرە و نان و چێشت کۆ دەبینەوە. نان دەخورێ، کاسە و کەوچک کۆدەکرێنەوە، هەروەک ڕۆژانی ڕابردوو چاوەڕوانی چایی دەبین. هاوڕێ پرسگە لێم دەپرسێ: «ئەوڕۆکە مارت نەدی...».

هیچ وەڵامی نادەمەوە، لە بیری ئەوەدام کە چۆن پێی بسەلمێنم کە نە خەیاڵاتی بووم و نە درۆش دەکەم. ئەوان هەموو وێکڕا پێدەکەنن، خوشکە هاوڕێ قاقا دەکێشێ و بە گاڵتەوە دەڕوانێ. هاوڕێ مات دەبێ، تێڕادەمێنێ. خوشکە هاوڕێ دەپرسێ ئەوە چییە بۆ ماتی؟!».

هاوڕێ دەڵێ: «وەڵاهی بۆ سەگەکەم، نازانم چی پێوەیداوە، لاملی ئەوەندە ئەستوور بووە..». ئەوانیش دەڵێن: «هیچ نییە نا، مێش و شتی وا پێوەیداوە، بۆ خۆی چا دەبێ، دەی خەفەت مەخۆ..».

هاوڕێ دەڵێ: «وەڵاهی ڕەنگە دووپشک پێوەی دابێ، ماڵتە ئەم نێوە هێندەی دووپشک هەیە.. دوێنێ شەوێ دانەیەکی زەلام بە خۆمیەوە داوە، ئەرێ وەڵاهی، حەح ماڵتە چەندە دێشێ..».

لەگەڵ هاوڕێ وەدەردەکەوین، بەرەو لای ژوورەکەی ئەو دەگەڕێینەوە، زۆری نامێنێ بگەینێ، مارەکە بە لاماندا تێدەپەڕێ. هاوڕێ بە خشە و خزەی مارەکە دادەچڵەکێ، ڕادەوەستێ و لەمن دەپرسێ: «ئەرێ ئەوە چ بوو؟».

وەڵامی نادەمەوە، مات دەبم و هیچ ناڵێم، ئەو دەکەوێتە خۆ و دەورویەری دەگەڕێ، مارەکە لە بن گژوگیایەکە دەخزێ و وندەبێ. هاوڕێ وەدوای دەکەوێ، بەڵام مار خۆی لە ژێر گژ و گیاکەدا دەشارێتەوە. هاوڕێ خۆی دەکا بە ژوورەکەدا، دێتەوەدەرێ، کلاشینکۆڤ بە دەستەوە زۆر بە تووڕەییەوە، وەکوو ئەوەی لە سەنگەری دوژمن بڕوانێ سیلە و چەفتە لە تەپکە گیایەکە دەگرێ، هەندێک ڕادەوەستێ، ئەنگوستی لە سەر ماشەی کلاشینکۆڤەکە دەبزێوێ و یەک ڕێژنە بە قرمە بە سەر تەپکە گیا و مارەکەدا دەبارێنێ، لە ژێر لچەوە دەڵێ: «نە ئاوات دەتۆپێنم، دەی، بە سەگمەوە دەدەی، تۆش وەک پاستار زەربە لە پێشمەرگە دەدەی! دەبڕۆ ئەوە گۆڕت بێ..».

تەماشای من دەکا، هەم تووڕەیە و هەم بە چاوی شەرمەوە سەرنجم دەدا. هیچ ناڵێم، لە دڵەوە خۆشحاڵم. زیاتر بەوە کەیف دەکەم کە بە چاوی خۆی مارەکەی دی. لە قرمەی گوللە و دەنگی هاوڕێ، خوشکە هاوڕێ و هاوڕێ پرسگە دادەگەڕێن بەرەو خوار بۆ لای ئێمە. هەردووکیان ڕەپ ڕادەوەستن، دەڕواننە یەکدی و مات دەبن، هاوڕێ ئاخێک هەڵدەکێشێ و دەڕوانێتە من...

ئاپریلی ١٩٩٨

# بیرەوەرییەکانی وەفایی
# و
## چەند ڕەخنە و تێبینی

س. چ هێرش




بەر لەوەی سەرنج و تێبینییەکانی خۆم وێڕای چەند سووکە ڕەخنەی برایانە لە سەر کتێبی «بیرەوەرییەکانی وەفایی» دەرببڕم، بە پێویستی دەزانم سپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی نووسەری ڕێزدار و دەستڕەنگین ماموستا «محەمەد حەمەباقی» بکەم کە چالاکییان لە بواری خزمەت بە فەرهەنگ و ئەدەبی کوردییەوە بەرچاو و شیاوی ئەوپەڕی سەرنجە.

نووسەر (وەرگێڕەوەی بیرەوەرییەکان) لە بەشی (بەرایی) کتێبەکە، کە وەک پێشەکی نووسراوە و تێیدا گەلێک زانیاری بەنرخی لە سەر نێوئاخنی بیروەرییەکان خستووەتەڕوو، ئاوا دەنووسێ:

"بیرەوەرییەکانی وەفایی، یان وەک وەفایی خۆی ناوی ناوە: تحفة الموریدین؛ بریتییە لەو بیرەوەرییانەی کە وەفایی لە ژیانی خۆیدا بە هیوای ئامادەکردنی بۆ چاپ، نووسیویەتی.

ئەم بیرەوەرییانە لەگەڵ دەیان کتێبی تری هێشتا دەستنووسی بە نرخدا، لە کتێبخانە دەوڵەمەند و پڕ بەهاکەی جەنابی ماموستا قازی محەمەد خضری ئەرزیوەیی دا پارێزراوبوو. جگە لەم دەستنووسە، گەلێ بەڵگە و نامەی تایبەتی و مێژووی بنەماڵەی ئەهرییەکانیان لە لا پارێزراوە و هەمیشە کتێبخانەکەیان بەشێک بووە لە ئەرشیفی بنەماڵەی ساداتی شەمزینان، بەڵام لە ڕۆژگاری جەنگی یەکەمی جیهانیدا، کە بە هۆی هێرشی ڕووسەوە، ناچار بوون ماڵ و خانەقاکانیان بە جێ بهێڵن و ڕوو بکەنە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی، کتێبخانەکەیان کەوتۆتە بەر دەستی لەشکری ڕووس و سووتێنراوە و ئەوەی بۆیان ماوەتەوە، هەر تەنیا ئەو کتێب و دەستنووس و نامانە بوون، کە لە چاڵ و ناودیوار و جێگەی تایبەتیدا شاردوویاننەتەوە. وەک لە جەنابی حاجی شەفیع (١٩٦١ز)ی کوڕی خوالێخۆشبوو قازی محەمەدی خضری مان بیست: ئەم بیرەوەرییانەی وەفایی، لە سەرەتادا هەر تەنیا نوسخەیەک بووە و بە خەتی خودی وەفایی بووە و لە ناوچەی مەرگەوەڕ بووە، بەڵام قازی محەمەد خضری، کە زۆر بە تەنگ سۆراخ و پاراستنی کتێب و دەستنووسی کۆنینەوە بووە؛ بۆیە لە پێناوی پەیداکردنی ئەم بیرەوەرییانەدا چۆتە مەرگەوەڕ و بە خەتە خۆشەکەی خۆی، ڕوونووسێکی بیرەوەرییەکانی وەفایی کردووە؛ کە ئەم بیروەرییانەی بەردەستی ئێمە، ئەو خەتە جوانەی خوالێخۆشبوو قازی محەمەدی خضری یە، کە لە کاتی خوێندنەوە و تەرجەمەکردنیدا، هیچ گیر و گرفتێکی نەخوێندنەوەمان نەهاتە بەردەم... ئەم بیرەوەرییانە دوای ئەوەی لەلایەن قازی محەمەد خضرییەوە روونووس کراوەتەوە؛ یەک ـ دوو دانەیەکی لە موکریان و لای بنەماڵەی خانەدانی ئەهری فتۆکۆپی لێ هەڵگیراوەتەوە، بەڵام (وەک وتمان) ئەم نوسخەیەی ئێمە، ئەو دەستنووسەی قازی محەمەدی خضرییە، کە نزیکەی (٧٠-٨٠)ساڵە، بە هەر ڕەنج و ماندووبوونێک بووە، لای خۆیان پاراستبوویان؛ تا لە پاییزی ساڵی ١٩٩٤ز دا، کە ئەنجومەنی ئەدەبیی شاری مەهاباد، کۆڕێکی ئەدەبیی بۆ بیرەوەری وەفایی سازدا، هاوڕێی شاعیر: کاکە مارف ئاغایی (١٩٦٥-١٩٩٨/٢/١٩ز) بە خۆشییەوە مزگێنی دامێ، کە بە هۆی خزمایەتی نزیکیانەوە لەگەڵ بنەماڵەی قازی محەمەدی خضری دا، توانیویێتی دەستنووسی بیرەوەرییەکانی وەفایی بۆ ئەم کۆڕە بهێنێ و لە هەمان کاتدا وتارێکی تێر و تەسەلیشی دەربارەی دەستنووسەکە، ئامادەی کۆڕەکە کردبوو.

نیتر هەر دوای تەواوبوونی کۆڕی ناوبراو، کاکە مارف

ئاغایی، بە ئاواتی وەرگێڕانی ئەم بیرەوەرییانە، بۆ سەر زمانی کوردی و ئامادەکردنی لە شێوەی کتێبکدا بۆ کتێبخانەی کوردی، سپاردی بە من و منیش دواتر هەر لەگەڵ کاکە مارفدا چووینە خزمەت قازی محەمەدی خضری لە شنۆ و ئاگادارمان کرد کە ئەگەر ڕێگەمان بدات دەستنووسی ناوبراو دەکەوێتە لای من و خەریکی تەرجەمەی دەبم... دوای ئەوەی زۆر بە خۆشییەوە پێشوازی لە داواکەمان کرد؛ بە چاکم زانی لەگەڵ هاوڕێی نووسەر: کاکە محەمەدی مەحموودی (کۆزاد) دەست بکەینە تەرجەمە و ئامادەکردنی.

ئەم بیرەوەرییانە لە بنەڕەتدا بە زمانی فارسی نووسراوە و پەخشانێکی یەکجار شیرین و ڕازاوەی ئەدەبییە کە «٢٧٤» لاپەڕەی قەوارە مام ناوەندییە و هەر لاپەڕەیەکیان پانتاییان «١٣ سانتیمەتر» و درێژاییشیان «١٨سانتیمەتر»ە و لە هەر لاپەڕەیەکیشدا نزیکەی «٢٠ دێڕ» تێدا نووسراوە. ئەو جۆرە خەتەش کە پێی نووسراوە، نەستعلیقە.

مێژووی نووسینەوەی ئەم بیرەوەرییانە وەک دیاری دەکات، دەبێتە سالی ١٨٩٥ز، کە لەو ساڵەدا شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوللای نەهری لە ئەستەموولەوە نامە و ڕاسپێریی بۆ وەفایی دەنێرێ، کە ئەگەر وەفایی بیرەوەری و شیعری خۆی بنووسێتەوە و بۆی بنێرێت: دڵشاد دەبێ و بۆی چاپ دەکات... وەفایی ـ یش ئەم هەواڵە وەک مزگێنی وەردەگرێ و بە پەلە دەست بە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی دەکات و لە سێ مانگەی زستانی هەمان ساڵدا پێوەیان خەریک دەبێ.

ئەم بیرەوەرییانە لە بنەڕەتدا «٦» بەش بوون، کە هەر بەشەی بۆ بابەتێک تەرخان کراون و هەروەها جەنابی قازی محەمەدی خضری ـ ش پاشکۆیەکی کورتی بە ناوی بەشی «٧»دوە بۆ نووسیوە، کە تایبەتە بۆ پلە و پایە و کەراماتی «شێخ عەبدولقادر» ، بەڵام ئەوەی دەست ئێمە کەوتووە، لە بەشی سێیەمەوە دەست پێ دەکات، تەنانەت هەندێکیشی لە سەرەتای بەشی سێیەم لە گەڵدا نییە؛ ...

... ئەم بیرەوەرییانە لەو کاتەوە دەست پێدەکەن کە وەفایی سالی ١٨٨٦ ز ـ چۆتە خزمەت شێخ عوبەیدوللای نەهری؛ واتە: ساڵێک دوای ئەوەی شێخ عوبەیدوللای نەهری لە جێی شێخ محەمەد ساڵحی مامی لە خانەقای نەهری دەبێتە جێگر و مورشیدی تەریقەتی نەقشبەندی..." (لاپەڕەی ٣ و ٤ و ٥).

## چۆنیەتی وەرگێڕانەوە

هەروەک دەزانین یەکێک لە ئاکارە باش و پەسندەکانی چاپکردن و خستنەڕووی دەستنووس و دەقی کۆن و لەمێژینە ــ چ شێعر و پەخشان و بەڵگەنامە ــ ئەوەیە کە دەبێ ئەسڵی دەقەکە لە پێشدا بڵاوبکرێتەوە، ئەوسا هەوڵی وەرگێڕانەوەی بۆ بدرێ. کتێبی «تحفة المردین»ی وەفایی کە لە ئەسڵدا بە زمانی فارسی نووسراوە، دەبوو وێڕای دەقەکوردییەکەی، دەقە فارسییەکەشی لە گەڵدا چاپکرابا، بۆ ئەوەی خوێنەرەوە یان لێکۆڵەرەوە توانیبای لە نێوان ئەو دوو دەقەدا بەراوردێکی کردبا؛ بەڵام بەداخەوە، تەنیا چوار لاپەڕە (ل ٢٩٧--٣٠٠) لە سەرجەمی دەستنووسەکە، تۆمارکراوە. لێرەدا بۆ ئەوەی بتوانین هەڵە و کەم و کووڕییەکان دەستنیشان بکەین، دەقی فارسی ئەو دوو لاپەڕەیە وەک نموونە دێنینەوە و، پاشان بە هێنانەوەی دەقە کوردییەکەی ئەو دوولاپەڕەیە و، هەروەها وەرگێردراوەیەکەیش لە خۆم، باسەکەمان درێژە پێدەدەین. ئەوەش دەقە فارسییەکەی ئەو دوولاپەڕەیە:

و همچنین سالی بخصوصی مهمی عمده و انجام مطلبی مخصوصه از دولت علیه عثمانی مصطفی پاشای لوا که در ولایت قارص سکونت داشت با جمعی کثیر بشمذینان مامور شده بنهری آمد اگرچه در صورت ظاهر از عالم پولادگه اظهار مرحمت و مهربانی مینمود لکن در معنی انکار کلی داشت و مافی الضمیر او بعداز بیعت و ارادت او واضح گردید بعداز ورود بنهری و تشخیص مکان نزول برای او و چند نفر پاشایان دیگر ساعتی چند استراحت کرده آسوده شوند این حقیر با حاجی اسمعیل ناظر حسب الامر آنحضرت چنانکه رسم درویشان است شربت و شیرینی و گلاب و قندآب بردیم و قدری خوردند و اشامیدند از بشرهٔ او آثار غیظ و کدورت و نایرهٔ بغض و انکار شعله‌ور بود تند و غضبناک و خاموش و بی باک رخساره ترش کرد و ابرو بهم آورده گویا سرکه‌فروش است یا دیگ پر جوش است میل و مبالاتی به کس نداشت رباعیه:

آرام بگیـــــر ای دل بد پـر ز عــیـــوب
دیگـر از در دیگـران مـــرو حلقـــه مکـوب
در صـــــورت ظـاهری وفــــایی منـگر
یک سـیـــرت خـوب به ز صـد صـورت خـوب

و با آنکه از جانب آنحضرت متصرف اظهار تبریک و تهنیت مینمود او بلا و نعم زبان نگشود اما تصادفا جوانی باین محبوبی که بسن هفده یا هجده رسیده‌بود دراین ایام بی مثل و همتا بود نه پیری دیده نه جوانی شنیده از تناسب اعضا و ترکیب صورت بالابرزو باهو رستمانه و چشمان آهوانه و سروگردن دلفریب و ابروان پر عتیب و سماحت و ملاحت بی نظیر و عدیل بود و در زلاقت زبان و بلاغت بیان نادره زمان و اعجوبهٔ دوران مینمود زبان آور و کاربین و معرفت پرور و سهمگین صباحت گل و فصاحت بلبل داشت از غرور جوانی و داعیهٔ کامرانی نه میل و مبالات به کسی داشت و نه لطف و التفاط با متنفسی مینمود گویا دشمنی بود خونی و خونخواره‌ایست اندرونی رباعیه:

ای آنکه ز عــــاشـــــقـــــان کنی منع نطر
بـا حـــــسن مناز و رنج بیـــــهـــــوده مـــبـــــر
ای آینــه از آه وفــــــــــایی حــــــــــذری
بس کـــرده ســیـــه ســفــیـــد این دور قـــمـــر

بعد از ساعتی این حقیر با حاجی اسمعیل ناظر برخاسته بحضور مبارک آمدیم و تفصیل احوال و کماهی افعال اورا عرض کردیم چیزی نفرمودند روز دیگر چاشتگاه آنحضرت فرمودند که سجادەی مرا ببرید بیندازید میخواهم برسم تبریک ملاقاتی کنم حسب الامر سجادەرا بردم و انداختم و خبر دادم که تشریف می آورند پاشای مرقوم در جایی نزدیک پنجره اطاق که همیشه مسند آنحضرت در آنجا انداخته میشد با کمال نخوت و عظمت تند و باهیئت مشغول نظاره حوض و حیات بود رباعیه:

رسم است هر آنکس کــــه کـــمـــــالی دارد
در جـــرگـــــه، دلبـــــران جـــمـــــالی دارد
نازد به جـــمـــــال خـــود وفـــــایی غـــافل
کـــــــــــز دور فـلـک بـدر وبـالـی دارد

ناگاه آنحضرت تشریف آوردند و این حقیر پردەرا بلند کردم سایر پاشایان با آن ترجمان که عثمان افندی کاتب ولایت وان بود برخاسته استقبال نموده دست مبارک را زیارت کردند رباعیه:

از عـــــــارض مـــــــار زلـف بگـرفـت کـنـار
گـــویا کـــه طلوع کـــرده مــــه در شب تار
یار آمـــد و بنشـــســت وفـــایی برخـــواست
از مـــجـــمع عـــاشـــقـــان دو صـــد ناله، زار

تا نزدیک سجاده تشریف نیاوردند مصطفی پاشا برپانشد و مصافحه ننمود پس بقرار اول بجای خود نشست و بنظاره حوض و حیات مشغول گردید و چنان بی مبالات نشست که پهلوی راست او در مقابل روی مبارک افتادەبود و در آنجلس چند نفر پاشایان و صاحبمنصبان دولت عثمانی بعضی بر سر صندلیها و بعضی زانو بزمین صم بکم نشستەبودند رباعیه:

در مـــجلس عـــاشـــقـــان بی نام و نشـــان
آرام بگیـــــر یکدم ای جـــــام جـــــهـــــان
جـــان بر لب و دل بکف وفـــایی صـــفـــتـــیم
از غـــمـــزه یکی اشـــارت ازمـــا دل و جـــان

جناب خلیفه ملاعبداله سلیمانی مشهور بجولا هم پهلوی مبارک نشسته اینحقیر هم بالای سر خلیفه ایستادەبودم سر فراگوش این حقیر آورد و گفت خیلی مشکل است که آنحضرت دل چون سنگ و سندان این مصطفی پاشا را نرم کند و اورا از اینحال تبدیل نماید پس آنحضرت نفسی چند مراقب شدند که بیک ناگاه مصطفی پاشا مثل آنکه کسی غفلتا و فجاةً خنجری بپهلوی او زند یا تیری باو برساند سرعةً روی خودرا از تماشای حوض و حیات برگردانید و روبروی آنحضرت زانو زده و سر بجیب خود انداخت و تامدتی رنگ و رخسارش متصل پی در پی عرق میریخت گویا از نوبهار شکفته شبنم دمیده و از یکچمن گلدسته گلاب چکیده رباعیه:

چون گـــوشـــهٔ چشم مـــرحـــمت پیـــر کـــبـــار
انداخت بران جـــوان پر کـــبـــــر و فـــخـــــار
از عـــــارض او عـــــرق وفـــــایی بچکیـــــد
شـــبنم کـــه فـــرودمـــد از گلبـــرگ بهـــار

چنانکه مرید و سالک در خدمت پیر خود با خشوع و ادب و خضوع و حیا زانو زده متواضع بنشیند باینقرار شرمنده و خجلت زده گردن کج گردید رباعیه:

آنشـــوخ کـــه از غـــایت حـــسن رخ خـــویش
با پادشـــــهـــــان ســـــری نیـــــاوردی پیش
در یک نظر پیـــــر چنان گـــــشت اســـــیـــــر
گـــویا کـــه وفـــایی است چنین خـــســـتـــه و ریش"

(ل٢٩٩-٣٠٠)

**بڕگەی یەکەمی دەقە کوردییەکە(نووسەر):**

ساڵێکیش مستەفا پاشای میرئالا، کە لە دەڤەری قارس دادەنیشت، بە مەبەستی ئەنجامدانی کارێکی گرنگ و گەورە و جێبەجێکردنی کارێکی تایبەت، لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە، بە هێزێکی گەورەوە نێردران بۆ نەهری. هەرچەندە لە ڕواڵەتدا، لوتف و دڵسۆزیی بەرامبەر بەم باوەڕە پۆلاییینە دەنواند؛ بەڵام لە ناخدا ئێجگار نکوولّی دەکرد و لە دوای زیارەتی ئەو زاتە، دڵیمان بۆ دەرکەوت. پاش گەیشتنە نەهری و تەرخانکردنی شوێنی دابەزین، بۆ خۆی و چەند پاشایەکی یاوەری، چەند سەعاتێک حەسانەوە و ئاسوودە بوون. من و حاجی ئیسماعیلی نازر، بە پێی فەرمانی ئەو زاتە و بەپێی رەسمی دەروێشان، شەربەت و شیرینی و گوڵاو و قەنداومان گێڕا. کەمێکیان لێ خواردەوە. ڕەنگ و ڕووی ئەو پیاوە؛ رق و ناخۆشیی لێدەباری و بڵێسەی کینە و نکوولّی پێوە دیاربوو. توند و رقاوی و بێدەنگ و بێ باک و ڕووترش و بڕۆگرژ بوو. هەر دەتگوت سرکەفرۆشە، یان مەنجەڵی لە کوڵ و لە جۆشە. مەیل و گوێی بە کەس نەدەدا. چوارینەی «١٦٦»:

ئەی دڵەی بەدخوو، داساکێ بەس بێ، بەس ئەم هەڵانە
نیـــتـــر لە دەرگـــەی ئەم و ئەو مـــەدە و بژی مـــەردانە
وەفـــایی ســـەیری روخـــساری دەرێ و ڕواڵەت مـــەکـــە
یەک ڕەوشتی جوان، بە بارتەقای سەد روخساری جوانە

(ل١٢٩-١٣٠)

## ڕەخنە و تێبینییەکان

بە بەراورد کردنی دەقە فارسی و کوردییەکەی ئەو دوو لاپەڕەیە، بۆمان دەردەکەوێ کە چەند وشە و دەستەواژە، یان ڕانەگوێزراونەتە ناو دەقە کوردییەکەوە، یان ئەگەر ڕاگوێزراون لە مەبەستی دەقەکە

دوور کەوتوونەتەوە، کە لێرەدا هەوڵدەدەم گرینگترینیان دەستنیشان بکەم:

ــ وشەگەلی وەک «... و همچنین»( وە هەروەها)، «علیە»(موئەننەسی علی بە مانای خاوەنرێز، جێ بەرز)، «شەمذینان» (ناوچەیەک لە باکووری کوردستان و هەروەها شارێکیشە لەو مەڵبەندە) و...

ــ لێرەدا جێی خۆیەتی کە باسێکی کورت سەبارەت بە واو(...و...، ... و، وە...) و نەخشی وی لە ڕستەدا بخەینە ڕوو.

واو لە کوردیدا، بە پێی نەخشێکی کە لە ناو وشە یان ڕستەدا هەیەتی بە چەند جۆر دابەش دەکرێ:

١- و(v/w)، واوی ئەسڵی کە وەک یەکێک لە پیت(تیپ)ە سەرەکییەکانی زمانی کوردی بەکاردێ، وەک: وەرە، چووم، هیوا، گرێو...

٢- و (u/ü)، واوی عەطف یا ڕەبت کە دوو وشە یان دوو ڕستەی بڕگەیەک بە یەکەوە گرێ دەدا، وەکوو: نالی و مەحوی، هیوا هات و وریا ڕۆیشت...

ئەگەرلە ڕستەیەکدا بخوازرێ پشوو بدرێ و نەفەس تازە بکرێتەوە، یان سووکە وەستانێک لە نێوان ڕستەکاندا بکرێ، باشتر وایە کە ئەو جۆرە واوە ئاوا بنووسرێ: (و، ــ و؛)، دیارە بە گوێرەی کر و داڕشتن و شێوەی درکاندن و خوێندنەوە لە زمانی کوردیدا، کاتێک وێرگول (، ؛)، خاڵ/ نوختە(.) یان نیشانەی پرسیار و سەرسووڕمان (؟ ـ !) داندرێ و ڕستە کۆتایی پێدێ، دروست نییە کە سەر لەنوێ ڕستە یان بڕگەکە، بە واوی وەستاو(و)، دەست پێبکەینەوە. زۆربەی نووسەران، بەتایبەت لە وەرگێڕاندا، بە داخەوە ئەو مەبەستە لەبەرچاو ناگرن و زۆرجار، بۆ نموونە: (واوی فارسی و عەرەبی...) یان (and ی ئینگلیسی وoch ی سوێدی)، کە لە دوای کۆتایی ڕستەدا دێن، یان دەیقرتێنن یان بە وەستاوی و نەدرکاوی (و:vi) لە ڕستەدا دەکاری دێنن.

٣- وە (we/ve)ی سەرەتا یان دەستپێکردنەوە، کە زۆرکەس لە خۆڕا خۆی لێ نەبان کردووە، ئەوەیە کە دوو ڕستەی درێژ، دوو بڕگە و پاڕاگراف، یان مەبەستی پێشترگوتراو دەگەڵ مەبەستی دواتر بەیەکەوە دەبەستێتەوە و، دروست وایە کە لە وەرگێڕاندا بە وردی لەبەر چاو بگیرێ. دیارە لێرەدا مەبەستی ئێمە زیاتر ئەو (و)ەیە کە لە کتێبی بیرەوەرییەکانی وەفایی دا و، بەتایبەت لەو دوو لاپەڕەیەی کە بە نموونە هێنراوەتەوە، پاش گوێ خراوە. ئەوەش بزانین کە لە ڕێنووسی زمانی کوردیدا، هەرچی بە سەر زاردا بێ و، هەر لەفزێکی بدرکێ ئەشێ وەک خۆی بنووسرێتەوە. وەک چۆن دەنووسین: کە، دە، لە، حەی، بڤ... هەرئاواش دەبێ ئەو (وە)یە لە بری (و) بنووسرێ.

ــ چەند پلە و پایەی شوغڵیش دەگەڵ نێوی کەسەکان تێکەڵ کراوە، وەک: «لوا» (میرئالا، عەلەمدار) و «ناظر» (چاودێری خانەقا، خەرجراگر، نازرخەرج) و... ، کە ئەگەر نێوی کەسەکان بە گوێرەی خاڵبەندی دە ناو دووکەوانەدا هاتبا، ئەو سووکە هەڵەیەش نەدەهاتەگۆڕێ. دیارە هەروەک دەزانین لەو کات و زەمانەی وەفاییدا، خاڵبەندی وەک ئەو سەردەمەی ئێمە باو نەبووە و، ئەوەش کە نووسەر بە شێوەیەکی زۆر ڕێکوپێک خاڵبەندیی لە دەقە کوردییەکەدا لەبەرچاو گرتووە، کارێکی زۆر بە جێی ئەنجامداوە، بەڵام دەبوو لە (بەرایی) کتێبەکەدا، یان لە ژێرنووسەکاندا، ئەو مەبەستەی ڕوون کردبایەوە.

ــ دەستەواژەی (از عالم پولادگە) بە «بەم باوەڕە پۆلاییینە» تەرجەمەکراوە کە وابزانم دروست نییە و، وەفایی ویستوویە بڵێ کە کابرای فەرماندە (میرئالا) لە عالەمی دەسەڵات و فیز و خۆبەزلزانییەوە ڕوانیویەتە جەنابی شێخ «عوبەیدوڵڵای نەهرێ». دیارە، وشەی «عالم» چ بە شکڵی عالەم (دنیا/جیهان) و، چ بە شکڵی عالم (زانا/ پسپۆڕ) بخوێندرێتەوە، دیسانیش مانای (باوەڕ) ناگەیێنێ.

ــ وەرگێڕانەوەی ڕستەی «... و مافی الضمیر او بعداز بیعت و ارادت او واضح گردید» بە «... و لە دوای زیارەتی ئەو زاتە، دڵیمان بۆ دەرکەوت» تەواو هەڵەیە. مەبەستی وەفایی لە هەردووک (او= ئەو) خودی کابرایە نە جەنابی شێخ. کەوابوو، مانای ئەو ڕستەیە دەبێ بەم جۆرە بنووسرێ: «... وە ناخی دڵی وی، دوای بەیعەت و ئیرادەت ئاشکرابوو».

ــ زۆربەی میرزا و کاتب و بنووسەکانی دەورانی پێشوو، لە نووسینەکانیاندا وشەی (حقیر/من حقیر)یان بەکاردەهێنا کە لە کوردیدا دەبێتە (چکۆڵەتان، منی کچکە یا منی چکۆڵە/منی ناچیزە)، کە ئەوەش لە دەقەکە کوردییەکدا لەبەر چاو نەگیراوە.

وەرگێڕدراوەی بڕگەی یەکەم:

وە هەروەها ساڵێک لە پێوەندی دەگەڵ کارێکی گرینگ و ئەنجامدانی مەبەستێکی تایبەتی لەلایەن دەوڵەتی خاوەنرێزی عوسمانییەوە «مستەفاپاشا»ی لیوا کە لە شارستانی قارص نیشتەجێ بوو لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆر بەرەو شەمزینان ڕاسپێردرا و هاتە نەهرێ. هەرچەند بە شێوەی ڕواڵەت لە عالەمی دەسەڵات و خۆ بە زلزانییەوە ڕووی مەرحەمەت و میهرەبانی دەنواند بەڵام لە مانادا تەواو مونکیر بوو، وە ناخی دڵی وی دوای بەیعەت و ئیرادەت ئاشکرابوو. لە پاش هاتنی بۆ نەهرێ و دیاریکردنی شوێنی دابەزینی ئەو و چەند کەس لە پاشایانی تر، چەند سەعاتێک پشوویان دا و حەسانەوە. چکۆڵەتان لەگەڵ «حاجی ئیسماعیل»ی چاودێر بە پێی فەرمانی خاوەنشکۆ هەروەک ڕەسمی دەروێشانە، شەربەت و شیرینی و گوڵاو و قەنداومان برد، کەمێکیان خوارد و خواردەوە، لە سیمای ویدا شوێنەواری ڕق و تووڕەیی و ئاگری بوغز و ئینکار بڵێسەکێش بوو، توند و قەڵس و بێدەنگ و بێباک ڕوخساری گرژکردووە و برۆی تێکناوە وەک بڵێی سرکە فرۆشە یان مەنجەڵی لە کوڵ و لە جۆشە، مەیل و موبالاتی بە کەس نەدەکرد.

چوارینە:

داسەکنێ! دڵەی پڕ لە عار و پڕ لە هۆ

سا، مەکوتە دەرگای خەڵکی دی. چیدی گەلۆ

مەڕوانە بە ڕواڵەت سەر و سیمای وەفایی

کە ڕەوشت چاکیی، باشترە تا جوانیی مرۆ

**بڕگەی دووهەم(نووسەر):**

ئەگەرچی پەردەداری ئەو زاتە، پیرۆزبایی و بەخێرهاتنی دەکردن؛ کەچی ئەو متەقی لێوە نەدەهات. لە ڕاستیشدا تازە لاوێکی بەم شەنگ و شۆخییە، کە تەمەنی «١٧-١٨» ساڵان دەبوو. لەم سەردەمەدا بێ وێنە بوو. نە پیرێکی بینا و نە لاوێکی گوێ ڕایەڵ بوو. بە روخسار و لەش و لار، باڵابەرز و بازوو رۆستەمانە و چاو ئاسک و سەرومل دڵرفێن و برۆ ئەستوور و جوامێر و زانست پەروەر و سامناک بوو. خاوەنی جوانیی گوڵ و زمانی بولبول بوو. ئەوەندە رۆح زل و خۆ بەزل زان بوو، نە مەیل و گوێی بە کەس دەدا و نە لوتف و میهرەبانی لەگەڵ کەسدا دەنواند. دەتگوت دوژمنی خوێنیی و خوێنخۆری دەروونییە. چوارینەی «١٦٧»:

ئەی ئەوەی ڕێگا دەگرێت لە تیلە و نیگای دڵداران

بە جوانیی خۆتا مەنازێ و مەدە ڕەنجی بە تاڵان

تۆش ئەی ئاوێنە سڵ کە لە کسپە و ئاهی وەفایی

زۆر ڕەنگی سپی، گۆڕیوە بە ڕەش، ئەم سووڕەی دەوران

(ل ١٣٠)

ـ ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین دەبینین وەفایی لەو بیرەوەرییانەدا، ویستوویە رووداوەکان بە زمانێکی ئەدەبی و بەتایبەت بە شێوەی سەجع و کێشدار بگێڕێتەوە، یان دەتوانین بڵێین ویستوویە حاڵەتێکی ئاماڵ «گولستان»یانەی شێخی سەعدی پێبدا، کە سەرنجی خوێنەرەوە زیاتر بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. کەچی، لە زۆر شوێنی دەقە کوردییەکەدا ـ هەرچەند شێوازەکە تاڕادەیەک لەبەر چاو گیراوە ـ ، بەتایبەت لەو چەند لاپەڕەیەدا کە دەکرێ وەک نموونەی تێکرای دەقەکوردییەکە چاوی لێبکرێ، زمانی دەق و مێژوویی بە سەر زمانە سەجع و ئەدەبییەکەدا زاڵ بووە. بۆ وێنە، لە ڕستەی «نە پیری دیدە نە جوانی شنیدە از تناسب اعضا و ترکیب صورت بالابرزو باهو رستمانە و چشمان آهوانە و سروگردن دلفریب و ابروان پر عتیب و سماحت و ملاحت بی نظیر و عدیل بود»، سەجع و ئاهەنگی وشەکان تێکچوون و تەنانەت وشەکان جێگۆڕکێیان پێکراوە. جگە لەوەش هێندێک وشە بە هەڵە تەرجەمەکراونەتەوە و، هێندێکیش هەر لە دەقەکەدا نەهاتوون.

بۆ وێنە: ڕستەی «در زلاقت زبان و بلاغت بیان نادرە زمان و اعجوبە دوران مینمود»، لە دەقە کوردییەکەدا قرتاوە و هیچ ئیشارەیەکیش نەکراوە.

ـ لە دەستەواژەی «ترکیب صورت بالابرزو باهو رستمانە» دا، «بالابرزو» بە «باڵابەرز» وەرگێڕدراوەتەوە، کەچی بە بوونی «باهو رستمانە» (مەچەک ڕۆستەمانە) لە پاڵ ویدا، دەبوو دەستبەجێ بزاندرێ کە وەفایی باڵای کابرای فەرماندەی بە باڵای «برزوو»ی کوڕی سۆهرابی کوڕی ڕۆستەم چوواندووە.

ـ دەستەواژەی «نە پیری دیدە و نە جوانی شنیدە»، هەرگیز ئەو مانایە نابەخشێ کە لە کوردییەکەدا هاتووە: «نە پیری بینا و نە لاوێکی گوێ ڕایەڵ». «دیدە» و «شنیدە» هەردووک سفەتی مەفعوولین نەک سفەتی فاعیلی. هەروەها دوو وشەی بە یەکەوە لکێندراوی «بی نظیر و عدیل» واتە: «بێ هاوتا و تاقانە»ش لە مەتنەکەدا نەهاتووە.

وەرگێڕدراوەی بڕگەی دووهەم:

وە لەگەڵ ئەوەشدا کە لە لایەن خاوەنشکۆوە، پەردەدار(میواندار) ڕووی پیرۆزبایی و بەخێرهێنانی دەنواند، ئەو لە ئا تا نا زمانی نەگەڕا. بەڵام ئینسافەن لاوێک بەو دڵگیرییە کە تەمەنی حەڤدە یا هەژدە دەبوو، لەو هەڕەدەدا بێوێنە و هاوتا بوو، نە پیرێتی دیتووە و نە لاوێتی بیستووە، لە ڕێکیی ئەندام و تەرکیبی شێوە باڵا برزووی مەچەک ڕۆستمانە و چاو مامزانە و، سەروگەردنی دڵرفێن و جووتەئەبرۆی پەیوەست و جوامێری و دڵگیرییەوە بێ هاوتا و تاقانە بوو. لە گەڕاندنی زمان و گەیاندنی بەیان دەگمەنی زەمان و هەڵکەوتەی دەوران بوو، زمانپاراو و کارکوشتە و زانستپەروەر و بەسام، روخسارێکی گوڵانە و ڕەوانبێژییەکی بولبولانەی هەبوو. لە فیزی جەوانی و ئیدعای کامەڕانییەوە نە مەیل و موبالاتی بە کەس دەکرد نە لوتف و ئیلتیفاتێکی بە خاوەنڕوحێک دەنواند، دەتگوت دوژمنی خوێنیی و خوێنخۆرەوەیەکی دەروونی یە.

چوارینە:

ئەی ئەوەی ئێژی بە عاشق کە: مەڕوانە

هێندە بە جوانیی مەنازە، بە زیانە

سڵ کە ئەی ئاوێنە لەم ئاهی وەفایی

زۆر سپی کردووە بە ڕەش، سووڕی زەمانە

**بڕگەی سێهەم(نووسەر):**

دوای سەعاتێک من و حاجی ئیسماعیلی نازر، هەستاین و هاتینەوە خزمەت ئەو زاتە و بەدرێژی باسی ئاکار و کرداری ئەو پیاوەمان بۆ کرد. ئەو زاتە هیچی نەفەرموو. چێشتەنگاوی ڕۆژی دوایی، ئەو زاتە فەرمووی: بەرماڵەکەم بۆ بهێنن و بۆم ڕابخەن. دەمەوێ ئادابی بەخێرهاتن و پیرۆزبایی چاوپێکەوتنی بکەم.

منیش بە پێی فەرمانی ئەو زاتە، بەرماڵەکەم برد و ڕامخست و پێم ڕاگەیاند کە ئەو زاتە، تەشریف بۆ ئێرە دێنێت. پاشان ناوبراو لە شوێنی هەمیشەی ئەو زاتە، لە نزیک پەنجەرەکەوە، بەو پەڕی فیز و گەورەییەوە دانیشتبوو. توند و بە هەیبەت خەریکی سەیرکردنی حەوزی ناو حەوشەکە بوو. چوارینەی «١٦٨»:

له کن ئەو کـەسـەی خـاوەن کـەمـاڵە، گـوایە وا باوە
چون لای دڵداران بە جـوان ناسـراوە و جـێگەی شـیـاوە
بە خـۆی دەنازێ، وەفـایی بەڵام، ئاگـای لێ نیـیـە
کـە چەرخی گـەردوون، چی لە هەناوی خـۆیدا داناوە

(ل١٣٠-١٣١)

ـ لەو بڕگـەیەدا، وشـەی «تفصـیل» لە دەقە کوردییەکـەدا، کە بە «بە درێژی» ماناکراوەتەوە هەڵەیە و، وشەی «پوختە» دروستترە.

ـ وشـەی «کماهی» کە وشـەیەکی لێکدراوی(ک+ما+هی) عەرەبی یە، مـانای «هەرچی هـەیەتی» یان «چۆنیـەتی» دەبەخشـێ کە لە دەقـەکەدا وەلانراوە.

ـ ئـەگـەر سـەرنجـێکی سـەرپێیی ئەو ڕسـتـەیەی: «دەمـەوێ ئادابی بەخێرهاتن و پیرۆزبایی چاوپێکەوتنی بکەم.» بدەین، دەبینین هەم لە باری داڕشـتنەوە هەڵەی تێدایە و هەمیش لە باری مـاناوە ناتەواوە. وابزانم دەبوو ڕسـتـەکە بەم چەشنە نووسـرابایە: «دەمـەوێ ئادابی بەخێرهاتن و پیرۆزبایی چاوپێکەوتنی بەجێبێنم».

ـ لە دەقـە فـارسـیـیـەکـەدا «حـوض و حـیـات» نووسـراوە. کـەوابوو، (حەوزی ناو حەوشەکە) هەڵەیە و، «حەوز و حەوشە» دروستە.

وەرگێڕدراوەی بڕگەی سێهەم:

دوای سەعاتێک ئەم چکۆڵەتان دەگەڵ «حاجی ئیسماعیل»ی چاودێر هەستاین و هاتینە حزووری پیرۆز و پوختەی ئەحواڵ و چۆنیـەتی کرداری ئەومان عەرز کرد، شتێکیـان نەفەرموو، ڕۆژی دواتر لە چێشتەنگاودا خاوەنشکۆ فەرموویان کە بەرماڵی من بێنن ڕایخەن، دەمەوێ وەک ڕەسمی پیرۆزبایی چاوپێکەوتنێک ئەنجام بدەم. بە پێی فەرمان بەرماڵم برد و ڕامخست و ڕامگەیاند کە خاوەنشکۆ تەشریف دێن. پاشای ناوبراو لە شوێنێکی نزیک پەنجەرەی وەتاغ کە هەمیشە جێگەی خاوەنشکۆ لەوێ ڕادەخرا، بە تەواوی فیز و گەورەییەوە، توند و بە هەیئەت خەریکی ڕوانینی حەوز و حەوشە بوو. چوارینە:

هەر کـــەس کـــە کـــەمـــاڵێکی هەیە وا باوە
لە نێـــو دڵبـــەران جـــەمـــاڵیـــشی بەرچاوە
دەخـــوڕێ بە جـــەمـــاڵی خـــۆی وەفـــایی، خـــافڵ
بـەدریـش بێ، فـــــەلـەک ڕاوی دەنـێ لـەم نـاوە

**بڕگەی چوارەم(نووسەر):**

کتوپڕ ئەو زاتە تەشریفی هێنا و منیش پەردەکەم لابرد. هەموو پاشایان و عوسمان ئەفەندی، کە وەرگێڕ و کاتبی «وان» بوو؛ هەستان و پێشوازییان کرد و دەستی موبارەکیان زیارەت کرد.

چوارینەی «١٦٩»:

مـــاری پەرچەم و زوڵفی لە سـەر ڕووی، خـــست بەمـــلاولادا
ڕووی لە مـــانگ دەچوو، ئەوکـــاتەی هەڵدێ لە تاریک شـەودا
یار هات و دانیـــشت، وەفـــایی نیـــتـــر کـــۆڕی عـــاشـــقـــان
دووســـەد ناڵین و شـــیـــوەن و هاوار، لە ناویان هەســـتـــا

(ل١٣١)

ـ لە کوردیدا «پەردەلادان» باوە، نەک «پەردە لابردن». هەروەها «دیگر پاشایان» نابێتە «هەموو پاشایان» و، «ترجمان»یش نابێتە «وەرگێڕ». عوسمـان ئەفەندی کاتب و میرزای شارستانی وان، کوردی گوتەنی دیلمانج بووە و بەس.

وەرگێڕدراوەی بڕگەی چوارەم:

لەپڕ خاوەنشکۆ تەشریفیان هێنا و منی چکۆڵەتان پەردەکەم لادا، پاشاکانی تر دەگەڵ دیلمانجەکە کە عوسمان ئەفەندیی کاتبی شارستانی وان بوو، هەستان بە پێشوازکراوی دەستی موبارەکیان ماچ کرد. چوارینە:

مـــاری کـــاکـــۆڵی لە ڕوو خـــســـتـــەوە لاجـــانگ
وەک لـە ناخی شـــــەوەزەنگ دەربکـەوێ مـــــانگ
هات یار و کـــە دانیـــشت، وەفـــایی هەســـتـــا:
لە کـــۆڕی عـــاشـــقـــان سـەد ناڵە و سـەد بانگ

**بڕگەی پێنجەم(نووسەر):**

هەتا نەگەیشتە لای بەرماڵەکە، مستەفا پاشا هەڵنەستا و دەستی درێژ نەکرد. پاشان وەک جاری پێشوو، لە شوێنەکەی خۆی دانیشتەوە و خەریکی سەیرکردنی حەوز و حەوشەکە بووەوە ئەوەندە بێ دەربەست دانیشت، کـەلەکـەی ڕاستی کـەوتبـووە بەرامبەر روخساری ئەو زاتە. کۆڕەکەش چەندان پاشا و خاوەن پایەی حکومەتی عوسمانی لێبوون. هەندێکیان لە سەر کورسی دانیشتبوون و هەندێکیشیان چۆکیان دادابووە سەر زەوی و کڕ و کپ دانیشتبوون. چوارینەی «١٧٠»:

لە ناو مـەڵبـەند و کـۆڕی عـاشـقی بێ ناوونیـشـان
تاوێک ئارام بە و بحـەسـێـرەوە، ئەی گـیـانی جـیـهـان
دڵ لە سەر دەست و گیانیش لە سەر دەست، وەکوو وەفایی
لە غـەمـزەکـەی ئەو، ئامـاژەیەک و ئێـمـەش دڵ و گـیـان

(ل١٣١)

ـ وەفـایی کـە فـێـعلی «تشـریف آوردن»ی بۆ شـێخ عـوبەیدوڵڵا بەکارهێناوە، دەبوایە لە دەقە کوردییەکەشدا هاتبا.

ـ فێعلی «لێبوون» و، هەروەها «دانیشتبوون»ی جاری یەکەم زیادین.

وەرگێڕدراوەی بڕگەی پێنجەم:

تا بۆ لای بەرماڵ تەشریفیان نەهێنا، مستەفا پاشا هەڵنەستا و دەستی درێژ نەکرد، ئەوسا وەک جاری پێشوو لە جێی خۆی دانیشتەوە و بە ڕوانینی حەوز و حەوشەوە خەریک بوو. وە وەها بێ موبالات دانیشت کە کەلەکەی ڕاستی دەکەوتە بەرانبەر ڕووی موبارەک. دەو مەجلیسەدا چەند کەس لە پاشایان و کارگێڕانی دەوڵەتی عوسمانی هێندێکیان لە سەر کورسیان و بەشێکشیان بە چۆکدادراوی لە سەر زەوی کپ و بێدەنگ

دانیشتبوون. چوارینە:

لەم کـــۆڕی ئەویندارگـــەلی بێ ناو و نیـــشـــان
تاوێکی پشـــوویەک بدە، ئەی گـــیـــانی جـــیـــهـــان
دڵ لە مـــســت و گـــیـــان لە ســـەر لێـــوە وەفـــایی
لەو غـــەمـــزە، نیگایەک و لە ئێـــمـــەش دڵ و گـــیـــان

**بڕگەی شەشەم(نووسەر):**

جەنابی خەلیفە مەلا عەبدوڵلای سلێمانی ـ ناسراو بە: جۆڵا ـ ش لە نزیک ئەو زاتەوە دانیـشـتـبـوو. منیش لە پشت سـەری خـەلیـفـەوە وەسـتـابووم. سـەری هێنایە بن گـوێم و وتی: زۆر زەحـمـەتە ئەو زاتە، ئەو دڵە بەرد و پۆڵایینەی ئەم مـسـتـەفـا پاشایەی پێ نەرم بکرێت و لەم حاڵە بیگۆڕێت.

ئەو زاتە مـاوەیەک لێی رامـا و لە ناکاو مـسـتـەفا پاشا وەک ئەوەی لە پڕێکدا خەنجـەرێک بە کەلەکەی ڕاسـتیـدا بکەن، یان تیـری بەرکـەوتبێ؛ خێـرا ڕووی لە سـەیرکـردنی حەوز و حەوشـە وەرگێـڕا و لە بەردەم ئەو زاتەدا چوو بە چۆکدا و سەری خـەواند. ئیتر روخساری نیشتە سەر ئارەق و وەک شەونمی تازە بەهار، یان وەک چیمەن و چەپکە گوڵ؛ گوڵاوی لێدەتکا. چوارینە «١٧١»:

کـە پیـری مـەزن، تیلەی پڕسـۆز و بەخـشـینی چاوی؛
بڕییـە ئەو لاوەی خـۆ بەزلزان و کـەشـحـە و فـیـزاوی
لە هـەنیـــــەیەوە، وەفـــایی تـک تـک ئارەق دەتـکا
وەک گـوڵی بەهار؛ کـە لێی بچـۆڕێ، تکەی خـووناوی

(ل١٣١-١٣٢)

ـ وابزانم لە نێـوان «وەسـتـان» و «ڕاوەسـتـان»دا جـیـاوازی هـەیە و، هـەروەها جەنابی خەلیفە لە «ژوور سـەری» وەفایی ڕاوەستاوە، نەک لە «پشت سەری».

ـ وەفـایی، دڵی کـابرای بە بـەرد و سندان چواندووە، ڕاسـتـەسندان خـــۆی لە پۆڵا دروست کـــراوە و ئاسـنگـەر ئاسـنەواڵەی لە ســـەر دەکوتێتەوە، بەڵام دەکارهێنانی وشـەی «پۆڵایین» مانای سندان نادا.

ـ ڕسـتـەی «ئەو زاتە مـاوەیەک لێی رامـا» هـەڵەیە. لە کـوردیدا «تێ ڕامان»ـمان هـەیە نەک «لێ ڕامان». بێ لەوەش، «مراقب شدند» مانای «لێ ڕامان» نادا. ئەوەش بگوترێ کـە بە گوێرەی ئەو دوو لاپەڕەیەی لە بەردەست دایە، وەفایی لە تەواوی ڕستەکاندا بە عینوانی ڕێزگرتن لە شێخ عوبەیدوڵلا، فێعلی سێـهەم کـەسی جەمع(کۆ)ی دەکار کردووە، کە دەبوو لە وەرگێڕانەوەکەشدا ئەو مەبەستە لە بەرچاو گیرابا.

ـ ڕستـەی «روخساری نیشتە سەر ئارەق» هەڵەیە و، دەبوو گوترابا: «ئارەق نیشتە سەر روخساری».

ـ «ســەرخــەواندن» لەبری «سـر بجـیب خـود انداخت» هەڵەیە و، دروسـتـەکـەی دەبێـتـە: سـەری دەبەر خـۆیەوە نا، یان سـەری خـۆی شۆڕکردەوە.

ـ دەسـتـەواژەی «از نوبهار شکفتە شبنم دمیدە و... » بە «شـەونمی تازەبەهار، یان...» تەرجەکراوەتەوە، کە تەواو هـەڵەیە.

وەرگێڕدراوەی بڕگەی شەشەم:

جەنابی خەلیفە مەلا عەبدوڵلای ناسراو بە (جۆڵا) ش لە تەنیشت پیرۆزیان دانیشتبوو، ئەو چکۆڵەشتان لە ژوور سەری خەلیفە ڕاوەستابووم، سەری هێنایە بن گوێی چکۆڵەتان و گوتی زۆر زەحمەتە کە خاوەنشکۆ دڵی وەک بەرد و سندانی ئەو مستەفا پاشایە نەرم بکا و لەو حاڵەی بهێنێتەدەرێ، ئەوسا خاوەنشکۆ چەند پشوویەک چاوەڕوان بوون کە لەناکاوێک مستەفا پاشا وەک ئەوەیکە کەسێک لە ناخافڵ و کتوپڕ خەنجەرێک لە کەلەکەی بدا یان تیرێکی تێسرەوێنێ، خێرا ڕووی خۆی لە ڕوانینی حەوز و حەوشە وەرگێڕا و لە بەرانبەر خاوەنشکۆ چۆکی دادا و سەری دەبەر خۆیەوە نا و تا ماوەیەک ڕەنگ و ڕوخساری هەروا پەیتاپەیتا ئارەقەی لێ دەتکاوە، دەتگوت لە خونچەی نەوبەهار خوناوە دەماوە و لە چەپکەگوڵی چەمەن گوڵاو تکاوە. چوارینە:

تا نیـگـای مـــەرحـــەمـــەتی پیـــری شکۆدار
کـــەوتە ســـەر لاوی بەفـــیـــز و زل و ڕوودار
وا، هاتـەتکـان ئارەقـــــەی ڕووی، وەفـــایی
هەر وەک بتکێ شـــەونمی ســـەرگـــوڵ لە بەهار

**بڕگەی ئاخر(نووسەر):**

وەک چۆن مـورید و دەروێش، لە خـزمـەت شـێـخی خـۆیدا، بە ئەدەب و خـــۆنەنوێنی چۆک دادەدات و خـــۆ بە کـــەم زانانە دادەنیشێت؛ ئاوا شەرمەندە و خەجاڵەتبار نووشتایەوە. چوارینە «١٧٢»:

ئەو شـەنگەی، سـیـمـای لەوپەڕی جوانیی و بێ هاوتاییە
ســـەردانەواندن، بۆ پاشـــایانیش، نازانی چیـــیـــە
کـــەچی بە تاقـــە ســـەرنجـــێکی پیـــر، وا گـــیـــرۆدەبوو
شـــەکـــەت و زامـدار، کت و مت دەتوت: هەر وەفـایی یە

(ل١٣٢)

ـ پێموایە فێعلی «نووشتایەوە» لە بری «گردن کج گردید» دروست نییە و، دەبوو بگوترێ: سەری شۆڕ کردەوە، ملی خوار کردەوە یان ئەستۆکەچ بوو.

ـ نووسەر، هەرچەند لە زۆر شوێنی بیرەوەرییەکاندا، وشەی «سالیک»ی وەک خـۆی هێناوەتەوە و نەیگۆڕیوە، بەڵام لێـرەدا لە بری ئەو وشـەیە «دەروێش»ی دەکـارهێناوە کـە زیاتر بۆ پێـڕەو و ڕێڕەوانی تەریقـەتی «قـادری» باوە تا تەریقـەتی «نەقشبـەندی». ڕاسـتـە وەفـایی خـۆی لە لاپەڕەی یەکەمی بیرەوەرییەکاندا (ل٢٩٧ی کتێبەکە) لە دوو دەروێشی کـشمـیری و بوخـارایی دەدوێ، بەڵام بە گشـتی لە کـوردسـتـان، زاراوەی (دەروێش و تەکیە) زیاتر بۆ تەریقـەتی قادری بەکاربراون و، هەر ئاواش زاراوەی (سۆفی و سـالیک و خـانەقـا)ش بۆ تەریقـەتی نەقشـبـەندی). ئەوەش کە زاراوەی «دەروێش» بە شـێوەی گشـتی، بۆ پێڕەو و ڕێڕەوانی

شێخ و ساداتی نەهرێ، بەکاردەبرێ، ڕەنگە لەوەوە سەرچاوەبگرێ کە ڕەچەڵەکی بنەماڵەی ساداتی نەهرێ دەچێتەوە سەر شێخ عەبدولقادری گەیلانی. دیارە ئەو بنەماڵەیە، لە دوای «سەید طەهای نەهرێ» کە خەلیفەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی بووە، چوونەتە سەر تەریقەتی نەقشبەندی و ئەو تەریقەتەیان برەو پێداوە.[1]

وەرگێڕدراوەی برگەی ئاخر:

هەروەک چۆن مورید و ڕێڕەو لە خزمەت پیری خۆیدا، گوێ بە فەرمان و بەئەدەب و، دەستەونەزەر و بەحەیا چۆکدابدا، بەتوازوعەوە دادەنیشێ، بەم چەشنە شەرمەزار و خەجاڵەتبار سەرشۆڕدەکاتەوە. چوارینە:

شۆخێک کە لەبەر ئەوپەڕی ڕووی جوانی خۆی
قەت شاشی نەزانیبوو بە هەوشانی خۆی
بە نیگای پیر وەها کەفتگە نێو داو
دەتگوت وەفایی یە، بیزارە لە گیانی خۆی

**ڕوونکردنەوەی کێش(وەزن)و مانای چوارینەکان**

لێرەدا، بۆ وەڕووخستنی کێش و مانای چوارینەکان، تەنیا ئەو چەند چوارینەیەی سەرەوە وەک نموونە شیدەکەینەوە و، بۆ ئەوەی باسەکە تووشی درێژدادڕیی نەبێ لەوانی دیکە خۆ دەبوێرین.

هەروەک ئاگادارین چوارینە(روباعی) یەکێک لە جۆرەکانی دەربڕینی شێعرە، کە شاعیر تێیدا، مەبەستێکی دیاریکراوی ڕەوشتی، فەلسەفی، دڵداری و... بە کەمترین وشە و زۆرترین مانا دەردەبڕێ. بە گوێرەی سەرجەمی ئەو چوارینانەی کە لە کۆنەوە تا ئێستا، بە زمانی فارسی و تەنانەت بە زمانی کوردیش گوتراون، بە پێی عورفی شێعری و پێوانەی ئەدەبی، یان زانستی عەروض و دابڕکردنی وەزنەکانیان، دەتوانین لە چەند کێش (وەزن)ی تایبەتیدا بیانگونجێنین کە زۆربەی ئەو وەزنانە لە یازدەوە بۆ سێزدە بڕگەیی دەگۆڕدرێن. بەڵام وەزنی ئەسڵی چوارینە(روباعی) لە زمانی فارسیدا «بەحری هەزەجی هەشتانەی ئەخرەب...»ە. هەڵبەت دەستنیشانکردنی تەواوی ئەو کێشانە لێرەدا زیادی یە و، تەنیا ئەو وەزنە باوانەی کە پێوەندییان بە باسەکەوە هەیە دەیانخەینەڕوو.

**١) کێشی یازدە بڕگەیی:**

مەفعولون مەفعولون مەفعولو فەعەل[2]

[3](- ο /ο - - /- - - /- - -)

ئەو کێش (وەزن)ە بۆ چوارینەبێژی کوردیی، زۆر لە سەر زاران خۆش نییە، هەربۆیە زۆربەی شاعیرانی کورد، لە (بەحری هەزەجی شەشانەی مەحذووف = مەفاعیلون مەفاعیلون فەعولون) کەڵک وەردەگرن. نموونە، باباهەژاری موکوریانی:

دڵم تەنگە وەکوو خونچەی دەمی تۆ
سەرم گێژە لە گێژی پەرچەمی تۆ
دڵ و گیان و ژیانم دا بە ماچێک
وتت: پێکنایە، زۆری من کەمی تۆ[4]

نموونە، هێمن:

قەرار بوو بێی لە گەڵ خۆت شادی بێنی
نەهاتی، گەرچی پێت دابووم بەڵێنی
لە ناو کوردا نەبوو پەیمان شکاندن
لە کوێ فێربووی گوڵم پەیمان شکێنی؟[5]

**٢) کێشی دوازدە بڕگەیی:**

مەفعولون مەفعولو مەفاعیلون فەعەل

( - ο /- - - ο /ο - - /- - -)

نموونە، خەییامی هەژار:

دنیا بە دەسی دەستەکەر و گایێکە
هەر جاشەکەرە: وەزیر و پاشایێکە
دیندار بە کەسێ دەڵێن نەزان و گێژە
هەر کەس کە دەڵێن کافرە زانایێکە[6]

**٣) سێزدە بڕگەیی:**

مەفعولو مەفاعیلو مەفاعیلو فەعەل

(- ο /ο - - ο /ο - - ο /ο - -)

نموونە، خەییام:

گر آمدنم بخود بودی نامدمی
ور نیز شدن بمن بودی کی شدمی
بە زان نبودی کە اندر این دیر خراب
نە آمدمی، نە شدمی، نە بدمی[7]

بە دەستنیشانکردنی ئەو سێ وەزنەی سەرەوە، دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە زۆربەی چوارینەکان لە زمانی کوردیدا لە سەر کێشی دوازدە بڕگەیی داندراون کە زیاتر دەگەڵ وەزنی **(لا حول و لا قوة الّا بالله)** یەک دەگرنەوە و، تەنانەت عەبدوڕەحمانی هەژار کە چوارینەکانی «خەییام»ی وەرگێڕاوەتەوە، زۆربەی ئەو چوارینانەی کە لە سەر کێشی سێزدە بڕگەیی بوون دایشکاندوونەتەوە و خستوونیەتە قاڵبی کێشی دوازدە بڕگەیی.

نموونە، وەرگێڕدراوی ئەو چوارینەی سەرەوە:

هاتن بە دەسی خۆم نەبوو، هێنایانم
دەرچوونەدەریش چۆن و کەیە؟ نازانم
سەد خۆزگە نە هاتبام، نەچووبام، نەببام
لەو گێرە و کێشەدا ڕەحەت با گیانم[8]

مامۆستا محەمەد سەبارەت بە چوارینەکان دەنووسێ:

"ئەمجۆرە شیعرە چوارینانە، کە وەزنی تایبەتی خۆیان هەیە و لە ناو ئەدەبی عیرفانی فارسیدا باون؛ کەمتر شاعیرانی کورد پەیڕەویان کردووە. بۆیە بۆ ئەوەی لەو وەزنەی دەرهاوێژم و کەش

و هەوایەکی کوردییانەیان بدەمێ، بە زمانی شیعری رەوان و فۆلکلۆر ئاساییەکانی وەفایی وەرمگێڕاون و لە وەرگێڕانیشدا وەزنی پێنج برگەیی *هیجام* بەکارهێنا، تا زۆرتر لە سەر زمان، سفت و رەوان و پاراو بن... کە ڕێدەکەوێ ئەم پێنج هیجایە لە هەندێ چوارینەدا دووجار دووبارە بۆتەوە و لە هەندێکی ترشدا سێ جار...". (ل٢٥)

خاڵێکی کە لێرەدا زۆر جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە وەزن و کێشی روباعی (چوارینە) بەو تایبەتمەندییانەی کە لە سەرەوە باسکرا، نە بە دووپاتبوونەوەی دووجار پایەی پێنج برگەیی دێتەدەست و نە، بە دووپاتبوونەوەی سێ جار پایەی سێ برگەیی. ئەوەش کە نووسەر دەڵێ «ئەم پێنج هیجایە لە هەندێ چوارینەدا دووجار دووبارە بۆتەوە»، هیچ نموونەیەکم بۆ ئەو جۆرە چوارینەیە بەرچاو نەکەوت. کێشی دووجار پێنج برگەیی، وەک یەکێک لە وەزنە سەرەکییە خۆماڵییەکان و شێعری فۆلکلۆری کوردی، کە زۆربەی شێعری دیالێکتی «گۆرانی/هەورامی» لە قاڵبی ئەو وەزنەدا گوتراون؛ بۆ هۆنینەوەی چوارینە زۆر گونجاو نییە.

نموونە، مەولەوی تاوەگۆزی:

ئیمشەو دیارەن بانگم بێ شەرمەن
زایەڵەی سەمتوور کەللەم وە گەرمەن
سەدای زیل و بەم مەینەت سەد تەرزەن
خەفەت شادیشەن، خەم دەماخ بەرزەن[9]

نموونە، شێعری فۆلکلۆری کوردی:

ئەگەر زانیبام دڵداری وایە
هەرگیز نەمدەکرد لە سەر دنیایە

کەوابوو، کێشی پازدەبرگەیی (سێ جار پێنج برگەیی) کە نووسەر بۆ وەرگێڕانەوەی چوارینەکان کەڵکی لێوەرگرتووە، دەگەڵ تایبەتمەندیی روباعی یەک ناگرێتەوە و، زیاتر دەچێتە ناو قاڵبی غەزەل و قەصیدەوە. ئەو وەزنەش کە وەفایی چوارینەکانی لە سەرداناوە، ئەم جۆرەیە:

مەفعولو مەفاعیلون مەفعولو فەعەل

(- o /o- - /- - - o /o - -)

دەوەدا شک نییە کە وەرگێڕانەوەی ئەو چوارینانە، هەروەک نووسەر بە دروستی ئاماژەی پێکردوە(ل٢٥)، کارێکی هێندە هاسان نییە و بەڵکە سەختیشە. بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرا بە سەرنجدانێکی زیاتر، هەوڵدرابا کێش و ریتم و مۆسیقای چوارینەکان، لانیکەم دە قاڵبی کێشێکی گونجاو لەگەڵ گوێ و زەوق و چێژی کوردەواری پارێزرابان.

هەروەک شارەزایانی بواری شێعر و شاعیری ئاگادارن، تەنیا چەندێتی ئەستوونی یان ژمارەی برگەکان بۆ پێوانەی وەزنێک بەس نییە، بەڵکە دەبێ چۆنیەتی ڕیزکردن و ئاوێتەبوونی پیتە کپ (consonant) و دەنگدار(vowel)ە کورت و کێشراوەکان و، هەروەها مۆسیقای ئاوەوەشیان لە بەرچاوبگیرێ، کە بەداخەوە لەو چوارینانەدا هیچ چەشنە مۆسیقا و هارمۆنییەک بە دی ناکرێن.

ئەگەر چاوێک بە سەر ئەو چەند چوارینانەی سەرەوەدا بخشێنین دەبینین سەرەڕای لەبەرچاونەگرتنی وەزنەکانیان، لە زۆر شوێندا بە خاتری قافیە (سەروا)، مەبەست و ماناکانیش بە هەڵە تەرجەمەکراون.

**چوارینەی ژمارە «١٦٦»:**

ــ ڕستەی «بژی مەردانە»ی میسرەعی دووهەم زیادی یە.

ــ وشەی «داساکێ» کە لە چاوگەی «داسەکنین» وەرگیراوە هەڵەیە و دروستەکەی دەبێتە «داسەکنێ». هەڵبەتا لە وەرگێڕانەوەدا، جارجار وەرگێرەوە بۆی هەیە لە هێندێک وشە و ئامرازی پێوەندی بۆ گونجاندن لەگەڵ وەزنەکەدا کەڵک وەرگرێ، بەڵام ئیدی هەق نییە مانا و مەبەستی شێعرەکان بگۆڕدرێن، یان داڕشتنی هەڵە و وشەی قەبە و ناشاعیرانە دەکاربکرێ.

ــ لە باری کێشیشەوە (سێ جار پێنج برگەیی) دێڕی سێهەم چاردە برگەیە و ئەوانی دیکە پازدە برگەن.

**چوارینەی ژمارە «١٦٨»:**

ــ وا باوە ئەوەی کەماڵی هەبێ جەماڵیشی هەیە، ئیتر «گوایە» زیادی یە.

ــ لە میسرەعی چوارەمدا، ڕستەی «چی لە هەناوی خۆیدا داناوە» لە بری «بدر وبالی دارد»دا هاتووە کە تەواو هەڵەیە. وەفایی دەڵێ:

نازد بە جمال خود وفایی غافل
کز دور فلک، بدر وبالی دارد

لێرەدا جەماڵ بە بەدر (مانگی چاردە) شوبهێندراوە، واتە ئەگەر مرۆ ڕوخسارێکی وەک مانگی چاردەشی هەبێ، ڕۆژێک هەردەبێ بروا (بمرێ). وەک چۆن «بەدر» لە خولانەوەی فەلەک و چەرخی گەردووندا وەباڵە و، هەمیشە ئاوا نامێنێتەوە، جوانییش بۆ هیچکەس هەتا سەر نییە.

**چوارینەی ژمارە «١٦٩»:**

ــ دەستەواژەی «خست بەملاولادا» لەبری «بگرفت کنار» داندراوە کە زۆر ناشاعیرانەیە. لە کوردیدا هیچکەس نەیبیستووە «ماری پەرچەم و زولف» بکەوێ یان بخرێ! بەڵکە لادەدرێ، وەلادەخرێ یان دەخرێتەلاوە. لێرەدا دەبێ لە فێعلی «خستنەوە» کەڵک وەربگیرێ، نەک لە «خستن».

ــ وەفایی بە هێنانەوەی وشەی «خافڵ»، دەیەوێ هەم خۆی وریا بکاتەوە و هەمیش ئێمە، کە دنیا هێندەی پێناوێ و ئاخری هەر مەرگە؛ ئیتر بۆ دەبێ لە بری «خافڵ» (ی دوو هیجا) کە وشەیەکی

جێکەوتووە، چەند وشەی وەک «بەڵام.. ئاگای لێ نییە(چەند هیجا)» بهێنینەوە، کە حاڵەتی پەخشان بە شێعرەکە بدرێ؟

ـ وشەی «برخاست» (هەستا) دوو مانای هەیە کە لە وەرگێڕدراوەکەدا شێواوە. مەبەستی وەفایی ئەوەیە: کاتێک شێخ تەشریف دێنێ، لە پێشدا وەفایی خۆی هەڵدەستێ(مانای یەکەم) و پاشان لە کۆڕەکەش دووسەد ناڵە هەڵدەستێ(مانای دووهەم).

**چوارینەی ژمارە «١٧٠»:**

ـ هێنانی وشەی «بحەسێرەوە» یان «بچۆڕەوە» (چوونەوە)، بخۆڕەوە (خواردنەوە) و بێرەوە (هاتنەوە)، کە شێوە دیالێکتی ناوچەیەکی گچکەی کوردستانە لە شێعردا، کەمێک لە زەوقی شێعری بە دوورە، دەبێ هەمیشە لە نێوان زمانی نووسین و زمانی پەیڤیندا جیاوازی دابندرێ.

ـ هەم «دڵ» لە سەر دەست و هەم «گیان»یش لە سەر دەست، ئەوە قسەی وەفایی نییە، ئەو دەڵێ: دل بر کف (دڵ لە نێو دەست/ دڵ لە مست) و جان بر لب (ڕوح لە سەر لێو).. هەر وەک گوترا یەکێک لە تایبەتمەندی شێعر و بەتایبەت چوارینە ئەوەیە کە قسە کورت و پاراو بێ و، مانا زۆر و بە لێشاو.

ـ لێرەدا، ڕووی قسەی وەفایی دە شێخەکەی خۆیەتی، نازانم نووسەر ئەم «ئەو»ەی بۆ بە سەر ویدا داسەپاندووە. وەفایی دەڵێ: (ئەی گیانی جیهان... لەو غەمزەیەی تۆ ئیشارەیەک بەسە تا ئێمەش دڵ و گیانمان ببەخشین).

**چوارینەی ژمارە «١٧١»:**

ـ لێکدراوی «گوشەیێ چەشمێ مەرحەمەت» [بە ڕێنووسی کوردی](سیلەی چاوی مەرحەمەت)، بە «تیلەی پڕ سۆز و بەخشینی چاوی؛» وەرگێڕدراوەتەوە». وەفایی گوتوویە: «.. چشم مرحمت» (چاوی مەرحەمەت/ چاوی بەخشیش)، نەک «مرحمت چشم» (بەخشینی چاو!).

**ڕوونکردنەوەی چەند هەڵەی دیکە**

ـ نووسەر لە ژێرنووسی لاپەڕەی ١٠ی کتێبەکەدا دەڵێ کە شێخ عوبەیدوڵڵا «دیوانێکی شیعری گەورەی بە ناوی مثنوی هەیە.. کێشی شیعریی ئەم دیوانە مسدس مەقصورە». دیارە لێرەدا دەبێ هەڵەی چاپی کرابێ و نێوی وەزنەکە لە قەڵەم کەوتبێ. هەڵبەت بە پێی ئەو ئاماژەی نووسەر کردوویەتی کە شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ دانانی ئەو دیوانە چاوی لە مەولانای ڕۆمی کردووە، دەبێ مەثنەوییەکە لە سەر کێشی (رەمەلی موسەددەسی مەحزووف) واتە: «فاعیلاتون فاعیلاتون فاعیلون» گوترابێ.

ـ لە ژێرنووسی لاپەڕەی ٢٤ی کتێبەکەدا هاتووە:

«وەک لە کاک سەلاحی شێخولئیسلامی ـ کوڕی مامۆستا هێمن ـ ی شاعیرم بیستووە؛ گوایە وەفایی هەر تەنیا کوڕێکی بە ناوی خەییام هەبووە، کە بە داخەوە ئەم کوڕە شێت بووە، کاک سەلاح، کاتی خۆی ئەم هەواڵەی لە باوکی (هێمن) بیستووە.»

ئەوەی ڕاستی بێ، ڕوونکردنەوەی ئەو هەڵەیە، خۆی پێوەندییەکی تەواوی بە ڕوونکردنەوەی ژیانی «وەفایی» یەوە هەیە کە هیوادارم بتوانم (لە داهاتوودا) ئەو باسە درێژە پێبدەم. بەڵام ئەوەی لێرەدا پێویستە و باسەکەش هەر لە سەر ڕوونکردنەوەی هەڵەکانی ئەو کتێبە چەقی بەستووە، بە کورتی دەڵێم: یان نووسەر بە هەڵە ئەو هەواڵەی ڕاگوێستووە یان کاک سەلاح لە گێڕانەوەی هەواڵەکەدا تووشی هەڵە بووە. وەفایی هیچ ئەولادی نێرینەی لە پاش بەجێ نەماوە و ئەو «خەییام»[١٠]ەش کچەزای بووە.

ـ لە لاپەڕەی ٣٥ی کتێبەکەدا، نووسەر بۆ ناساندنی «خواجەی ئەحراری» لە ژێرنووسەکەدا تووشی هەڵە بووە.

مەبەست لە «خواجەی ئەحرار»، «خواجە عوبەیدوڵڵای ئەحرار»ە کە شێخێکی ناوداری تەریقەتی نەقشبەندی بووە و چەند سەدە دوای «خواجە عەبدوڵڵای ئەنصاری» ژیاوە.

**پەراوێزەکان:**

١) یادی مەردان ـ بەرگی یەکەم، مەولانا خالیدی نەقشبەندی، مەلا عبدالکریمی مدرس دایناوە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ١٩٧٩؛ لاپەڕەی ٩٨.

٢) زۆربەی ئەو وەزنانە لە «زوحافاتی» بەحری «هەزەجی هەشتانە» بە حیساب دێن. بۆ زانیاری زیاتری جۆری وەزنەکان بڕوانە: آشنایی با عروض و قافیە، دکتر سیروس شمیسا، تهران، چاپ دهم ١٣٧٣.

٣) ئەوە (−) نیشانەی دەنگداری کورتە و، ئەوەش(O) نیشانەی دەنگداری کێشراوە، کە لە زمانی کوردیدا و بەتایبەتی لە دابڕکردن(تقطیع)ی بەحرەکانی شێعریدا زۆر لەبەر چاو ناگیرێن و، دەخوێندنەوەدا زۆر جار سەنگ و سووک دەکرێن.

٤) چوارینەکانی خەییام، وەرگێڕاوی هەژار، سروش، تهران ١٣٦٩؛ ل٨٩.

٥) دیوانی هێمن موکریانی، پێشەکی و پێداچوونەوە. س. چ هێرش، کتێبفرۆشی هەرزان، سوێد، ٢٠٠٣، ل ١٧١.

٦) چوارینەکانی خەییام...، ل٥٩.

٧) چوارینەکانی خەییام بە کوردی و فارسی، ئامادەکردنی: نەبی قادری، سوید ١٩٩٤، ل٣٠.

٨) پێشوو...

٩) رسالەی عشق لە مەولەوی ناسی دا، سۆران سنەیی، ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەییووبی، ١٣٧٠ هەتاوی، ل٥٣١.

١٠) ئەمن خۆم ئەو «خەییام»ەم لە ساڵانی ١٩٥٨-١٩٦٢ کە تەمەنی لە بەینی ٣٥ تا ٤٠ ساڵ دەبوو، دیبوو. «خەییام» کە بە (شێت) لە قەڵەم درابوو، زۆر قسەخۆش و نوکتەبێژ و زۆرزان بوو. خەییام لەو ساڵانەی شێتایەتیدا، شەوانە زیاتر وەک سەرپەنا لە ئاورخانەی حەمامی (مەڕمەڕ)ی ئەوکاتەی مەهاباد دەماوە و، بە ڕۆژیش لە بازاڕ و گوزەرەکاندا دەگەڕا... وابزانم هەر لەو ساڵانەشدا کۆچی دوایی کرد.

• • •

# بەس وەک قوربانییەک مامەڵەم لەگەڵ بکەن

نەبیلە عەبدولفەتاح

وەرگێڕانەوە لە سوێدی: **ئاواز دەلێنی**

**لەگەڵ ئەوەدا کە ڕووداوە زۆرەکانی قەتڵی ناموسی لە سوێد سەرنجڕاکێش بووە، مەسەلەشی خولقاندووە. پێلا کورد بوو، فادیمە کورد بوو، هەروەها نەبیلەش کوردە و ـ لە توانای دانییە لەگەڵ خەلکانێک ڕووبەڕوو بێت کە بەزەییان پێیدا دێتەوە و پێیانوایە باوکی ئەویش، دەیکوژێت. .نەبیلە عەبدولفەتاح، لە Aftonbladet ی ئەمڕۆدا[٢٠٠٢/٧/٢٦] دەنووسێ: بەس وەک قوربانییەک مامەڵەم لەگەڵ بکەن.**

«تۆ کوردی؟ بەڵام وەک منداڵێکی گچکە گوناحی. تۆ هەرگیز دیوی ڕووناکی ژیانت نەبینیوە. تۆ ٢١ ساڵی و هێشتا شووت نەکردووە. شتێکی سەیرە.. منێک کە پێموابوو ئێوە لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا بە شوودەدرێن. من وا تێدەگەم ئەوە شتێکی سەرسامەکە تۆ ئەوەندە بەهێز بیت کاتێک ئاوا لە ژێر فشاردا بی و...»

ئەو قسە و باسانە تەقریبەن هەموو جارێک کە بڵێم کوردم بۆ من دێنەپێش. ئەوان بە چاوێکی «من بەڕاستی هاودەردی تۆم» سەیرم دەکەن و دەستی ئەوازشم بەسەر شانیدا دێن. پێم دەڵێن: «بەردەوام بە لە خەبات».

دیارە من تێدەکۆشم. پیاو کە وەک پەنابەر هاتە وڵاتێک دەبێ خەباتێکی سەختی دووقات بکا، ئەویش وەک «سوێدییەکی ئاسایی». جا ئەگەر وەک ژنێکی پەنابەر هاتبێ، دەبێ خەباتێکی توندی سێقات بکا. بەڵام ئەگەر وەک کورد، وەک ژنە پانەبەر هاتبێ، بەڵێ ئەوسا پیاو دەبێ تا ڕەمەقی ماوە هەر تێبکۆشێ.

دوای ئەو قەتڵە ناموسییە تراژیدییانەی کە لەم ساڵەی دواییدا لە سوێد ڕوویاندا، وە ئەو سەرنجە زۆرەی کە لە ماسمێدیا بە نیسبەت ئەوەیکە قەتڵی ژنانی سوێدی پێدەگوترێ پێیدرا، بیروڕا گشتییەکە ئەوەیە: من ژنێکی کوردم واتە من لە ژێر فشار دام، نوختە تەواو. من بۆم نییە ئەو وێنەیە بشێوێنم کە خەڵک لە منیان سازکردووە تەنانەت ئەگەر ئەو وێنەیە هەڵەش بێت.

من زۆرجار نازانم ئەو شتە چییە کە خراپە، ئەوەی بە «زوڵم» نێودێرکراوە لە لایەن بنەماڵە و خزمەکانمەوە یان فشارێک لەلایەن دەوروبەرەوە. ئەوان لە قەفەسێکدا ڕامدەگرن و هەوڵی «پاراستن»م دەدەن لە چنگ «قاتلانی ناموسی».

من بواری گەشەسەندنم نابێ مادام هەمیشە هەر لە هەمان نوختەدا ڕابوەستم و خەریکی ڕوونکردنەوە بم و لە خەڵک دیفاع بکەم.

بەڵام! من لە کوردان و لە عەرەبان دیفاع دەکەم، نەک لە قاتلانی ناموسی. سەرنج بدەن جیاوازییەکە لێرەدایە!

من لەو کوردە باشانە و لەو پیاوە عەرەبانەی دیتوومن دیفاع دەکەم کە بە چاوێکی خراپ سەیردەکرێن کە بە ئەسپێیەکیشیان ناشوبهێن. زۆربەی پیاوانی کورد هەست بەوە دەکەن و تەواو پێی تێکدەچن، کە پەیتاپەیتا وەک پیاوکوژ و دژی ژن چاویان لێدەکرێ. بەڵام ئەوانە سەرنجڕاکێش بوون؟ نا، قسە و بۆچوونی پیاوانی کورد بۆ نموونە دوای قەتڵی ناموسی ساڵی ڕابردوو کە بە شێوەیەکی بەربڵاو لە ماسمێدیادا سەرنجی خەڵکی ڕاکێشا، مەترەح نەبوون. لە دیباتێکی تەلەڤیزیۆنیدا نزیکەی شەش ژن و پیاوێک لە پانێلەکەدا بەشداربوون. یەک لەو پرسیارانەی کە زۆرجار لە پیاوەکە دەکرا و دەبوو وەڵام بدرێتەوە ئەوەبوو کە ئایا قەتڵی ناموسی لە قورئاندا هاتووە یان نا؟ ئەو، هەرگیز پرسیاری لێنەکرا «تۆ وەک پیاوێکی کورد هەستت لە بەرانبەر ئەو مەسەلەیە چییە؟» هۆی ئەوە کە ئەم پرسیارەی لێنەکرا ئەوەبوو کە کەس نەیدەویست وەڵامەکەی گوێ لێبێ. هەموو پیاوێک قاتڵە و هەموو ژنێکیش قوربانی یە. ئیتر تەواو.

کاتێک ئینسانێک، مرۆڤێکی دیکە دەکوژێ لە چاو منەوە مرۆڤایەتییەکەی خۆی لە دەست دەدا. جا ئەوە گرینگ نییە کە کوردە، سوێدی یە یان ئەمریکایی. پیاوکوژ هەمیشە هەر پیاوکوژە ـ نەک شتێکی تر. قەتڵ وکوشتن هەرگیز، نە بەشێک لە کولتووری ئێمەیە، نە بووشە و نە دەشبێ.

زۆرجار هەست بەوە دەکەم کە من ناچارکراوم ببمە قوربانییەک هەر لەبەر ئەوە کە کچم. من زۆر باشم. گەلێک کیژی دیاریکراو ئەوە ناکەن، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە تەنیا لەبەر ئەوە کە من جنسیەتم ژنانەیە پێویستیم بە یارمەتی هەیە. کەوابوو لوتفت هەبێ و چاوی «بەزەیی پێداهاتنەوەم» لەسەر هەڵگرە. دەستت لە سەر شانم لابەرە و لێم گەڕێ با گەشە بکەم.

من ماندووم لە ڕوونکردنەوە و بەرگریکردن لە خەڵکێک کە هیچ ئاکارێکی وای نەبووە ئەنجامی بدات، بەڵام سەرەڕای ئەمەش هەست دەکەم کە ئەوە ئەرکی منە. بەتایبەتی لە دوای **ئەسرین**، ئەو کچە کوردەی کە ئێستا گومانی کوشتنی لەلایەن باوکییە لێدەکرێ، دروست ئەو کچە شایستەیە بوو کە ئەیویست وەک قوربانییەک هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێ ـ بەڵام دواتر گومانەکە کێشرایە سەر قەتڵی ناموسی.

وە ئەوە واش نییە کە چاو لە کێشەکە بپۆشم. هەڵبەتە ئەوە دەتوانێ بۆ گەلێک لە کچەکانی ناوخێزانی خاوەن نەریتی توندوتیژ ئەستەم بێ کە خۆیان ئازاد بکەن، یان هەرچی پێیان خۆش بێ ئەنجامی بدەن. ئەوەش قانوون و حەد و سنووری خۆی هەیە (بەڵام بۆ ئاگاداریتان ئەوە زۆرکەم دەبێتە هۆی کوشتن!) کە دەتوانن بە نیسبەت ئەو خێزانەی کە تەواوی ئەو نۆرمانەی تێدا لەبەرچاوناگیرێ ژیانێکی سەختتر بخولقێنن. بەڵام بۆ هەر کێشەیەک چارەسەرێکیش هەیە.

ڕێگەی چارە بەلای منەوە زانین و فێربوونە، زانین و فێربوون بۆ ئەوانەی کە پێیانوایە قەتڵی ناموسی ڕێگاچارەیە. سەرنج بدەن و لە بەرانبەر تەواوی شکڵەکانی زەبروزەنگ لە دژی ژنان تێبکۆشن.

بەڵام بۆمان نییە نە ئەوەمان لەبیربچێتەوە کە مێدیاکان دەبێ بە خۆیاندا بچنەوە ـ تەنیا لە سەر کوردان مەنووسن ئەگەر ڕووداوێکی دڵتەزێن ڕوویداوە ـ و نە ئەوەش، کە هەموومان دەبێ لە دژی پێشداوەرییەکانمان خەبات بکەین. کاتێک «تۆماس کویک» هاتەدەر و خەڵکی کوشت، من پێموانەبوو هەموو سوێدییەک قاتڵ و پیاوکوژن.

* نەبیلە عەبدولفەتاح، تەمەنی ٢١ ساڵە و لە (Socialhögskolan)ی شاری یۆتەبۆری لە بەشی سۆسیال پێداگۆک دەخوێنێ.

# شینی هاوڕێ

پێشکەش بە ڕەوانی پاکی مام و هاوڕێی خۆشەویستم «فەتاحی یەزدانفەر» (١٩٥٣-٢٠٠٣/٤/٨)

حەمەدەمین یەزدانفەر

مەرگ، ئەی دێوەزمەی بەسام!    ڕفێنەری گەنجی ناکام
ڕێگر، جەردە، چەتەی بێدەنگ    کەمینگری بە شەوەزەنگ
ددانگری بەدفەڕی پیس    بەدڕەوشتی ڕژدی نەگریس
ناحەز، مۆتەی نیوەشەوان    لە ناوبەری لاو و جەوان
گورزناوێژی بە دەنگ و فەنگ    دزێو، جەللادی خوێن بە چەنگ
دڵڕەش خوێنمژی بێ وێنە    کپکەری تیشکی ئاوێنە
تارمایی ڕەشی خۆنوێن    لەندەهۆری کەڵپ بە خوێن
دێ و دەچی لە گوێسوانە    کارت بردن بۆ ئەمانە
بێ بەزەیی، لە کەلێنی    خۆشەویستان دەرفێنی
ئەگەرچی کەس وای نەدەویست    ڕفاندت هاوڕێی خۆشەویست
بەڵام ئەی مەرگی بێ ئامان    هەزار هێندەش بکەی تاوان
هەرچەند نەیاری و نەتەوی    ناکەی سەری بەرزی، ئەوی
ئەویش کەسێک کە تا ژیا    کوردپەروەر بوو وەکوو چیا
کەسێک کە قەت لەبیر ناچێ    بە قوولایی گڵیش داچێ
هەتا ڕۆژێک ژیان مابێ    یادی پیرۆزی کۆن نابێ
کەسێک دەمرێ خۆشناو نەبێ    لە ناو خەڵکا شیاو نەبێ
ئەو «فەتاح»ەی من دەمناسی    هەر چاکە بوو باس و خواسی

* * *

دەشبێ وابێ، بە غەک بووی    بۆ ئەتەوەت بە ئەمەک بووی
ئەتۆ بووی مرۆی بە کەڵک    خۆشەویستی هەموو خەڵک
ڕاتبوارد ژیانی ئاسایی    خۆشەویست نی بە خۆڕایی
هاوکار و نووسەر و دەبیر    هەرگیز هەرگیز ناتکەن لەبیر
کرێکار و پاڵە و جووتیار    بۆت بە پەرۆشن بێژمار
جەماوەری دێهات و شار    لە بانگیان دا، کردیان هاوار:
«گەرچی بە لەش ڕانابری    فەتاح! زیندووی و نامری
تەرمت گەرچی لە ژێر گڵە    یادت ئەما لە نێو دڵە»
منیش وێڕای دۆست و یاران    دەکەم یادت وەکوو جاران
مام فەتاحی خۆشەویستم    هەتا دەمرم دەتپەرستم

ستۆکهۆڵم ٢٠٠٣/٥/٢١





## ناساندنی کتێب

**نێوی کتێب:** «بۆ کوێ؟ لێدوانێک و لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی گرفتەکانی کورد لە وڵاتی سوید»
**نووسەر:** «نیهال.ا. م. حاجی»
**قەوارە:** ١١٦ لاپەڕەی مامناونجی
**چاپ:** Stil-Ofset AB ، سوێد، ٢٠٠٣
**نرخ:** ١٠٠ کرۆن
**ئەدرێسی داواکردن:** کتێبفرۆشی ئالفابێت ماکسیما: 08 7600343؛ کتێفرۆشی سارا: 08 331229؛ هەروەها ئی مەیلی نووسەر:
E-mail: nihal.haji@spray.se

نووسەر، کتێبەکەی خۆی بەم جۆرە دەناسێنێ و دەڵێ:
«ناوەڕۆکی ئەم نووسراوە لێدوان و لێکۆڵینەوەیێکە دەربارەی هەندێک هۆکاری ئاشکرا و هەندێکی نەهێنی سەبارەت بە کۆچی کوردی عێراق بۆ دەرەوەی کوردستان بەتایبەتی بۆ وڵاتی سوید دوای ڕوداوەکەی ساڵی (١٩٩١) و شێوەی ژیانیان لەو وڵاتە و ئەو تەگەرانەی دەبنە ئاستەنگ لە ڕێگای کاروانی کورد بۆ بەرەو مەدەنییەت چوون و هەوڵدان بۆ شیکردنەوەی ڕۆڵی ئایین و سیاسەت وەک دوو چەکی بەرامبەر بە یێک بۆ کوشتنی....؟ لە کۆتاییشدا چەند زانیارێک دەربارەی یاساکانی پەناهەندێتی لە وڵاتی سوید و چەن پێشنیارێک بۆ کاربەدەستانی کورد لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان و هەموو ئەو کەسانەی نیازی چارەسەر کردن یان یارمەتی دانی گەلی کوردیان هەیە».

ستۆکهۆڵم ٢٠٠٣/٢/١٧



**پێنج بەرگ لە زنجیرە کتێبەکانی**

**«بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە»**

**مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی**

١- بووژاندنەوەی مـێـژووی زانایانی کـورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، دانراوی محەمەد عـەلی قەرەداغی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ١٤١٩ک - ١٩٩٨ز.

٢- بووژاندنەوەی مـێـژووی زانایانی کـورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، دانراوی محەمەد عـەلی قەرەداغی، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، ١٤١٩ک - ١٩٩٩ز.

٣- بووژاندنەوەی مـێـژووی زانایانی کـورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، دانراوی محەمەد عـەلی قەرەداغی، بەرگی سێیەم، چاپی یەکەم، ١٤٢١ک - ٢٠٠٠ز.

٤- بووژاندنەوەی... بەرگی چوارەم [بە داخـەوە ئەو بەرگـە نەگەیشتووە!]

٥- بووژاندنەوەی مـێـژووی زانایانی کـورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، دانراوی محەمەد عـەلی قەرەداغی ـ ئەندامی کۆڕی زانیـاریی، عـێراق دەسـتـەی کـورد، بەرگی پێنجەم، چاپی یەکەم، ١٤٢٣ک - ٢٠٠٣ز.




**ناوی کتێب:** شەوێک دەگەڵ هاوڕێیان «تەنز»

**نووسەر:** سیامەند شێخ ئاغایی

**قەوارە:** ٢٢٤ لاپەڕەی مامناونجی

**چاپ:** سوید ـ سالی ٢٠٠٢




**ناوی کتێب:** گدار تاریکی [هەڵبژاردەیەک لە شێعرەکانی شاعیری هاوچەرخی کورد فەرهاد شاکەلی بە زمانی فارسی]

**نووسەر:** فرهاد شاکلی

**مترجم:** کامبیز کریمی

**چاپ:** نقش ایران، ١٣٨١ (ناشر: نشر ژیار، سنندج)

# GZING

Cultural- Literary Kurdish Magazine



**Adminstrator& Editor**

Solaiman Chireh (Herish)

**Address**

**GZING / S. Chireh**
**Valstavägen 62 2tr**
**195 50 Märsta- Sweden**

**Tel/Fax** +46 - 08 59 11 36 50
**Mobile**: 070742 4326 / 070-2359687

**Postgironr**: 443 5022-1



No. 38 Spring 2003 Published in Sweden ISSN 1104-3473

# GZING

Cultural- Literary Kurdish Magazine
NO 38 Spring 2003

**Adminstrator& Editor**
Solaiman Chireh (Herish)

**Address**
GZING / S. Chireh
Valstavägen 62 2tr
195 50 Märsta- Sweden
**Tel/Fax** +46 - 08 59 11 36 50
**Mobile**: 070 742 43 26